# بیرەوەرییەکانی لیتن

سەرکونسوڵی ئەڵمانیا لە تەورێز ( ١٩١٤ — ١٩١٥ )

رۆژانی جەنگی یەکەمی جیهان

( بابەتگەلی تایبەت بە کورد و کوردستان )

# بیرەوەرییەکانی لیتن

## سەرکونسوڵی ئەڵمانیا لە تەورێز ( ١٩١٤ – ١٩١٥ )

## رۆژانی جەنگی یەکەمی جیهان

( بابەتگەلی تایبەت بە کورد و کوردستان )

و: لە فارسییەوە

پێشەکی و پەراوێز

**محەمەد حەمەباقی**

هەولێر ٢٠١٤

* ناوی کتێب: بیرەوەرییەکانی لیتن. ( بابەتگەلی تایبەت بە کورد و کوردستان )

* و. لەفارسییەوە، پێشەکی و پەراوێز:  محەمەد حەمە باقی.

* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .

* نەخشەسازی: عیسام موحسین.

* پیتچنین: بەدرخان بەکر – رابەر فایەق – تارا قادر.

* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٧٢).

* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

* تیراژ:  ٥٠٠ دانە.

* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

# پێشەکی

(١)

ئەم بیرەوەرییانەی (لیتن) سەرچاوەیەکی متمانە پێکراوی گرنگە لەسەر ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهان لە هەرێمەکانی باکووری خۆرئاوای ئێران (واتە کوردستانی خۆرهەڵات)دا، کە لەوکاتدا لەلایەن بیانێکەوە نووسرابێتەوە. هەرچەندە وەك (لیتن) خۆی دەڵێ:

ئەمە هەموو ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە نییە، بەڵکو بەشێکی کەمە لەو بیرەوەریی و ڕووداوانەی لەو ڕۆژانەدا، خۆی ڕاستەوخۆ تیایاندا ژیاوە و بەچاوی خۆی دیونی و یاداشتی کردوون و بەهیوا بووە لە دەرفەتی گونجاودا دەوڵەمەندتریان بکات. بەڵام کە زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و ئەم دەرفەتەی بۆ نەلواوە، ئەوسا لەسەر داوای دۆستەکانی لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٢٥) دا، لە ئەڵمانیا و بەزمانی ئەڵمانی، چاپ و بڵاوی کردۆتەوە و چل ساڵێك دواتر (ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی) دکتۆر پەروێز سەدری، بەزمانی فارسی تەرجەمەی کردووە و ساڵی (١٣٦٨)ی هەتاوی، لەلایەن پەخشخانەی (ئێرانشەهر)ەوە، لە ئێران (تاران)، لە قەوارەی کتێبێکی گەورەی (٤٦٨)لاپەڕەییدا چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

لیتن ساڵی (١٨٨٠) لەئەڵمانیا بەدنیا هاتووە و هەر لەئەڵمانیا زمانی فارسی فێربووە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٠٢)دا، سەردانی ئێرانی کردووەو لە باڵوێزخانەی ئەڵمانیا لە تاران، وەك وەرگێڕی زمان دانراوە و تاساڵی

(١٩١٥) له ئێراندا ماوەتەوە. لەدوای هەڵایسانی یەکەمین جەنگی جیهانی، بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەنجوومەنی ئێرانی — ئەڵمانی دادەنرێت.

بەوهۆیەشەوە کە زمانی فارسی زانیوە و شارەزایی تەواوی لە مێژووی ئێراندا هەبووە، ماوەیەك لە (زانکۆی بەرلین)، لەبارەی ئێرانناسییەوە دەرسی وتۆتەوە.

دوایین کار و پلەی کاری (لیتن)، بەرپرسی سیاسی ئەڵمانیا بووە لە بەغداد، کە تا ساڵی (١٩٣٢) واتە: تا کۆچی دوایی کردووە، لەو کارەدا بووە.

لیتن جگە لەم بیرەوەرییانە، چەند بەرهەمێکی تری لەبارەی ئێرانەوە نووسیوە، کە ئەمانەن:

١– ئێران لە دەسەڵاتی ئاشتیخوازانەیەوە، تا دەست بەسەردا گیراویی

٢– کێ بێلایەنیی ئێرانی پێشێلکرد؟[1]

****

ئەم بیرەوەرییانەی لیتن، لە بنەڕەتدا ناوی (Irnische Slittrwochen)ە، کە مانای (مانگی هەنگوینیی ئێرانی)ە و بۆنەی ناو لێنانەکەیشی لەوێوە هاتووە، ئەو کاتەی لە ئێران (تاران) دا بووە و ویستوویەتی مۆڵەت وەربگرێ (ناوەڕاستی ١٩١٣) تا بگاتە ئەڵمانیا و دەسگیرانەکەی مارە بکات و بۆی نەڕەخساوە، ئەوسا بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەم خواستەی، لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوولی ١٩١٣دا، دەسگیرانەکەیان لە ئەڵمانیاوە بۆ تاران هێناوە و ڕۆژی (٢٠ی ئەیلوولی ١٩١٣) لە ئاهەنگێکی تایبەتدا، بە ئامادە بوونی ژمارەیەك لە دۆستانی، مارەی کردووە.

---

[1] ئەم کتێبە ساڵی ١٩٢٠، لەلایەن کۆمپانیای (والتەر دوگوتەر)ەوە لە ئەڵمانیا بەم ناونیشانە چاپ و بڵاوبۆتەوە:

**Wer hat die persische Neutralitat verletzt?**
**Berlin, 1920, waltar de Gruyter & co**

پێــنج مانگێــك دوای ئەنجامــدانی ئــەم ئاواتــە شــیرینەی، لەلایــەن باڵوێزخانــەی ئــەڵمانیاوە لــە تــاران، پۆســتی سەرکۆنســوڵی ئــەڵمانیای لــە (تــەورێز) پــێ دەســپێردرێ و رۆژی (١٩/ ٢/ ١٩١٤) لــە تارانــەوە گەیشــتۆتە تەورێز و دەستی بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی کونسوڵخانەی ئەڵمانیای لــە تەورێز کردووە. دوای دامەزراندنی کونسوڵخانە و مانەوەی چەند مانگێکی لــە تەورێزدا، رۆژی (١/ ٨/ ١٩١٤) لە ڕێگەی (نیکـۆلاس)ی کونسـوڵی فرەنسـاوە لــە ناکاوێکـدا ئاگـادار کراوەتــەوە، کــە (جــەنگی یەکــەمی جیهــانی) دەســتی پێکــردووە و بریتانیــا دژی ئــەڵمانیا، جــەنگی ڕاگەیانــدووە. بــەڵام زوو پــێش ئەوەی لیتن بگاتە تەورێز، شارەکە هەر لەکۆتایی ســاڵی (١٩٠٩)ەوە لەلایــەن هێزەکانی رووسیاوە داگیرکراوە.

لیتن هەر چەند مانگێك لە شاری تەورێز، سەرکونسوڵی ئــەڵمانیا بــووە و سەرئەنجام هەر پێنج (٥) مانگ دوای هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، لە ژێر گوشاری رووسیا و بەسۆنگەی ترسی زۆری لە رووســەکان، کــە نــەیگرن و نەکەوێتــە بــەر دەســتیان، لــە کوردســتانەوە، بــە: میانــدواو – ســاوجبوڵاق (مــەهاباد) – شــنۆ – رەوانــدز.. دا، هــەڵاتووە و دواتــر لەگــەڵ (ڕویــس)ی باڵوێزی ئەڵمانیا، لــە ئێــران، بۆ تــاران گەڕاوەتــەوە و دوای ماوەیــەکی کــەم، لەگەڵ ڕەوەندی ئەڵمانیادا لە ئێران، بۆ ئــەڵمانیا گەڕاوەتــەوە و لــەوێش وەك ئەفسەرێك، بەشداریی لە جەنگی (وردن)دا کردووە و هەر تەنیا مانگێـك دوای برانەوەی جەنگەکە لەوێ ماوەتــەوە و دووبــارە بەســەرۆکایەتی لیژنەیــەك بــۆ ئێران گەڕاوەتەوە.. بەڵام دوای ڕاگەیاندنی جەنگ ڕاگرتنی ئەڵمانیا و دەست لەکارکێشانەوەی (ویلهلم)ی دووەم، بۆ ئێران گەڕاوەتەوە. لەم گەڕانەوەیەیدا گوایــە (لــیتن) راســپاردە و پــەیامگــەلێکی نووســراوی لــە وەزارەتــی دەرەوەی ئــەڵمانیاوە بــۆ (رەزاخــانی مــیر پــەنج – کــە دواتــر بــووە ســەرداری ســوپا و دواتریش بووە شا) هێناوە.

ئەوەی لـەم بیرەوەرییانـەدا گـرنگ و بەرچـاوە، ئەوەیـە کـە (لـیتن) زۆر بـەوردیی و شـێوەیەکی سـینەمایی، باسـی بەشـداریی ڕاسـتەوخۆی کـوردانی هەردوو بەشی خۆرهەڵات و قەڵەمڕەوی عوسمانیمان بۆ دەگێڕێتـەوە، کـە لـە ڕووبـەرێکی یـەکجار بـەرینی جوگرافیـایی خۆرهـەڵاتی کوردسـتاندا، هـەر لـە: تەورێز، ورمێ، میاندواو، مەراغە، ساوجبولاق (مـەهاباد)، شـنۆ و نەغـەدەوە، تا هەورامان و کرند و کرماشان.. بێ پەروا و بەجۆش و خرۆش و حەماسـێکی بێ ئەندازە و لەرادەبەدەر و بێ بەرامبـەر و بـێ هـیچ قـازانج و دەسـکەوتێکی نیشتیمانیی و نەتەوەیی، وەك ئەوەی خەبات بۆ نەتـەوە و نیشـتمان بکـەن و بە (کوردایەتی) بزانن!، خۆیان لەم جەنگە وەرداوە و نیشـتمان و سـەروماڵی خۆیـان کردۆتـە سـووتەمەنی ئـەم جەنگـە خوێنـاویی و کارەسـاتبارەی، لـە ژێردەسـتەیی و زیـانی بێبڕانـەوە زیـاتر، هیچـی تریـان لێ نەچـنیوەتەوە، کـە ئەگەر لەناو ئەوانەدا دەیان و سەدان ئەفسەر و سەدان سەرباز و بەشداربووی خۆبەخشی خوێندەواری کـورد، تێکـەڵ ئـەم جەنگـە بـووبن و تەمـەنێکی زۆر زیاتریشـیان لـە تەمـەنی ئـەم پێـنج مـانگ ژیانـەی (لـیتن — کـە ئـەم بیرەوەرییانـەی تێـدا نووسـیوەتەوە) لـە جەنگـدا بەسـەر بردبـێ و ڕووداوی یـەکجار زیاتریشـیان لەمـەی (لـیتن) دیبـێ و تیایـدا ژیـابن، بـەڵام هیچـیان یاداشتێکی راستەوخۆیان لـەبارەی ئـەم جەنگـە قڕکـارەوە نەنووسـیبێتەوە، ئـەوا (لـیتن) ئـەم بیرەوەرییـە بەڵگەدارانـەی ئـەو ڕۆژانـەی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی بـۆ بەجێهێشـتووین، کـە ڕۆژانـە مێـژووی ڕووداوەکـانی (لـە دیـدی خۆیەوە) بۆ تۆمار کردووین. هاوکـات هـەر لـە دیـدی خۆیشـییەوە سـەرومڕی ڕووداوگـەلی سیاسـیش هەڵدەسـەنگێنێ و لەئاکامـدا بیرەوەرییـەکانی دەبێتـە لێکدانەوەی فەرمانبەرێکی ئەڵمانیایی لە ئێراندا و کەم و زۆر بایـەخ بـە ڕۆڵـی دیپلۆماتەکانی تری ئەڵمانیا لە ئێراندا نادات و زۆرتر هەر ستایشی خـۆی لـەم بـوارەدا دەکـات. بەمانایـەکی تـر: فەرمانبـەران و دیپلۆماتکـارانی ئـەڵمانیا،

لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، هاوئاهەنگیی و بەهەرەوەزکارکردنیان بەیەکەوە نەبووە، بەڵکو هەندێکیان سەروکاریان لەگەڵ وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی ئـەڵمانیا و هەنـدێکی تریشـیان پێوەنـدییان لەگـەڵ سـەرکردایەتی گشتی سوپای ئەڵمانیادا بووە.

ئەم پێوەندییـە دوولایـەنی و دووفاقییـەش، سـۆنگەیەك لـە سـۆنگەکانی تێشکانی سیاسەتی ئەڵمانیا بووە لە ئێراندا.. ئەم دوولایەنەش، بـێ هـەدادان و بەردەوام لەتەقەللای ئەوەدا بوون لەگەڵ ئێراندا یەکبگرن و جـەنگیش دژی ڕووسـیا و ئینگلسـتان ڕابگەیـەنن. لـەم پێناوەشـدا پـەیتا پـەیتا داوایـان لـە دەوڵەتی ئەڵمانیا دەکرد، تا پارە و یارمەتی بۆ دەوڵەتی ئێران بنێـرێ و بـەم ئاراستەیەیدا ببەن.

هەڵبەتـە لـە ناوەنـدی دەوڵـەتی ئێرانیشـدا، خـودی سـەرۆك وەزیرانـی ئەوکاتـەی ئێـران (مسـتەوفی ئەلمـەمالیك)، هاوئاهـەنگیی ئـەم تەقەللایـەی دیپلۆماتکارانی ئەڵمانیای دەکرد.

بـەڵام بـاڵی سـوپایی کارمەنـدانی ئـەڵمانیا، ئـەم دیـد و تەقەللایـەی دیپلۆماتکارانی ئەڵمانیایان پێ پەسەند نەبووە، بەڵکو پێیـان بـاش بـووە لـە جیاتی ئەوەی هاوکاریی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێران دا بکەن، لەگەڵ خێڵ و هۆزەکـانی ئێرانـدا هاوکـار و هاوپـەیمان بـن. لـەم بـوارەدا فەرمانبـەرانی نموونـەی وەك (کـانتیس)ی سـەر بـەباڵی سـوپایی باڵوێزخانـەی ئـەڵمانیا لـە تاران، بێ پشوو لە سەردان و هاتوچۆی نێوان خێڵ و هۆزەکانی ئێراندا بـوو، کە بەدەم ئـەم سـەردانانەوە، پـارە و چـەکی زۆری بەسـەردا دەبەشـینەوە و بـەڵێنی هاوکـاریی و یارمـەتی زۆرتریشـی پێـدەدان و هاوکـات بـۆ ئـەوەش هانیـدەدان تـا لـە دژی دەوڵـەتی ناوەنـدی، یـاخی بـن و شـۆڕش بکـەن، کـە ئەمـەش بـەلای بـاڵی دیپلۆماتکـارانی ئـەڵمانیای دانیشـتووی تارانـەوە، جێـی پەسەند و ڕازیبوون نەبووە. لە دواییشدا ئاکامی ئەم دوو جۆرە پـلان و کـارە

دوولایەنە، لە مانگی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم)ی ١٩١٥دا، گەیشتە لووتکە و دەرکەوت کە (لیتن) لەگەڵ باڵوێزی ئێراندا گەیشتە تاران، بەڵام لە کاتی دەرچوونی لایەنگرانی ئەڵمانیادا بەرەو (قوم)، لە بەرامبەر بەفیڕۆچوونی ماندوو بوونەکانیدا، دڵی ڕەنجاو بەبێئەوەی مۆڵەت لەسەرووتری خۆی (واتە: رویس — باڵوێزی ئەڵمانیا لە تاران) وەربگرێ، ڕووی لە بەغداد کرد و بۆ لای مارشاڵ (کۆلتس) چوو و لەوێ لەسەر داوای (لیتن)بڕێك چەك و کەرەسەی جەنگیی وەرگرت و بۆ ئێرانی بردەوە..

ئەم کارە سەربەخۆیانەی (لیتن)، وای لە (رویس) باڵوێزی ئەڵمانیا کرد، لێی بێزار و تووڕەبێ و لە کار دووری بخاتەوە و بۆ ئەڵمانیای بنێرێتەوە.

**(٢): ئەڵمانیا لە ئێراندا**

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئیمپراتۆریای ئەڵمانیا ئاڵوگۆڕی گرنگی لە ژیانی سیاسی و ئابووریی ئەوروپادا بەسەرداهات و لەم گۆڕانکارییەشدا بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لە خۆرهەڵات و بە تایبەتیش لە ئێراندا، شێوەیەکی تایبەتی پیادەکردن و هێنانەدی بەرنامەکانی خۆی لەبەر گرت. ئەم شێوەیەش لەچاو شێوەکانی دەستێوەردان و هاتنە ناوەوەی رووسیا و بریتانیا لە کاروباری ئێراندا، جیاواز بوو، کە ئەم هەردوو دەوڵەتە، تەماع و چاوتێبڕینەکانی خۆیان بۆ خاکی ئێران، نەدەشاردەوە و لەم پێناوەشدا، هەڕەشە بەردەوامەکانیان ڕانەدەوەستان و بەشێکیشیان لە خاکی ئێران داگیرکرد.

بەڵام ئەڵمانیا کە دەیزانی ناتوانێ بە ئەندازەی ئەو دوو دەوڵەتە، هێزو توانای لە ئێراندا هەبێ. بۆیە تەقەللای دەدا بواری بازرگانیی خۆی لەگەڵ ئێراندا پەرە پێبدات و بۆ ئەم مەبەستەش لە هیچ کۆششێك درێغی نەدەکرد، وەك ئەوەی خەریکی دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان بەغداد —

بەرلین بوو. بەواتایەکی تر: بەپێچەوانەوەی رووسیا و بریتانیاوە، توخنی تەماعی سیاسی — نموونەی پەیماننامەی (پۆتسدام) نەدەکەوت.[1]

لەم میانەدا ئێرانیش بەرووی خۆشەوە مەیدانی سیاسی لەبەردەم ئەڵمانیادا ئاوەڵاکرد. هەرچەندە مێژووی پێوەندی سیاسی نێوان ئێران و ئەڵمانیا، لەو سەردەمەش کۆنتر بوو، دەگەڕایەوە بۆ ساڵی (١٨٨٥) و لەوکاتەوە ئێران، نەك هەر سڵی لە جموجووڵی سیاسی ئەڵمانیا لە ئێراندا نەدەکرد، بەڵکو کەڵکیشی لێ وەردەگرت، وەك نموونەی ناوبژیوانیکردنی ساڵی (١٩٠٥)ی ئەڵمانیا، لە نێوان ئێران و عوسمانی دا، لەسەر کێشەی سنوورەکانی نێوانیان.

بەڵام تەماعی ئابووری و بازرگانیی ئەڵمانیا، هەر بە تەنیا لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئێراندا دوایی نەدەهات و دەیویست لە ڕێگەی ئێرانەوە دەستی بە هیندستان و ئەفغانستان بگات و دژی بریتانیا هانیان بدات ، دەست بەشۆڕش و یاخیبوون بکەن و لەم قۆڵەوە بریتانیا ناچار بکەن لەشکر و هێزی، خەریکی دامرکاندنەوەی یاخیبوون و شۆڕشی هیندستان و ئەفغانستان بێت و هێزەکانی ئەڵمانیاش، لە بەرەکانی جەنگدا لە ئەورووپا، خەریکی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی خۆی بێت.

هاوکات نزیکیبونەوەیشی لە ئێران، نزیکبوونە، لە ئیمپراتۆری عوسمانی و لە ڕێگەی هێزەکانی عوسمانیشەوە، دەستی بە کەنداوی (فارس) بگات، کە لەوکاتەدا کەنداوی ناوبراو، بەدەست بریتانیاوە بوو.

---

[1] ئەم بڕیارنامەیە ساڵی (١٩١١) لە نێوان (ویلهلم — ی دووەم)ی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و (نیکلا — ی دووەم) رووسیادا، لە شاری (پۆتسدام) ئیمزا کراو تیادا ئەڵمانیا بڕیارنامەی (١٩٠٧)ی بە شێوەیەکی فەرمیی ناسی و لەبەرامبەر ئەمەشدا رووسیا بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانیای لە ئێراندا سەلماند و لەسەر ئەوەش رازی بوو پەلێکی هێڵی ئاسنی بەرلین — بەغداد، بۆ ئێرانیش رابکێشرێ. (خاطرات لیتن، مقدمة، ص ج).

ئەم هۆیانە بوون، تەماعیان لەبەر ئەڵمانیا نابوو، تا دەرفەت و بۆنەی هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهان بقۆزێتەوە و فەرمانبەران و بەرپرسانی سیاسی ئەڵمانیا، بە هەڵەداوان و لێشاو، روو لە ئێران بکەن.

بەو هۆیەشەوە کە ئەڵمانیا، پێشینەیەکی تەماعکارانەی (بە بەراورد بە رووسیا و بریتانیا) لە ئێراندا نەبوو. بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە، ئێرانیش هاودەردییان لەگەڵ ئەڵمانیادا دەکرد و هاوکات ئەڵمانیاش ڕکابەری دوژمنانی ئێران (واتە: رووسیا و بریتانیا) بوو. هەرئەمەش هۆی نزیکخستنەوەی هەستی خەڵکی ئێران بوو بەرامبەر ئەڵمانیا، کە ئەم قۆناغە، لەسەرەتای جەنگەوە (تەمووزی ١٩١٤)، تا تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٥)ی خایاندووە.

**(٣): هەڵایسانی جەنگ**

دوای کوشتنی (فرانس فردیناند)ی وەلیعەهدی نەمسا لە سیراییڤۆ (٢٨/ ٧/ ١٩١٤) و سووکایەتیکردنی نەمسا بە مەجارستان و بولگاریا و سربستان، نەمسا جەنگی دژی سربستان ڕاگەیاند و ڕۆژی دواتر (٢٩/ ٧/ ١٩١٤) دەستی بە بۆمبارانکردنی (بەلگراد) کرد. رووسیاش کە خۆی بەپارێزەری گەلانی سلاڤی دادەنا، سەرەتا بە هاوکاریی فەرەنسا، ئینگلیستان و ئیتالیا، ویستی ڕێگە چارەیەکی سیاسی بۆ کێشەکە پەیدابکات، بەڵام نەیتوانی[1] و ئەوسا بەپەلە هێزەکانی خۆی ئامادەکرد و بۆ داکۆکی لە سربستان، جەنگی دژی نەمسا ڕاگەیاند.

ئەڵمانیاش ڕۆژی (٢٩/ ٧/ ١٩١٤) هەڕەشەی لە رووسیا کرد و بۆ بەرگریی لە نەمسا، ڕۆژی (١/ ٨/ ١٩١٤) جەنگی دژی رووسیا ڕاگەیاند[2].

---

[1] ایران و جنگ جهانی اول، به کوشش صفا اخوان، مرکز اسناد وتاریخ دیپلماسی، مرکز چاپ وانتشارات وزارت امور خارجه، چاپ اول، ١٣٨٠، ص ٢٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ص ٢٥.

ئێـوارەی ڕۆژی (٣ی ئـاب)یـش لـە ڕێگـەی (لۆگزامبـورگ) و (بەلـژیك)ەوە، هێرشی بـۆ سـەر فرەنسـا کـرد[١]. بریتانیـاش بەپشـت بەسـتن بـە بێلایـەنیی لۆگزامبۆرگ و بە لژیکەوە، جەنگی دژی ئەڵمانیا ڕاگەیاند[٢]. ئیتالیاش کـە تـا ئەوکاتـە، لـە پێکهاتەیـەکی سـێ قۆلییـدابوو، بێلایـەنیی خـۆی ڕاگەیانـد. ژاپـۆنیش (٢٣ی ئـاب)، جـەنگی دژی ئـەڵمانیا و نەمسـا ڕاگەیانـد. دەوڵـەتی (عوسمـانی)یـش لـە مانگـەکانی بـەرودوای تشـرینی یەکـەم و دووەمـدا، بـۆ یاریـدەدانی ئـەڵمانیا و نەمسـا، تێکـەڵی جـەنگ بـوو. ئیتالیـا و بولگاریـا و بەلژیکیش بەرودوا بەشداریی جەنگیان کرد[٣].

ساڵی (١٩١٦)، پورتوگال و ڕۆمانیا و حکومەتی کاتیی یۆنـانیش چـوونە پاڵ ڕووسیا و فرەنسا و بریتانیـا و تێکـەڵ جەنگەکـە بـوون. سـاڵی (١٩١٧)، وڵاتە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا و زۆرینـەی ئەمـەریکای ناوەنـد و بـەرازیل و کۆماری لیبریا — لە ئەفریقا و وڵاتانی سیام و چین — لە ئاسیا، تێکەڵ جەنگ بوون و بەمجۆرە جەنگەکـە، زۆرینـەی ڕووبـەری جیهـانی گرتـەوە[٤] و وڵاتـانی سەرەکی و بەشدار بووی جەنگ، دووبەرەی دژ بەیەکی بەمجۆرەیان پێکهێنا:

١- ڕووسـیا، بریتانیـا، فرەنسـا، بەلـژیك، ژاپـۆن، ئەمـەریکا (بـەرەی دەوڵەتانی پێکهاتوو)

٢- ئـەڵمانیا، عوسمـانی، نەمسـا، ئیتالیـا، مەجـەر (بـەرەی دەوڵـەتانی ناوەند)

ئەم دووبەرەیەش، ئەگەرچـی کوشـتنی وەلیعەهـدی (نەمسـا)یـان کـردە بیانوو بۆ هەڵایسانی جەنگ، بەڵام هەوێنی سەرەکی هەڵایسانی جەنگەکە، بە پلەی یەکەم: تێکچوونی تەرازووی ئەو (هاوسەنگیی هێز)ە بوو، کە ماوەیەکی

---

[١] هەمان سەرچاوە، ص ٢٥.
[٢] هەمان سەرچاوە، ص ٢٥.
[٣] هەمان سەرچاوە، ص ٢٥.
[٤] هەمان سەرچاوە، ص ٢٦.

درێـژ، پارسـەنگ و ئاسایشـی نێـوان دەوڵەتـە سـەرمایەدار و زلهێزەکـانی خۆرئاوای ڕاگرتبوو. ئەمەش لە ئاکامی یەکگرتنی نەتەوەیی ئیتالیا و ئەڵمانیا و ئـەو پێشـکەوتنە خێرایـەی ئـەڵمانیا و ئەمـەریکا، لـە دواییـەکانی سـەدەی نۆزەهەمدا، لە بواری پیشەسازییدا بە دەستیان هێنـا و لـە پێویسـتی بـازاڕی نـاوخۆ و وڵاتـانی دراوسـێ زیـاتر بـوون و بـەدوای بـازاڕی تـازەدا دەگـەڕان و وڵاتانی تری وەك نموونەی بریتانیاش، نەك هەر تەنیا دەیانویست پارێزگاریی لە کۆلۆنەکانی ژێر دەستی خۆیان بکەن، بـەڵکو پـەرەی زیاتریـان پێبـدەن و نفوزی جارانی خۆیان بپارێزن و زیندووی بکەنەوە.

بۆیـە لـەم ڕوانگەیـەوە دەبـێ بـزانین کـە هەڵایسـانی جـەنگی یەکـەمی جیهانی، ڕووداوێکی کوت و پڕ و لەناکاو نەبوو، بەڵکو لە دەمێکەوە زەمینەی بۆ خۆشدەکرا و مەترسییەکانی هەسـت پێـدەکرا. چـونکە دەوڵـەتانی زلهێـز، زۆر پـێش جەنگەکـە، بـەدوو بـەرەو دەسـتەوە دابـەش ببـوون و ئـەم دوو دەستەیەش بەردەوام لە ململانێ و ڕکابەرایەتی سیاسیدا بوون.

ئەم دووبەرەیەش، بەو پێییەی کـە هەڵگیرسـێنەرانی جەنگەکـە بـوون و زۆرینەیان بە جوگرافیا، سەر بە ئەوروپا بوون و دەبووایە مەیـدانی جەنگەکـە و بەلاداخستنی ئاکامەکانی جەنگەکە لە ئەوروپادا بێ، بەڵام بەو سـۆنگەیەوە کە هەوێنی هەڵایسانی جەنگەکە و بەرژەوەندییان لە جەنگەکـە، هەرێمـەکانی خۆرئاوای نزیك و ناوەڕاست (واتە: خۆرئاوای ئاسیا)، گرنگییەکی چارەنووس سازی هەبوو، بۆیە هەردوو بەرەکەی جەنگ، پێیان وابوو دەسـتگرتن بەسـەر ئـەم ناوچـەیەدا، یـان: لـە دەسـتدانی، دەتـوانێ کـارێکی کاریگـەر، بکاتـە سەرچارەنووسی گشتیی جەنگەکە[1] و بۆ ئەمەش هەردوو بەرەکە، تەقـەللای تێوەگلاندنی تورکیا و ئێرانیان دەدا و ئەگەریش ئەمەیان پێ نەکرێ، تەقەللا

---

[1] لینچوفسکی، تاریخ خاورمیانه، ترجمه د. هادی جزایری، تهران، اقبال، تیرماه ١٣٣٧ش، ص ٤٨.

بدەن ئێران و تورکیا بێلایەن بهێڵنەوە. لەم پێناوەشدا هەردوو بەرەکە، بەتایبەتی رووسیا و ئینگلتەرا، زۆر بەخێرایی لە خۆرئاوای ئاسیادا، بەگژ هێزەکانی عوسمانی و ئەڵمانیادا چوون، کە مەیدانی لەشکرکێشی و بەیەکدا هەڵپرژانی ئەم دووبەرەیە، پشکێکی هەرە زۆری بەر خۆرهەلاتی کوردستان کەوت و ئەم بەشەی کوردستان، بووە گۆرەپانێکی خوێناویی و کاولکاریی و کارەساتباری لەشکرکێشی و شەڕی ئەم هەموو هێزە کوشندەیە. بۆیە لەم تێوەگلانەی ئەم بەشەی کوردستاندا، مێژوونووسێکی ئاگاداری وەك (لازاریف) راستی پێکاوە، کە وتوویەتی: یەکەمین تەقەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی، لە ئەوروپا (نەمسا) تەقێندران، بەلام لە کوردستاندا دەنگیان دایەوە[1]. لەمەشدا مەبەستی ئەوە بووە بڵێ: چوارساڵی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨)، کوردستان بووە مەیدانی بەیەکدادانی ئەم دوو بەرە بەشەڕ هاتووەی جەنگ و بەتایبەتیش هەرسێ لەشکری: تورکی، رووسی و ئینگلیزی و بەو هۆیەوە (کوردستان) بووە گۆم و رووباری خوێن و کاولبوونی وڵاتەکەو زیانی لە ژمارە نەهاتووی سەر و ماڵی دانیشتووانەکەی[2] و هەریەکەش لەم بەرە بەشەڕ هاتووانە، گەلی کورد و گەلانی ناوچەکەیان بۆ بەجێهێنانی مەبەست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاردەهێنا و دژی بەرەکانی تر، بەشەڕیان دەدان. بە جۆرێك کە دیسان هەر (لازاریف) دەڵێ:

[1] م.س. لازاريف: المسألة الكردية (١٨٩١ – ١٩١٧)، ترجمه اكبر احمد، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية: ٢٠٠١، ص، ٤١٥.

[2] بۆ زیاتر زانیاریی لەبارەی زیانی کوردەوە، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بنوارە: ١– محەمەد ئەمین زەکی، خۆلاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان، چاپی سەیدیان، ل ٢٤٥ – ٢٥١. ٢– رەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، چاپەمەنی محەمەدی – سەقز، ل ٢٩ – ٣٣. ٣– د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لەساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغداد ١٩٧٥. ٤– د. سەید عەزیز شەمزینی، جووڵانەوەی رزگاریی نیشتیمانیی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی چوارەم، سلێمانی ٢٠٠٦، ل ١٣٧ – ١٤٥.

هیچ گەلێکی سەر رووی زەوی، ئەوەندەی کورد و ئەرمەن و ئاسووری، زیانی ئەم جەنگەی بەرنەکەوتووە[1].

بەڵام زۆرینەی ئەو زیانانەی بەر (ئاسووری) و (ئەرمەن) کەوتن، بەو هۆیەوە کە بەهەر شێوەیەك بووبێ، لەجەنگەکەوە گلێنراون، بەلای زۆرەوە هەر لە کوردستاندا بەریانکەوتووە، لە کاتێکدا گەلی کورد لەم جەنگەدا، نەدەسەڵاتی لە بڕیاری هەڵگیرسان و نە لە دامرکاندنەوە و نەقازانجی لە دەستکەوتەکانی جەنگەکەدا بوو!. کوردستانی ئەو سەردەمەش کە بریتی بووە لە دووبەشی سەر بە ئێران و ئیمپراتۆری عوسمانی، بەچاکی دەزانین هەلومەرج و هەڵوێستی هەریەکە لەم دوو دەوڵەتە و کوردانی ژێر دەسەڵاتیان و ئەو جوگرافیایە بەسەر بکەینەوە، کە پەیوەندییان بەم بیرەوەرییانەی (لیتن)ەوە هەیە.

(٤): ئێران و جەنگەکە:

بەرلەوەی ئێران بەشێوەیەکی رەسمیی بێلایەنیی خۆی لەجەنگەکە رابگەیەنێت، هێزەکانی رووسیا پێنج ساڵ بەر لەهەڵایسانی جەنگەکە، واتە لە ساڵی (١٩٠٩)ەوە، لەسەروبەندی شۆڕشی مەشرووتەی ئێرانەوە (١٩٠٥ – ١٩١١)، کە بووە مایەی ئاژاوە و شڵەژان لە ئێراندا و بەگوێرەی بڕیارنامەی (١٩٠٧)ەوە، رژابوونە ناوچەکانی ئازەربایجانی ئێرانەوە.

دەوڵەتی (عوسمانی)یش، زۆر پێش رووسیا و بەبیانووی کێشەی سنوورەوە، لە ساڵی (١٩٠٥)ەوە، هێزەکانی لەسەر سنوورەکانی ئێران – عوسمانی، تەراتێنیان دەکرد.

ئەم داروبارە تا سەردەمی جەنگی بالکان (١٩١٢) درێژەی کێشا و لەوە بەدوا کۆمیسیۆنێکی نێودەوڵەتیی، سنوورەکانی ئێران – عوسمانی

---

[1] لازاریف، سەرچاوەی پێشتر باسکراو، ص ٤١٥.

دەستنیشـان و دیـاریکرد. بـەڵام هێزەکـانی عوسمـانی گوێیـان بـە بڕیـار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆمیسیۆنە نەدا و بە بیانووی ئەوەی کە هێشتا هێزەکانی ڕووسیا لە ئازەربایجانی ئێراندان و ئەو هێزانـەی ڕووسـیاش، بـە مەترسـیی و هەڕەشە بۆ سەر خۆیان دەزانی، بۆیە بەم سـۆنگەیەوە خـاکی ئێرانیـان جـێ نەهێشت. بەم پێیە، بەر لە هەڵایسـانی جەنگەکـە، شـارە گرنگـەکانی ئێـران، وەك: تەورێز، خۆی، سەلماس، ورمێ، ڕەشت و مەشـهەد، بەتـەواوی لەلایـەن هێزەکانی ڕووسیاوە داگیرکرابـوون[1]. سـنوورەکانی لای بـاکووری خۆرئـاوای ئێرانیش، لەژێر هەڕەشە و مەترسیی بەردەوامی هێزەکانی عوسمانیدا بوون.

ئێرانیش خۆی هێزێکی چەکداری ناڕێك و بـێ سـەروبەر و لاوازی هـەبوو، کە بە هەمووی بریتی بوو لـە (٨٠٠٠) هەشـت هـەزار سـەرباز و (٧٠٠٠) حـەوت هەزار پـۆلیس و هێـزی نـاوخۆ، کـە ئـەم هێـزە، تەنانـەت توانـا و دەسـەڵاتی دامرکانــەوەی یـاخیبوونی خێڵـەکانی نـاو سەرتاســەری وڵاتیشـیان نـەبوو. خەزێنەکەی خاڵی بوو، دەرباری (قاجار) لەوپەڕی گەندەڵی و بۆگەنیـدا بـوو، هاوکــات شــوێنی جێوپێوڵــەتیکی ئێــران، وا هەڵکــەوتبوو لای بــاکوورەوە هاوسنووری ڕووسـیا و لای خۆرئاواشـەوە هاوسـنووری عوسمـانی بـوو. بۆیـە هەر کە جەنگ هەڵایسا، خۆرئاوای ئێران بوو بە یەکێك لەمەیدانـە گەرمـەکانی جــەنگ و ئــەم مەیدانــەش (بــاکووری خۆرئــاوای ئێــران)، کــە زۆرینــەی دانیشــتوانەکەی کــورد بــوون، لەشــکرەکانی هــەردوو بەرەکــەی جــەنگ و بەتایبــەتیش ڕووســیا و عوسمــانی، زۆرینــەی شــەڕ و بەیەکـدادان و پێکـدا هەڵپژانەکانیان، ئەم مەیدانەی کارەساتبارکرد.

بەم سۆنگانەوە لەکاتی هەڵایسانی جەنگەکـەدا، هەلومـەرجی ئێـران زۆر نالـەبار بـوو. چـونکە کـە ئێـران لـە (١ی تشرینی دووەمـی ١٩١٤)دا، بڕیـاری بێلایەنیی خۆی لە جەنگەکە ڕاگەیاند، هیچ یەك لە دەوڵـەتانی زلهێـز، ڕێزیـان

[1] إيران و جنگ جيهانى أول، ص ٣١.

بۆ ئەم بڕیارەی ئێران دانەنا و هەر لە سەرەتای جەنگەوە، هێزەکانی رووسیا و عوسمانی و بریتانیا، ناوچەکانی باکووری خۆرئاوا و باشووری ئێرانیان داگیرکرد و بەمەش ئەو ناوچانە، بوونە ئەمسەر و ئەوسەری ئەو پەردەی لەشکرکێشی و هێرش و هەڵمەتەکانی جەنگەکەی لە نێوان دەراوی مسێوپۆتامیا و قەفقاسدا تێیدا ئەنجامدەدرا. هاوکات تورکیا و ئەڵمانیاش ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیان کردە پێگە و بنکەی شەڕ و بەیەکدا هەڵپژان.

بەڵام لەم شەڕ و بەیەکدانەدا، رابووردووی رووسیا و بریتانیا بەگشتی و بەتایبەتیش مێژینەی رووسیا، لەناو ئێراندا، بەسۆنگەی ئەو چەندین جەنگەی لە چەند سەدەی رابردوودا لەگەڵ ئێراندا کردبووی و هاوکات هەر لەوسەردەمەشدا (وەك وتمان) بەشێکی زۆری ئێرانی داگیرکردبوو، مێژوویەکی تاڵی لەناو ئێران و سیاسەتمەدار و موڵکدار و حیزبی (دیموکرات)ی ئێرانیدا هەبوو – کە لەوکاتەدا لەناو خولی سێیەمی پەرلەمانی ئێراندا دەسەڵاتی هەبوو.

لەم داروبارەدا، کە هەڵوێستی زۆرینە لە ئێراندا، بەرامبەر رووسیا و بریتانیا قیناویی بوو، تورکیا و ئەڵمانیا دەرفەتی بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی خۆشیرین کردنیان قۆستەوە و لەو ناوچانەدا، کە داگیرکرابوون و بریتی بوون لە باکوور و باکووری خۆرئاوا و باشووری خۆرئاوای ئێران، کەوتنە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی دژە رووسیا و بریتانیا و خۆیان وەك (رزگارکار) و (دۆست) ی خەڵکی ئێران نیشاندا. هەردوو ناوچەکەش، کە ئەم پروپاگەندانەیان تێدا بڵاودەکردەوە، دانیشتووانەکەی (کورد) بوون و پێشوازییەکی گەرم لەم پروپاگەندانە کرا[1].

---

[1] لینن – ی خاوەنی ئەم بیرەوەرییانە، رۆڵێکی یەکجار فراوان و ئاشکرای لەم بوارەدا نواندووە. بۆ زیاتر زانیاری، بنواڕە: لازاریف، ص ٤٤٧ – ٤٥٣. هەروەها: کەمال مەزهەر: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، ل ١٢.

بەمانایەکی تر: تورکیا و ئەڵمانیا لەم بەرنامەیەیاندا، پشتیان بەیارمەتی و هاوکاری کورد دەبەست و کوردیش لەسەرەتادا زۆر گەرم و پەرۆشتر لە سوپای تورکیا و ئەڵمانیا، خۆی لە جەنگەکە وەردا!

هەڵبەتە دەبێ بڵێین ئەم پروپاگەندانە، زەبری زۆرتریان لەناو کوردستانی ئێراندا هەبوو، تا کوردستانی عوسمانی، یان بەواتایەکی تر: ئەم پروپاگەندانە، هەر لەبنەڕەتیشدا، مەبەست و ئامانج لێیان، هەر جوگرافیای کوردستانی خۆرهەلات بوو، کە راستەوخۆ بەرەیەکی کراوەی جەنگ بوو، بەرامبەر بەرەکانی جەنگی سوپای رووسیا و جۆش و خرۆش و جموجۆڵ و ئامادە بوونی کوردانی خۆبەخش و رابەرانی ئایینی، کارێکی وای کرد، مەترسیی و هەڕەشەی بۆ سەر ئێران دروستکرد، چونکە لەبەرامبەر ئەم چالاکییانەی کورددا، ژمارەی هێزەکانی رووسیاش لەباکووری خۆرئاوای ئێراندا، لە زیادبووندا بوون و بەم سۆنگەیەوە بالوێزی ئێران، هەر لەسەرەتای تشرینی دووەمی (١٩١٤)ەوە، لە ئەستەمووڵ کەوتە ناڕەزایی دەربڕین لە ئاست هاتنی لێشاوی کوردانی قەڵەمڕەوی تورکیا[1] بۆ ناو ئێران، شان بەشانی سوپای تورك و هاندنی کوردانی ئێران و داگیرکردنی بەشێکی زۆری دەڤەری ئازەربایجان و کوردستانی ئێران و زیان گەیاندن بەدام و دەسگاکانی دەوڵەتی ئێران و دانیشتووانی ئەو ناوچانە.

کەچی وەڵامی تورکیا، لەبەرامبەر ناڕەزاییەکانی ئێراندا ئەوە بوو، کە گوایە ئەو هێزانەی کورد و سوپای عوسمانی، بۆ پاراستنی سەروماڵی کوردانی ئێران و بەرگریی لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە، بۆ ئێران هاتوون، تا لە دەستدرێژیی و زوڵمی لەشکری رووسیا بیانپارێزن و بەشداریی کوردانیش

---

[1] مەبەست لە کوردی تورکیا (عوسمانی) ئەو رۆژگارە، هەموو کوردی ئێستای (عێراق)یشی دەگرتەوە. چونکە تا ئەوکاتە، وڵاتێك بەناوی (عێراق)ەوە نەبووە.

له (جیهادی موقەددەس)دا و شان بەشانی سوپای عوسمانی، لە هەستی موسڵمان بوونیانەوەیە، چونکە ئایینی ئیسلام لە مەترسیدایە!

بەڵام دەبێ بڵێین هەموو سەرچاوە ئاگادار و بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەو رۆژگارە، ئەوە دەسەلمێنن، کە بەرلەوەی دەوڵەتی عوسمانی، بەرەسمیی جەنگ دژی رووسیا و بریتانیا رابگەیەنێ و بەرلەوەش سوپای عوسمانی بگاتە ناو خاکی ئێرانەوە، هێزی چەکدار و خۆبەخشی کوردانی خۆرهەڵات، لە پاییزی (١٩١٤)دا، ببوونە پێش قەرەوڵی لەشکری عوسمانی و لە زۆر لەو جێگایانەوە، کە پێشتر سوپای رووسیایان تێدا جێگیر بوون، کەوتنە پەلاماردانی هێزەکانی ڕووسیا.

هاوکات کوردانی چەکدار و خۆبەخشی قەڵەمڕەوی (عوسمانی)یش، لە سنوورەکانی: ورمێ، ساوجبولاق، بانە — وە، سنووریان بەزاند و رژانە ناو خاکی ئێرانەوە و بەهەمان شێوە، لەگەڵ کوردانی خۆرهەڵاتدا، کەوتنە هێرش و پەلاماردانی هێزەکانی رووسیا و بەدەمیشییەوە دەستیان بەتالان و بڕۆ و شڕەخۆریی کرد[1] و دوای ئەوان و روونتر: لە رۆژانی یەکەمی تشرینی دووەمی (١٩١٤)دا، سوپای عوسمانی گەیشتنە ئێران و لە هەفتەکانی یەکەمی جەنگەکەدا، کەجەنگی (کیبریکی و ساری قامیش)، لە (٢٢/ ١٢/ ١٩١٤ — ١٥/ ١/ ١٩١٥) ڕوویدا، چەکدارانی کورد و سوپای عوسمانی، بەشەکانی کوردستانی ئێران و ئازەربایجانیان گرت[2] و دەستیان بەسەر شارەکانی: خۆی ، ورمێ و ساوجبولاق و دواتر شاری (تەورێز)یشیان گرت، کە دەبێتە پایتەختی دووەمی ئێران[3].

---

[1] تأریخ هیجده سالەی آذربایجان، احمد کسروی، انتشارات مؤسسەی امیرکبیر، چاپ دوازدهم، تهران، ١٣٧٨، ص ٦٠٠.

[2] ایران و جنگ اول جهانی (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ص ٣٤٦.

[3] هەمان سەرچاوە، ص ٣٤٦

لەسەرەتای گەیشتنی هێزەکانی کورد — عوسمانی دا بۆ ناو شارەکانی ئێران بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ ناو شاری (تەورێز)، دانیشتووانی شارەکە بەوە دڵشاد دەبن، کە ئیتر لە دەست داگیرکردنی سوپای رووسیا رزگاریان دەکەن. بەڵام دوای ماوەیەك کە ئەم هێزانە، لەناو شاردا، کاری وادەکەن لە سنووری رەوشت و یاسا و ئایین تێدەپەڕێ، دانیشتووانی تەورێز، خۆزگەی دەرکردنیان دەخوازن[1].

لەم هاتنەی چەکدارانی کورد و سوپای عوسمانی دا بۆ ناو شاری تەورێز، هێزەکانی رووسیا ناچار بوون بەرەو خۆرهەڵات بکشێنەوە. ئەم سەرکەوتنەش، هەستی کوردانی بۆ بەرەکانی شەڕ ئامادەتر، بە جۆشتر هێنا و زۆربەی خێڵەکانی کورد، پێوەندییان پێوەکردن و لەسەرەتای ساڵی (١٩١٥)دا، سەرکردایەتی لەشکری تورك، نزیکەی (١٥٠٠٠) پازدە هەزار کوردی لە خۆرهەڵاتی (ئەنادۆل) و (سلێمانی)یەوە بۆ ناو ئێران هێنا و لە کاردانەوەی ئەمەشدا، هێزەکانی رووسیا لە (١٤ی کانوونی دووەمی ١٩١٥)دا، بەناچاریی و بۆ ماوەیەکی کورت، شاری (تەورێز)یان جێهێشت، بەڵام زۆر لەتەورێز دوورنەکەوتبوونەوە و لەدەوروبەری شاری (مەرەند) گیرسابوونەوە[2]. بۆیە سەرکەوتنەکانی چەکدارانی کورد و سوپای عوسمانی تا ئێرە بوو. چونکە هێزەکانی رووسیا لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی (١٩١٥)دا، هێرشی بۆ سەر ئەم هێزانەی کورد و عوسمانی برد و لە (٣١ی کانوونی دووەمی ١٩١٥)دا، لەتەورێز دەری پەڕاندن و شارەکەی گرتەوە و لەوێشەوە بەرەو (دەیلەمان) چوو. ئەمەش مەترسیی و هەڕەشەی سەر ئازەربایجان و (ماکۆ)ی رووسیای ڕەواندەوە و دوای خۆقایمکردن، لە مانگەکانی (ئایار و حوزەیرانی ١٩١٥)دا، بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ سەر باڵی چەپی هێزەکانی عوسمانی — کورد برد و لە (٢٨ی ئایاری ١٩١٥)دا،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص ٣٥٩

[2] هەمان سەرچاوە، هەمان ص ٣٥٩.

شاری (ساوجبولاق)ی گرت و دوای ئەویش لە (٣١ی ئایاری ١٩١٥)دا، (شنۆ)ی گرت و بەمجۆرە هێزەکانی رووسیا، توانیان ئەو ناوچانە بگرن، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کورد بوون، کە لەشکری تورك، دەستەی چەکداری زۆری لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە پێکهێنابوو.

تورکیاش هاوزەمان لەگەڵ ئەم سەرکەوتنانەی سوپای رووسدا، ویستی بە هاوکاریی ئەڵمانیا، بەرەیەکی جەنگ، لە تۆڵەی ئەم تێشکانەیدا، لە باشووری ئێران، بەرامبەر لەشکری رووسیا بکاتەوە و لە (حوزەیرانی ١٩١٥)دا، (حسەین رەئووف بەگ)ی لە قۆڵی (خانەقین)ەوە هێرشێکی بە پشتیوانی چەکدارانی کورد، بە هیوای گرتنی (کرماشان) برد، بەڵام بەر لەوەی بگاتە کرماشان، لە (کرند) لە لایەن خێڵەکانی (سەنجاوی) و (کەلهوڕ)ەوە، رێگەی پێگیرا و بەئەنجام نەگەیشت.

****

**(٥): تورکیا و جەنگەکە**

تورکیا دوو مانگ و یەك هەفتە دوای راگەیاندنی جەنگەکە و یەکەمین تەقەکانی ناو ئەوروپا، دایە پاڵ ئەڵمانیا و بەو جۆرە بەئاشکرا دژی رووسیا، بریتانیا، فرەنسا، ژاپۆن و ئەمەریکا تێکەڵ جەنگ بوو. هەرچەندە کە جەنگ دەستی پێکرد: (١/ ٨/ ١٩١٤) تورکیا یەکسەر تێکەڵ جەنگ نەبوو. سەرەڕای ئەوەش کە لە هەموو سەرێکەوە و بەدڵ لەگەڵ ئەڵمانیادا بوو، بۆیە هەر تەنیا یەك رۆژ بەسەر دەست پێکردنی جەنگدا تێپەڕیبوو، کە هەندێ لەسەرانی (ئیتیحاد و تەرەقی) لە (٢ی ئابی ١٩١٤)دا، پەیمانێکی نهێنی (سیاسی – جەنگی) یان لە ئەستەموول لەبارەی هاریکاریی جەنگییەوە لەگەڵ ئەڵمانیادا مۆرکرد، کە هەندێ لەسەرانی دەوڵەتی (عوسمانی) ئاگایان لێ نەبوو. بەڵام لە هەمان رۆژدا، بەسەرزاریی، بێلایەنیی خۆیان بەرامبەر جەنگەکە بڵاوکردەوە و وڵاتانی هاوپەیمانیش بەرامبەر بەوە، رۆژی (٢٨/ ٨/ ١٩١٤) رایانگەیاند، کە ئەوانیش توخنی خاکی عوسمانی ناکەون، بەمەرجێك

بێلایەن بمێنێتەوە. کەچی ڕۆژ دوای ڕۆژ، هاریکاریی نێوان ئەڵمانیا و تورکیا ئاشکراتر دەبوو، بەتایبەتیش بەهۆی پروپاگەندە زۆرەکانی ئەڵمانیاوە لەناو تورکیادا و گەیشتنی هەردوو پاپۆری جەنگیی (گیبین) و (بریسلاو)ی ئەڵمانی بۆ (دەردەنیل)، لە (١٠/ ٨/ ١٩١٤)دا و ئامادەکاریی سەربازییانەی تورکیا بۆ جەنگەکە.

بەرەکەی تری جەنگەکەش: ڕووسیا، بریتانیا و فرەنسا و بەتایبەتیش ڕووسیا، هەوڵی زۆری لەگەڵ (ئەنوەر پاشا)ی وەزیری جەنگیی تورکیادا، تا بەلای خۆیاندا رایبکێشن و تێکەڵ بەرەی ئەڵمانیا و نەمسا نەبێت. بەڵام هەوڵەکەی بێهوودە بوو، چونکە هەر ئەو ڕۆژەی تورکیا، پەیمانی ناوبراوی لەگەڵ ئەڵمانیادا مۆرکردبوو، فەرمان بۆ (سوارەی حەمیدی) و خێڵەکانی کورد لە ویلایەتی ئەرزەرۆم دەرکرا، تا چاودێریی سنوورەکانی ڕووسیا بکەن و هاوکات کۆنسوڵی ئەڵمانیا لە ئەرزەرۆم و حیلمی بەگ و ئیبراهیم بەگیش لەلایەن تورکیاوە، بۆ پروپاگەندە بڵاوکردنەوە لە دەڤەری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ و قەفقاس و ڕووسیادا دەست پێبکەن.

لە ناوەڕاستی مانگی (ئابی ١٩١٤)یشەوە لە ولایەتی (وان) و (قەراکلیس)دا، هاتن و گردبوونەوەی بەلێشاوی هێزەکانی (سوارەی حەمیدی) جمەی دەهات، کە تا ناوەڕاستی تشرینی دووەم، (١٦) شازدە فەوجی کوردی چەکدار (کە هەر فەوجێکی سوارە، پێنج سەد کەس بوون). لەناوچەی (بایەزید) خڕبوونەوە و ئەم هێزانە، بەدرێژایی سنووری تورکیا — ڕووسیا بڵاوکرانەوە و دامەزرێنران.

هاوکات چەند دەستەیەکی تری هەر لە کورد (بەچەکی کۆنەوە) پێکهێنا، تا لەسەر سنووری ڕووسیا، ئاژاوە و تێکدان و کاولکاریی بکەن و لەپاڵیشیدا کاری ئەم دەستانە، بەو هۆیەوە کە لەپشت قەفقاسەوە، پێڕەوانی ئیسلامی هەبوون، دەبوونە پردێك لە نێوان هێزەکانی تورکیا و

ئیسلامییەکانی ناو رووسیادا و لەم رێگەیەشەوە زیانی زۆر بە رووسیا گەیەندرا[1].

هەر ئەم دەستە چەکدارانەی کورد، لە سنووری قەفقاس و بەتەنیا لە مانگی ئەیلوولی ١٩١٤ دا، کەوتنە تالانیی و شەڕەخۆریی و دەوڵەتی (عوسمانی)یش بۆ زیاتر هاندانیان بۆ ئەمجۆرە کارانە و پشتیوانیی زیاتریان لە دەوڵەتی عوسمانی، قسە و بەڵێنی ئەوەی پێدەدان، کە لە داهاتوودا ئۆتۆنۆمییان دەداتێ[2].

هاوزەمان لەگەڵ ئەم کارانەدا، رۆژی (٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٤، سوڵتانی عوسمانی (محەمەدی پێنجەم)، بانگی (جیهاد)ی ڕاگەیاند و داوای لە هەموو مسڵمانانی جیهان کرد: بەشداری جەنگ بن.

سەرکردایەتی جەنگیی (عوسمانی)یش، هێزی مرۆیی هەموو گەلانی قەڵەمڕەوی (عوسمانی) سازدا و فەرمانی سەربازگیریی تەنانەت بۆ (دیان)ەکانیش دەرکرد.

ئەم فەرمانانە ئەگەرچی لەلایەن (سوڵتان)ەوە دەردەکران، بەڵام فەرمان و دەسەڵاتی ڕاستەقینە، لەدەست سەرانی حیزبی (ئیتیحاد و تەرەقی) بەگشتی و بەتایبەتیش لەدەست (٣) سەرکردە ناودارەکەی ئەو حیزبە: تەلعەت پاشا (وەزیری کاروباری ناوخۆ)، ئەنوەر پاشا (وەزیری جەنگ)، جەمال پاشا (وەزیری زەریا)دا بوو. فەرماندەیی سوپای (عوسمانی)یش، لەژێر دەستی (٤٢) ئەفسەری ئەڵمانی دابوو، کە ژەنراڵ (لیمانفۆن ساندەرس) فەرماندە و مەشق دادەر و ڕێکخەریان بوو.

رۆژی (٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٤)، پاپۆڕە جەنگییەکانی هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیا و تورکیا، بە جووتە بۆمبارانی کەنارەکانی بەری رووسیای

---

[1] لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٦ – ٤١٨.

[2] لازاریف، ص ٤٢٠.

زەریای رەشیان کرد و ئەمە بەسەرەتای تێکەڵبوونی ئاشکرا و تەواوەتی تورکیا، لەجەنگی یەکەمدا ژمێردرا و رۆژی (٣ی تشرینی دووەمی ١٩١٤) و دوای ئەویش بریتانیا، رۆژی (٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٤)، جەنگیان دژی دەوڵەتی عوسمانی راگەیاند.

بەڵام لەباسی بانگەوازی (جیهاد)دا، دەبێ بڵێین کە هەموو کوردان بەپیر ئەم بانگەوازەی (جیهاد)ی تورکیاوە نەدەچوون و ئەوەیشی کە بەدڵگەرمییەوە بۆ (جیهاد) دژی رووسیا دەچوو، بەسۆنگەی ئەوەوە بوو، کە رووسیا هەرگیز لای لە پشتیوانیی کورد نەدەکردەوە و بەشێکی تریش لە کوردان، بەقینەوە لە تورکیایان دەنواڕی، بەتایبەتیش کوردانی (خارپووت) و (دەرسیم)، نەك هەر بەدەنگ بانگەوازی (جیهاد)ی سوڵتانەوە نەدەچوون، بەڵکو هەڵمەتیان بۆ سەر لەشکری تورکیا دەبرد و چەك و تۆپەکانیان لێ دەسەندن و لەناوچەی (مووسڵ)یش، بەهیچ جۆرێك ملیان بۆ جەنگ نەدەدا و کوردانی ئەو دەڤەرە، پۆل پۆل بەرەو ئێران هەڵدەهاتن.

بەڵام ئەو کوردانەی بەناوی جیهادی موقەددەسەوە ڕژابوونە ناوچەی (ورمێ) و ناو شارەکەوە، لەلایەن هێزەکانی تورکەوە ڕێگەیان درابوویە، تا هەرچییان پێخۆشە، بیکەن.

کاری ئەم دەستانەی کورد، لەگەڵ دەستەی سەربازی عوسمانیدا (بەتایبەتی لە هاوین و پاییزی ١٩١٤)دا، هێرش کردن بوو بۆ سەر هێزەکانی رووسیا و (ئاسووری) و (دیان)ی نیشتەجێی گوندەکان و شاری (ورمێ). ئەمەش وایکرد ئاسووری و دیانەکانی (ورمێ)، ناچاربن چەك لەسوپای رووسیا وەربگرن و بەرگریی لە خۆیانی پێبکەن و شەڕ و کوشتاری بەردەوام لە نێوانیاندا رووبدات.

بەمجۆرە وەك (لازاریف) دەڵێ: بزوێنەری سەرەکی ئەم ئاراستەیەش، بەشێوەیەکی سەرەکی، ئەڵمانیا بوو، کە چەکدارانی کورد و سوپای تورکیان (بەسەرکردایەتی جەودەت بەگ)، لەناو جەرگەی ئێراندا، دژی رووسیا و

بريتانيا دەجەنگاند، تا ئێران لە جەنگەکەوە بگلێنن و ناچاری بکەن بیخەنە ناو بازنەی پەیمانی خۆیانەوە، چونکە کاتێ ئێران، ئەم لێشاوە تێکەڵەی لە هێزی کورد و تورك لە خاکەکەیدا دەبینێ، وڵاتەکەیان لێ شێواندووە، ناچار دەبێ داوا لە تورکیا بکات هێزەکانی خۆی لە ئێران و بەتایبەتیش لە ناوچەی (ورمێ) بکشێنێتەوە. ئەوسا تورکیاش داوا لە ئێران دەکات، هەمان داوا لە رووسیاش بکات، تا هێزەکانی خۆی لە باکووری خۆرئاوای ئێران بکشێنێتەوە، کە ئاکامیش هەر وای لێهات و کاتێ لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران (عەلاء سوڵتانی)، لە (٣٠ی ئەیلوولی ١٩١٤)دا، داوای لە تورکیا کرد: هێزەکانیان لە ئێران بکشێنێتەوە، لە وەڵامدا (عاسم بەگ)ی باڵوێزی تورکیا لەتاران، بەناوی وڵاتەکەیەوە وەڵامی دایەوە: تورکیا رێز لە بێلایەنیی ئێران دەنێ، ئەگەر هەمان داوا لە ڕوسیاش بکات، هێزەکانی لە ناوچەی ئازەربایجان بکشێنێتەوە[1].

بەم هۆیەوە لەسەرەتای جەنگەوە، ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و عوسمانی، بوونە مەڵبەندی مەترسیی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا. رووسیاش لەم سەروبەندەدا بە ناچاریی ویستی ئاوڕێك لە دڵنەوایی و دڵڕاگرتنی کورد بداتەوە و لەم پێناوەشدا چەند تەقەللایەکی لەگەڵ هەندێ لە سەرانی کورد — دا دەست پێکرد، بەڵام درەنگ بوو[2].

### (٦): کوردی عوسمانی و جەنگەکە[3]

تورکیا لە رۆژانی سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی (١٩١٤)ەوە، بە

---

[1] لازاریف، ص ٤٢١ — ٤٢٢.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە، بنوارە: لازاریف (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ص ٤٢٢ — ٤٤٢.

[3] مەبەست لە کوردی (عوسمانی)ی ئەو رۆژگارە، هەموو کوردی ئێستای عێراقیشی دەگرتەوە. چونکە (وەك پێشتر وتمان) تا ئەو کاتە دەوڵەتێك بەناوی (عێراق)ەوە نەبووە.

فەرمیی بووە هاوپەیمانی ئەڵمانیا، نەمسا و ئیتالیا و بە کردەوەش لە دژی رووسیا، بریتانیا، فرەنسا، لەبەرەکانی شەڕی ئاسیادا کەوتە جەنگەوە و بەپەلە تەکانی بەرەو (قەفقاس) بوو، تا وەك لەبەرنامەی دوورمەودایدابوو، پردێك لە نێوان موسڵمانانی ئەودیو قەفقاس و موسڵمانانی ئازەربایجان و باکووری خۆرئاوای ئێران و ئەنادۆڵدا پێك بهێنێ و بەمەش، کە بەشە زۆرەکەی ئەو ناوچانەی تورکیا دەیویست ئەم بەرنامە سەرچڵانەیەی تێدا ئەنجام بدات، زۆرینەی کوردن و لە سوپای تورکدا بەشدار و چەکدار کرابوون، پشتیوانێکی بەهێز و قایم لەبەرەکانی قەفقاسدا، بەرامبەر رووسیا و لە عێراقی ئێستاشدا، بەرامبەر بریتانیا دروست بکەن.

بەڵام ئەم بەرنامەیەی تورکیا، هەر لەسەرەتای جەنگەکەوە ڕووبەڕووی تێشکانی یەك بەدووی یەکدا هات. هەرچەندە لە (١ی تشرینی دووەمەوە، تا ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤)، توانی ریزەکانی پێشەوەی سوپای ڕووسیا بشکێنێ و دڕی پێبدات و کەمێکیش بەرەو قوڵایی رووسیا بچێت. بەڵام دوای ئەوە، زۆر خراپ تێشکا، بەتایبەتیش لە شەڕی (کێبریکی) و (ساری قامیش)، لە (٤ ی کانوونی یەکەمەوە، تا ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩١٥)دا، کە (ئەنوەر پاشا)ی وەزیری بەرگریی، خۆی و ئەفسەرانی ئەڵمانیا، سەرکردایەتی لەشکری (٣)ی تورکیا و ئەم شەڕەیان دەکرد.

هێزەکانی تورك، کە (٩٠٠٠٠) نەوەد هەزار سەرباز دەبوون، نزیکەیی (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزاریان لەناوبران. سوپای ڕووسیاش، نزیکەی (٣٠.٠٠٠) سیی هەزار سەربازی لێ کوژرا[1]. شایانی وتنە، لەشکری (٣)ی تورکیا، کە لە (٣) فەوج پێکهاتبوو، چوار فەوج و لیوایەکی یەدەگی، (واتە: ١٨ هەژدە هەزار)، کورد بوون[2]. جگە لەمانەش، زۆربەی لەشکری (٩)ی ناوچەی

---

[1] بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە: لازاریف (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ص ٤٣٤. هەروەها: ایران و جنگ جهانی اول (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ص ٣٥٢.
[2] لازاریف، ص ٤٣٤.

ئەرزەرۆم و لەشكری دەیەمی ناوچەی سێواس و لەشكری یازدەیەمی ناوچەی (ئەلعەزیز) و لەشكری دوازدەیەمی دەڤەری مووسڵ كورد بوون[1].

كەچی لەگەڵ ئەم هەموو بەشداربوونەی كورددا، لە جەنگەكەدا، هێشتا سوپای تورك متمانەی بە سەرباز و چەكداری خۆبەخشی كورد نەبوو. بۆیە ئەسپ و چەكی باش و تەقەمەنی باشیشی نەدەدانێ[2]. هەر بەسۆنگەی ئەم بێ متمانەییەوە، سەرباز و چەكداری خۆبەخشی كوردیش، لە دوای ئەم تێشكانە، بەرەكانی شەڕیان جێدەهێشت و بەتاك و بەپۆل، بەرەو جێگەكانی خۆیان دەگەڕانەوە، تا وای لیهات لەشكری (٣)ی توركیا، لەو (١٨) هەژدە هەزار كوردە، (٢٨٠٠) دووهەزار و هەشت سەدیان لە سوپای عوسمانیدا مانەوە. تەنانەت دوای رێكخستنەوەی سوپای (٣) و دوای هەموو تەقەللا و كۆشانێكی توركیا، توانیان (٨ – ١٠) هەزار كورد، لە سوپای ناوبراودا گرد بكەنەوە[3].

بەمجۆرە، هەڵاتنی بە پۆلی كورد لە ڕیزی سوپای عوسمانیدا، بووە كارەسات بۆ لەشكری توركیا و تادەهات كوردیش بڕوای بە پروپاگەندە و بەڵێنەكانی عوسمانی، كە گوایە لەبەرەكانی تردا، سەركەوتنیان بە دەستهێناوە، یان: ئەڵمانیا بۆتە موسوڵمان! كاڵ و كاڵتر دەبۆوە و هەندێ كاتیش وای لێدەهات، سەرانی (سوارەی حەمیدی – كە كورد بوون) و سەربازی كورد، ریزەكانی سوپای عوسمانی بەجێ بهێڵن و بچنە ناو سوپای رووسیاوە[4].

---

[1] محەمەد ئەمین زەكی، خولاصەیەكی تەئریخی كورد و كوردستان، چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد، بەبێ ساڵی چاپ، ل ٢٤٦.
[2] لازاریف، ص ٤٣٤.
[3] هەمان سەرچاوە، هەمان ص ٤٣٥.
[4] هەمان سەرچاوە، هەمان ص ٤٣٥.

هاوزەمان لەگەڵ ئەم بێزارییەی سەرباز و خۆبەخشی کورددا، کوردانی (سیڤیل)یش لە هەندێ شوێن، هەڵوێستیان دژی (جیهاد) و بەشداریکردنی کورد، لەبەرەی تورکدا، دەگەیشتە رادەیەك، لە مانگەکانی (ئایار و حوزیرانی ١٩١٥)دا، لە دۆڵی (مووش) و دەڤەری (دەرسیم) و باشوور و خۆرهەڵاتی رووباری (فورات)دا، کورد دژی رژێمی عوسمانی، نارەزایی و راپەرین و شۆرشیان دەکرد، کە هێزەکانی تورك، زۆر بەدژواریی ئەم یاخیبوون و شۆرشانەیان دادەمرکانەوە[1]. یان هەندێ خێڵ و هۆز و سەرۆکەکانیان، کە بە خورتی و ناچاریی بە خۆیان و زۆرینەی هۆزەکانیانەوە بۆ بەرەکانی (جیهاد)یش دەبران و دەچوون، بەڵام زۆریان هەر بە رواڵەت و سەرزارەکی، ئامادەبوونی خۆیان نیشاندەدا!. یان هەندێکی تریان، سەرەرای ئەوەی لەبەرەکانی جەنگیشدا ئامادە دەبوون، بەڵام ئەم ئامادەبوونەی خۆیان لەبەرەکانی جەنگدا، بۆ ئەوە دەقۆستەوە، تا بە هەموو شێوەیەکی نهێنی و ئاشکرا، کوردانی بەشداربووی جەنگەکە، هوشیار و پەشیمان و دڵسارد بکەنەوە، کە جەنگەکە، جەنگی ئەوان (کورد) نییە و خۆیان نەکەنە قوربانیی و سووتەمەنیی بەرژەوەندی سیاسیی لایەنی تر، وەك ئەوەی لەم بوارەدا (عەلی ئەکبەرخانی سەنجابی) دەیگێرێتەوە: کە لەکاتێکدا لەگەڵ سەرانی خێڵەکانی: باوەجانی، وەڵەدبەگی، جافی جوانرۆیی ئێران و جافی مورادی دا، لەبەرەکانی شەری هەرێمی کرماشان (سوپای عوسمانی)دا بوون، سەرۆك خێڵی ناودار و رووناکبیر: مەحموود پاشای جاف (١٨٤٥ – ١٩٢٠)، ئامۆژگاریی هەریەکە لە: رەشید سەڵتەنە و سەفەرخانی سەرۆك هۆزی (گۆران)ی کردووە، تا هاوکاریی و یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی نەکەن و ریزەکانی سوپای عوسمانی جێ بهێڵن و ئەو زوڵم و غەدرانەی دەوڵەتی

[1] لازاریف، ص ٤٣٧.

عوسمانییان بەیاد بێتەوە، کە لە کوردی کردووە[1].

هەڵبەتە دەوڵەتی (عوسمانی)یش لەکاردانەوەی ئەوەدا، کە کورد بەگوێرەی فەرمانەکانی دەوڵەت، هاوکاریی و بەشداریی جەنگەکەیان نەدەکرد و هەڵدەهاتن و یاخی دەبوون و لە هەندێ ناوچەش، ڕاپەرین و شۆرشیان دژی دەوڵەت ساز دەکرد، زۆر خێرا دەکەوتە گەڕان بە دوای ڕێگەچارە و تۆڵەی سەختدا و لە گەرمەی ساڵەکانی جەنگدا (١٩١٥ — ١٩١٦)، کۆمەڵێك فەرمان لە (سوڵتان)ەوە، بۆ بەخورتی ڕاگوێزانی کوردانی نیشتەجێ و نزیك بەرەکانی شەڕ، بۆ خۆرئاوای ئەنادۆڵ دەرچوون (بە بیانووی ئەوەی گوایە شوێنەکانیان لەبەرەکانی شەڕەوە نزیکە!) و لە ماوەیەکی زۆر کورتیشدا فەرمانەکان جێبەجێ کران و لە کۆی (٨٠٠٠٠٠) هەشت سەد هەزار کوردی نیشتەجێی باشوور و خۆرئاوای زەریاچەی (وان)، نزیکەی (٧٠٠٠٠٠)حەوت سەد هەزار کورد، لە ناوچەکانی خۆیان هەڵکەندران و بەرەو خۆرئاوای تورکیا ڕاگوێزران، کە وەك ڕۆژنامەی (مشاك)ی ئەرمەنی، لەو ڕۆژانەدا نووسیبووی: نیوەی ئەم ژمارەیە، بەدەم ڕێگەوە، لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە لە ناوبران و سەدان گوند و ئاوایی کوردنشین، لەگەڵ زەویدا یەکسان کران و ئەو هەندە دانیشتووانەیشی، کە تیایاندا مابوونەوە، هەڵاتن و ئەمانیش لە هەڵاتن و سەرهەڵگرتندا، لە ناوچوون[2].

هەر لە نموونەی ئەم ڕووداوانەدا، ئەفسەرێکی ڕووسی دەگێڕێتەوە، کە لە دەڤەری (وان)، نزیکی (٤٠٠٠٠) چل هەزار کوردی کوژراوی ژماردووە. جگە لەوەی چەندان هۆز و بنەماڵە، بەسۆنگەی نەخۆشیی وەك (کولێرا) و (تاعوون)وە، بەیەکجاریی لە ناوچوون و قڕیان تێکەوت[3].

---

[1] بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە: علی اکبرخان سنجابی، سردار مقتدر ایل سنجابی و مجاهدت ملّی ایران، تحریر و تحشیه: د. کریم سنجابی، تهران، ١٣٨٠ش، ص ٤٥٢.
هەروەها : د. حسن کریم الجاف: الوجیز فی تاریخ ایران، دراسة في التاریخ السیاسی، الجزء الرابع، مطبوعات آراس، اربیل ٢٠٠٨، ص ٢٥.

[2] لازاریف، ص ٤٤١.

[3] لازاریف (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ص ٤٤٢.

ئـەم زوڵـم و دەسـتدرێژیی و کوشـت و بـڕەی تورکیـا، نـەك هـەر لـە قەڵـەمڕەوی عوسمانیـدا، لەگـەڵ کـوردانی ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـدا پیـادەی دەکرد، بەڵکو بەو سۆنگەیەوە کە هـەر لـە سـەرەتای جەنگەکـەوە، زۆرینـەی ناوچەکانی کوردستانی ئێرانیشی داگیر کردبوو، لەوێش بەهـەمان شـێوە، بـۆ بـە ئـەنجام گەیانـدنی بەرنامـە شـەڕخوازەکانی، بەچـەندین ڕێگـە کەوتـە سەروپێوەند دروستکردن بە سەرانی ناودار و سەرۆك خێڵ و ڕابەرانی ئـاینی و موڵکدارانـەوە، تـا بکەونـە کۆکرنـەوەی خـەڵك و دروسـتکردنی کۆمەڵـە و ڕێکخـراو، لـە ژێـر نـاوی یارمەتیـدا بـۆ جـەنگ و جیهـاد و پشـتیوانیکردنی بـەرەکانی شـەڕ و پیتـاك و ئازوخـە کۆکردنـەوە و ناردنیانـەوە بـۆ بـەرەکانی سوپای عوسمانی. لەم بوارەدا گەلێ پیاوانی ناودار و سەرۆك هـۆز و رابـەرانی ئایینی، بەدەنگیانەوە چوون و کۆمەڵە و ڕێکخراویان دروستکردووە[1].

هەرچەندە دەبێ بزانین کە ئەمجۆرە یارمەتیدانەی سوپای عوسمانی، لە دانیشـتووانی هـەژار و ڕەش و ڕووتـی کـوردانی هـەردوو بەشـی (ئێـران — عوسمانی) ڕۆژگاری جەنگەکەوە کۆکرانەوە، کە خـودی ئـەو خەڵکـە هـەژار و ڕەش و ڕووتە، خۆیان لەو کاتەدا لە هەموو کەس هەژارتر و لـە هـەموو کـەس زیاتر پێویستییان بە یارمەتی و هاوکاریی هەبوو، بەڵام دەوڵـەتی عوسمـانی، بە هـەموو شـێوە و بـە خـورتی خـەڵکی کوردیـان ناچـار دەکـرد هاوکـاریی و یارمـەتی لەشـکری عوسمـانی بکـەن و بـە پێچەوانەشـەوە هـەر هەڵوێسـتێکی پێچـــەوانەی فەرمانـــەکانی دەوڵـــەتی عوسمانییـــان بکردایـــە، بیـــانووی دژایەتیکردنی ئایینی ئیسلام و هاوکاریکردنی رووسیای (کـافر!)ی پێـدەگرت و سزای توند و کوشتنیان بەسەردا دەسەپاند، بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو مـەزن

---

[1] رەحمان محەمەدیان: بۆکان لە سەدەی بیستەمدا، چاپی سپە، ١٣٨٩ هـەتاوی (٢٠١٠ز)، ل ١٦٣ — ١٧٢. هەروەها: لازاریف (سەرچاوەی ناوبراو) ص ٤٤. هەروەها: رحمت الله توفیق، تاریخچە ارومیە، یادداشت هایی از سال های جنگ اول جهانی واشوب بعد از آن، انتشارات شیرازە، چاپ اول، تهران ١٣٨٢ ش، ص ٥، ٦٥.

و گەورە پیاوانەی کورد دا، کە هۆشیاریی نیشتیمانیی و نەتەوەییان هەبووە و بەرژەوەندی (گەل)یان لەبەرچاو گرتووە و دژی (جیهاد) قسەیان دەکرد و بەپیر پروپاگەندە و بانگەوازی (جیهاد)ەوە نەدەچوون، یان هاوکاریی سوپای رووسیایان دەکرد، کە نموونەی بەرجەستەش لەم بوارەدا، هێزەکانی عوسمانی و چەکدارانی کورد، هەر ئەوەندەی گەیشتنە ناو ئێران، بەدەم ڕێوە بەرەو (تەورێز)، سەرداری موکری، واتە (حاکمی ساوجبولاق): محەمەد حسەین خانی موکری — دوامیری بنەماڵەی (بابامیری) و کوڕەکەی و سەرداری سەقز: سەیفەددین خانی ئەردەلان و محەمەدخانی سەرداری (بانە) و شێخ باباسەعیدی بەرزنجی (١٨٥٨ — ١٩١٤) شاعیر و عارفی ناوداری موکری لە ساوجبولاق (گوندی کەرێزە گڵی) و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە مووسڵ[١] و .... ئیعدام کردووە.

هەر لەم یەکەمین هێرشەی عوسمانیدا، کە (وەك وتمان)، لە کانوونی یەکەمی ١٩١٤دا، بەهاوکاریی کوردانی چەکداری هەردوو بەشی کوردستانی بندەستی عوسمانی و ئێرانی، کردیانە سەر هێزەکانی ڕووس و لایەنگیرانیان لە شارەکانی: ساوجبولاق (مەهاباد) و (میاندواو) و بەرەو شاری (مەراغە) و (تەورێز) ڕاویان نان و سەرکونسوڵی ڕووسیای تزار، لەشاری (ساوجبولاق)، سەرهەنگ (ئا. یی. ئیاس)[٢] شیان لەگەڵیاندا، لە ساوجبولاق ڕاونا و ڕووی لە (میاندواو) کرد و لەوێش دەستبەرداری نەبوون و بەشێوەیەکی زۆر

---

(١) بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە: بۆکان لەسەدەی بیستەمدا (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ل ٢٢. هەروەها: د. سعدی عوسمان هەروتی، بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا (١٨٨٠ — ١٩٣٩ز)، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٤٨. هەروەها: گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٩)،ساڵی یەکەم، ل ١٢ — ١٥، وتاری سەیید سمایل بەرزنجی.

(٢) سەرهەنگ ئەلکساندەر ئەیاس (ئا. یی. ئیاس)، لە کۆتایی ساڵی ١٩١١دا، بۆتە کونسوڵی ئیمپراتۆری ڕووسیای تزار لەشاری (ساوجبولاق). بۆ زانیاریی زیاتر، بنواڕە: لازاریف (سەرچاوەی پێشتر باسکراو)، ص ٣٧٩. هەروەها: مینۆرسکی، گۆڤاری (مەهاباد)، ژمارە ٧٩، ل ٧.

نامرۆڤانــه و دڕندانــه کوشــتیان و ســەریان لــه لەشــی جیاکردۆتــەوە و بەنێزەیانەوە کـردووە و بردوویانەتـە سـاوجبولاق و لەبـەردەمی مـاڵی (قـازی فەتاح)دا، بۆ نیشاندان دانراوە[1] و دواتر سەرەکەیان داوەتە دەسـت منـداڵان و بە کۆڵانان و گونداندا گێڕاویانـە و ... جەسـتە بـێ سەرەکەیشـی، لـە نزیـك چۆمی (میاندواو) ناشتووە و پاشان سێڵاوی بەهاری هەمان سـاڵ، گۆڕەکـەی هەڵتەکاندووە[2].

ســەرهەنگ (ئـا. یـی. ئیـاس)، ڕوونـاکبیر و دۆسـتی کـورد و دۆسـتی کوردناسی گەورە و ناسراو: مینۆرسکی (١٨٧٧ – ١٩٦٦) و باسـیل نیکیـتین (١٨٨٣ – ١٩٦٠)[3] بـووە و هــەر بـەئاگاداریی هەردووکیشـیان، سـەرەتای خـەریکبوونی بـەکاری کوردناسـییەوە دەسـت پێکـردووە و لـەم پێناوەشـدا، هاوینی سـاڵی (١٩١٣)، بەیارمـەتی فەرمانـدار (حـاکم)ی شـاری سـاوجبولاق: (محەمەد حسـەین خـانی سـەرداری مـوکری)[4]، کـە دۆسـتایەتی زۆر خۆشـی لەگەڵ ئەو و زۆربەی کـوردانی ناوچـەکەدا هـەبووە، گەشـتێکی بـە (بـاکووری

---

[1] احمد کسروی، تاریخ هیجده سالەی آذربایجان، انتشارات امیرکبیر، چاپ دوازدهـم، تهـران ١٣٧٨ش، ص ٦١٦. هەروەها: گوڤاری (مەهاباد)، ژمارە (٦٩)، ل (١٠)، وتاری عەبدوڵلا سەمەدی.

[2] باسیل نیکتین: خاطرات و سفرنامە، موسیو. ب. نیکتین (قنصـل سـابق روس در ایـران)، ترجمە علی محمد فرەوشی، انتشارات کانون معرفت، چاپ دوم، تهران ٢٥٣٦، ص ٢٠٤ – ٢٠٦. هەروەها: گوڤاری (مەهاباد)، ژمارە (٦٩)، ل (١٠).

[3] تەنانە باسیل نیکیتین دەڵـێ: ئێمـە بـەهۆی نووسـینەکانی (ئیـاس)ەوە توانیومانـە ئـەو ناوچانە چاکتر بناسین. سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٠٥).

[4] هەر لەو هێرشە باسکراوەی هێزەکانی عوسمـانی و چـەکدارانی کـورددا، بـۆ سـەر شـاری سـاوجبولاق. ئـەم سـەردارە کـوردە: (محەمـەد حسـەین خـانی سـەرداری موکری)شـیان بەتاوانی دۆستایەتیکردنی لەگەڵ (ئەیاس) و سوپای رووسدا، لە شاری (مەراغە)، لەگـەڵ (سـەیفەددین خـانی ئـەردەڵان)دا، گوللـەباران کـردووە و سـامان و دارایشـیانیان زەوت کردووە. بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە: مصطفی تیمـورزادە: وحشـت در سـقز، بەکوشش شهباز محسنی، انتشارات شیرازە، چاپ اول، تهـران ١٣٨٠، ص ٤٣. هـەروەها: احمد کسروی: تاریخ هیجدە سالەی آذربایجان (سەرچاوەی پێشـتر باسـکراو) ص ٥٩٤ – ٦٠٧.هەروەها: رەفیق حیلمی، یادداشت، بەشی سێهەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەسگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، ١٩٩٢، ل ٨٧.

کوردستانی ئێران)دا کردووه و ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی، بەدەیان وێنەی جوانی، لەبارەی ئەم گەشتەیەوە نووسیوە و ئێمەش بۆ ئاگاداریی زیاتری خوێنەری کورد، لەبارەی تەقەللای کوردناسی ئەم دۆستەی کوردەوە، ئەو ڕاپۆرتە و چەپکە وێنەی گەشتەکەی و لاواندنەوەیەکی (مینۆرسکی) و وتارێکی (جان جالینکۆ)ش لەپاشکۆی ئەم کتێبەدا بڵاودەکەینەوە.

شێوەی نامرۆڤانە کوشتنی ئەم کونسوڵەی ئیمپراتۆری روسیای تزار، هەروەك زیان بوو بۆ لەدەستدانی دۆستێکی کورد، هاوکات یارمەتی و پشتیوانیی کورد لە سوپای عوسمانی و پلە و پایە و ڕێز و خۆشەویستیی (ئا. یی. ئیاس)، لای ئیمپراتۆری رووس و سوپای رووس، وایان کرد، کە سوپای رووس، لەدوای ئەو هێرشەیاندا، کە ڕۆژی (١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٦)، بۆ دەرپەڕاندنی هێزی عوسمانی و چەکدارانی کورد، لە (ساوجبولاّق) و دەوروبەری، کردیانە سەر ساوجبولاّق و شارە کوردنشینەکان و دوای چوار ڕۆژ شەڕ و پێکدادان، لەشکری رووس، هێزەکانی عوسمانی و چەکدارانی کوردیان لە ساوجبولاّق راونان و لەشکری رووس بەڕقێکی ئەستوورەوە، لە تۆڵەی ئەم کونسوڵەیاندا، ڕژانە ناو ساوجبولاّق و بۆ ماوەی (٣) سێ شەو و ڕۆژ، کەوتنە کوشتاری هەڕەمەکی و ڕەشەکوژیی خەڵکی ساوجبولاّق و نزیکەی (١٠٠٠٠) دە هەزار کەس لەناو ساوجبولاّق و دەوروبەریدا بکوژن؛ کە هەموویان خەڵکی ساوجبولاّق نەبوون، بەڵکو دووسێ هەزاریان کوردی ماڵوێرانی عوسمانی (عێراقی ئێستا) بوون و تورکەکان لەگەڵ خۆیاندا بردبوویانن. هەندێکیشیان خەڵکی کوندەکانی سەر ڕێی (میاندواو) و ساوجبولاّق و لەترسی جەنگەکە بۆ ناو ساوجبولاّق هەڵاتبوون[1].

---

[1] سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، انتشارات رهرو مهاباد، چاپ اول ١٣٧٨ش، ص ٢٤٦. هەروەها: ابراهیم أفخمی: تاریخ فرهنگ و أدب مکریان (بوکان)، انتشارات محمدی سقز، چاپ یکم، تبریز، سال؟، ص ١٩٩ – ٢٢٥، کە لە هەموو سەرچاوەکانی پێشووتر، زانیاریی وردتری تێدایە و لەم سەرچاوەیەدا، ڕۆژی لە سێدارەدانی هەردوو سەرداری (بانە) و (بۆکان): محەمەد خان و محەمەد حسەین خانی بابامیری، بە (٢٣ی صەفەری ١٣٣٣ هـ . ق – ١٩١٥/١/١٠ز) یادداشت کردووە.

ئەم کوشتار و ڕەشەکوژیی و خوێنڕشتنە دڕندانەیەی سوپای رووس، لەشاری ساوجبولاق و دەوروبەریدا، گەورەترین ڕووداوی دڵتەزێن و کارەساتباری ئەو جەنگەیە، کە لە مێژووی ساوجبولاق (مەهاباد) و دەوروبەریدا، وەك یادگارێکی هەمێشە خوێناویی و لەبیر نەکراو، لەیادی مێژوودا دەمێنێتەوە، کە سوپا دڵڕەشەکەی رووسیای تزار، سەرباری ئەو هەموو کوشتارەی لە ماوەی (٣) شەو و ڕۆژدا، لە شارێکی بچکۆلەی وەك شاری مەهابادی سەد ساڵ لەمەوبەردا، خەڵکیان کوشت و بەدەمیشییەوە کەوتنە تالآنی و کاولکردن و سووتاندنی ئاواییەکانی کوردستان، بەجۆرێك کە مێژوونووسان و میسیۆنێرانی بیانی (دانیشتووی ئەوکاتەی ناو ساوجبولاق و ورمێ)، دەیگێڕنەوە[١]، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، کوردستانی خۆرهەڵاتیان کردە گۆمی خوێن و وێرانەیەکی قڕتێکەوتوو و خەڵکی ساوجبولاق و گوندەکانی دەوروبەری، لەترسی کوشتن و تالآنیی و ئەتککردن، ناچاربوون هەڵبێن و ڕوو لە چیا و شوێنە سەختەکان و شاری (سەقز) و (بانە) و (مەریوان) و (پێنجوێن) و (سلێمانی)[٢] و (ورمێ) و (شنۆ) بکەن و پەنا بۆ هەواری خێڵەکانی (مامش) و (مەنگوڕ) ببەن[٣].

هەندێك سەرچاوە دەڵێن سۆنگەی ئەم کوشتارەی هێزەکانی ڕووسیا، لە دانیشتووانی ساوجبولاق و دەوروبەری، بۆ چاوتۆقاندن و هەڕەشە بووە لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە و داواکردنەوە و ڕادەستکردنەوەی (ئەیاس)ی کونسوڵی رووس[٤]. چونکە هێزەکانی رووسیا، تا ئەو کاتەش چارەنووسی (ئەیاس)یان نەزانیووە و پێیان وابووە ناوبراو هێشتا زیندووە و لە

---

[١] دواتر ئاماژە بە هەندێ لەو سەرچاوانە دەکەین.
[٢] گۆڤاری مەهاباد، ژمارە ٠٧٠، ل (١٠).
[٣] رحمت الله توفیق، تاریخچه اورمیه، انتشارات شیرازه، چاپ اول، تهران ١٣٨٦ش، ص ٦ – ٧.
[٤] احمد کسروی، تاریخ هیجده سالەی آذربایجان (سەرچاوەی پێشتر باسکراو)، ص ٦١٨.

ساوجبولاّق دا شاردراوەتەوە. لە کاتێکدا وەك پێشتر وتمان: (ئەیاس) لە زستانی هەمان ساڵدا، کە ساوجبولاّق و میاندواو لەدەست سوپای عوسمانی و چەکدارانی کورددابووە، لە (١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩١٦)دا، لە (میاندواو) کوژراوە[١]. بەلاّم بەو هۆیەوە کە هێزەکانی رووس، کەمتر ڕوویان لە (میاندواو) دەکرد، بۆیە لە چارەنووسی (ئەیاس) بەگومان بوون، بەتایبەتیش کاتێ هێزەکانی رووس گەیشتوونەتە ناو (ساوجبولاّق)، هێشتا ئاگری کونسوڵخانەکەی رووسیا لە ساوجبولاّقدا، هەر گڕی هاتووە، کە لەلایەن هێزەکانی عوسمانی و چەکدارانی کوردەوە (بەر لە جێهێشتنی ساوجبولاّق)، ئاگریان تێبەرداوە[٢]. لەبەرئەوە گومانیان هەبووە، کە (ئەیاس)یش هێشتا لەناو ساوجبولاّقدایە. هەرچەندە دەبێ پێشتریش زانیاریی ئەوەیان هەبووبێ، کە سەرە بڕدراوەکەی (ئەیاس)، لەناو ساوجبولاّقدا بووە و سووکایەتی پێکراوە[٣].

---

(١) فلادمیمیر مینورسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، بڵاوکردنەوەی مەکتەبی بیر و هوشیاری (ی . ن . ك)، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ١٠٥.

(٢) احمد کسروی، تاریخ هیجده سالەی آذربایجان (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ص ٦١٨.

(٣) بۆ زیاتر زانیاریی لەبارەی (ئیاس) و کوشتاری شاری ساوجبولاّق و دەوروبەری، بنواڕە:
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٦٨)، ل ٣٢ – ٣٣.
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٦٩)، ل ١٠ – ١١، وتاری عەبدوڵلا سەمەدی.
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٧٠)، ل ٣٢ – ٣٣.

گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٧١)، ل ٥ – ٦، وتاری ل . و . فاسۆم، وەرگێڕانی ئەحمەدی قازی. نووسەری ئەم وتارە، کە میسیۆنێرێکی ئەمەریکایی و لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەشاری ساوجبولاّق بووە و بەچاوی خۆی هێرشی سوپای رووسی بۆ سەر ساوجبولاّق و دەوروبەری و کوشتار و دڕندایەتی لەشکری رووسی، بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە باسکردووە.
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٨٢)، ل ٤٥ – ٤٧، وتاری د. ئاسۆ.
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (١٠٢)، ل ٣ – ٦، وەرگیراو لە گۆڤاری (کوردستان میسیۆنێری – کە لە شیکاگۆ بڵاوکراوەتەوە). ژمارە (١٢)ی ساڵی (٧)، سپتامبەری ١٩١٦، ل ٧، حەسەنی قازی کردوویەتی بە کوردی.

بۆیە کوشتارەکەی شاری ساوجبولاق، لە تۆڵەی (ئەیاس) و هاوکاریکردنی کورد لە سوپای عوسمانی بووە[٤]

**محەمەد حەمە باقی**

بەهاری ٢٠١٣/ هەولێر

---

- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (١٠٥)، نامەکانی ئەلمافاسۆم لە ساوجبولاقەوە، حەسەنی قازی کردوویەتی بە کوردی، ئالمافاسۆم لەم وتارەدا دەنووسێ: شارەکە بیست هەزار کەس نفووسی هەبوو، حەوت هەزار کەسیان بە شیر لەت و پەت کران، رووسەکان (٤٠٠) چوارسەد ژنیان بە یەخسیر گرت و لە ئەفسەرێکەوە دەیانفرۆشتن بە ئەفسەرێکی دیکە.
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (١٣٤)، وەرگیراو لە گۆڤاری (کوردستان میسیۆنێری)، ژمارە ١٢، ساڵی ١٩١٦، ل ٣ – ٧، حەسەنی قازی کردوویەتی بەکوردی. لەم وتارەدا دەڵێ: رووسەکان لە (١٧ی کانوونی دووەمی ١٩١٦)دا، سێ شەو و رۆژ، شاریان تالانکرد و خەڵکیان کوشت. ئەو مرۆڤ کوژانە هەر کەسێکیان بەردەست کەوتبا، یان ئەگەر کەسێك خۆی دەرخستبا، دەیانکوژت. منداڵی چکۆلەیان باری داشقان دەکرد، دەیانبردنە چیایان، پیاوان بەکۆمەڵ، بە دەستڕێژی شەستیر کوژران. ژنان و کچان تەنیا بەوە رزگار دەبوون ئەگەر مرۆڤکوژەکان ویستبایان ئەتکیان بکەن. زۆر خەڵك بە یەخسر گیران و بردرانە رووسیا. ئەو ژن و کچانەی نەیانکوشتبوون، بەشێکیان لەگەڵ خۆیان برد. لە (تەورێز) ژنی کورد، یەکی بە (٥) دۆلار دەفرۆشران.
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٨١)، ل ٤٩.
- گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٧٠)، ل ١٠.
- رحمت الله توفیق، تاریخچه ارومیه، یادداشت هایی از سال های جنگ اول جهانی وآشوب بعد از آن، انتشارات شیرازه، چاپ اول، تهران ١٣٨٦ش. ص ٦ – ٧.
- مصطفی تیمور زاده، وحشت در سقز، بەکوشش شهباز محسنی، انتشارات شیرازه، چاپ اول، تهران ١٣٨٠ش، ص ٤٧ – ٥٧.
- باسیل نیکتین، ایرانی که من شناخته ام (سەرچاوەی پێشتر ناوبراو)، ص ٢٠٤ – ٢٠٦.
- فلادیمیر مینورسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، وەرگێرانی د. نەجاتی عەبدوڵلا. لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری (ی . ن . ك)، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ١٠٥.

[٤] ئەم کوشتار و ڕەشەکوژییەی شاری (ساوجبولاق)، لەم بیرەوەرییانەی (لیتن)دا، باسیان لێوە نەهاتووە، چونکە ڕووداوی کوشتارەکەی ساوجبولاق، ماوەیەکی کەم دوای مێژووی دەرچوونی (لیتن) بووە لە قەڵەمڕەوی کوردستانی خۆرهەلات.

## بەشی یەکەم

(١)

**سەرنج:** هەرچەندە کە بیرەوەرییەکانی (لیتن)، لەبارەی بەشداری کوردەوە، لە جەنگی یەکەمی جیهانی و هەڵاتنی خودی (لیتن)یش لە تەوریز و تێپەڕبوونی بە کوردستانی خۆرهەڵات و دەربازبوونی بۆ قەڵەمڕەوی عوسمانی، لەلاپەڕە (١١٠)ی تەرجەمەی فارسی بیرەوەرییەکاندا دەست پێدەکات[1] ، بەڵام بەر لەو ڕووداوانەش، کەم و زۆر و ناوبەناو باسی کوردان و سەرەتاکانی جەنگەکە و هەندێ ڕووداوی شیاو، لەدیدی خۆیەوە دەگێڕێتەوە، بەچاکم زانی بۆ زیاتر ئاگاداربوونی خوێنەران لەو وردە ڕووداوانە، (ئەوەندەی پێویست بکات)، لەنگەر لەسەر (هەندێ) لەڕووداوەکان بگرم و بەشێوەیەکی پوخت و چڕ، بۆ خوێنەرانی بگوێزمەوە، بەم پێیە، ئەم چەند لاپەرەیەی (بەشی یەکەم)، گوشراوەیەکی خەستی لاپەرەکانی سەرەتای بیرەوەرییەکانە، تا لاپەرە (١١٠)، کە لەوێوە دەبێتە (بەشی دووەم).

---

[1] **واتە: لە (٢٩ی دیسامبەر – ی کانوونی یەکەمی ١٩١٤)ەوە دەست پێدەکات، کە لەم تەرجەمەیەی بەردەستتاندا، ناوم ناوە: بەشی دووەم.**

## (٢)

ئەو کاتەی (لیتن)گەیشتۆتە تەورێز (١٩/ ٢/ ١٩١٤)، پێنج ساڵ پێشتر، واتە: ساڵی ١٩٠٩، شاری تەورێز، لە لایەن هێزێکی (٥٠٠٠) پێنج هەزار سەربازی رووسی، بەناوی پارێزگاریی لە ئەوروپاییانی ناو تەورێز، لە شارەکەدا بوون و هێزی تریشیان لە ناوچەکانی: (خۆی) و سنوورەکانی ئێران — رووسیادا جێگیرکرابوون و لەم سەروبەندەشدا، کە (لیتن)دەگاتە تەورێز، دەستەیەکی تری سەربازی رووسی، بەرەو (ساوجبولاق) بەڕێ کەوتوون و لەوێوە پارێزگارییان لە ڕێگەی (سنە) دەکرد.

لەم داروبارەدا کە هەموو ناوچەکە لەژێر دەسەڵات و چاودێریی هێزەکانی رووسیادا بووە، هێزەکانی رووسیا خۆیان بە نیمچە فەرمانڕەوا و بەڕێوەبەری ناوچەکە و شارەکەش زانیوە. لەبەرئەوە خۆ دەربازکردن لە تەورێزدا و بۆ کەسێکی وەك (لیتن)ی سەرکونسوڵی ئەڵمانیا، کە بەلای رووسەکانەوە، نادۆستانە سەیری کراوە، دژوار بووە. بەڵام بۆ رەوەندی ئەڵمانیانی دانیشتووی تەورێز، ئاسایی بووە، شارەکە جێ بهێڵن. بۆیە ڕۆژانی دواتر، رەوەندی ئەڵمانیای ناو تەورێز، بەسواری ولاخ لەشار دەردەچن و بە بەرتیل، بەکوردێکی پاسەوانی سەر سنووری عوسمانی، خۆیان دەرباز دەکەن و دەگەنە (وان) و لەوێشەوە خۆیان دەگەیەننە هێڵی ئاسنی شەمەندەفەری بەغداد و لە مانگی ئەیلوولی ١٩١٤دا، دەگەنە ئەڵمانیا.

لەکۆتایی مانگی تەمموزی ١٩١٤دا، لەلایەن (ئۆرلۆف)ی سەرکونسوڵی رووسیاوە لە تەوریز، کەلە نامەیەکدا بۆ (پادۆك)ی کونسوڵی ئەمەریکای ناردووە، ئاگادار دەکرێتەوە، کە چاکتر وایە (تەورێز) بەجێ بهێڵێ و بگەڕێتەوە (تاران). بەڵام (لیتن) قایل نابێ و لە تەورێزدا دەمێنێتەوە. دواییش بۆ ئەوەی زۆر لەبەرچاودا نەبێ و خۆی لە گێچەڵی هێزەکانی رووسیا دووربگرێ، بە چاکی دەزانێ بەبۆنەی ئەو سووکە نەخۆشییەی لەو ماوەیەدا

تووشی بووە، ماوەیەك لە نەخۆشـخانە بکـەوێ و بـۆ ئەمـەش مـاوەی مـانگی ئەیلوولی ١٩١٤ی لە نەخۆشخانەدا بەسەر بردووە و کارەکانی کونسـوڵخانەش، هەر لە نەخۆشخانە ئەنجام دەدات و هەواڵەکانی جەنگیش لەڕێگەی ڕۆژنامە و تێلگرافەوە دەگاتێ.

دوای دەرچوونیشی لە نەخۆشـخانە، پزیشـکی ئەمـەریکایی ئامۆژگـاریی دەکات، کەدەبێ سەردانی نەخۆشخانە بکاتەوە و دووبارە بکەوێ.

لای باڵوێزخانــەی ئــەڵمانیا، لــە تارانیشــەوە فــەرمانی پێــدەکرێ تــا کارەکـانی کونسـوڵخانەکەی، بـە سەرکونسـوڵی عوسمـانی بسـپێرێ، کـە تـا ئەوکاتە (دەوڵەتی عوسمانی)هەڵوێستی خۆی لەجەنگەکە ئاشکرا نەکردبوو.

بـەمجۆرە (لـیتن) کارەکـانی کونسـوڵخانەی ئـەڵمان بـە کونسـوڵخانەی عوسمانی دەسپێرێ و ئاڵای ئەڵمانیا و عوسمانی، لە سەربانی کونسـوڵخانەی ئـەڵمانیا هەڵـدەدات و رایدەگەیـەنێ کەلەمـەودوا، خـۆی و هـەموو رەوەنـدی ئەڵمانیایی ناو تەورێز، لەژێر پارێزگاریی دەوڵەتی عوسمانیدان.

لــە دوای ئــەم رووداوە، سەرکونســوڵی رووســیا، بەپەلــە ســەردانی سەرکونســوڵی عوسمــانی دەکـات و لێـی دەپرسـێ کـە هـەڵکردنی ئـاڵای عوسمانی، لەسەربانی کونسـوڵخانەی ئـەڵمانی، بـەمانای چـی دێـت؟ ئـەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێ:

– مانـای وایـە لەمـەودوا، شـاری تـەورێز، لـەژێر دەسـەڵات و چـاودێری دەوڵەتی عوسمانی دا دەبێت.

هاوکـات (لـیتن) بـەردەوام پروپاگەنـدە دژی رووسـیا و هاوپەیمانـەکانی بڵاودەکاتەوە و لە چاکەی ئەڵمانیا و عوسمانی دەدوێ و ئەو هەواڵانەش، کـە سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی عوسمانی و ئەڵمانی، لە تارانەوە پێـی دەگـەن، بەناو رەوەندی ئەڵمانیا و لایەنگرانی عوسمانیدا پەخشیان دەکاتەوە.

لـه بەرامبـەر ئەمـەدا، سەرکونسـوڵی رووسـیا لەتـەورێز، گازەنـدەی لـە دەست دەردەبڕێ و وەك (جاسـووس)ی ئـەڵمانیای نـاودێر دەکـات، کـە ئـەم ناولێنانه، بەلای (لیتن)ەوە ناخۆش بـووە، چـونکە پێـی وابـووە (جاسـووس) کەسێکە، کە بەدزی و نهێنی، هەواڵی کەسێك و لایـەنێکی بەشـەڕ هـاتوو، بـۆ لایەنێکی تر دەبات. لەکاتێکدا (لیتن) خۆی بەسەرکونسوڵی ئـەڵمانیا دەزانـێ و بـەناوی راسـتەوخۆی خۆیـەوە هـەواڵی سـەرکەوتنەکانی وڵاتەکـەی خـۆی، بەلایەنگرانی ئەڵمانیا و عوسمانی دەگەیەنێ.

لـە (٣٠ی تشـرینی یەکـەمی ١٩١٤)دا، لەلایـەن رووسـەکانەوە هـەواڵ دەگات، کە دەوڵەتی عوسمانی، جەنگی راگەیاندووە. کەچی (عـاتف بـەگ)ی سەرکونسـوڵی عوسمـانی لـە تـەورێز، نـەك هـەر لـە هەواڵـەکانی جەنگەکـە بێئاگایە، بـەڵکو بـاوەڕیش ناکـات! ! بـەڵام دواتـر هـەواڵی بەیەکدا هەڵپـژانی رووسیا و عوسمانی، لە زەریای ڕەشدا، لە باڵوێزخانەی ئەڵمانیا، لە تارانـەوە بە (لیتن) دەگات و ئەویش وەك قایمکاریی، سەرەتا هاوسـەرەکەی خـۆی بـۆ کونسـوڵخانەی ئەمـەریکا لـە تـەورێز دەنێـرێ و دواتـریش خـۆی دەگەیەنێتـە هەمان کونسوڵخانە و هەمان شەو، لەلایەن کونسـوڵی ئەمـەریکا (پـادۆك)ەوە راسپاردەی (ئۆرلـۆف)ی سەرکونسـوڵی رووسـیا پێڕادەگەیـندرێ، کـە ئەگـەر هێزی عوسمانی، هێرش بۆ سەر (ئازەربایجان) بهێنن، تکا لـە کونسـوڵەکانی: ئـەڵمانیا، نەمسـا و عوسمـانی دەکـات، شـاری تـەورێز بـەجێ بهێڵن و بچـنە تاران.

بەڵام لـیتن تکـا لـە کونسـوڵی ئەمـەریکا دەکـات، تـا ئەوکاتـەی وەڵام و فــەرمان لــە بــاڵوێزی ئــەڵمانیا، لــە تــاران وەردەگــرێ، رێگــە بــدات لــە کونسوڵخانەی ئەوان (ئەمەریکا)دا بمینێتەوە.

**رۆژی (٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٤)**

لـيتن تێلگـراف بـۆ باڵوێزخانـەی خۆیـان لـە (تـاران) دەکـات و تکایـان لێدەکات لە هەواڵەکان ئاگاداری بکەنەوە و هەڵوێستی بۆ دیاری بکەن..

نیـوەڕۆی ڕۆژی دواتـر، کونسـوڵی ئەمـەریکا پێـی دەڵـێ: ئەگەرچـی مانەوەت لە کونسوڵخانەی ئەمەریکادا بەلامانەوە ئاساییە، بـەڵام چاکتر وایـە بچیتەوە کونسوڵخانەکەی خۆتان. ئەمیش هیمەت بەر خۆی دەدات و گوێ بە پێشـنیاری کونسـوڵی ئەمـەریکا و هەنـدێ کارمەنـدی کونسـوڵخانەکەی و بەتایبەتیش (شارل دلاوەر)[1] دەکات و پێی باشتر دەبێ لە باتی ئـەوەی لـە کونسـوڵخانەی ئەمـەریکادا بـەرگریی لـەخۆی بکـات، لـە کونسـوڵخانەکەی خۆیاندا، بەرگریی بکات.

سەعات (٨)ی شەو، لە باڵوێزخانەی ئەڵمانیا — لە تارانەوە، تێلگرافێکی لەلایەن جێگری باڵوێزەوە بەم ناوەڕۆکە پێدەگات:

باڵوێزخانەی ئەمەریکا، تێلگرافـی بـۆ کونسـوڵخانەی خـۆی لـە (تـەورێز) کردووە و پێی ڕاگەیاندووە، کە دەبـێ پارێزگـاریی لـە ڕەوەنـدی ئـەڵمانیایی، نەمسـایی و عوسمـانی بکـات و ئێـوەش (لـیتن) لـە کونسـوڵخانەی خۆیانـدا بپارێزێ و مانەوەشت لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیادا، بە گونجاو نازانین. چـونکە بـێ هـیچ سـێ و دوویـەك، بەیەکـدا هەڵپـژانی سـوپایی لـە ئازەربایجانـدا

---

[1] ئەم کەسە، لاوێکی ئێرانی و سەر بەهۆزی (شاهسەوەن)ە و لای لیتن خۆی هەڵدەکێشـێ، کە گوایە لەلایەن کۆمەڵەی (ملیون)ی ئێرانیەوە بەتایبەتی بۆ یارمەتی و هاوکاریی ئەڵمانیا نێردراوە و پەیامی بۆ لـیتن ئەوەیـە، کـە ئەگـەر مەترسییەك بێتـە سـەر کونسـوڵخانەی ئەڵمانیا، ئەم دەتوانێ نزیکەی (٥٠٠٠) پێنج هەزار لە هۆزی شاهسەوەنی ئامادە بکات و بەرگریی لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا بکات. (لیتن) یش لە خۆهەڵکێشان و درۆکانی گەیشتووە و بـەیادی بەیتـە شـیعرێکی شـاعیر و نیگارکێشـی ئـەڵمانیا: ویلـهلم رایـش (١٨٣٣ — ١٩٠٨)ەوە، کە دەڵێ

ترست نەبێت، بەرگریت لێدەکەم

چونکە من (شارل — ی دلاوەر)م

ئەمیشی ناو ناوە: شارل — ی دلاوەر! !

روودەدات.بۆیە بەچاکی دەزانین هەر لە کونسوڵخانەی ئەمەریکادا بمێنیتەوە و لەوێ دەرنەچیت. ئێمەش بە هیچ شێوەیەك پاشەکشێ ناکەین.

سەرباری ئەم پێسپێرییەش، لیتن و هاوسەرەکەی ئەو شەوە، لە کونسوڵخانەی ئەڵمانیادا دەمێننەوە. بەڵام بەیانی رۆژی داهاتوو، بەر لە ناشتاکردن، لەلایەن کارگوزاری کونسوڵخانەکەیانەوە ئاگادار دەکرێتەوە، کە ماڵەکەیان لەلایەن سەربازانی رووسەوە ئابڵوقە دراوە. ئەمیش بەپەلە هەوڵی سووتاندنی (مۆر) و دەفتەری (شفرە)ی کونسوڵخانە دەدات و جلوبەرگی تر دەپۆشێ و لەگەڵ هاوسەر و چێشتکارەکەیاندا، لە دەرگای پشتەوەی کونسوڵخانەوە دەردەچێ و خۆی بە کونسوڵخانەی ئەمەریکا دەگەیەنێ و لەوێ پێدەزانێ کە سەرکونسوڵی دەوڵەتی عوسمانی و سکرتێرەکەی و کونسوڵی نەمسا — ش، لەلایەن رووسەکانەوە گیراون.



**دەرگای پشتەوەی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە تەورێز، کە (لیتن) لێوەی دەرباز بووە.**

دوای گەیشتنی ئەمان، رەوەندی ئەڵمانیای ناو تەوریزیش، خۆیان دەگەیەننە کونسوڵخانەی ئەمەریکا.

لیتن، لێرە تێلگرافێك بۆ باڵوێزخانەی خۆیان لە تاران ئامادەی ناردن دەکات و دەیەوێ بەبێتەلەکەی خۆیاندا رەوانەی بکات. بەڵام بێتەلەکەیان پێشنیاری پێدەکات، کە چاکتر وایە بەبێتەلەکەی کونسوڵخانەی ئەمەریکادا رەوانەی بکات، نەك هێڵی تێلگرافی خۆیان لە ژێر سانسۆر و چاودێریی رووسەکاندا بێت.

لیتن، دوای گەیشتنی بە کونسوڵخانەی ئەمەریکا، بۆی دەردەکەوێ، کە فەرمانی گرتنەکەی، لە سەعات چواری بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا، لەلایەن خودی سەرکونسوڵی رووسیا – جەنەراڵ (ئارلۆف)ەوە دەرچووە، تا (لیتن) و کونسوڵی عوسمانی و کونسوڵی (نەمسا) بگیرێن و هەمان رۆژیش ڕەوانەی (تەفلیس) بکرێن و هەر (ئارلۆف)خۆیشی سەرپەرشتی ئابلۆقەدانی ئەو کونسوڵخانانەی کردووە و (عاتف بەگ)ی کونسوڵی عوسمانی و (موزەفەر بەگ)ی سکرتێرەکەی گرتوون و دوای گرتنی ئەمانیش، هەموو ژوورەکانی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا گەڕاوە. بەڵام کە بۆی دەرکەوتووە (لیتن) خۆی دەرباز کردووە، ئەوسا هەستی کردووە (لیتن) خۆی بە کونسوڵخانەی ئەمەریکا گەیاندووە، بۆیە هەمان رۆژ (ئارلۆف)چۆتە کونسوڵخانەی ئەمەریکا و بە (پادۆك)ی کونسوڵخانەی ئەمەریکای گەیاندووە، کە فەرمانی لە سەرووتری خۆیەوە بۆ هاتووە، تا (لیتن) بگیرێ و رەوانەی تەفلیس بکرێ. (پادۆك)یش راسپاردەکەی کونسوڵی رووسیا بە لیتن دەگەیەنێ. بەڵام لیتن مل نادا و هیچ کەرەسە و شتێکی ناو کونسوڵخانەش تەسلیمی رووسەکان ناکات.

لە دواییدا (ئارلۆف)ی کونسوڵی رووسیا، بە (پادۆك)ی کونسوڵی ئەمەریکای وتووە: حەز دەکات بزانێ (لیتن) چۆن چۆنی توانیویەتی خۆی بە کونسوڵخانەی ئەمەریکادا بگەیەنێ! لە کاتێکدا کە دڵنیابووە لەوەی (لیتن)

ئەو شەوە لە کونسوڵخانەکەی خۆیاندا بووە ! پاشانیش (ئـارلۆف) ددانـی بـە بێلایەنی ئەمەریکا داناوە. بەڵام ئەوەی دووبارە کردۆتەوە، کە ئەگەر (لـیتن) و هاوســـەرەکەی لەســـەر جـادە ببینـــرێن، دەســـتبەجێ دەگیرێـــن و ئـــەم ڕاگەیاندنەش بەپەلە لەلایەن ژەنـرال (ئـارلۆف)ی کونسـوڵی ڕووسـەوە، لـەناو شاری تەورێزدا بڵاوکرایەوە:

(( لەم دواییانەدا زانراوە، کە کونسوڵی ئەڵمانیا و نەمسـا و عوسمـانی و بەهاوئاهەنگیی لەگەڵ ئاژاوەگێڕاندا، ویستوویانە لەناو دەڤەری ئازەربایجانـدا ئاژاوە بنێنـەوە و دانیشـتووان بـە تـەنگ بهێـنن و ڕووداوەکـانی سـێ سـاڵەی ڕابردوو دووبارە بکەنەوە. لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا ئاسایش و ئارامی دەڤـەری ئازەربایجان، لە ئەستۆی هێزی ڕووسدایە و دەوڵەتی ئێرانیش هێزی پێویست و تەواوی بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئاسایش نییە، بۆیە بەپێی فەرمانی دەوڵەتی بـــەهێزی ڕووســـیا، ڕۆژی دووشـــەمە: (١٣ی مـــانگ)، ســـەربازانی ڕووســـیا، کونسـوڵی عوسمـانی و نەمسـا — یـان گرتـوون و دەسـت بەسـەر ڕەوانـەی تەفلیس کراون. تا دانیشتووان بە سۆنگەی بیر و ئاکـاری بۆگـەنی ئەمانـەوە، تووشی دەردەسەریی نەبن. لەم سەروبەندەدا کونسوڵی ئەڵمانیا، کە لـەکار و هەڵوێستی خۆی بەگومان بووە، پەنای بـۆ کونسـوڵخانەی ئەمـەریکا بـردووە. هێزەکانی ڕووسـیا لـە پێنـاوی پاراسـتنی ئاسایشـی خـەڵك و ڕێکخسـتنەوەی سنووری ئازەربایجاندا، بە هەموو جۆرێك دڵسۆزیی دەنوێنن)).

عەسری ڕۆژی دواتر، سەرکونسوڵی عوسمانی و کونسوڵی نەمسـا — یـان لەگـەڵ ســەرلەبەری بەڵگەنامــە و نووســینی نـاو کونسـوڵخانەکانیان بـەرەو تەفلیس ڕەوانە کردبوو. هەمان ڕۆژیش لە بەردەم کونسوڵخانەی ئەمـەریکادا، دەستەیەك سەربازی ڕووسی دادەنێن، کە تا (کانوونی دووەمی ١٩١٥) لەوێـدا دەمێننەوە و کاری چاودێرانی ئێران و ئەرمەنیش لەو شـوێنەدا، ئـەوە دەبـێ هەرکەسـێك سـەردانی کونسـوڵخانەی ئەمـەریکا بکـات، ناونووسـی دەکـەن و ناوەکەی بەسەر کونسوڵی ڕووسیا دەدەن.

لەم سەروبەندەدا (لیتن) هەستی بەمەترسی کردووە و تەقەللای داوە هەر چۆنێك بێت، خۆی لە کونسولخانەی ئەمەریکا دەرباز بکات. هەرچەندە مەترسییەکە لای کونسولی ئەمەریکا، ئەوەندە بە هەند نەگیراوە و ئەو پێی وابووە ئیتر رووسەکان ئازارێك بەرەوەندی ئەلمانیایی نادەن، بەلام لەهەمان کاتیشدا ئامادە نەبووە خێزان و رەوەندی ئەلمانیایی لە کونسولخانەکەیدا دالدە و حەشار و جێگە بکاتەوە. چونکە پێی وابووە رووسەکان رێگەی هاتنی ئازوخەی زۆر، بۆ ناو کونسولخانەکە دەگرن و دەیوت لەمەش زیاتر، هیچی تری لە دەست نایەت، مەگەر ئەوەی دیدارێکی سەر کونسولی رووسیا بکات و لەو بارەیەوە زانیاریی و هەوالێکی لێ وەربگرێ.

بۆ ئەمەش دوای نیوەڕۆ، لەگەل (شیپلی)ی کونسولی ئینگلیزدا سەردانی (ئۆرلۆف)ی سەرکونسولی رووسیایان کردبوو و شەوێ گەڕانەوە و وتیان:

((فەرمان بە سەرکونسولی رووسیا دراوە، تا داوا لە خێزان و بنەمالەکانی رەوەندی ئەلمانیای ناو تەورێز بکرێت، لەرێگەی رووسیا — سویدەوە، بۆ ئەلمانیا بگەڕێنەوە و ئەگەریش بەمە رازی نەبوون، دەیانگرن و رەوانەی تەفلیس — یان دەکەن)).

بەکورتی، چاکترین رێگە بۆ خۆپارستن لە دەست رووس، هەر ئەوە بە باش زانرا، کە رەوەندی ئەلمانیا، تەورێز بە جێ بهێلن و بڕۆن و بەرێگەی (قەزوین)دا، خۆیان بە (تاران) بگەیەنن. چونکە رۆژنامەکانی رووسیا، بەردەوام لەبارەی دەستدرێژیی رەوەندی ئەلمانیاوە، بۆ سەر دانیشتووانی تەورێز، وتاری سەیر و سەمەرەیان دەنووسی.

بەم پێیە رەوەندی ئەلمانیای ناو تەورێز، دوای ئەوەی (بەرگە)ی مۆلەتیان لە (سەردار رەشید)ی فەرمانڕەوای تەورێز و رەزامەندیی

(ئۆرلـۆف)ی سەرکونسـولّی رووسـیا وەرگـرت، رووەو تـاران، تـەورێزیان بەجێهێشت.

بـەدوای ئـەم تـەورێز چۆڵکردنەشـدا، ئۆرلـۆف رۆژی چوارشـەمە (٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٤)، نامەیەکی تری رەسمیی کردە سەر کونسولّخانەی ئەمەریکا و دووبارە لـەوە ئاگاداری دەکاتـەوە، کـە ئەگـەر کونسولّخانەی ئەمەریکا لـە تـەورێز، خـۆی بـەپارێزەری بەرژەوەنـدی ئـەڵمانیا و نەمسـا دەزانـێ، ئـەوا دەبـێ رەوەنـدی دانیشـتووی ئـەو دوو دەوڵەتـە، کـە لـە ئازەربایجاندا هەن، لەو پارێزگایـە نـەمێنن و لـە ڕێگـەی رووسـیا — فنلانـد — ەوە، بۆ ولاّتەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. ئەگەریش فەرمانەکە جێبەجێ نەکەن، فەرمانی گرتنیان و ڕەوانەکردنیان بۆ تەفلیس هەیە.

لیتن دەڵێ: دوایی بیستم رۆژی (٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٤)، کونسولّی (عوسمانی) یشیان لە (ورمێ) دەرکردووە. هەر لەو سەروبەندەشدا نامەیـەکم لە (ئەبولفەتح)ی سکرتێرە ئێرانییەکەی کونسولّخانەی ئەڵمانیاوە گەیشتێ و تیایدا ئاگادارم دەکاتـەوە، کـە خـۆی شـاردۆتەوە و بـەنیازە هـەتا زووە لـە تەورێز دەربازببێ.

### شەوی پێنجشەمە (٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٤)

دووکەسی سویدی و سویسری — کە دوا دوو کارمەندی ئەوروپایی بـوون و لـە کارخانـەی فەرشـی ئێـران کاریـان دەکـرد، لەلایـەن سـەرباز و پۆلیسـی رووسەوە گیراون و دوای رۆژێك ئازاد کـراون. بـەڵام سـەرلەبەری ئـەو کۆمەڵـە ڕەوەندەی ئەڵمانیا، کە چـەند رۆژێـك لەمەوبـەر، بـەرەو تـاران چـوو بـوون و بەنیاز بوون لەوێشەوە بۆ ولاّتی خۆیان بگەڕێنەوە، دووبارە ناچارکرابوون بـۆ تەورێز بگەڕێنەوە و رۆژی (٩/ ١١/ ١٩١٤) گەیشتنەوە تەورێز. لەتەورێزیشدا، لە چوار ئوتێلدا دایانمەزراندن، کە لەناو ئەمانەدا (١٦) یان منداڵ و لەمانـەش (٧) یان لە تەمەنی ژێر یەك ساڵەوە بوو. کەلوپەل و جانتای ئەمانەشیان بـە

جۆرێك تێكەڵ و پێكەڵ و بەسەر یەكدا دابوون، كە هیچ كەس كەلوپەل و جانتای خۆی و پەساپۆرت و ناسنامەی خۆی، لای خۆی نەبوو. ئەمەش وایكردبوو نەتوانن جلوبەرگی چڵكنی منداڵەكانیان بەگشتی و منداڵە شیرەخۆرەكانیان بەتایبەتی، بگۆڕن. جگەلەوەی هیچیشیان پارە و پولیان پێ نەمابوو.

ئەمجۆرە كارانەی رووسەكان بەلای (لیتن)ەوە دەبووە هۆی ناو زڕاندنیان. بەڵام وەك (لیتن) دەڵێ: رووسەكان لە تەورێزدا بە جۆرێك هەڵسوكەوتیان دەكرد، وەك ئەوەی خۆیان خاوەن و بەرپرس و فەرمانڕەوای تەورێزبن و هەر لەم روانگەیەشەوە هەموو جۆرە فەرمانێكیان لە تەورێزدا دەردەكرد و لەم بوارەشدا سەركونسوڵی رووسیا، داوای رادەستكردنەوەی (شارل دلاوەر)یشی كرد، كە گوایە جاسووسێكی ترسناكە. منیش وتم:

– شارل دلاوەر، لەكونسوڵخانەی ئەڵمانیادا نووسەرە و بەهەر جۆرێك بوو توانیم لای خۆمی بهێڵمەوە. هەرچەندە ئەو، واتە: شارل دلاوەر پێی وابوو پشكێكی لە پارێزگاریی مندا هەبێت، كەچی كار بەوە گەیشت، پێویست بكات من پارێزگاریی لەو بكەم!.

**رۆژی چوارشەمە** (١١/ ١١/ ١٩١٤)

دووبارە ڕەوەندی ئەڵمانیا (جگە لەبەشێكی كەمیان)، لە ژێر چاودێریدا رەوانەی تەفلیس و (جولفا)كردووە.

**رۆژی یەكشەمە** (١٥/ ١١/ ١٩١٤)

لەناكاوێكدا گرژییەك لە نێوان رووسەكانی نیشتەجێی تەورێزدا پەیدابوو، كە تا (٢٠/ ١١/ ١٩١٤) درێژەی كێشا.

ئەمڕۆ (ئۆرلۆف)ی سەركونسوڵی رووس، لەگەڵ(شیپلی)ی كونسوڵی ئینگلیزدا، سەردانی كونسوڵخانەی ئەمەریكایان كرد و گفتوگۆیەكی درێژیان

لەگەڵ (پادۆک)ی کونسوڵی ئەمەریکادا کرد. کاتێ ڕۆیشتن، من چوومە هۆڵەکە، چەند نەخشەیەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئازەربایجان لەسەر مێزەکە بوون. وەك (پادۆك) بۆمی گێرایەوە، سەر کونسوڵی رووسیا، ئەم زانیارییانەی پێگەیاندووە:

لەو سەروبەندەدا، کە رووسەکان بە هێزەکانیانەوە، لە ڕێی (دەیلەمان)ەوە، رووەو خاکی عوسمانی (وان) بەرەو پێشەوە چوون، لە دوای خۆیانەوە شاری (خۆی)یان بەخاڵی بەجێهێشتووە، تورك و کوردیش کە دەبینن (خۆی) هێزی رووسی تێدانییە، بەرەو (قوتوور) دێن و (خۆی) دەگرن و ڕێگەی (جولفا)ش دەبەستن و چاوەنوارِ دەکرا رۆژی (١٩/ ١١/ ١٩١٤) بێنە ناو (تەورێز)ەوە.

لەم داروبارەدا (ئۆرلۆف)ی سەرکونسوڵی رووسیا، کە کەلوپەلەکانی خۆی پێچاوەتەوە و ئوتومبێلەکەیشی ئامادەی رۆیشتنکرد، بەڵام بۆی نەرەخسا هەڵبێت. بۆیە داوای لە کونسوڵی ئەمەریکا کرد، جێگەکەی خۆی بگوازێتەوە کونسوڵخانەی رووسیا و لەوێش ئاڵای ئەمەریکا، لەسەربانی کونسوڵخانەی رووسیا هەڵبکات و سەرلەبەری رەوەندی ئەوروپاییانی تەورێزیش لە هەمان کونسوڵخانەی رووسیا گرد ببنەوە.

لێرەدا بە کونسوڵی ئەمەریکام وت:

– ئەی من و هاوسەرەکەم، دەبێ چ بکەین؟

وتی:

– تۆش دەتوانی لەگەڵ مندا بێیتە کونسوڵخانەی رووسیا و وەك پێشتریش لەژێر چاودێریی ئەمەریکادا دەپارێزرێیت.

وەڵامم دایەوە:

– ئەی ئەگەر دوایی تورك و کورد، ناچار بوون لە شار بکشێنەوە، ئەوسا مەترسی ئەوە دێتە پێشەوە، کە هەر ئەوەندەی ئاڵای ئەمەریکا، لەو جێیە داگیرا، ئیتر منیش و هاوسەرەکەشم لە کونسوڵخانەی رووسیادا زیندانی

دەبین، سەرباری ئەمەش و بەو هۆیـەوەی کـە رەنگـەکانی ئـالاّی ئەمـەریکا و رووسـیا لەیـەك دەچـن، عەشـایەری کـورد، لێیـان تێکـەڵ دەبـێ و تـەنیا رەنگەکانی ئالاّی عوسمانی و ئەڵمانیا دەناسـن. لەبەرئـەوە دەبـێ (پـادۆك)ی کونسولّی ئەمەریکا، لەم بارەیەوە لەگەڵ سەرکونسولّی رووسیادا قسە بکات. ئـەوە بـوو دوای نیـوەڕۆی ئـەو رۆژە، هـانی ئـەوەیان دام، کـە ئـاخۆ منـیش ناتوانم ئالاّی ئـەڵمانیا، بـۆ پارێزگـاریی لـە ڕەوەنـدی ئـەوروپایی هەڵبکـەم!. بەڵێنم دانێ کە بە دوو مەرج ئەم کارە جێبەجێ دەکەم:

١- ئـەو ئالاّیـەی سەرکونسـولّی رووسـیا، لەسـەر مێزەکـەم بـووە و بردوویەتی، بمداتەوە.

٢- ئالاّی ئەڵمانیا لەسەر کونسولّخانەی رووسیا هەڵناکەم، بەڵکو لەسەر کونسولّخانەی ئەمەریکای هەڵدەکەم، تا هەرکەسێك پێویستی بە پارێزگـاریی هـەبێت، بێتـە ژێـر ئـەو ئالاّیـە، تەنانـەت (ئۆرلـۆف)یـش. بـەم شـێوەیە هـەر ئەوەنـدەی تـورك و کـورد بگـەنێ، ئەوکاتـە دەتـوانین رۆڵـی خۆمـان ئـاڵوگۆڕ پێبکـەین و جـەنابی (ئۆرلـۆف)یـش دەتـوانێ لـە کونسـولّخانەی ئەمـەریکادا بمێنێتەوە. ئەم رووداوانەش بوونە هۆی ئەوەی لـە ئاکامـدا، ئـەو ئـاوارەیی و لێقەوماوانە، دیمەنێکی شیرینیان لێ بەرهەم بێت.

بەدرێژایی ئەو رۆژەش بەریتانیگەل و سەرۆکی بانکی شاهەنشاهی ئێران و ئەو بەلچیکیانەش کە لە ئێران، لەبەڕێوەبەرایەتی پۆست و داراییـدا کاریـان دەکـرد، داخـوازیی ئـەوەیان لـە ئەمـەریکا دەکـرد، لەدەسـت ئەڵمانیگـەل بپـارێزرێن. کونسـولّی فرەنسـاش هـەموو داخوازییـەکی، تـەنیا ئەوەنـدەبوو رێگەی بدەن خێزانەکەی خۆی بگەیەنێتە نەخۆشخانەی ئەمـەریکایی. بـانکی رووسیش، هەر شـەو، هەرچـییان هـەبوو، بـە ئۆتـومبێلی گـەورە، رەوانـەیان کرد.. سەرۆکی بانکیش لەگـەڵ هـەموو فەرمانبـەران و سـەرۆکی رێگـەو بـانی رووسـیا و بازرگانـانی ئینگلیـز و زۆرینـەی رووسـیگەل و ئەرمـەنی، بـەخاو و خێزانیانەوە، بەرەو رووسیا هەلاّتن.

**ڕۆژی دووشەممە (١٦/ ١١/ ١٩١٤)**

لەگەڵ ئەوەشدا کە (ئۆرلۆف) دەیوت: هەواڵی ئارامبوونەوەی داروبارەکەی پێگەیشتووە، کەچی نەیتوانی ئاڵۆزیی و بەیەکدا هاتنی خەڵك و شەپۆلی خەڵکەکە رابگرێ.

**ڕۆژی سێ شەممە (١٧/ ١١/ ١٩١٤)**

هورووژمی خەڵك، بۆ وەرگرتنەوەی پارەکانیان ڕژانە بانکی شاهەنشاهی. بەجۆرێك کە (فایەرلی) سەرۆکی بانکەکە ناچار بوو بە تەلەفۆن یارمەتی لە رووسەکان داوا بکات. چونکە خەڵکەکە لە رۆیشتنی سەرۆکی بانکیش ترسابوون و ڕێگەیان پێ نەدەدا لەتەلاری بانکەکە دەرچێ.

ئەو ئاپوورەدانە، چەند ڕۆژێك بەو جۆرە مایەوە و لە ماوەی نزیکەی هەفتەیەکدا، هەرچی پارەیەك لە بانکەکەدابوو، دەرهێنرا. بەڵام دەبێ بوترێ کە ئینگلیزەکانی تەورێز، وەك رووسەکان خۆیان شپرزە نەکردبوو، بەڵکو بە خوێنێکی سارد و کاوەخۆ، لەسەر کارەکانی خۆیان مابوونەوە.

کومپانیای تێلگرافی هیند — ئەورووپاش وەك پیشەی ئاسایی خۆی، هەر خەریکی راپەڕاندنی کارەکانی خۆی بوو. وەك ئەوجۆرەش کە کونسوڵی ئەمەریکا، بەمنی راگەیاند، لای باڵوێزی خۆیانەوە لەوە ئاگادار کراوەتەوە، کە رازی نەبوون لەسەر داخوازییەکەی (ئۆرلۆف)ی سەرکونسوڵی رووسیا، بەوەی بۆ کونسوڵخانەی رووسیا بگوازێتەوە و ئاڵای ئەمەریکا لەوێ هەڵبکات. هەر بەتەنیا ئەوەندەیان رێگە پێدرابوو، ئەگەر پێویست بکات کەسانێك خۆیان بۆ پاراستنی گیانیان، خۆیان بهاونە کونسوڵخانەی ئەمەریکاوە، رێگەیان لێ نەگیرێ و پەنایان بدرێ.

**ڕۆژی چوارشەممە (١٨/ ١١/ ١٩١٤)**

کونسوڵی ئەمەریکا، نامەیەکی لە بەڕێوەبەری وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتەکەیانەوە پێگەیشتبوو، تیایدا هاتبوو:

ئەگەر مەترسیی لەسەر (لیتن) و هاوسەرەکەی هەبێ، لەکونسولخانەی ئەمەریکادا پەنابدرێن.

کونسولی ئەمەریکاش رەزامەندیی ئەوەی دەربڕی بمانگرێتە خۆی و وەڵامەکەیشی بۆ سەرووتری خۆی ناردەوە.

**لە بەرامبەردا پێم وت:**

چونکە رووسەکان تا ئێستا چەند جارێك بەڵێنیان داوە و لێی پەشیمان بوونەتەوە، لەبەرئەوە ناتوانرێ متمانەی ئەوەیان پێبکرێ، کە ئەگەر رادەستی ئەوان بکرێم، ئیتر مەترسیم لەسەر نامێنێ.

## رۆژی پێنجشەممە (١٩/ ١١/ ١٩١٤)

پۆلیسی رووسی رژابوونە دەرمانخانەیەکی ئەڵمانیاییەوە، کە لەلایەن ئێرانییەکەوە بەڕێوەدەبرا. هەرچی نامە و نووسراوێکی تێدابووە، بردوویانە و دەرمانخانەکەشیان مۆر و کلۆم کردبوو. هەر ئەمڕۆش کونسولی ئەمەریکا. نامەیەکی خانم (فریدمان)ی بەڕێوەبەری هەتیوخانەی (ورمێ)ی دامێ، کە بە مێژووی (٤/ ١١/ ١٩١٤) نووسرابوو. تیایدا هاتبوو، کە ناچار کراوە، دەبێ هەتیوخانەی ناوبراو بەجێ بهێڵێ و لە ڕێگەی رووسیا — سویدەوە، بۆ ئەڵمانیا بگەڕێتەوە و کەلوپەل و پێویستییەکانی دەرمانخانەکەیشی، بە دۆستانی ئەمەریکایی سپاردبوو.

دیسان هەر جەنابی (پادۆك)ی کونسولی ئەمەریکا، نامەیەکی تری بۆ خوێندمەوە، کە لەلایەن دکتۆر (ستیر)ی سەرۆکی میسۆنێری ئەمەریکایی — لەورمێ، بۆی نووسیبوو. تیایدا ئاگاداری کردۆتەوە، کە ئەگەر خانم (فریدمان)، خانم رایشتەر و قەشە وندت و هاوسەرەکەیشی، لە (٦)ی مانگدا بۆ رووسیا براون، بەڵام هاوسەری کەشیشەکە، بەدەم ڕێوە ماندوو بووە بڕی نەکردووە و مردووە و لە (جولفا) بەخاکیان سپاردووە.

رۆژی هەینی (١٩١٤/١١/٢٠)

دوای هەڵاتنی ژمارەیەکی زۆری رووسی و ئەرمەنی، چاوەنواڕدەکرا گرژیی و ئاڵۆزییەکە، خاوتربێتەوە. بەڵام سەرباری ئەمانەش، دەنگۆ داکەوت، کە(فەریق پاشا)، بە(٥)هەزار کەس و (١٥) پازدە تۆپەوە، چۆتە ناوشاری ساوجبولاقەوە. بەمەش جارێکی تر، چاوەنواڕ دەکرا پشێویی و ئاڵۆزیی سەر هەڵبداتەوە. بەم بۆنەیەوە سەرکۆنسوڵی رووسیا، راگەیاندنێکی بەزمانی فارسی لە ناو شاردا، بەم ناوەرۆکەوە بڵاوکردەوە:

*((باری ئاسایش و هێوریی شاری تەورێز و کاروباری بازاڕ و کاسبکاران، لەوپەڕی ئارامیدایە و جەنابی ڕێزدار(سەردار رەشید)ی پارێزگاری شاریش خۆی سەردانی ناو بازاڕی کردووە و دانیشتووانی لەوە دڵنیاکردۆتەوە، کە خەمی هیچیان نەبێ و خەریکی کاروکاسبی خۆیان بن و ئەو دەنگۆیانەش بڵاوبوونەتەوە، بێ بنەما و بێ سەروبەرن و دەوڵەتی بەهێز و بە دەسەڵاتی رووسیا، لە هەموو سنوورەکانەوە قایمکاریی کردووە و هیچ مەترسییەکیش لەسەر تەورێز نییە و هەندێکیش هێز بۆ (ساوجبولاق) نێر دراوە و ئەوێش قایمڕاگیراوە))*

بەلاّم ئەم راگەیاندنە، پەژارە و دڵەڕاوکەی خەڵکی نەڕەواندەوە و بەر لە هەمووشتێك دەیانپرسی:

ئەگەر بەڕاستی شاری تەورێز لە ئاسایشدایە، ئەی بۆچی بانکی رووسی لە تەورێزدا رۆیشتووە و تا ئێستاش نەگەڕاوەتەوە !؟.

لە دوییدا وەك دەرکەوت، هۆی ئەم ئاڵۆزییەی شاری تەورێز، لە ئەنجامی تێلگرافێکی بێ سەروبەری(کۆرسانۆف)ی وەرگێڕی کونسولخانەی رووسیا بووە لە (خۆی)، کە ئەو کاتەی هێزەکانی رووس، شاری (خۆی) جێدەهێڵن، ئەمیش بەنیگەرانییەکی بێ ئەندازەوە لەو شارەدا ماوەتەوە و ترسی روودانی هێرش و پەلاماری کردووە و پەیتاپەیتا تێلگرافی کردووە.

**رۆژی شەممە (١٩١٤/١١/٢١)**

سەمەدخان (شوجاع دەولە)ی پارێزگاری پێشووی ئازەربایجان، کە بەهۆی دڵڕەقیی و ئاکاری ناشیرینانەیەوە بەدناو و لای خەڵکەوە قێزەون و دەسکەلای رووسەکان بوو، دووبارە لە رێگە و بەهۆی رووسەکانەوە، لە پشووگاکەی خۆیەوە (یالتا)، بۆ بارەگاکەی خۆی، واتە: شاری تەورێز گەڕایەوە و لە (نیعمەت ئاباد)ی تەورێزی نزیک ئەو شوێنەی سەرکۆنسوڵی رووس، تەلارێکی تازە و باخێکی تێدا کڕیبوو و نیشتەجی بوو... بەیانیانیش لەگەڵ سەرکونسوڵدا ناشتای دەکرد.

سەمەدخان (شوجاع دەولە) لەسالآنی پێشوودا فەرمانڕەوای (مەراغە) بووە و لەوێش ماڵ و موڵکێکی زۆری هەبوو.لەم سەروبەندەدا بۆ ئەوە هێنرابۆوە، تا بە هێزێکی سوارەوە، بەرەنگاری تورك و کورد ببێتەوە.

**رۆژی سێ شەممە (١٩١٤/١١/٢٤)**

کونسوڵی فرەنسا ڕاگەیاندنێکی بەتابلۆی ڕاگەیاندنەکانی کونسوڵخانەکەياندا هەڵواسیبوو، تیایدا ڕایگەیاندبوو، کە فرەنسا هەر بە تەنیا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بەجەنگ هاتووە، نەك بەعوسمانییانی دانیشتووی فرەنسا. ئەم بەخشین و لێبووردنە گشتییەی فرەنسا، مایەی گاڵتە ولاقرتی بوو.

هەمان رۆژ، (پادۆك)ی کۆنسوڵی ئەمەریکا، نامەیەکی لە ساوجبولاقەوە پێگەیشتبوو، تیایدا نووسرا بوو: شاری ساوجبولاق لە چاوەنواڕی ئەوەدان، هێرشی تورك و کوردیان بکرێتە سەر.

**رۆژی چوار شەممە (١٩١٤/١١/٢٥)**

لە شاری تەورێزدا هەواڵ و دەنگۆ داکەوت، کە (سەمەدخان – شوجاع دەولە) چۆتە شاری (مەراغە) و خەریکی کۆکردنەوەی سوارەیە.

**ڕۆژی پێنجشەممە (١٩١٤/١١/٢٦)**

بەبۆنەی سەرکەوتنێکی هێزی هاوپەیمانانەوە، کەگوایە بە دەستیان هێناوە، لەلایەن ڕەوەندی ئەوروپاییانەوە، لە شاری تەورێز، کرایە جەژن و شادی و بۆنەی مەیخواردنەوە و هاوسەرەکەی منیش لە داخاندا بێهۆش بوو، بوورایەوە.

**ڕۆژی هەینی (١٩١٤/١١/٢٧)**

سەرکۆنسولی ڕووسیا، لە (پادۆک)ی سەرکۆنسولی ئەمەریکای پرسیبوو: کە ئاخۆ ڕاست بێ، من (لیتن) و هاوسەرەکەم هەڵاتبین؟!.

**ڕۆژی چوارشەممە (١٩١٤/١٢/٢)**

سەرکۆنسولی ڕووسیا، بە (پادۆک)ی کۆنسولی ئەمەریکای ڕاگەیاندبوو، کە (٥٠٠) پێنج سەد تورك و (٥٠٠٠) پێنج هەزار کورد، (پاسوار)ی سەرڕێی (ساوجبولاق) یان گرتووە و (شارل دلاوەر)یش هەڵیدایە، کە گوایە ئەویش توانیویێتی عەشایەری تری وەك نموونەی (شاهسەوەن)، کە بەنیازبوون هێرش بۆ سەر شاری تەورێز ببەن و ئەم: (شارل دلاوەر) ڕایگرتوون، تا کوردان دەگەنێ، ئەوسا ئەوانیش لەو هێرشەدا بەشداریی دەکەن.

**ڕۆژی (١٩١٤/١٢/١٢)**

(پادۆک)ی کۆنسولی ئەمەریکا، پێمی وت:

لە ئەنجامی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (ئۆرلۆف)ی سەرکۆنسولی ڕووسدا، ئەوەی لێ تێگەییوە، کە بە پێچەوانەی ئەو دڵنیابوونانەی پێشتر سەبارەت بە (عاتف بەگ)ی کۆنسولی عوسمانی ڕایدەگەیاند، کە ناوبراویان ڕادەستی عوسمانی کردۆتەوە. بەڵام ئەمجارە ئەوەی لێ تێگەیشتم، کەوەك بارمتەیەك

له رووسیا گلیان داوەتەوە، تا ئەگەر هەر شتێك لە دەوڵەتی عوسمانیدا، بەسەر کۆنسوڵەکانی رووسیادا بێت، هەمان شت بەسەر(عاتف بەگ)یش دەهێنن.

**رۆژی سێشەممە** (١٩١٤/١٢/٨)

تزار – ی رووسیا سەردانی (تەفلیس)ی کردبوو، پێشەوای گەورەی موسڵمانان، وتارێکی بەخێرهێنانی بەو بۆنەیەوە خوێندۆتەوە. هەرچەندە وەك دوایی دەرکەوت، ناوەرۆکی وتارەکەی شتێکی وانەبووە و بریتی بووە لە بەخێرهێنانێکی ئاسایی.

هەرهەمان رۆژ(١٩١٤/١٢/٨)، هەواڵ گەیشت کە کوردانی ژێر فەرماندەیی عوسمانی، شاری ساوجبولاقیان گرتووە و هێزەکانی رووسیش پاشەکشێیان کردووە و سەرهەنگ (یاس) فنلاندی – یش، کە سەرپەرشتیاری کۆنسوڵخانەی ساوجبولاقە، ئەویش بەرەو (میاندواو) پاشەکشێی کردووە.

سەمەدخان (شوجاع دەولە)ش، بەگوێرەی ئەو فەرمانەی پێی سپێردرابوو، کە بەرهەڵستی و بەرەنگاریی کورد بکات، بەڵام تیایدا سەرنەکەوتووە و ئەویش بەرەو دواوە کشاوەتەوە و ژمارەیەکی زۆریش لەوانەی لەگەڵیدا بوون، پێوەندییان بە کوردەکانەوە کردووە.

**رۆژی چوارشەممە** (١٩١٤/١٢/٩)

لەشاری تەورێزدا هەموو لەوە دەترسان، کە لێشاوی سوارەکانی سەمەدخان –شوجاع دەولە، رووەو تەورێز پاشەکشێ بکەن.

**رۆژی پێنجشەممە** (١٩١٤/١٢/١٠)

هەواڵ گەیشت، کە (شوجاع دەولە – سەمەدخان) بە (٢٠٠) دووسەد سوارەوە لە (میاندواو)ەوە بەرەو (مەراغە) پاشەکشێی کردووە و لە پشت

خۆیشییەوە پردێکی رووخاندووە و پاشماوەی سوارەکانیشی، کە ژمارەیان (١٠٠٠) هەزار کەس بوون، پێوەندییان بە کوردانەوە کردووە.

**رۆژی هەینی (١٩١٤/١٢/١١)**

کاردانەوەی هەموو ئەم رووداوانە، کە بۆ رووسەکان نا سازگاربوو، لە ئاکاری (ئۆرلۆف)ی سەرکۆنسوڵی رووسیادا رەنگی دایەوە و ناوبراو بە (پادۆک)ی کۆنسوڵی ئەمەریکای وتبوو:

لە باڵۆیزخانەی رووسیا – لە تارانەوە، راپۆرتمان گەیوەتیّ، کە من (لیتن) پێشوازیی لە میوانانی ئەڵمانیایی دەکەم ولای خۆم گلیان دەدەمەوە.

(پادۆک)ی کۆنسوڵی ئەمەریکاش پیێ وتبوو:

لە شاری تەورێزدا، هەر هیچ ئەڵمانیاییەکی تێدا نیە.

لەم رۆژانەدا، رۆژنامەکانی رووسیا دەگەیشتنە شاری تەورێز و تیایاندا باسی ئەوەدەکرا، کە لە شاری تەورێزدا خەباتی ژێرزەمینی هەیە.

**رۆژی یەکشەممە (١٩١٤/١٢/١٣)**

هەواڵ و مزگێنی ئەوە گەیشت، کە هێزەکانی ئەڵمانیا لە رووسیادا، سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و عوسمانییەکانیش لە قەفقاس دا بە جۆرێك سەرکەوتوون، تەنانەت رۆژنامەی (تایمز) لە قارەمانێتییان دەدوێت و لە تێکڕایاندا باس لەوە دەکرێت، کە ئاڵوگۆڕێك بەڕێوەیە و رووداوێك روودەدات.

**رۆژی پێنجشەممە (١٩١٤/١٢/١٧)**

هەواڵی ئەوە گەیشت کە (سەمەدخان – شوجاع دەولە)، لە نێوان (مەراغە – میاندواو)دا، ئابلۆقە دراوە و زیانی زۆری لێدراوە. هەر لەم رۆژنەدا (نیکۆلاس)ی کۆنسوڵی فرەنساش بە (نووسین) داوای لە ئەمەریکا کردبوو، پارێزگاریی لیّ بکات.

**رۆژی شەممە (١٩١٤/١٢/١٩)**

یەکەمین دەستە بریندار گەیشتە شاری تەورێز. ئەم بریندارانە بریتی بوون لە سوارەکانی سەمەدخان (شوجاع دەولە) و قۆزاقی ئێرانی. ئەو جۆرە قۆزاقانەی کە سەر بە هێزی چەکداری ئێرانی بوون و لە لایەن مەشق پێکارانی رووسییەوە، مەشق دادەدران و فەرمانیان پێدەکرا، یان لە خزمەتی دەوڵەتی ئێراندا بوون و رووسەکان لە کاتی جەنگدا، بەرامبەر دوژمنەکانیان بەکاریان دەهێنان.

هەرهەمان رۆژ (١٩١٤/١٢/١٩)، کە رۆژی میللی رووسیا بوو، لە سەر سەربانی بانکی رووس (کە کارمەندەکانی هەڵاتبوون)، ئاهەنگێکیان گێڕا. بۆ بەرێوەبردنی ئاهەنگەکەش،(ئۆرلۆف)ی سەر کۆنسوڵی رووسیا، سێ ئاڵای ئەمەریکای لە (پادۆك)ی کۆنسوڵی ئەمەریکا، بەئەمانەت خواست. (سەردار موکەڕەم)ی سەرۆکی دارۆغای ئێرانی و کوڕی (عەلائولمولك)یش – کەلە تاران وەزیربوو، هەر ئەمڕۆ بەرەو (تاران)چوو.

وەك لە بارەی ئەم جەژنەوە بیستم، لە ژوورەکانی تەلارەکەدا، سروودی میللی (مونتینگرۆ)یشیان چڕیوە و هەر لەو رۆژانەشدا ئاڵای وڵاتانی هاوپەیمان و وڵاتانی بێلایەن و تەنانەت ئاڵای ژاپۆنیش هەڵکراوە. هەروەها (ماکزیمۆف)ی ئەندازیاری تەلارەکە و (سۆپرۆنۆف)ی سەرۆکی بانکەکەش، کە لە (تەفلیس)ەوە، لە کارمەندەکانی خۆی دابڕاوە، بۆ ئەم جەژن و ئاهەنگە ئامادەبووە.

ئەوەی جێی سەرنج بووە، (نیکۆلاس)ی کونسوڵی فرەنسا، کە لەم ئاهەنگەدا بەشدار بووە و بەردەوام خۆی لە کۆنسوڵی ئەمەریکا تەریك دەکرد، لەم ئاهەنگەدا خۆی لە (پادۆك)ی کۆنسوڵی ئەمەریکا نزیك کردۆتەوە و گفتوگۆی گیانی بە گیانی لە تەکدا کردووە ، کە دیارە ئەم ئاکارەیش، وەك ترسێك لە کورد و تورك، بۆ دەشکێتەوە.

**رۆژی یەکشەممە (١٩١٤/١١/٢٠)**

سەعات چواری بەرەبەیان، کۆنسوڵی ئەمەریکا لە ئاهەنگی رووسەکان گەڕاوەتەوە. بە گوێرەی قسەی ئەو (پادۆك)، هەموو بە شداران، لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا، خۆیان مەست و سەرخۆش کردووە.

بەرلەوەش باسی ڕووداوی تر بکەم، پێم خۆشە لێرەدا باسێکی سەرومڕی چۆنێتی تێکچوونی ژیانی رەوەندی ئەڵمانیای ناو ئازەربایجان بکەم.. ئەم باسەی لێرەدا بەرچاوی دەخەم، رۆژی (١٩١٤/٣/٢٠)[1] نووسیومەتەوە:

هێشتا بەشی زۆری ئازەربایجان لە لایەن رووسەکانەوە داگیرکراوە. کورد و تورك تەقەللای ئەوەیان دەدا لە رێگەی (دەیلەمان) و (قوتوور)ەوە خۆیان بگەیەننە نزیك شاری (خۆی)، کە هێشتا ئەم تەقەللایەیان سەری نەگرتووە. بەڵام توانیویانە لە ڕێگەی (پاسروا)وە، رووەو ساوجبولاق پێشڕەویی بکەن. پێش قەرەوڵەکانیشیان لە نزیك شاری (مياندواو) بەرامبەر بە پێش قەرەولانی رووسیا وەستاون.

کونسوڵخانەی ئەڵمانیا، لە لایەن دوو سەربازی تۆپچی ئێرانییەوە پارێزگاریی لێدەکرا، کە مانگانەیان لە من وەردەگرت. ئەو قۆزاقگەلە ئێرانییانەی کە پارەیان لە من وەردەگرت و لەسەرئێشە زیاتر، کارێکی تریان نەبوو، دەرمکردن.

---

(١) پێدەچێ هەڵەیەك لەو مێژووەدا هەبێ، کە (ليتن) دياريکردووە، چونکە لەو مێژووەدا، هێشتا جەنگەکە ڕووی نەداوە، بەڵکو وەك (ليتن) خۆی لە پێشتردا ئاماژەی بەوەکردبوو، کە لە مێژووی (١٩١٤/١٢/٢)دا، (٥٠٠) تورك و(٥٠٠٠) کورد، (پاسوار)ی سەر ڕێی ساوجبولاقیان گرتووە.

سەرنج: لە دەقە فارسییەکەدا (ل٩٠) و (ل ١٠٠)، ناوی (پاسورا) و (پاسروا)، بە دووشێوە نووسراوە.

دۆسییەی نهێنی و ئەو دۆسییانەی تریش، کە کاریان تەواو نەکرابوو، لـە کونسـولخانەی ئەمـەریکام دانـابوون. دەفتـەری تۆمارخانـە و ئەرشـیف و رۆژنامە و کتێب، سندووقی گەنجینە و پارەی کـاش و بەلگەنامـەی بـەهادار و ئالأی ئەلمانیا و عوسمانیشم لای خۆم ، لە کونسـولخانەی ئەمـەریکا دانـابوو. تەلاری کونسولخانەکەش لەلایەن کارگوزارێکمەوە کلۆم کرابوو، کـە جارجـارە سەردانی کونسـولخانەکەی دەکـرد و جلـی ژێـرەوە و پێویسـتی دیکـەمی لـێ دەردەهێنـا. هـەر تـەنیا ژووری ئۆفیسـەکەم، دوای ئـەوەی رووسـەکان تێـی چـووبوون و هەرچـییان خواسـتبوو بردبوویـان، کلـۆم و مۆرکرابـوو. ئـیتر پێویسیتشی نەدەکرد منیش بۆ ئەوەی شمەکی دزراو، نەیەتـە ئەسـتۆم، ئـەو کلۆم و مۆمە بشکێنم.

شازادە ئەبولفەتح میرزای سکرتێری پێشووی کونسولخانەش لـە تـەورێز هــەلأتبوو. دووەم ســکرتێری:میرزا ئیــبراهیم خــان و هــەموو کــارگوزارانی کونسولخانەی ئەلمانیا، پێکەوە چوونە کونسولخانەی ئەمەریکا. وەك دەریش دەکەوت هەر لەوێش دامەزرابن.

لەگـەل عوسمانیگەلیشـدا، پێوەنـدی پۆسـتی و تێلگرافمـان لـە نێوانـدا نەبوو. بەلأم پێوەندیم لەگەل (تـاران)دا هـەبوو و ڕەمزێکـی تایبەتیشـمان لـە نێواندا هەبوو، کە بۆ کاری پێویست، کەلکم لێ وەردەگرت. بەلأم بـە داخـەوە ناچـاربووم هیمـای رەمزەکـانی تـر، بسـووتێنم. خـۆمیش لـە کونسـولخانەی ئەمەریکا، گۆشەگیر و تەریك بووم.

***

جەژنی سەری سال (کریسمس)مان لـە کونسـولخانەی ئەمـەریکا بەسـەر برد. (شارل دلاوەر)یش کـە نشـینگەکەی لەگـەل خزمەتگوزارەکانـدا بـوو، بـە هاوکاری ئەوان، هەندێ شـتیان ڕێکخسـتبوو. شـەوی کریسـمس، کەلـە پـێش خزمەتگوزارەکانــدا دەهــات و دەچــوو، هاتــە ژوورەکــەم. هەریەکــە لــە خزمەتگوزاران، دیارییەکی بەدەستەوە گرتبوو، کە بریتی بوون لە دەفری پـڕ لە گل و گیای زۆر..

شارل دلاوەر دوای پێشکەشکردنی دیارییەکەی، داوای کرد لەبارەی سەرکەوتنەکانەوە دوودڵ نەبم و هیوامان پێی هەبێ. هەرچەندە لە کاتێکدا ئەو، ئەمانەی دەوت، من دڵم لای خۆی بوو، کە لە چ هەراسانییەکدا دەژی، بەڵام حەزم نەدەکرد لەو شەوەدا، ڕۆحی خۆم ڕادەستی لێکدانەوەی تاریك و نائومێدیی بکەم. بە تایبەتیش کە ئاواتخوازاییەکانی ئەو، بەرەو ئەوە دەچوو، کە داروباری ئێمە، زۆر لە بار نییە.

**ڕۆژی (١٩١٤/١٢/٢٧)**

ڕووسەکان دەستیان کرد بە گرتنی ئۆتۆمبێلی گەورە و بارکردنی بریندارەکانیان و هێزەکانیشیان لە بەشی باشووری شاری تەورێز، (دهخوارقان)، بەرەیەکی تری بەرگرییان دامەزراند. هەواڵیش گەیشت، کە هێزەکانی عوسمانی، (بشخاله)یان گرتووە و هێزە تێشکاوەکەی ڕووسیاش، ڕووەو (خوسرەوا) و (دەیلەمان) پاشەکشێیان کردووە.

شاری (ورمێ)ش پێوەندی لەگەڵیاندا بڕاوە. پێدەچوو لە لایەن عوسمانییەکانەوە گیرابێ.

دووبارە بۆ ناو تەورێز گەڕاینەوە و وەك پێشووتر چووینەوە ناو کونسوڵخانەی (ئەمەریکا) و لە چاوەنواڕیدا بووین. ئەم بەسەربردنەی ناو کونسوڵخانەکە، سەرەڕای ئەو میواننەوازییە زۆرەی کونسوڵی ئەمەریکاش لێی دەکردم، بەڵام وەك ئەوە وابوو لە زینداندا بین. ئازارێکی زۆری ڕۆحی بوو. ئەو هەواڵانەش، کە لە بەرەکانی جەنگەوە دەگەیشتن، جێی دڵخۆشیی و هیوا پێبەستن نەبوون. بۆ نموونە، جارێکیان ئەم نوکتەیەم بیست:

- خانم، مرۆ هەندێ جار وا بیر دەکاتەوە، کە ئەڵمانیگەل، مرۆڤ دەهاڕن و دەیکەن بە هەویر.

- هەرگیز وانییە، پەژارە داتنەگرێ، چونکە تۆ، نە (کلیسا)یت و نە پەیکەرێکی هونەریی.

ئەم نوکتانە، بە بەردەوامیی لە سەر ئەو کەسانە دروست دەکران، کە چاوەنواڕیی ترسیان لیٚ نەدەکرا. ئیٚران ولاٚتیٚکی دوورە دەست و (شا)ی ئیٚرانیش لە (تاران) دایە. بۆیە پیٚشتر، نوکتەی تیٚکەڵ، لە بارەی شای ئیٚرانەوە، لە ئەورووپادا ویردی سەر زمان بوو. هەر ئەمجۆرە نوکتانە، لە ساڵی (١٩١٩)دا، لە ئەڵمانیاشدا هەبوون. هەرتەنیا ناوی کەسایەتییەکانی ناو ئەم نوکتانە، دەگۆڕدران، کە مەبەست بوون. لەبەرئەوە ئیتر مەبەست لە ئەم (شا)یەی ئیٚران نەبوو، کە مەبەستی نوکتەکە دەیگرتەوە. بەڵکو ئەم کەسایەتییە نییە، سەرۆك کۆماری ئەڵمانیابوو کەسانیٚك لەبارەی سەرۆك کۆماری ئەڵمانیاوە نوکتەیان دروست دەکرد، کە لە هەموو ژیانی سەرۆك کۆماری ئەڵمانیادا رووی نەداوە.. هەر بەو جۆرەش لە شاری تەوریٚزدا، نوکتەی هەڵبەستراو لەبارەی ئەڵمانیاوە، دەماودەم دەکرا. ئەڵمانیاش لە مەودای دووردا، بڕیارنامە و کۆنسوڵەکەی زیندانی بوون.

دوژمنانی ئەڵمانیا، ویٚنەی وایان بلاٚودەکردەوە، کە من بە چاوی خۆم دیومن. بۆ نموونە:

جاریٚك لە رۆژنامەیەکی فرەنساییدا، ویٚنەی سەربازیٚکی پیادەی ئەڵمانیایی مەست، چاپ و بلاٚوکرابۆوە، لە کاتیٚکدا بەهەموو چەکەکانییەوە، خۆی بەسەر قەرەویٚڵەکەیدا دابوو، شووشەی (مەی)یەکەیشی هەر لە دەستدابوو.. لە بەرامبەریشیدا، ویٚنەی ئافرەتیٚکی فرەنسایی تیٚدا چاپکرابوو، کە نەیدەتوانی بخەویٚ و لە ویٚنەی میٚردەکەی ورد دەبۆوە، کە جلی سەربازیی فرەنسایی لەبەردایە.

هەر چۆنیٚك بیٚت، هەر تەنیا چەند رۆژیٚکی بۆ ئەوە ماوە، تا ئەو ساتە دیٚت، دوژمنانمان دەرفەتی پیٚکەنین و لاقرتی کردنیان بە دەستەوە بمیٚنیٚ.

لە کونسوڵخانەی ئەمەریکا، گرامافۆنیٚکی لیٚ بوو، ژمارەی قەوانەکانی کەم ببوونەوە و هاوکات خراپیش ببوون، بە جۆریٚك کە ئیتر بە کەڵکی بەکارهیٚنان نەمابوون. لە یەکیٚك لەم قەوانانەدا، کە هەر رۆژیٚکی بەسەردا تیٚپەڕیبایە و ئاوازەکەی بلاٚوکرابایەتەوە، وشەی: من باندۆریلۆ – می تیٚدا

دەهات. کاتێکیش کە ئەم وشەیە، لە گرامافۆنەکەوە پەخش دەبوو، بە سۆنگەی خراپ بوونی قەوانەکەوە، ئەو وشەیە بەمجۆرە دەبیسترا: منم باندۆریلۆ، ئارو ، ئارو.. و هەتا قەوانەکەش تەواو دەبوو، ئەو وشەیە هەر وای بەسەر دەهات. من هیچ کاتێ وشەی (باندۆریلۆ، ئارۆ، ئارۆ) لە یاد ناکەم. وشەی (باندۆریلۆ)، بەبەردەوامی رووداوەکانی ئەو رۆژگارەم لا زیندوو دەکاتەوە.

سترانێکی دیکەش، کە هەر لەو گرامافۆنەوە پەخش دەبۆوە، بەم ڕستەیە دەستی پێدەکرد:

کۆتر لە دەشتدا چی دەکەن؟

حەزدەکەن، حەزدەکەن، حەزدەکەن، تا لە ناو دانەوێڵەدا چینە بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

گوندنشینان لە دەشتدا چی دەکەن؟

کاردەکەن، کاردەکەن، کاردەکەن، ئەو دانەوێڵەیەی، کە کۆتر بڵاویان کردوونەتەوە..

بەڵام لەم شیعرەدا و دیسان بە سۆنگەی خراپ بوونی قەوانەکەوە، دوایی هاتنی وشەی: کۆتر، بەردەوام وشەی: حەزدەکەن، حەزدەکەن.. دووبارە دەبۆوە.

ئەمەش بەلای منەوە، بووە مەتەڵۆکەیەك، بۆچی کۆتر حەزدەکەن و تەنیا دوای (٩)ساڵ، هاوسەرەکەم ئەم مەتەڵۆکەیەی بەو جۆرەی سەرووتر نووسیم، حەل کرد.

ئەم دوو سترانە، بە دەنگی (بەم) پەخش دەبوونەوە. سترانی(ئەو فرمێسکانەی لە پێناوی مندا دەیانرێژیت)، بە دەنگی (زیر) بوو. کاتێکیش بۆ وڵاتی (رۆمانیا) دەچووم، گرامافۆنێك لە تەنیشتمەوە بوو، ئەو سترانەی پەخش دەکردەوە و (١٠) رۆژی تەواو، رۆژانە دەمبیستەوە، بەڵام بە ڕاستی نامەوێ ئاماژە بە ڕووداوەکانی دواتر بکەم.

# بەشی دووەم

**ڕۆژی سێ شەممە: ٢٩ی دیسامبەر (کانوونی یەکەم)ی ١٩١٤**

لەشاری تەورێزدا، زانرا کە هێزەکانی رووسیا بەرەو (سەردە روود) پاشەکشەیان کردووە و لەوێ بەرەیەکی بەرگرییان دامەزراندووە. ئەم هەواڵە ناخۆشەش بووە مایەی ترس و پەژارەیەکی زۆر. چونکە (سەردە روود) یەکەمین قۆناغی باشووری شاری تەورێزە و لەماوەی چەند سەعاتێکدا لەشکر دەیتوانی لەوێوە بگاتە ناوشاری تەورێز.

کۆنسوڵی ئەمەریکا بە میوانی چوو بۆ لای خانمی کونسوڵی رووس، تا لەدەنگوباس ئاگادار بێت. ئەم ترس و دڵە ڕاوکەیە، ڕۆژی چوارشەممە (٣٠)ی دیسامبەری ١٩١٤) زیاتر پەرەی سەند.

(شیپلی)ی کۆنسوڵی ئینگلیز و (پیت مان)ی سەرۆکی میسیۆنی ئەمەریکایی، سەردانی کۆنسولگەی ئەمەریکایان کرد.

پیت مان پێمی وت: هیوادارم تۆ بەو دەسەڵاتەوەی هەتە و قسەت لای کورد و تورکان دەڕوات، (دیان)ەکان بپارێزیت. کاتێ منیش بەڵێنی ئەوەم پێدا، وتی:

دەبێ سوپاسی یەزدان بکەین، کە تۆی لە تەورێزدا بۆ ئێمە هێشتوتەوە.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، کونسوڵی ئەمەریکا و(نیکۆلاس)ی کۆنسوڵی فرانسە، پێکەوە سەردانی (سەردار ڕەشیدی نایب الایالە)یان کرد. وەك دیاربوو خەریك بوو ڕووداوگەلێك دەقەوما.

کۆنسوڵی ئەمەریکا وەك لەگەڵ مندا کردبێتی بەپیشە، لە بەرامبەرمدا بێدەنگ دەبوو. ترس و لەرز باڵی بەسەر شار (تەورێز)دا کێشابوو. دەیانوت (شوجاعولدەلە)[1] لە (مەراغە) بێ سەروشوێنە.

فرەنسایی و ئەرمەنەکان کەلوپەلی خۆیان خڕدەکردەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەمنیان راگەیاند، کەئاگاداری خۆم بم. چونکە لەوە دەچوو رووسەکان بیانەوێ فەرمانی کوشتنی من، بە دەست چەند چڵکاوخۆرێك جێبەجێ بکەن.

## رۆژی پێنجشەممە: ٣١ی دیسامبەر (کانوونی یەکەم)ی ١٩١٤

ئەو هەواڵانەی دەگەیشتن، هەموویان ئەوەیان ڕادەگەیاند، کە هێزەکانی رووس لە (میاندواو) تێکشکاون و هەتا (سەردە رووود) پاشەکشێیان کردووە. کۆنسوڵی رووس لە (ساوجبولاق)، کە سەرهەنگێکی (فەندلاند)یە[2]، لەسەر رێگەی مەراغە – میاندواو، کوژراوە و سەرە بڕاوەکەیشی بەنێزەیەکەوە کراوە و بەملاولادا دەیگێڕن.

---

[1] سەمەدخان (شوجاعوالدەولە): لە ساڵی (١٩١٢)ەوە، وەك لایەنگرێکی رووسیا، تا دوو مانگ دوای هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهان، تەمەنی دەسەڵاتی لەشاری (تەورێز)دا، فەرمانڕەوا (حاکم) و گوێرایەڵی فەرمانەکانی رووسیا بووە و ڕۆژی (١/١/١٩١٥)، کاتێ لە بەرامبەر هێرشی هێزی تورك و کورداندا، لە ناوچەی (میاندواو – مەراغە) تێکدەشکێ، لە مەراغەوە بەرەو تەورێز هەڵدێ و دوای تەقەللای بێهوودە، بۆ گرتنەوەی (مەراغە) و (میاندواو)، هیچی پێناکرێ و هەمدیسان بە تێشکاویی بۆ تەورێز دەگەڕێتەوە و لەوێشەوە ڕووەو رووسیا دەچێ و لەوێ دەمێنێتەوە، تا ساڵی شۆڕشی رووسیا لە (١٩١٧)دا، بەنەخۆشی شێرپەنجە، کۆچی دوایی دەکات.. شایانی باسە، لە شەڕی لەگەڵ تورك و کورداندا، لە (میاندواو – مەراغە)، دوازدە عەرادەتۆپ، سەد و پەنجا باری چەك و جبەخانە و تەقەمەنی و زەخیرەی زۆری، بەردەست هێزەکانی عوسمانی دەکەوێ و چەکدارەکانیشی دەدەنە پاڵ عوسمانی و کوردان. (بۆ زیاتر زانیاریی، بنواڕە: ایران و جنگ جهانی اول – سەرچاوەی پێشتر باسکراوە–، ص ٣٥٨.

[2] مەبەست لەسەرهەنگ ئەلکساندەر ئەیاس (ئا . یی . ئیاس)ە، کە لە (پێشەکی)دا لێی دواین.

لەم ڕۆژەدا، یەکەمین کوردێك، کە بەدیل گیرابوو، بۆ تەورێزیان هێنا. کۆنسولی ئەمەریکا مۆڵەتی خواست تا لەگەڵیدا بدوێ و منیش لەو گفتوگۆیەکدا بەشداربم. ئەو پرسیار و وەڵامانەی کە ئەنجامدران، نزیك بەم شێوەیە بوون:

- ئەو لەشکرەی تورك، کە ئێستا لێرەوە نزیکن، ژمارەیان چەندە؟
- (١٠) هەزار.
- تۆپیشیان هەیە؟
- بەڵێ.(٣٧٠) تۆپ.
- ئەی ئەفسەرانی ئەڵمانیشیان لەگەڵدایە؟
- بەڵێ.(٢٣) ئەفسەر.
- تۆ چۆن ئەمە دەزانیت؟
- من خۆم ئەوانەم بە چاودیتن و بەگوێ لێم بیستن، کە پێکەوە بە ئەڵمانی دەدوان.
- ئەی (شونمان)[1] یش لەگەڵ ئەواندایە؟
- بەڵێ. ئەو دیلمانج _ وەرگێڕی ژەنراڵە تورکەکەیە.
- چەند سەربازی پیادەیان لەگەڵدایە؟.
- قوربان! چی بڵێم! ئەوەندە زۆرن، لە ژمارە نایەن ئەو کێوانە، لەسەربازی تورکدا ڕەش دەکەنەوە.

- بەگوێرەی ئەم دەنگوباسانە، دوژمن دڵنیابوو لەوەی کە سوپایەکی زۆر گەورەی تورك، بەرەو تەورێز دێن.

- لەم رووەوە ترس و پەژارەیەکی زۆر قوول، دیانەکانی داگرتبوو. چیرۆك گەلێکی زۆر پڕ لە ترس و سام و لەرزهێنەریشیان سەبارەت بە دڵڕەقیی کوردان دەگێڕایەوە.

---

[1] مەبەست لە (شونمان)ی فەرمانبەری کونسولگەی ئەڵمانیایە.

- ئەو هەواڵە درۆیانەی کە دوژمنانی ئەڵمانیا، پێشتر لەبارەی درِندەیی و دڵرِەقـی ئێمـەوە بڵاویـان دەکردنـەوە و هەسـتی خـەڵکیان بەرامبـەرمان دەوروژانـد، ئێسـتا بـە چـاکەی ئێمـە شـکاوەتەوە و بۆتـە هـۆی ئـەوەی کـە دوژمنان بـێ شەرِوشـۆر و زۆر، ئێـران بـەجێ بهـێڵێن. چـونکە بڵاوکردنـەوەی هەواڵی برِینی دەستی منداڵان، لە بەرامبەر برِینی مەمکی ئافرەتاندا، شـتێکی سامدار نەبوو. لەبەرئەوەی مەمك برِینی ئافرەتان، ترس و سـامێکی ئەوەنـدە لە رادەبەدەری لە دڵی خەڵك نابوو، هەموو کەس، تەنانـەت ئـەو ئافرەتانـەش کە منداڵەبەر نەبوون و پێویستیان بە شیردان نەدەبوو، بـە تـەواوی ئارامیـان لەبەر هەڵگیرابوو، دەترسان. بەڵام هەموویان لەو برِوایەدابوون و دەیانوت:

- ئەگەر هەمووشمان بکوژرێین، دکتۆر (وانەمان) هیچ دەردەسەرییەکی تووش نایەت، چونکە لە دیدی ئەوەوە، مەسیحی و کورد، وەك یەکن.

- دکتۆر (وانەمان)، دکتۆری میسیۆنی ئەمەریکایی بوو، لە چـارەکردنی نەخۆشدا، بێ ماندووبوون ئەرکی خۆی جێبـەجێ دەکـرد و گـوێی بەرِەگـەز و نەتەوە نەدەدا و لە روانگەی ئەوەوە، هەموویان مرۆڤ بوون. ئەمـەش ئـەوەی دەردەخسـت، کـە پروپاگنـدەی رۆژانـە، لـە رێگـەی چـارەکردنی نـەخۆش و دەرس وتنەوە لە قوتابخانەدا بەلای رۆژهەڵاتییانەوە گرنگە.

ژمارەکی زۆری فرەنسایی و رووسی ، شاریان چۆڵ کرد و بۆ (تـەفلیس) چوون. ئێستا ئیتر رازیکردنی (سەردار رەشید خان – نائب الایالـە)، کـارێکی ئاسـانە، کــە بێلایــەنیی خــۆی رابگرێــت و لەبــەر پاراســتنی رووســەکان، پارێزگاریی لە شارەکە نەکات.

کۆنسـوڵی ئەمـەریکا، شـەوی سـەری سـاڵی تـازەی لەگـەڵ کۆنسـوڵی ئینگلیزدا بە سەر برد و درەنگانێکی شەو گەرِایەوە.

کۆنسـوڵ لـە خـەودابوو، کـە دەرگاکـە ئەوەنـد بـە تونـدی لێـدرا، مـن و هاوسەرەکەم لەخەو راچەنین و وامان زانی دەیانـەوێت بـە زۆر لـەوێ دەرمـان

بکەن. کەچی (شارل)ی دلێربوو، کە ڕەنگی وەك گەچ سپی هەڵگەڕابوو. بەڵام دەرکەوت هۆی ئەو پەلەپرووزەیە، نامەیەکی دکتۆر (وانەمان) بوو، تیایدا هەواڵی ناخۆشی نزیکبوونەوەی کوردەکانی گەیاندبوو.

کۆنسوڵی ئەمەریکام خەبەرکردەوە و نامەکەم پێگەیاند. لە بیرم نەماوە چ هەواڵێکی تری تێدابوو، ئەوەندە دەزانم من و خێزانەکەم بەرەزامەندیی کۆنسوڵی ئەمەریکا، لە ژوورێکی ترخەوتین.

**رۆژی هەینی: یەکی ژانویە (کانوونی دووەم)ی١٩١٥**

تێلگرافێکی پیرۆزبایی سەری ساڵی تازەم لەلایەن(فۆن کاردۆف)ی فەرمانبەری باڵوێزخانەی ئەڵمان، لە تاران پێگەیشت. هەروەها تێلگرافێکی تری پیرۆزباییم لای دکتۆر (ئەلبیرگ)ی پزیشکی باڵوێزخانەی ئەڵمان گەیشتێ، تیایدا نووسرابوو: داهاتوویەکی خۆش وچاکترین سڵاو.

دیسان تێلگرافێکی تریش لای دکتۆر (دراگەر)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەڵمان و (فرانتس لیتن)ی برام و (زۆمەر)ی بەرپرسی ئۆفیسی باڵوێزخانەی ئاڵمان و ئەم تێلگرافە سەرکراوەیەشم لە (کۆپەر)ی سەرۆکی کومپانیای هیند – ئەورووپاوە، بەم ناوەرۆکە پێگەیشت:

بەداخەوەم بۆ ئەو رووداوە ناخۆشانەی دوای من بە سەرتاندا هات . هیوادارم لەم ساڵی تازەیەدا توانیبێتم هاوبەشی ئەو دەردانەتان بکەم و ئۆخژنێکیش بە ئێوە بگات..

ئەو نیاز و ئاواتانەی لەم تێلگرافانەدا بوون، شادمانییەکی چاوەنوارنەکراویان تیامدا پەیداکرد. هاودەردیی مرۆڤدۆستانە، لای دوژمنەوە !

بەڵام لە تەورێزدا سات دوای سات پشێویی پەرەی دەسەند و هەموو لەو شار هەڵدەهاتن. رووسەکان پێشتر لە شار دەرچووبوون. سەرلەبەری

فرەنساییەکانیش، جگە لە (پێر) و (سۆر)، ئیتر هەموویان لە شار نەمابوون. هەندێ بنەماڵەی ئینگلیزیش شاریان بەجێهێشتبوو.

رەوەندی وڵاتانی ئەوروپایی و ئەو بەلژیکییانەش کە لە ئێراندا کاریان دەکرد، لەو شوێنە کۆبوونەوە، کە میسیۆنی ئەمریکایی تێدابوون.

دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە، ماوەی دووسەعاتێك راوێژم لەگەڵ کۆنسولی ئەمەریکا و سەردار رەشید – نایب الایالە و (مۆلیتۆر)ی سەرۆکی بەلژیکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی کرد. بەفەرمانبەرانی بەلژیکیم راگەیاند:

وەك فەرمانبەرێکی ئێرانی، کارەکانی خۆیان بە ئارامی جێبەجێ بکەن و لە سەر کارەکانی خۆیاندا بمێننەوە و لەم رووەشەوە پشتیوانیی خۆمم بۆ دەربڕین.

هەر دوو کۆنسولی فرەنسا و ئەمەریکا، پێشنیاریان بۆ کۆنسولی رووسیا کرد، کارێك بکات لەشکری رووس. شاری تەورێز بەجێ بهێڵێ، تا بەڵکو بەمجۆرە، شەڕ و خوێنڕشتن لە شار دوور بخرێتەوە.

دەبێ بوترێ کە کونسولی ئینگلیز، بەشداریی ئەم پێشنیارەی نەکرد.

سەردار رەشیدی نایب الایالە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ملکەچی دەوڵەتی ئێران بوو، بەڵام تکای لە من کرد کارێکی وا بکەم ژاندارم لە تارانەوە بگاتە تەورێز. تا لە کاتی رۆیشتنی سەرباز و پۆلیسی رووسدا، پاراستنی ئاسایشی شار، لە ئەستۆ بگرن.

لە تێلگرافێکیشدا کە بۆ باڵوێزخانەی ئەڵمان، بۆ تارانم ناردبوو، تکام لێکردن بەکاربەدەستانی تورك رابگەیەنن: لەشکری تورك، دەست لە تاڵانکردنی تەورێز بپارێزن و هەر تەنیا دوژمن راوبنێن.

**٢٧ی دیسامبەر (کانوونی یەکەم)**

کە هەواڵی ئەوە گەیشتبوو: ورمێ لـە لایـەن تورکەکانـەوە داگیرکـراوە، بەتەواوی لە هێزی رووس پاك کراوەتەوە، ناردنی هەواڵ لە ڕێگەی پەیامنێری رۆیتـەری ئینگلیـزەوە دوایـی هـات. منـیش داوام لـە تـاران کـرد، بـەردەوام هەواڵەکانی جەنگم بەسەرچاوەگەلی ئاڵمانیدا بۆ بنێرن.

**رۆژی شەممە: ٢ی ژانویەی ١٩١٥**

لە تارانەوە وەڵامی تێلگرافەکەمم پێگەیشتەوە و تیایدا نووسرابوو گوایە تورکەکان بەڵێنی پاراستنی ئاسایش و ئـارامیی شـاری تـەورێزیان داوە. هـەر ئەو رۆژەش (فایەرلی)ی بەڕێوەبەری بانکی شاهەنشـایی لقـی تـەورێز، بـەرەو تەفلیس بەڕێ کەوتووە.

**رۆژی یەکشەممە: ٣ی ژانویە (کانوونی دووەم)ی ١٩١٥**

جێگرەکـــەی (فایـــەرلی)، واتـــە: رۆبەرســـتون و (ژارانـــد)ی نوێنـــەری کومپانیای تێلگرافی هیند – ئەوروپا رۆیشـتن. ژارانـد لـەم ماوەیـەدا. هـەموو تێلگرافەکانی منی بۆ تـاران دەنـارد و ڕێـزی لـە بێلایـەنیی ئێـران، لـە شـەڕدا دەگرت.

(شیپلی)ی کۆنسولی ئینگلیز: لـە سـەرەتادا دەیویسـت لەگـەڵ لەشـکری رووسدا تەورێز بەجێ بهێڵێ، بەڵام بە هۆی پاسـەوانەکانی کۆنسـوڵگەوە، کـە سوارەی نێزەداری هیندی بوون، لە پەژارەدابوو و دەیویست ئەوانیش لەگـەڵ خۆیدا ببات.

کونسوڵی ئەمەریکا لەم بارەیەوە لێی پرسی:

ئاخۆ ئەم پاسەوانانە، لە رووسیادا چەك ناکرێن؟

کونسوڵی ئینگلیـز نەیدەویسـت لـەم بابەتـەوە گـوێ بـۆ کـەس رابگـرێ. دەیوت:

ئێوە دەزانن کە من چی دەڵێم؟ رووسەکان لەگەڵ ئێمە، یەکن یەك، تێدەگەن؟. بە کورتی بڕوای وابوو، کە ئەم هاوپەیمانییانە و سوارەکانی، چەك ناکەن.

جگە لە رووسەکان و ئێرانییانی سەر بەوان، ئەرمەنییەکانیش (ئەوانەیان نەبێ کە زۆر هەژارن) هەموویان شاریان چۆڵکرد. بەڵام بەڕێوەبەرایەتی پۆست، هەر لە ژێر چاودێریی رووسدا، نامەکانیان سانسۆر دەکرد.

**رۆژی دووشەممە: (٤ی ژانویە)**

ئەو رووسانەی لە (مەراغە) و (گورگان) بڵاوەیان پێکرابوو و تۆپەکانیشیان لە دەست دابوو، کزۆڵە و داماو، گەیشتنە تەورێز. هەرئەو رۆژەش کە لەشکری رووس، لە (١)ی ژانویەدا (ورمێ) یان چۆڵ کردبوو، نزیکە و (دەیلەمان) ببوونەوە.

شەوێش (شیپلی)ی کۆنسولی ئینگلیز و سوارە هیندییە نێزەدار و سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی پۆست (کە بەلژیکی بوو) و (شوجاعولدەولە)، تەورێزیان بەجێهێشت.

**رۆژی سێ شەممە: ٥ی ژانویەی ١٩١٥**

لای حاکمی مەراغەوە هەواڵ گەیشت کە تورکەکان لەوێ دامەزراون. لە (ئەردەبیل)یش خەڵك و خێڵی شاهسەوەن، کونسوڵی رووسیان کوشتووە و دارایی و سامانی رووسەکانیان لە ناو بردووە.

**رۆژی چوارشەممە: ٦ی ژانویەی ١٩١٥**

کاتێك دوژمنانی ئێمە، یەکەیەکە، بۆ ماڵئاوایی، بۆکونسولگەریی ئەمەریکا دەهاتن، هەستێکی تایبەت دایگرتبووم.

سەرکونسولّی رووسیا بە شێوەیەکی یەکجار رێزدار لەشار دەچوو. هەرچەندە خەڵکی پێیان خۆش بوو بەشەق و تێهەڵدان لەشار دەری پەڕێنن. پێشتریش هەڕەشەی کوشتنیان لیٚ کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێرانیگەل باش دەیانزانی چ کاتێك شار بەجیٚ دەهێڵیٚ و ئەوەیشی راگەیاندبوو هەرکاتێك لە کۆنسۆلگە دەردەچیٚ، تەقەیەك دەکرێت. لە راستیشدا سەعات (٢)ی دوایی نێوەرۆ، دەنگی تەقەکە هات ومن گوێم لە ئوتومبێلی (ئۆرلۆف)، بوو، کە بەڕیٚ کەوت. ئەوەندەی نەخایاند کۆنسولّی ئەمەریکا، بە زەردەخەنەوە بۆ لام هات و پێمی وت:

پێت چۆنە گەشتێکی کورت بە ناو شاردا بکەین؟. پاسەوانەکانی بەر دەرکی کونسولگە رۆیشتبوون و من بۆ گەشتی ناو شار. بەڕیٚ کەوتم. کۆنسولّی ئەمەریکا، تا ئەو رادەیە تێدەگەیشت لەم پیاسەیەدا، هاوڕێیم بکات.

لە راستیدا (تەورێز) لەو رزگاربوون و ئازادی بە دەست هێنانەیدا، هەناسەیەکی ئازادی هەڵکێشا و پشوویەکی پێدا هاتەوە.

لە هەر کوێ دەردەکەوتین، خەڵکی خۆشیی و شادی خۆیانیان دەردەبڕی ئەوانەیان دەیانناسیم، بۆ لام دەهاتن و بەبۆنەی زیرەکیی و رزگاربوونمەوە پیرۆزباییان لێدەکردم.

لای (شیپلی)ی کونسۆلّی ئینگلیزەوە هەواڵمان گەیشتیٚ، کە هاوپەیمانە خۆشەویستەکەی واتە: (رووسیا): نێزەدارە هیندییەکانیان، لە سەر سنوور چەك کردووە !. کە ئەمەش بە ڕاستی کارێکی بیٚ شەرمانەبووە. چونکە ئەم سوارە ڕم بەدەستە هیندییانە، واچۆتە مێشکیانەوە، کە هەر لە سەرەمەرگدا، رم (چەکەکانیان) لە خۆیان جویٚ دەکەنەوە و گومانیشی تێدانییە، ئەم نەنگی و سووکایەتی پێکردنە، لە ئەستۆی گەورەکانیانە. بەو هۆیەشەوە کە دەسەڵاتی ملهوڕی رووسیا، رێز بۆ گەلانی خۆیشی دانانێت، بۆیە چاوەنواڕی ئەوەیشی لیٚ ناکرێت دڵی هیندییەکان رابگرێت.

هـــەموو كۆنســـوڵەكانی دەوڵـــەتانی دوژمـــن و رەوەنـــدەكانیان (جگـــە لەژمارەیەكی كەمیان)، تەورێزیان جێهێشت. ئەوانەی مابوونەوە، بریتی بوون لە: مولیتور – سەرۆكی بەرێوەبەرایەتی دارایی بەلـژیگ، لیـژون – سـەرۆكی بەرێوەبەرایەتی گـومركی بەلـژیك و دوای ئـەوانیش (پـیر) و (سـۆر)ی جووتـە كاربەدەستی رێكخراوێكی ئایینی ژێرچـاودێری، ئاڵمـان، كـە لـە ئورشـەلیم دا بوون. من بەڵێنی پارێزگارییم پێدابوون و بەتێلگرافیش داوام لە باڵوێزخانـەی ئاڵمان لە تاران كردبوو، ئەم فەرمانە جێبەجێ بكەن.

هاوكات داوام لەحكومەتی ئێرانیش كردبوو، بەپەلـە ژانـدارم و پۆلیسـی ئێرانی بۆ پاراستنی ئاسایشی شار ، بەرەو تەورێز بنێرێ. چونكە سـەربازانی رووسیا بە تەواوی شاریان چۆڵ كردبوو.

(نەصـــرالوزرا)ی جێگـــری كـــارگوزاری و (واثـــق الدولـــە)ی بەرپرســـی بەرێوەبەرایـەتی (داد)، كـە پێشـتر سـەر بـە رووسـەكان بـوون و خـەڵك بـە جاسووسی ئەوانیان دەزانین، لە شار دەرچوون و ئەمەش جێـی سەرسـوڕمان بوو! . لە ئێرانـدا كـارگوزار و نوێنـەری دەرەوەیـە لـە پارێزگەكانـدا و ئـەركی پێوەندی گرتنە لەگـەڵ كۆنسـوڵی بیانیـدا، كەچـی بـە هـۆی ئـەم كارەیـەوە، پێوەندی پتەو و بنەگرتنی (كاپیتۆلاسیۆن) لە ئێراندا، لە هەموو وڵاتانی دنیا زۆرترە.

هەر هەمان رۆژ باڵوێزخانە وەڵامی دایەوە كە باڵوێزی عوسمانی، بەڵێنی ئەوەی داوە. كورد و تورك هێمنیی دەپارێزن و بـەهیچ جـۆرێكیش مەترسـیی لەوە نەبێ، كە پێ لەبەرەی خۆیان زیاتر رابكێشن.

هەر ئـەو رۆژەش رووسـەكان لـە بـاكووری خۆرئـاوای تـەورێز، بـاكووری رۆخـی چـەمی (ئاچـی)، بەرابـەر ئـاوایی (قەرەمـەلیك)، شـوێنی دوا قـەراوڵی خۆیـان، كـە بریتییـە لـە تۆپخانـەی پیـادە و سـەنگەری چـوار مـەترەلۆز، دامەزراندووە و سێ توپیشیان لە ژێر پردی تەورێزدا جێگیركرد.

هەر لەم کاتەشدا پێشەنگی لەشکری کورد و تورك، لە بەرزاییەکانی باشووری تەورێز (سەردە روود)دا کۆببوونەوە. دەیانوت سەرکۆنسۆڵی رووسیاش لە دەوروبەری (مەرەند – باکووری شاری تەورێز) نیشتەجێ بووە.

رووسەکان بە تەلەفوون بەمنیان وت:

ئەگەر کوردێك، یان تورکێك، پێ بخاتە تەورێزەوە، شارەکە بە تەواوی بۆمباران دەکەن. (نایب الایاله)ش داوای لە من ئەوە بوو:

کورد و تورك نەیەنە شارەوە و هەر لە ئاقاری شار، دوای هێزی رووس بکەون. ئەوەندەی نەخایاند، بە زمانی فرەنسی تەلەفۆنێکم بۆ کرا:

ئێرە موختاربەك – ە، فەرماندەی هێزی سوارەی سوپای سەربەخۆی عوسمانییە. ئێوە چۆنن!؟.. من بەیانی رزگارتان دەکەم. بیستوومە رووسەکان دەیانەوێ شارەکە بۆمباران بکەن؟ ئەویش بەو تۆپانەی لە (ئاچی) هەیانە؟. ئێمە دەمێکە بە دووربینە ئاڵمانییەکانمان چاودێرییان دەکەین. تۆپخانەی قورس و پیادەی ئێمە دامەزراون و بەرلەوەی ئەوان تەقەیەك بکەن، هیچیان ناهێڵین.

لەبەرابەر ئەمەدا، دەستبەجێ تکای من بۆ ئەوەبوو دەرفەت بەو شارە لێ قەوماوە بدەن و بهێڵن رووسەکان چۆڵی بکەن و هەر لە (سەردە روود) راوە دوویان بنێن.

**موختار بەگ وەلامی دایەوە:**

تەنیا کاتێك لەم بارەیەوە چاوپۆشیی دەکەم، کە رووسەکان هێزەکانیان دووقۆناغ بەرەو باکوور دووربخەنەوە، ئەگینا تەقەیان لێدەکەین.

تێلگرافێکم بۆ تاران نارد و بۆ دەوڵەتی ئێرانم روون کردەوە:

ئەوەی لە دەستیان دێت، درێغی نەکەن و باڵوێزی رووس رازی بکەن هێزەکانیان لەشار دووربخەنەوە، تاگیانی دانیشتووانی تەورێز بپارێزرێت و بەهۆی شەڕی هەردوولایانەوە، شارەکە نەبێتە وێرانە.

دوای ئەمانە، ئاگادارینامەیەکم بۆ هات، تیایدا نووسرابوو:

لە قسەکردندا بەتەلەفۆن هوشیار بم. چونکە گوێیان لە قسەی من و موختاربەگ گرتبوو.

نایب الایالە، کە هەموو گفتوگوکانمانی بیستبوو، لە منی ویست موختاربەگ وا لێ بکەم شەڕەکە دوا بخات. منیش بۆ ئەمە، رۆژێکی تریش کەوتمە تەقەللا. خۆیشی لەولاوە داوای لە رووسەکان دەکرد بەرەو باکوور پاشەکشێ بکەن.

نامەم بە (شارل)ی دلێردا بۆ موختاربەگیش نارد و داوام لێکرد داخوازی خەڵکی شار، جێبەجێ بکات. ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دابوومەوە:

ئەو پەڕەکەی تا سبەینێ ئێوارە دەتوانێت راوەستێت. چونکە پێشتر فەرمانی بەرێ کەوتنی سەربازەکانی داوە. منیش (نووسەر) وەك سەربازێك بە چاکی دەمزانی، کە فەرمانی بەڕێ خستنی هێزی سەرباز و دەرکردنی فەرمانی پێچەوانەکەی، یان شکاندنی، بەتایبەتیش لەکاتی شەڕدا، ئاکامی شووم و کارەساتباری بەدواوەیە. لەبەرئەوە موختاربەگ کاتێ دەتوانێ هێرش رابگرێ، کە هەلومەرجی شەڕەکە پێویست بکات.

کەمێك دوای گەیشتنی ئەم تێلگرافە، (کە رەنگە رووسەکانیش لە ناوەرۆکەکەی گەیبن)، هەواڵی ئەوەیان دامێ، کە رووسەکان رووەو باکوور پاشەکشەیان کردووە.

**رۆژی پێنجشەممە: ٧ی ژانویە ١٩١٥**

لای (شارل)ی دلێر و موختاربەگەوە چەند تێلگرافێکم بۆ هات و لە دواییشدا سوارێکی کورد ئەم نامەیەی بۆم هێنا:

**٢٠ی سەفەر ١٣٣٣(٧ی ژانویە ١٩١٥)، سەردە روود**

بەڕێز کونسوڵ

*سەبارەت بە لەخۆبووردوویتان زۆر خۆشحاڵم، میرزا (مونشی) میهرەبانەکەی جەنابتان دەنگوباسی سەرکەوتنەکانی ئاڵمانی لە رووسیادا بۆ هێنام. نزیکەی مانگێکە هیچ رۆژنامەیەکم نەخوێندۆتەوە. سەر ئەنجام گەیشتمە تەورێز و لەسەر راسپاردەی جەنابتان و هاوکاری بەڕێزتان، کۆنسوڵی ئەمەریکا، هەموو توانای خۆیان بۆ راوەستان و بێدەسەلات کردنی دوژمنان بەکاردێنن. چونکە ئێمە مەبەستمان هەر هێرش کردنە بۆ سەر رووسەکان و حەز بە ئازاری کەس ناکەین، بێ ئۆقرەش بە هیوای وەڵامی فەرماندەی هێزەکانی رووسیام، کە بەدەستی ئێوە پێم دەگات. تکاتان لێدەکەم نەخشەی شاری تەورێزیشم بۆ بنێرن.*

*من ئەفسەری ئازوخە و سکرتێری باڵوێزی عوسمانی بووم لە تاران، تکا دەکەم رێز و سڵاوی من بە هێژا (کاردۆرف)ی کاربەدەستی باڵوێزخانەو (لیتن)ی براتان رابگەیەنن. بە شانازییەوە دەستی جەنابتان و جەنابی کۆنسوڵی ئەمەریکا دەگوشم.*

*فەرماندەی هێزی سوارەی سەربەخۆ:*

*موختار*

*تکاشتان لێدەکەم بۆ ئەوەی هەل لە دەست نەچێت بۆ لە ناوبردنی دوژمن، بێ هەدادان لەگەڵ سەردار رەشید _ نایب الأیاله لە راوێژدابە:*

*موختار*

هەروەها بڕیاردرا ئاهەنگی ئازادبوونی منیش، بەڕێز و شکۆیەکی زۆرەوە سازبکرێت. هەربەم بۆنەیەشەوە کوردەکان و تورکەکان پێیان خۆش بوو چەند رۆژێك لە کونسولخانەی ئەمەریکا بمێننەوە.

دانیشتووانی تەورێز و (شارل)ی دلێر، کە سەرلەنوێ بۆ تەورێز گەڕابوونەوە، بەشادمانییەکی زۆرەوە، ئالا و دیارییان بۆ کوردەکان ئامادە دەکرد و هەر ئەمانیش پێیان وابوو ئەو سوپایەی عوسمانی، کە بەرەو تەورێز بەڕێ کەوتووە، لەشکرێکی بەهێز و بەژمارەش زۆرن.

**رۆژی ٨ی ژانویە (کانوونی دووەم)ی ١٩١٥**

ئەحمەد موختاربەگ شەمخاڵ، لەگەڵ کوردەکاندا هاتنە ناو شاری تەورێز. هیچ زیانێکیش بە شارەکە و دانیشتووانەکەیشی نەگەیشت.

من خۆم بەجلوبەرگی یۆنیفۆرم و تایبەتی (سان – وە – کە تایبەتە بە سلاوسەندنەوەی سەربازییانە)، کلاوەکەم بە دەستمەوە گرتبوو، لەتەك هاوسەرەکەم و کونسولی ئەمەریکا و لە شێوەیەکدا، کە ریزی کورد و تورك بۆ شار دەهاتن، لە سەربانی کونسولگەوە، یانی پەناگەکەی خۆم، راوەستابووم.

هێزی تورك بەپێچەوانەی چاوەنواڕی رووسەکانەوە، تیپەکەی خەلیل بەگ نەبوون، چونکە بەو جۆرەی کە دواتر زانیم، ئەوان هێشتا لەسەر رێگەی (مووسڵ)دا بوون.

هێزەکەی تورك، کە بۆ ناو شار دەهاتن. هەر تەنیا چەند سەد کوردێك بوون، کە بە سواریی، یان پیادە بەرێگادا دەهاتن و چەکی جۆراوجۆریان پێ بوو.

جل و بەرگیان نەتەوایەتی کوردی بوو. لە پێش ئەم کۆمەڵەشدا عەرەبەکان و تورکەکان، کلاوی پاشایانەیان بەسەرەوە بوو، شمشێرەکانیشیان بەدەستیانەوە دەبریسکانەوە.

له پێش هەموو ریزەکاندا ئالآی سێ گۆشەی جیهاد، کە یەکێکی سەوز و ئەویتریش سوور، بەزێڕ رازێنرابوونەوە و هەڵدرابوون. لە دوای ئەم ریزەشەوە، تۆپچی قورس و پیادەی هەڵگری چەکی سووکەڵە، دەڕۆیشتن. چەکی قورسیش بریتی بوو لە تۆپێکی برۆنزی زۆر درێژ، کە بەسەر گوێدرێژێکی بچووکەوە تەکەتەکی دەهات.

بەدیتنی ئەم دیمەنە، دوو هەستی جیاواز تیامدا بزووت:

ئافەرینێکی فراوان و دڵتەنگییەکی قووڵ. ئافەرینەکەم بۆ گەورەیی و گرنگیی کارێك بوو، کەلەم هەفتەیەی دواییدا ئەنجام درابوو: هێزێکی بچووك، لە پیاوگەلێکی رق ئەستوور، سەرلەبەری سوپای رێك و پێکی رووسیای ناچارکرد پاشەکشێ بکات و هەموو دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە قین و رقێکی زۆریان لە سوپای رووس هەبوو، دەستیان بەدەستی یەکترەوە دابوو، هەریەکەیان بەگوێرەی توانای خۆی، لەو خۆگیڤ کردن و خۆهەڵکێشانە گەورەیەدا بەشدارییان کردبوو. گوێ هەڵخستن بۆ تەلەفون، تێلگرافی پەیتا پەیتا، وتەی زیندانییان و ئەوانەی خۆیان بەدەست دوژمنەوە دابوو و گەورە کردنەوەی ئەو هێزەی کە دەهاتن.. ئەمانە هەموو بۆ گەیشتن بەیەك ئامانج بوو: ئەوەی رووسەکان بەهەڵەدا بەرێ، بیانترسێنێ و لەشار دەریانپەڕێنێ.. ئەرێ میللەتێك بتوانێ کارێکی وا بەئەنجام بگەیەنێ، جێگەی رێزلێنان نییە ! ؟.

بەلآم دڵتەنگییەکەم بۆ ئەوە بوو، ئاخۆ داهاتوو چۆن دەبێت؟ ناتوانرێت ئەو کۆمەڵە کەمە، بەهێزێکی شەڕکەر هەژمار بکرێ. لەبەرئەوە شەڕکردن بەو هێزە کەمەوە، بەمانای تێشکانە. هەروەها ئەم مەترسییەش: کە ئەم سەرکەوتنە، کوردەکان مەست بکات و دوژمن بەزەبوون و کەم بایەخ بزانن و پێیان وابێت شەڕەکانی داهاتووش، هەروەك گرتنی تەورێز دەبێت.

ئەگەر لە جیاتی ئەم کۆمەڵە بچووکە، کۆمەڵێکی تر، کە لەسەر داخوازیی خۆیان چەك هەڵبگرن و خاوەنی سەرکردەی سیاسی و لەشکریش بن، بهاتنایەتە ناو شارێکی ئاوا دەوڵەمەند و گەورە و پێشکەوتووەوە، کە دانیشتووانەکەی (٢٠٠/٠٠٠) دووسەد هەزار کەس بێت، دیسان هەر هیچیان پێ نەدەکرا و لەو هەلومەرجەدا هیچ دیار نەبوو.

ئەو فەرمانانەی کە باڵوێزی عوسمانی هەر لەسەری دەڕۆیشت، بەرامبەر شپرزەیی و هەرچی و پەرچی بوونی ئەم کورد و تورکانەی خۆیان داوای ئامادەبوونی جەنگیان کردووە، چی پێدەکرا؟!

**رۆژی هەینی: ٨ی ژانویە (کانوونی دووەم)ی ١٩١٥**

وەك دیارە ئەوەی لێی دەترسام، هێشتا رووی نەداوە، من و ئەحمەدبەگ شەمخال، فەرماندەی هێزەکانی کورد و تورك، لە کونسوڵخانەی ئەمەریکا، دیدارێکمان بوو. سڵاوی بەڕێزان (فۆن کاردۆرف) و (لیتن)ی برامی لە تارانەوە پێگەیاندم. ئەحمەد موختار جێگەیەکی شیرینی لە دەروونمدا جێهێشت و متمانەم پێکرد. ناوبراو کەسێکی زیرەك و بەشەرەف دیار بوو.

ئەحمەد موختار وەك عەرەبی دەشتەکی، چەفتەوعەگالی بەسەرەوە بوو، شمشێرێکی کورت و لاری بەشێوەی تورکەکان، بەکەمەردا بەستبوو. چاوەکانی دلێریی و دڵنەواییان لێ دەباری و بەشێوەیەکی گشتی، بەدیتنی زۆر خۆشحاڵ بووم.

هاوکات لەگەڵ هاتنی ئەحمەدموختاردا بۆ تەورێز، دوو شۆڕشگێری ئێرانی، بە ناوی حسەین ئاغای فشەنگچی و حاجی میرزائاغای بلووری گەیشتنە تەورێز.

دوای دەرچوونی ئینگلیزەکان لە شار، بەداخەوە پێوەندیی تێلگرافی لەگەڵ تاراندا پسابوو. ئەحمەد موختار بەڵێنی دا: لە داخی بڕینی تەلی تاران

– تەورێز، تەلی تێلگرافی تەورێز – تەفلیس، بپسێنێ، کە هۆی پێوەندیی تاران – لەندەن بوو. هەر ئەو رۆژە شەڕکەرانی تورك (ئەوانەی خۆیان داوای ئامادەبوونی شەڕیان کردبوو)، ورمێ و سەلماس – یان لە ناوچەی (دەیلەمان) داگیر کرد.

**رۆژی شەممە: ٩ی ژانویە ١٩١٥**

سەردانی ئەحمەدموختاربەگم کردەوە. ئەحمەدبەگ بیروڕای خۆی هەر لەسەر دەرکردن و شوێن کەوتنی رووسەکان بوو. لە وەڵامی داخوازەکانمدا سەبارەت بە نەچوونە سەربازیی دوو تەبەعەکەی تورك و هەروەها پشتیوانی لە ئەوروپییان و خەڵکی تر، بۆ لای سەرۆکی فەرماندە: حیلمی بەگ و ئیبراهیم فەوزی بەگ، کە بڕیار بوو بگەنە ئەوێ، رێنمایی کردم. لە بارەی داخوازییەکی تریشمەوە بۆ پاراستنی هێمنی شار و خەڵکی بێدەسەڵات، چەند بڕیارێکی دا و چەند فەرمانێکی دەرکرد. لەگەڵ ئەوەشدا پێمی راگەیاند کە سبەینێ ئاهەنگی گەڕانەوەی رەسمیی من، بۆ کونسولگەی ئاڵمان ساز دەکرێ.

**رۆژی یەکشەممە: ١٠ی ژانویە ١٩١٥**

بۆ ئامادەبوون لەو ئاهەنگەدا، بەرگی رەسمیی خۆمم لەبەر کرد. ئەحمەد موختاربەگیش لە گالیسکەیەکی شووشەبەندا لەتەکمەوە دانیشت. بەشەقامەکاندا، کە پڕبوون لە کورد و دەستە و رێکخراوەی موزیکژەن، بەرێ کەوتین.

لەسەر شەقامەکان قۆزاقی ئێرانی، کەوتبوونە تەکمان، بەرگی خۆیانیان لەبەردابوو. تەنیا ئەو خاچانەی کە بەلێواری کڵاوەکانیاندا دادوورابوون، پچڕاندبوویان و هەر بەو چەکانەوەی کە رێزیان لە حوکمدارابی رووس

پێدەگرت، ئەمجار ڕێزیان بۆ ئێمە دادەنا. من پێم وابوو لە دڵی خۆیاندا دەیانوت:

دەسەڵاتدارانی بیانی، دێن و دەڕۆن، ئێمەش سەریان بۆ دادەنەوێنین، بەڵام خۆمان، هەر ئەوەین کە هەین.

لەم نێوانەدا سەردار ڕەشید – نایب الایالە و سەرانی کورد، لەکونسولگەی ئاڵمان کۆببوونەوە. ئاڵای (رایش)ی ئاڵمان، بەڕێز و شکۆیەکی سەربازییانە و تایبەتی هەڵدرا. دوای ئەمە، میوانداریی فەرمانبەرانی ئێرانی و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد کرا، کە لێرە ئامادەببوون.

ئەم سەرۆکە کوردانە، پیاوگەلێکی ئەوەندە شکۆدار بوون، هەرکەس بۆ یەکەمجار کە دەیدین، وای هەست دەکرد کە شاهانەبوونیان، لە ئەندامیان دەبارێ. ئەمانە، بەپێچەوانەی گەلانی تری خۆرهەلات، چاو لە چاوی مرۆڤ دەبڕن و پیاوانە دەستی دەگوشن.

کوردەکان هەردەبێ لەو کاردۆخە کۆنانەبن، کە (گزنەفۆن) باسی کردوون. ئاخۆ ئەمانە، هەر ئەو ڕەگەزە بەرزە نین، کە لەچیاکانی کوردستاندا نیشەجێ بوون؟!. من هەرگیز و لەهیچ شوێنێکی تر، ئەو هەموو جوانییە یەکانگیرە پیاوانەیەم نەدیوە. دیتنی ئەمانە، لەو ڕۆژەدا و لەژێر وێنەی (قەیسەر)دا، ئەو هەستەی تیامدا دروست کردبوو، کە ئەمانە خاوەنی خوێن و ڕەگەزی ڕەسەنن. ئەندامگەلی بەدەنیان شیرین، ئێسکی پێیان لاواز، قۆڵ و بازوویان پتەو، چاویان گەش، بالایان بەرز، قسە لە ڕوو، خاوەنی دڵێکی نەترس، خاوەنی ئەم هەموو تایبەتمەندییانە بوون.

ئەم ئاهەنگە، لە کونسولخانەی ئوتریش (نەمسا) و عوسمانیش سازدرا. شەوێ لە کونسولخانەی ئەمەریکا، میواندرییەك کرا، جگە لە من، سەردار ڕەشید و ئەحمەد موختاربەگیش ئامادەبوون.

**دووشەممە: ١١ی ژانویە (کانوونی دووەم)ی ١٩١٥**

ڕۆژی دواتر فەرمانبەرێکی ئێرانی، کەلە کۆمپانیای تێلگرافی ئینگلیزی کاری دەکرد، توانی تێلگرافەکەی تەورێز – تاران چاك بکاتەوە و بەڕێوەبردنیشی لە ئەستۆ بگرێ.

من پاسەوانێکم هەیە، کوردە. ئێستا ئەو کوردانەی لە کارگەی فەرشی ئێراندا نیشتەجێ کراون،[1] بوونەتە پارێزەری من و لە هاتوچۆکانمدا دەیانگەیاندم. چونکە دەبووایە خەڵکی ئەوە ببینن، ئەو ڕێزەی جاران لە کونسوڵی رووسیا دەگیرا، ئێستا لە کونسوڵی ئاڵمانی دەگرن.

شەوێ، بۆ بانگهێشتنی نانخواردنی سەردار رەشید، کە بۆ ڕێزلێنان لە موختاربەگ سازکرابوو، پارێزەرەکانم (کوردەکان) گەیاندمیانە شوێنی میوانداریيەکە.

ئەحمەد موختاربەگ، لای خەڵکی شار، خۆشەویست بوو. ئەو خۆشەویستییەش بە وتەکان و ئەو ئاگاداریيانەی بڵاوی دەکردنەوە، زیاتر دەبوو.

پۆلیسەکانی ئێران، کە لە ناو شاردابوون، هاتنی کورد و تورکە خۆبەخشەکانیان بە هەل زانی و کردبوویاننە بیانوو بۆ بەتەنگ هێنانی خەڵك و سەرانە لێ سەندنیان. ئەو کەسانەی کتێبی (حاجی بابای ئیسفەهانی) یان خوێندبێتەوە[2]، ئەمەیان بەلاوە سەیرنییە.

---

[1] واتە ئەو کوردانەی لە شوێنە دوورەکانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ و بۆ (تەورێز) هێنراون، هەندێکیان لە کارگەی فەرشی ئێراندا نیشتەجێ کراون.

[2] حاجی بابای ئیسفەهانی: ناوی ئەو کتێبەیە، کە: جێمس موریە (١٧٨٠ – ١٨٤٩)، لە ساڵی (١٨٢٤)دا، بە دوو بەرگ نووسیویێتی. کتێبی یەکەمیان کە (٣٩١) لاپەڕەیە، بەناوی (بەسەرهاتی بابای ئیسفەهانی و چوار ساڵ دواتر (١٨٢٨)، بەشی دووەمی، یان پاشکۆیەکی بەناوی (بەسەرهاتی حاجی بابای ئیسفەهانی لە ئینگلستان) نووسی.

ئەحمەد موختار بەگ، بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم گێچەڵ پێکردنە، ئاگادارینامەیەکی بۆ دانیشتووانی شار بڵاو کردەوە، کە لەسەرتاسەری شاردا بڵاوبووەوە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

**هەموو خەڵکی ئاگادار دەکەینەوە لەوەی: وەك بۆمان دەرکەوتووە پۆلیس و کەسانی تر، بەبیانووی وەرگرتنی سەرانەوە، دەردەسەریی بۆ دانیشتووانی شار دروست دەکەن. ئێمە لەم جەنگەدا سەرکەوتووین و پێویستیمان بەمجۆرە شتانە نییە. بۆیە داوا دەکەین ئەوانەمان پێ بناسێنن، کە سەرانەیان لە خەڵك وەرگرتووە، تا سزابدرێن.**

**ئەحمەد موختاربەگ.**

لە ئاگادارینانامەیەکی تردا، کە بە دوعای خێر بۆ سوڵتانی عوسمانی و قەیسەری رووس و شای ئێران دەستی پێدەکرد، رایگەیاندبوو: تورکەکان بۆ سەربەخۆیی سەرتاسەری ئێران، رێز دادەنێن و نابێت هیچ فەرمانبەرێکی ئێرانی و دانیشتووانی شار، ئازار بدرێت و گێچەڵیان پێ بکرێت.

ئاگادارینامەی سێیەم، بە تورکی و فارسی لە چاپ درابوو، بە دیوارەکاندا لکێنرابوو:

**دوای باسی جەنگ و سەرکەوتنی جەنگاوەرانی خۆبەخشی کورد و تورك، وترابوو: لە هەموو شوێنێك بەزەیی و لوتفی خودا و چاودێریی پەیامبەری گەورەی ئیسلام، لەگەڵماندابوون. ئێمە بۆ شەڕەخۆریی دنیایی، بەشەڕ نەهاتووین...**

ئەم ئاگادارینامانە بە ناوی ئەحمەد موختارەوە بڵاونەدەبوونەوە، بەڵکو هەڕەشەی لەو کەسانە دەکرد، کە بە هاتنی کورد و تورکی خۆبەخش، هەلیان بۆ تاڵان و بڕۆ دەست کەوتبوو و ڕایدەگەیاند:

دەبێ چاوەنواڕی سزای سەخت بن.

### سێ شەممە: ١٢ی ژانویە ١٩١٥

ئاگادارینامە و داخوازییەکانی ئەحمەد موختاربەگ، بۆ بەشداریکردنی خەڵکی، لە جیهاد دا، سەری نەگرت. ئەم ئاگادارینامانە، بە ناوی ئەحمەد موختارەوە نەبوون، بەڵکو کەسانێکی تر لە دەرەوەی وڵات، لەتەک خۆیاندا هێنابوویانن و فەتوای عولەمایانی موسڵمانی تێدا نووسرابوون، سەبارەت بەوەی دەبێ هەموو کەس لە جیهاد دا بەشداربێت.

سەیر لەوەدا بوو، شوێنی لکاندنی ئەم ئاگادارینامانە، لەتەنیشت وتەکانی (شا)وە بوو، کە لە ١٦ی موحەڕەمی ١٣٣٣ (١٥ی دیسامبەری ١٩١٤)دا، بەبۆنەی کردنەوەی ئەنجومەنەوە بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوون. وتەکانی (شا)ش ئەمانەی تێدابوون:

**لەبەرئەوەی بەداخەوە، ئێستا ئاگری شەڕ لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپادا هەڵایساوە، دەوڵەتی ئێمە (ئێران) ڕێگەی بێلایەنیی هەڵبژاردووە و وەك جاران پێوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی دژ بە یەك، ڕادەگرێ.**

هەڵبەتە دوای بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنی جیهاد، هەندێ کەس خۆیان ناونووس کرد و چەکیشیان درایە. بەڵام لە نێوان ئەمانەدا، هەندێ کەسیان تێدابوو، چەکیان بۆ ئەوە هەڵنەدەگرت، شەڕ لەگەڵ رووسیا بکەن. بەڵکو وایان پێ باشتر بوو وەك کۆمەڵێکی ڕێکخراو، دانیشتووانی تەورێز تاڵان بکەن.

تووڕەیی و سەرسوڕمانی موختاربەگ ئەو کاتە زیادی کرد، کە ئێرانییانی هاوڕێی، وایان دەزانی (ئەحمەد موختاربەگ) دەتوانێ هێزەکەی خۆی، بەشەڕکەرانی خۆبەخشی تەورێز، بەهێزتر بکات.

گۆرانییەکی کۆن هەیە، ناوەرۆکەکەی بۆ کاتی شەڕیش مانای هەیە، دەڵێ:

له شەڕدا، نەبەرگی سەربازیی و نەچەك و پێداویستی، بەڵكو مەشق و ڕاهێنانی شێنەیی سەرباز، بەر لە دەست پێكردنی شەڕ، دەبێتە مایەی سەركەوتن و بەتایبەتی ئەمجۆرە مەشقانە، بۆ شارنشینەكان زۆرتر پێویستە، تا ڕادەی تواناییان وەك گوندنشینەكان لێ بكات. چونكە ئەوان هەمیشە بەبۆنەی شەڕی ناوخۆوە، ئامادەیی زۆرتریان بۆ شەڕی بەرامبەرێن هەیە.

بەتایبەتی ئەم جیاوازیی توانای شەڕ كردنە لە ئێراندا، لە نێوان شار و گوند دا، زۆر ئاشكرایە، نەك هەر لەبەرئەوەی شارنیشینەكان، وەك وڵاتانی ئەوروپا، سەروكاریان لەگەڵ كار و پیشەسازیدا هەیە و گوندنشنیان خەریكی كشتوكاڵن، بەڵكو لە ئێراندا ئەو كۆچەرانەی لە دەرەوەی شاردا دەژین، زۆربەیان ئاژەڵدارن و لە تەك سەرۆكەكانیاندا، هاوین و زستان، گەرمیان و كوێستان دەكەن، سەرۆك هۆزەكان چەكداریان كردوون، زۆر جار لەسەر لەوەڕگە و زۆرجاریش بۆ پاراستنی خۆیان لە هەڵمەت و هێرشی دوژمن، بەشەڕ هاتوون. لەبەرئەمە لە كەش و هەوای ناسازگاریشدا توانای شەڕیان هەیە.

بەلام دانیشتووانی شار، لەبەر ترسێكی لە ڕادەبەدەر لەم خێڵانە، شەڕانیی نین و بەدەگمەنیش لە دەروازەی شار، كە دەیانپارێزێت دوور دەكەونەوە. هەر بۆیە شەڕ بە تەنیا بەسەرباز دەكرێت، نەك بە خەڵكی ئاسایی. ئەگەرچی ئەم خەڵكە، بەرگی سەربازیش لە بەربكەن. بەلام لێرە (ئێران) نەخەڵكی شار و نەخەڵكی عەشایەر، هیچكامیان شەڕكەری تەواو نەبوون. عەشایەرەكان تا ڕادەیەك باشتر بوون و فەرمانیان لە موختاربەگیش وەردەگرت. بەلام شەڕكەرانی تەورێزی، نەك تەنیا پتەو نەبوون، بەڵكو هەر بۆ شەڕكردنیش دروست نەكرا بوون.

سەرئەنجام ئەحمەد موختاربەگ داوای لە خۆبەخشانی شار كرد، یا بە تەواوی و ڕێك وپێك لەگەڵیاندا بن، یان چەك بكرێن. ئەم كارەش بووە هۆی

ئـەوەی ئـیتر ئـەم بەڕێزانـە! ئەحمـەد موختاربـەگیان بـەدڵ نـەبێت. چـونکە ئەمانە لە شەڕی ئازادیخوازیدا، هەر فەرمان دەرکردنیان پـێ خۆش بـوو، نـەك فەرمان بەجێ هێنان! . تەنانەت (شارل)ی دلێریش، کـەوتبووە خوێندنـەوەی وتاری دلێرانە و خەڵکی دژی ئێمە هاندەدا. منیش بۆ ئەوەی هۆی هەڵایسانی شەڕ کەم بکەمەوە، بەبیانووی ئەوەی لە تـاران کـاری گرنگیـان پێیـەتی، بـۆ تارانم نارد.

**چوارشەممە: ١٣ی ژانویە (کانوونی دووەم)ی ١٩١٥**

کاتێ هەواڵمان گەیشتێ، کە لەشکری تێشکاوی رووس، هێرشی بۆ سـەر گوندی (ئەلوار) هێناوە، لە سەرجادەی (سـۆفیان)ی نزیکـی شـاری تـەورێز و ئاگری تێبەرداوە، ئەو بەرێزانـە! زیـاتر کەوتنـە دووره پـەرێزیی و (شـارل)ی دلێریش بۆ تاران چوو.

ئەحمـەد موختاربـەگیش لەگـەڵ ئاگـاداریی ترسـناك و دەسـتبەجێ و بەپەلە بۆ کوردەکان و هوشیار کردنەوەیان، هەموو ئەو شەڕکەرە شارییانەی نیـازی هاوکارییـان نـەبوو، چـەکی کـردن و لەگـەڵ پاشمـاوەی کـورد و شەڕکەرەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ لەشکری رووس، بەڕێ کەوت.

رووسـەکان ڕووەو (مەرەنـد) و (جولفـا)، لـە سـەر سـنووری رووسـیا – ئێراندان.

ریزەچـیایەك لـە نێـوان (مەرەنـد – سـۆفیان) دایـە، بـۆ گەیشـتن بـە (مەرەنـد)، دەبـێ لـە گەردنـەی (جـام)ەوە تێپـەڕن. لـەم گەردنەیـەدا بـوو رووسەکان و کوردەکان بەرابەر یەکتر رووبەڕووبوونەوە.

بەڵام لـە تـەورێز، بـەهۆی بڵاوبوونـەوەی ئاگادارینامـەی سـەر دیـوارەوە راگەیانـدرا، کـە (محەمـەد حەسـەن مـیرزا)، بـرا و جێنیشـینی (١٦) شـازدە سـاڵانەی شـای ئێـران، لـە رۆژی ١٧ی ژانویـە، لـە تارانـەوە بۆحوکمـداریی ئازەربایجان، بۆ تەورێز دێت.

وەك لــە مێــژەوە لــە ئێرانــدا بــاوبووە، جێنشــینانی (شــا)، دەبــوون بەحاكمی ئازەربایجان و لە تـەورێز نیشـتەجێ دەبـوون. ئـەو حوكمڕانـەی لـە نـەبوونی حاكمـدا، راسـپێرییەكانی جێبـەجێ دەكـرد، پێییـان دەوت: نایـب الایاله. چونكە ئەم (شا)یە، لە ساڵی (١٩١٤)دا، تاجی لەسەر نـابوو. كورسـی حوكمڕانیی ئازەربایجان تا ئەو كاتە، بێ خاوەن مابوو. خەڵكی تەورێزیش لـە رێگەی ئەوئاگادارینامانەوە، ئاگاداری هاتنی (وەلیعەهد) ببوون.

وەزارەتی ناوخۆش تێلگرافێكی نارد و رایگەیاند:

وەلیعەهد و هاوڕێكانی، رۆژی ١٧ی ژانویە لە تارانەوە بـەڕێ دەكـەون و (نیزام الملك) یشیان بە ناوی (پێشكار)ەوە لەگەڵدایە. وەزارەتـی نـاوخۆ، لـە تێلگرافێكی تردا بە نایب الایاله)ی راگەیاند:

بۆ مەسرەفی سەفەری وەلیعەهد و وەزیرەكـان، بڕیاریـان لـە سـەر ئـەم خاڵانە داوە:

١_ ئەو كەسانەی باجی ساڵی كەروێشكیان لەسـەرە، سـێ یـەكی بـاجی نەختینە، لە بەر یارمەتیدانی دەوڵەت، بەپەلە بەناوی باجی ساڵی كەروێشـك، بـە بەڕێوەبەرایـەتی گەنجینـەی دەوڵـەت دەسـپێرن و لەبەرامبەریـدا پسـووڵە وەردەگرن.

٢_كۆی ئەم پارانە دەكرێتـە مەسـرەفی گـارد و هاوڕێیـانی وەلیعەهـدی خاوەن شكۆ.

٣_ئەركی جێبەجێكردنی ئەم خاڵانەش، لەسەر وەزیری داراییە.

بەگەیشتنی ئـەم تێلگرافـە، بڕیـاری تـەواو بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم خاڵانـە، بەوردیی بدرێت. پارەی ئامـاژەپێكراو بـە ئیـدارەی دارایـی بـدەن. وەزارەتـی داراییش پێشترخۆی فەرمانی ئەنجامدانی ئەم ئەركانەی داوە.

هـەروەها بەیارمـەتی دەسـەڵاتدارانی پارێزگـەكان (ئەیالـەت)و دەوڵـەت، دەبێ ئـەم پارانـە لـە مـاوەی (١٠ تـا ١٢) رۆژدا بگاتـە دەسـگای خەزنـەداری دارایی لە تاران.

ئەم تێلگرافە وەك ئاگادارینامەیەك بلاّوکرایەوە و(مولیتۆر)ی سەرۆکی بەلژیکی ئیدارەی داراییش مۆری کردبوو.

مولیتۆر – یش بە لەبەرچاوگرتنی داب و دەستوور، بەو کەسانەی راگەیاند، کە باجی دواکەوتووی پار و ئەمساڵ و سێ یەکی ساڵی داهاتوویان لەسەرە، لە ماوەی(٨) رۆژدا، بە ناوی یارمەتییەوە بەئیدارەی دارایی بگەیەنن

دیارە خەڵکیش خوویان بەمەوە گرتبوو، دەیانزانی ئەوانەی تازە دەکەونە سەر لەقاندن ومنم، منم کردن، بەباج وەرگرتن خۆیان بەخەڵکی دەناسێنن. باج بڕینەوە خۆی لەخۆیدا نیشانەی دەسەلاّتە و وەرگرتنیشی، دیاردەی دامەزراندنی حکومەت و رادەی دەست رۆیشتنی گەورەی مەملەکەتە. بەمجۆرە خەڵکی دەیانزانی کە (شا)، بیری لای ئەوانە و ناردنی وەلیعەهدیش لەم هەلومەرجە ناسکەدا، نیشانەی ئەوە بوو کە کاربەدەستانی پایتەخت، بڕیاریان داوە هێزی خۆیان بەسەر ئازەربایجان دا بسەپێنن. بەم بۆنەیەوە یارمەتی، بەسەر سندووقەکانی دەوڵەتدا، دا باری.

**رۆژی هەینی: ١٥ژانویە ١٩١٥**

من و کونسوڵی ئەمەریکا، بۆ پاراستنی فەرمانبەرانی بەلژیکی ئیدارەی دارایی، بەڕێ کەوتین: نامەیەکمان لە موختاربەگ بۆ وەرگرتن. ئەوانیش توانیان کاری خۆیان بێ ملۆزم و مێمڵ بەڕێوە ببەن و بەڵێنیش درا، کەس بەرۆکی میسیۆنێرانی ئەمەریکی و فرەنسی نەگرێت.

ئەوکاتەی ئەوروپاییانی ناوشاری تەورێز بۆیان دەرکەوت من دەسەلاّتم بەسەر کوردەکاندا دەڕوات و لەوە گەیشتن دەتوانم دیانەکانیش بپارێزم، پاڵیان لێدایەوە.

ئەرمەنەکانیش، کە تا ئەو کاتە خۆیان لە ماڵەوە شاردبۆوە، هاتنەوە دەرەوە و دیسانەوە دەستیان بەتەشقەڵە کردەوە. بەمجۆرەش کە بە درێژایی رۆژ، لە دەورووپشتی ماڵەکانی خۆیاندا رادەوەستان، ئەمەش ترسی تێهەڵچوونیانی لەگەڵ کوردەکاندا زیاتر دەکرد.

میسیۆنێرانی فرەنساییش، کە وەك دیار بوو ترسی رابووردووی خۆیان لە بیرچووبێتەوە، پەیتا پەیتا زەنگی کلێسەکانیان لێدەدا. بە جۆرێکی وا، ناچار دەبووم جار جار بیریان بخەمەوە، کە رەنگە بەم خۆنیشاندان و خۆدەرخستنە ئایینیانە، دەمار و رەگی موسڵمانانی وشك و شەڕانیی، ببزوێنن و ئاژاوەیەك بقەومێ.

شەوێ، من و هاوسەرەکەم میوانی (پیت مان)ی سەرۆکی میسیۆنی ئەمەریکایی بووین.

### رۆژی شەممە: ١٦ی ژانویە ١٩١٥

لەم رۆژەدا پاشماوەی تورك و کوردانی خۆبەخش، بە سەرکردەیی ئیبراهیم فەوزی بەگی نوێنەری مووسڵ، لە ئەنجومەنی میللی عوسمانی و حیلمی بەگی ئەفسەری تورك، گەیشتنە تەورێز و من لەگەڵیاندا ئاخاوتم.

ئیبراهیم فەوزی بەگ، ئاگادارینامەیەکی بڵاوکردەوە، تیایدا نووسرابوو:

مخابن بڕێ لە شەڕکەرانی ئێرانی، خۆیان لای خەڵکی بەسەربازی تورك ناساندووە و داوای پارەیان لێدەکەن. لەبەرئەمە رایگەیاندبوو:

*فەرماندەی هێزی جەنگ و فەرماندەکانی هێزی گشتی سوپای عوسمانی و هەموو دانیشتووانی شار و ئەو کەسانەش کە لە مەوبەر لە ریزی چاودێریی رووسەکاندا بوون، ئەگەر بێتو کەسێك داوای پارەیان لێ بکات، دەستبەجێ فەوزی بەگ ئاگادار بکەنەوە و ئەویش بەگورجی سزایان دەدات. چونکە تورك بەنیازی رووتاندنەوە و تاڵانیی، بۆ تەورێز نەهاتوون. ئامانجیان هەر تەنیا پاککردنەوەی ئەم وڵاتەیە لە هێزی رووس و خزمەتکردنی ئیسلام..*

ئاگادارینامەکە ئەمەیشی تێدابوو:

گوایە فەوزی بەگ، بە داخەوە تێگەیشتووە، کە بڕێك لە ناونیشانی دوکانەکان، بەزمانی رووسین و بە پاشگری ((ئۆف)) تەواو دەبن. لەبەرئەوەش کە ئازەربایجان، ولاتێکی موسلمانە، بۆیە رێگەی ئەم کارانە نادات و هەرنووسراوێکی رووسیی، تەنانەت ئەگەر زۆریش بێت، دەبێ پاك بکرێنەوە. ئەوەیشی سەرپێچی بکات، سزا دەدرێت.

لە کۆتایی ئاگادارینامەکەشدا نووسیبووی:

*کەربەلایی حسەینی فشەنگچی، یەکێك لەو ئێرانییانە بوو، کە خۆی بۆ جەنگ ناونووس کردبوو، بەلام بەو هۆیەوە کە بەرتیلی لە خەلکی وەرگرتبوو، سزا دراوە.*

ئەوندەی پێ نەچوو تورکەکانیش کەوتنە پارە کۆکردنەوە. بۆ ئەمەش پسوولەیان لە چاپ دا. جیاوازیی ئەم پسوولانە و ئەوانەی پێشوو، هەر ئەوەندە بوو، لە بری ئەوەی لە سەرەوە بنووسرێ: باج، یان: سەرانە. نووسرابوو: یارمەتی!.

ئەم پسوولانە (کەوێنەی یەکێکیان لەگەڵ ئەم وەرگێرانەدایە)، بە زمانی فارسی و تورکی نووسرابوون و فەوزی بەگ بەسپێتی مۆری خۆی لێدابوون، ناوەرۆکیان بەمجۆرە بوو:

نیشانەی: مانگ و ئەستێرەی لە سەربوو.

بڕی.... تمەن، یارمەتی لە جەنابی....وەرگیرا. ئەم یارمەتییە بۆ مەسروفاتی پێویستی سوپای سەرکەوتووی عوسمانی و موجاهیدینی ئیسلامە.

مێژووی... مانگی ١٣٣٣[١]. فەرمانـدەی سەربازانی عوسمانی و موجاهیدینی ئیسلامی و نوێنەری مووسڵ. مۆر: ئیبراهیم فەوزی ١٣٣٤[٢].

---

[١] مانگی (صەفەر _ ی ١٣٣٤ کۆچی)

[٢] ١٩١٥ زایین



عسکر عثمانیه ومجاهدین اسلامیّه یه صرف ایدلمك اوزره

تبریز ارباب حمیتمنداندن ............ تبرع ایتدیکی ............

تومن اعانه قبول و تماماً تسلیم آلنمشدر

رئیس عساکر عثمانیه ومجاهدین اسلامیه
و مبعوث موصل

مبلغ ............ تومان بعنوان اعانه ازجناب آقای ............

دریافت گردید این وجه بمصارف لازمهٔ عساکر منصورهٔ عثمانی

و مجاهدین اسلامی خواهد رسید

بتاریخ ...... شهر ............ ۱۳۳۳

رئیس عساکر عثمانی ومجاهدین اسلامی
و مبعوث موصل

**رۆژی یەکشەممە: ١٧ی ژانویە ١٩١٥**

چـووم بـۆ سـەردانی سـەردار رەشـید_ی نایـب الایالـە. دوای ئـەو، لـە فەرمانـدەی هێـزی شـەڕکەری تـورك: ئیـبراهیم فـەوزی بـەگ و سـەرۆکی ستادەکەی: حیلمی بەگ – م بینی. سـەرنجی فـەوزی بـەگ، هـەر لـە بـارەی پێداویستییەکانی سوپا و کـاری ئیـداریی و سیاسـی بـوو. بەتایبـەتیش لـەوە نیگەران بوو، کە ئێران سوور بوو لەسەر راگرتنـی بێلایـەنیی لـە ئازەربایجـان دا.

**رۆژی سێ شەممە: ١٩ی ژانویە ١٩١٥**

ئـەمڕۆ بـۆ چـایی خواردنـەوە، لای فـەوزی بـەگ میـوان بـووم. لـەم سەروبەندانەدا بڕیارێکی ژیرانەش درا، کە ئەمە بوو:

فەرمانبەرانی بەلـژیکی لـە بەڕێوەبەرایـەتی دارایـی، پسـووڵەی ئـەوەیان وەرگـرت، کـە لـە نـاو بازنـەی پارێزگـاریی تورکـدابن. ئـەم پسـووڵەیەش لـە دەستدرێژیی و ئازاردانیان لـە لایـەن موسـڵمانانەوە دەیپاراسـتن و سـەرباری ئەمەش دەرفەتی کارکردنی بۆ دەڕەخساندن..

شتێکی دیکەشیان کرد، ئەویش ئەوە بوو:

کاتێ سەردار رەشید بۆ رێزلێنانیان، میوانـداریی کردبـوون، پێوەنـدییان لەگەڵیـدا تونـدتر کردبـوو. ئـەم میوانـداریی و ئاهەنگـەش، لـە کۆشـکی نایـب الایالە و بەشێوازێکی تەواو و بـەو جـۆرەی ئێرانییـەکان زۆریـان پـێ خۆشـە، سـازکرابوو. بەشـداربووانی ئـەم ئاهەنگـە، جگـە لـە مـن و هاوسـەرەکەم، کونسـوڵی ئەمـەریکا، ئیـبراهیم فـەوزی بـەگ، حیلمـی بـەگی سـەرۆکی ستادەکەی، کاربەدەسـتانی بـاڵای ئێرانـی و هـەموو سـەرۆک عەشـیرەتەکانی کورد بوون.

کاتێك لـە هۆڵەکـەدا بـەلێواری مێـزی نانخواردنەکـەدا تێپـەڕ دەبـووین و گوێمـان لـە ئـاوازی موزیـك دەبـوو، سـەرۆك هۆزەکـانی کـورد، بـە دەوری هۆڵەکەدا راوەستابوون و بەڕێزگرتنەوە چاویان لە چاوی ئەو کەسانە دەبڕی، کە بۆ ژوورەوە دەهاتن.

بەڕاسـتی خواردنەکـەیان خـۆش و بـەتام بـوو. هـەمووی بەدەسـتی کابرایـەکی پسـپۆری رووسـی سـازکرابوون، کـەلای سـەردار رەشـید بـوو. خواردنـەوەکانیش (مـەی) زۆربـاش بـوون، بەتایبـەتیش کـە خواردنەوەیـەکی وەك (لیب فرون میلش)ی چاکیشیان لەناودابێت.

کـاتێ کـە نـۆرەی نۆشـینی (شـامبانیا)ش گەیشـت، سـەردار رەشـید وتارێکی بەجۆش و کوڵی دا و تیایـدا بـە ئاشـکرا و تونـد، باسـی رزگـاربوونی لەژێر دەستیی و چەوساندنەوەی رووسە چەپەڵەکان کرد.

دوای ئـەویش ئیـبراهیم فـەوزی بـەگ قسـەی کـرد و باسـی برایـەتی موسڵمانانی هێنایە گۆڕ.

پاشان حیلمی بەگ هەستاو بەفیز و لەخۆباییبوونێکی زۆرەوە، خۆی بـە قوتابییەکی گەورەترین ستراتیژیشـت، واتـە: (ڤـۆن دەر گـۆیتس ( VON der goits) ناوبرد و وتی:

مەشقی سـەربازیی خـۆی، لـە ئەفسـەرانی ئەڵمانیاییـەوە فێربـووە و لـە کۆتاییشدا بە: بژی (هیندنبورگ: Hindenburg) قسەکانی دوایی پێهێنا.

کونسوڵی ئەمەریکاش قسەی کرد و زیرەکانە دوا و ئەمەی ڕوونکردەوە، کـە بـەلای ئـەوەوە، بـەهاتنی تورکـەکان خۆشـحاڵە، بـەڵام خـەمی ئـەو، لـەم هاتنـەی تورکدا، هـەر ئەوەندەیـە، کـە ئـیتر بـەهاتنی تـورك، لـە دانیشـتن و کۆڕەکانی (لیتن) و خانمەکەی، بێبەش و مەحرووم دەبێ.

**ڕۆژی چوارشەممە: ٢٠ی ژانویە ١٩١٥**

هەرتـــەنیا هەفتەیـــەکی مـــاوە بـــۆ ٢٧ی ژانویـــە، واتـــە: (٥٦) پەنجاوشەشەمین ساڵیادی لە دایکبوونی (قەیسـەر)ی ئاڵمـان. بـەو کارتانـەدا کە ناردمن، رامگەیاند:

بە بۆنەی ئەم رۆژەوە، کە بۆنەی (٢٧)ی مانگی ژانویەیە، پێشوازییەکی بەشکۆ، بـەجل و بـەرگی تایبـەتی یۆنیفۆرمـەوە، لـە کونسـوڵخانەی ئـەڵمانیا سـازدەکرێ. دوای ئـەوەی (نایـب الایالـە)ش، هەڵوێسـتی خـۆی یـەکلایی کردەوە، ئیتر کاربەدەستانی تری ئێرانییش، هەڵسوکەوتی باشـتریان لەگـەڵ مندا دەنواند.

هــەر ئــەمڕۆ بــە هــۆی ئــەو ئاگادارینامانــەوە، کــە ســەردار ڕەشــید بەدیوارەکانەوە لکاندبوونی، هەواڵ گەیشت کە تورکەکان هێڵی تێلگرافیان لە ژێر چاودێریی خۆیاندا داناوە و ناردنی تێلگرافی ڕەمزیـی، قەدەغەیـە. بـەڵام ئــەم بڕیــارە منــی نەدەگرتــەوە و دەمتــوانی وەك جــاران تێلگرافــی ڕەمزیــی وەربگرم و بنێرم.

**ڕۆژی هەینی:٢٢ی ژانویە ١٩١٥**

ڕووســەکان لــە گەردنــەی (جــام) دا، شــوێنەکانی خۆیــان قــایم کردبــوو. چاوەنواڕی هێزی یارمەتیدەریان دەکرد. موختار بەگ و کوردەکـان و ئـەوانی تــریش، ئەوەنــدە بــە هێــز نــەبوون بتــوانن ڕووســەکان لــە وێ هەڵبەکــەنن، بەتایبەتی کە چەکەکانیشیان خراپ بوون.

**ڕۆژی شەممە: ٢٣ی ژانویە ١٩١٥**

بۆ ئەوەی لە چۆنێتی کاروباری سەربازییانە، دڵنیایی بە دەسـت بهێـنم، بڕیارم دا ڕاستەوخۆ خۆم سەردانی بەرەکانی جەنگ بکـەم و حیلمـی بـەگیش لە تەك خۆمدا بەرم. بەخێزانمم وت:

بۆ کۆبوونەوەیەك دەچم و شەویش درەنگ دێمەوە.

شــەقامی گــەورەی شــارمان بەجێهێشــت و بــێ وچــان (٥٠) کیلۆمــەتری ڕێگەمان بەرەو (سۆفیان) بڕی. کـاتێکیش شـوفێرەکە لـەوە دڵنیـای کـردین، دەتوانێــت بەرلــەوەی بگەینــە شــوێنی دامــەزرانی ڕووســەکان، ئوتومبێلەکــە ڕاگرێت، ئەوسا ئیتر وردە وردە بەڕێ کەوتین.

لەمبەر و ئەوبەری ڕێگەوە، ئەو چەکە (شرینیل)انەی سـازیان کردبـوون، دەبینران. کوردە بریندارەکانی سەر ڕێگەکە دەیاننالاند. هەندێکیشـیان دادو سکالایان بە دەست تووشبوونی زەحیریی و گرانەتی‌ — وەبوو.

له ناکاویکدا کۆمەڵێك سوارم دیتن، بەرەو لای ئێمە دەهاتن. کە نزیك بوونەوە، فەرماندەکەیانم ناسییەوە، موختار بەگ بوو. ئوتومبیلەکەم راگرت و لێی نزیك بوومەوە و پرسیم:

لێرە چ باسە؟. پاشەکشێ دەکەن؟ وەڵامی دایەوە:

هاوڕێی خۆشەویست! ئێمە لێرە ژیمناستیك دەکەین. ئەوەی دەکرێت، دووپات کردنەوەی کارەکانی پێشووە.

له ئەسپەکەی دابەزی. خۆر وردە وردە بەرەو ئاوابوون دەچوو. پیادە بەرەو (سۆفیان) بەڕێ کەوتین. بەدەم رێگەوە پێمی وت:

بەڵێ. بەڕاستی ئەوەی ئێمە لێرە دەیکەین، وەك ژیمناستیك وایە. هەموو رۆژێك ئەم کوردانە، زۆر جەربەزانە و بە هەراو هوریا و گرمە و قاڵە قاڵ، هێرش بۆ سەر سەنگەری رووسەکان دەبەن. لەگەردنەی (جام) دا سەنگەرەکان داگیر دەکەن. بەڵام کە تاریکیی داهات، سەنگەرەکان چۆڵ دەکەن و زۆر سەرودڵخۆشن.(١٥) پازدەکیلۆمەتر رێگەی سۆفیان، بۆ خواردن و خەوتن و تیماری ئەسپەکانیان دەبڕن و رۆژی دوایی بەخۆیان و ئەسپەکانیانەوە هەڵدەکوتنەوە سەر هەمان سەنگەر و بە سەر سوڕمانەوە رووسەکان دەبینن، کە هێشتا بۆ وڵاتی خۆیان هەڵنەهاتوونەتەوە، بەڵکو دیسان سەنگەرەکانیان پڕکردۆتەوە. بەمجۆرە ئەم یارییە دووپات دەبێتەوە.. ئەمان سەنگەرەکان دەگرن، شەو دەگەڕێنەوە. خۆ ئەگەر رووسەکان تاقەت و سەبریان لێ نەبڕێ، ئێمە هەتا هەتایە، بێئەوەی هەنگاوێکمان بۆ پێشەوە هەڵنابێ، دەتوانین درێژە بەم یارییە بدەین.

ئەم شێوەی شەڕکردنە، تایبەتە بە رۆژهەڵاتەوە، بێئەوەی تێشکانی راستەقینە و یەکجاریی دوژمنیان بەلاوە مەبەست بێت، دەیانەوێ لە مێشك و رۆحیاندا، کاریگەربن و بیانترسێنن. لەبەرئەوە بۆ نموونە: بە هەراو هوریاوە سواری ئەسپەکانیان دەبن و بەم کارە سەرەتاییە دەیانەوێ ترس بخەنە دڵی

دوژمنەوە. بەڵام هەر کە بۆ یان دەرکەوت دوژمن لە رووی چەك و ژمارەوە، تەنانەت نەترسیی و بەجەرگییەوە، لە وان باڵا دەستترە، ئیتر پاشەکشێ دەکەن و بۆی دەردەچن. دوژمنیش لەم سەرکەوتنە خۆشحاڵە و ئیتر بیر لە راونان و دواکەوتنیان ناکاتەوە.

ئاکامی ئەمجۆرە شەڕانەش خۆ دیارە چییە! ئەم شێوەی شەڕکردنە، لە پێش هەموو کەسێکدا، شەڕی تایبەت بە عەشایەرە. شەڕی نێوانیشیان کاتێك روودەدات، کە عەشیرەتێك لە دەسەڵات و توانای خۆی، دڵنیایە و دەستدرێژیی بۆ سەر عەشیرەتێکی تر دەکات. ئەوسا ئەگەر داگیرکارەکە لێی بکوژرێت، تێدەگات لە هەڵسەنگاندنەکەیدا بەهەڵەدا چووە و خێرا شوێنی داگیرکراو چۆڵ دەکات و دوور دەکەوێتەوە و هەوڵ دەدات بۆ سەر لەوەڕگە و راوگەی جارانی خۆی بگەڕێتەوە، کە شارەزایی تەواوی لە رێگە و لاڕێ و کون و قوژبنی هەیە. بەمجۆرە باڵا دەستتربوونی دوژمن، قەرەبوو دەکاتەوە.

عەشیرەتی سەرکەوتووش، کە هێرشەکەی تێشکاندووە، دوای دەست کەوتنەوە و وەرگرتنەوەی لەوەڕگەکەی خۆی، ئیتر دوورتر لەو شوێنەی شەڕی لە سەرکردووە، دوای دوژمن ناکەوێت، تا شەڕی تری لەگەڵدا بکاتەوە.

کوردیش کە بەم شێوە شەڕە راهاتووە، سەری لەوە سوڕ دەما، کە تێشکاوەکان راناکەن. هەر لە بەر ئەمەشە کە عەشایەر، بۆ هیچ جۆرە شەڕێك بەکەڵك نایەن، کە لە مەڵبەندی خۆیان و دەوروبەری لەوەڕگەکانیانەوە دوور بێت.

لە (سۆفیان) تووشی کۆمەڵێك کوردی بریندار بووین، کە بۆ کەپری وەرزێرەکانیان هێنابوون. جگەرەم بە سەردا دابەش کردن.

موختاربەگ وەك هەلێکی دەست کەوتبێ و لە دەمێکەوە بە هیوای دیداری حیلمی بەگ بووبێ و خۆشحاڵ بێ بەوەی دەرفەتێکی بە دەست هێناوە و دەتوانێ داواکانی خۆی ئاشکرابکات، بۆیە سوپاسی منی کرد و پێمی وت:

لە هێرشی رووسەکان دەترسێت و ئەمیش بەم هێزە پەك کەوتە و ماندووەوە[1]، توانای رووبەڕووبوونەوەیانی نییە و ئەسپەکانیشیان حاڵیان خراپە. بە کورتی مەگەر موعجیزەیەکی ئاسمانیی رووبدات، ئەگینا رووسەکان دووبارە تەورێز داگیر دەکەنەوە.

هەر بەو پەرۆشییەوە لەگەڵ حیلمی بەگ سواری ئوتومبێلەکە بووینەوە.. و کەمێك پێش نیوە شەو، گەیشتمەوە کونسوڵخانەی ئەڵمانیا. لەو کاتەشدا کە من لە کونسوڵخانە نەبووم، تەلگرافێکم لە بەرلینەوە، بەم ناوەرۆکە بۆ هاتبوو:

کونسوڵخانەی ئەڵمانیا، لیتن، تەورێز، وێنەی هاتنی تورکەکان بنێرە (وەخە) دەبینیت، کە وڵاتیش ئێمەی لەیاد نەکردبوو!.

**ڕۆژی دووشەممە: ٢٥ ژانویە**

ئەم نامەیە: کە دکتۆر (واندمان)ی پزیشکی میسیۆنی ئەمەریکایی، لەو ڕۆژەدا بۆ کونسوڵخانەی ئەمەریکای ناردبوو، داروباری بەیەکدا هەڵپژاوی ئێستا نیشاندەدات.

میستەر (پادۆك)ی خۆشەویست!

---

[1] بەگوێرەی زانیاریی مامۆستا رەفیق حیلمی، ئەو هێزەی (حیلمی بەگ)ی ئەفسەری تورك، سەرکردایەتی دەکرد، تەنیا (یەك) تورك – ی تێدابوو، ئەویش خودی (حیلمی بەگ) خۆی بوو، ئەوانیتر، واتا لەشکرەکەی (حیلمی بەگ)، سەرپاکی (کورد) بوون!. (بۆ زانیاریی زیاتر، بنواڕە: رەفیق حیلمی، یادداشت، بەرگی سێهەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد ١٩٩٢، ل ٨٨).

ڕەنگە ئەو (حاجی)یە موسڵمانەتان بەیاد بێتەوە، کە (ئورلۆف) لە ماڵەکەی من (ئەو ڕۆژەی کە لێرە ڕۆیشتیت)، بە جەنابتانی ناساند. ئورلۆف دەڵێ: ناوبراو یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ئەو کەسانەی لای ئەو بوون. هاوسەرەکەی، کە تازە لە ماڵی خۆیانەوە رایکردووە، دەڵێ: هەرچی لە ماڵەکەیاندا هەبووە، کوردان بردوویانە و داوای یارمەتی دەکات. ئەم خانمەتان پێدەناسێنم، کە ئەگەر باشە، کارێکی بۆ بکەن. حاجی خۆی لە (تەفلیس)ە.

دۆستی خۆتان: واندمان

ئەم تاڵان و بڕۆیە، پێچەوانەی ئەو راگەیاندننامەیەی (١٦ی ژانویە)ی فەوزی بەگ بووە، کە ناوبراو تیایدا بەڵێنی دابوو: ئەو کەسانەی کە پێشتر لەژێر چاودێریی رووسەکاندابوون، هەرچییان هەیە، پارێزراو دەبێت.

داروباری ئێستا، لە گەردنەی (جام) و هەڵمەتی بە پڕتاوی تاڵانکردنی شاری تەورێز و نیشانەکانی، وا دەهاتنە بەرچاوم، کە حسابی پاشەکشەکردن و جێهێشتنی تەورێز لەبەرچاو دەگرن. ئەم هەستەشم لەو کاتەدا زیاتر لا روونتر بووەوە، کە تێلگرافێك لە تارانەوە هاتبوو و تیایدا بەمنیان راگەیاندبوو:

بەگوێرەی روونکردنەوەکانی باڵوێزی رووسیا، فەرمانی سەرلەنوێ گرتنەوەی تەورێزی داوەتەوە. بۆیە پێسپێریی بەفەرماندەکانی تورك کراوە، تاقایمکاریی خۆیان بکەن.

تێلگرافێکم لە تارانەوە پێگەیشت، ئەم هەواڵەی تێدابوو:

دەوڵەتی رووس فەرمانی گرتنەوەی تەورێزی داوە. فەرماندەکانی تورك راسپێردراون، بڕیاری پێویست بدەن و چی پێویستە بیکەن.

**ڕۆژی سێ شەممە: ٢٦ی ژانویە ١٩١٥**

ترسی خۆمم بۆ کونسوڵی ئەمەریکا دەربڕی و چۆنێتی هەڵسوکەوتم لەبارەی گەڕانەوەی رووسەکانەوە لێ پرسی.. کونسوڵی ئەمەریکا وتی:

ئیتر ناگونجێت بچمەوە کونسوڵگەی ئەمەریکا، چونکە ناتوانێت لە بەرامبەر رووسەکاندا پارێزگاریم لێ بکات. وەڵامم دایەوە:

کەواتە هەر ئەمڕۆ لەگەڵ هاوسەرەکەمدا تەورێز بەجێ دەهێڵم، چونکە هیچ پێم خۆش نییە لای رووسەکانەوە بەدیل بگیرێم.

وەڵامەکەم پەژارەی خستە ناو ئەورووپاییانی دانیشتووی تەورێزەوە و دەیانویست بمێنمەوە. چونکە رۆیشتنی من، بۆ کوردەکانی دەردەخست کە لە بارێکی باشدا نین. لەبەرئەمە دەکەونە تالانی و بڕۆ و لەوانەیە ئەورووپاییگەل و ئەرمەنەکان بکوژن و منیش تەنیا کەسێکم قسەم لای کوردەکان دەڕوات..

شڵەژانەکە ئەوکاتە زیاتر پەرەی سەند، کە هەواڵ گەیشت: تورکەکان بەرپرسی (بەلژیك)ی بەڕێوەبەرایەتی تورکیان گرتووە. بەڵام من توانیم ئازادی بکەم و دواییش لەگەڵ کونسوڵی ئەمەریکادا بەم بڕیارە گەیشتین:

من خۆم، تا دوا ساتەکان لە تەورێزدا بمێنمەوە و بەو سۆنگەیەشەوە کە نەمدەتوانی هاوسەرەکەم لەگەڵ خۆمدا ببەم، بۆیە کونسوڵی ئەمەریکا، ئاسایش و سەلامەتیی هاوسەرەکەمی لە ئەستۆگرت و بەڵێنی دا، کە دوای رۆیشتنی من: هاوسەرەکەم لای خۆیان گل بداتەوە و لەژێر چاودێریی ئەواندا بێت.

**ڕۆژی چوارشەممە: ٢٧ی ژانویە ١٩١٥**

هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانەدا، رۆژی لە دایکبوونی (قەیسەر)یش نزیك بووەوە. من و هاوسەرەکەم دەمێك بوو خۆمان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم رۆژە

ئامادە کردبوو.. هاوسەرەکەم ماڵی بۆ کونسولگەی ئەمەریکا گوێزایەوە و هەر ئەو کاتانە دەگەڕایەوە، کە دەبووایە کاروباری ئامادەکردنی ئاهەنگی بۆنەکە و چاودێریی خواردەمەنییەکان بکات.

ڕۆژی جەژن لەگەڵ دەست پێکردنی دەستەی موزیکژەنانیدا، بەجل و بەرگی تایبەتی ئەم جەژنەوە، لە سالۆنەکەدا ڕاوەستابووم و پێشوازیی میوانەکانم دەکرد. پیاوماقووڵانی ئێرانی، بە جل و بەرگی تایبەت و میدالیای خەڵات پێکراویانەوە بۆ پیرۆزبایی دەهاتن. ڕابەرانی ئایینی ئەرمەنیش، بە بەرگی ئاڵ و واڵاوە بۆ لام هاتن و وتیان: هەموویان بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی ئەڵمان، دەست بە دوعا و پاڕانەوەن.

منیش بەبزە و خۆشییەوە وەڵامی پیرۆزباییەکانیانم دەدایەوە و میوانداریشم دەکردن. ئەمە لەکاتێکدا، کە باری دەروونیشم نا ئارام و شڵەژابوو. هەر گوێ قووتی ئەوەبووم، هائێستانا، تاوێکی تر، دەنگی تەقەی ڕووسەکان لە ناو شارەوە دەبیستم، چونکە دەمزانی پەلەپەلی هاتنە ناو شاریانە و هاوکاتیش لە خۆمم دەپرسی:

کە ئەگەر ئەم میوانانە، وەك من ئاگاداری داروباری سەربازییانە ببوونایە، ئاخۆ بەهەمان ئەم هەستەوە، پیرۆزباییان لێدەکرم! ؟

بەڵام ئەو ڕۆژە تاقەت پڕووکێنە، بەبێئەوەی هیچ تەنگوچەڵەمەیەك ڕوویدات، دوایی هات و ئێمەش بەبۆنەی بابەتێکی ترەوە شادمان بووین، چونکە هەر ئەو ڕۆژە، خانم (ئول مان) کوڕێکی بوو. لە هاتنەدنیای ئەم کوڕەشدا، جگەلە من، پیاوێکی ئەڵمانیاییش، کە بە دانیشتووی تەورێز دادەنرا، لە دیاری بووین. ناویشی لێنرا: هانس یواخیم و بۆ بە یادگار هێشتنەوەی ئەو ڕۆژەش، ناوی (ویلهلم)ی پێوە لکێنرا.

**ڕۆژی پێنجشەممە: ٢٨ی ژانویە ١٩١٥**

ئەمڕۆ سەردانی کونسۆڵخانەی ئەمەریکام کرد.. لە گەڕانەوەمدا، دەنگی تەقەی گوللە تۆپ هات، کە تا دەهات دەنگەکە زیاتر دەبوو. کە لە

کونسۆڵخانەی ئەمەریکاش لەگەڵ هاوسەرەکەمدا خەریکی نانخواردن بووین، دەنگەکەمان توندتر دەبیست.. دواتریش دەنگی تەقەی شەستتیر. هەواڵی هاتنی راغیب بەگی سەرکونسوڵی تازەی عوسمانی گەیشت. ئەو کوردانەش، کە رووسەکان لە پەیجووریاندا بوون، پاشەکشێیان کردبوو.

لە باکووری لێواری (ئاجی) شەڕێکی توندیان دەست پێکردبوو. تەلەفونم بۆ ئیبراهیم فەوزی بەگ کرد، پێم وت:

ئەگەرچی ئەم بەیانییە حیلمی بەگ بۆ یارمەتی موختاربەگ چووە، بەڵام لەوە زیاتر بەرگریی لە شار (تەورێز) ناکرێ و خۆیشی بە پەلە بەڕێ دەکەوێ. پرسیم:

ئەی ئێمە چی بکەین؟ پێشنیاری کرد:

سەعات ٣.٥، بۆ لای بچم و پێکەوە بەڕێ بکەوین..

خۆمم بۆ رۆیشتن ئامادەکرد. دوو کیسە پارە زیو و فەرمانی کۆنسولییەکەم و پەسەندنامەی (شا)م لای خۆم شاردەوە. چەند قوتووە کۆنسێرۆ – شم لە هەگبەکەم کرد و ئەسپەکانم زین کرد. ئەسپێکیشم بۆ ئەبولفەتح میرزای نووسیاری کۆنسولگەکە نارد. بە شێخ ئیسلام – کوردیشم راگەیاند، کە چوونی من بە کەس نەڵێت.

دوایی واگونێکیان ئامادەکرد، تا کەلوپەلەکانم بۆ لای فەوزی بەگ ببات. ئەسپەکەشمیان بۆ هێنام.. هاوسەرەکەم فرمێسکی دەڕشت و لەگەڵ کونسوڵی ئەمەریکادا، کە خەریکی راگیرکردنی فرمێسکەکانی خۆی بوو، بەرەو جادەکە بەڕێی کردم. لەکاتی ماڵئاوایی کردندا، کونسوڵی ئەمەریکا، لێم نزیك بووەوە و بەدەم دەست گوشینمەوە وتی:

ئەگەر لە رێگەدا، شتێك رووی دا، بەڵێن بە کوڕی شیرینی خۆم دەدەم، کە بۆ هەموو کاتێك ئامادەم لە پێناوتدا گیان ببەخشم چونکە ئێوە، تا دوایین ساتەکانی ژیانتان، فەرمانەکانی خۆتان جێبەجێ کردووە.

حیله و پڕمه و کوڕژنی ئەسپەکانیان، دەنگی کونسوڵی بە ژێر دەنگی خۆیانەوە کرد. دوایی دووسوار بە دوو ئالآی سەوز و سووری پەیامبەرەوە نزیك بوونەوە.

دوای ئەو ئەسکورت[1] _ ێکی کورد و دوایی فەوزی بەگ، لە واگۆنێکی ڤیکتۆریادا، کە پێچکەی لاستیکی بوو، گەیشتن و رامانگرتن، پێم وت:

بڕیاردرابوو پێکەوە بڕۆین؟ وەلآمی دایەوە:

ماوەی نییە و من ئەگەر بمەوێ لەگەڵ ئەو، بەڕێ بکەوم، دەبێ بەزووترین کات ئەو کارە بکەم.

بەپەلە ماڵئاوایم لە خێزانم و لە کونسوڵی ئەمەریکا کرد. کوردێك سواری ئەسپەکەی من بوو. کەلوپەلەکانی منیش لە واگۆنەکە خران و خۆمیش سوار بووم، ئەسپەکانی کوردەکە واگۆنەکەیان ڕادەکێشا. هاوسەرەکەم بە چاوی فرمێسکاویی و دەست هەڵتەنکاندن ماڵئاوایی لێکردم....

**سەفەر لە رێگەی کوردستانەوە ١٩١٥/١/٢٨.**

**یەکەمین رۆژ، پشوویەکی کورت لە (گەوگان)**

سەعات ٣ی دوای نیوەڕۆ، لە تەورێز بەڕێ کەوتین، دەمەو ئێوارە گەیشتینە (سەردە روود).

هەر بەو جۆرە رێمان دەکرد، تا لە سەعات (١٠)ی شەودا گەیشتینە (گەوگان).. گەوگان گوندێکی بچووکە، ماڵی بچکۆلەی خشت و قوڕینەیە و دەڵێی خۆڵی مردووی بەسەرداکراوە. دوای دەرگاکوتانێکی زۆر، دەرکی کاروانسەرایەکمان لێ کرایەوە. ژوورێکمان تیایدا پەیداکرد، دۆشەکی تێدا راخرابوو. کۆنسێرومان خوارد و خەوتین. پێشتر هاوڕێکانمان

[1] ئەسکورت: وشەیەکی فرەنسییە، بەمانای ئەو کەسەی پارێزگاریی لەبەرپرس و گەورە وفەرماندە و سەرۆك و گەورە بکات. پاسەوان.

چەکمەکانمانیان. لە پێ داکەندبووین. ئەم هاوڕێیانە بریتی بوون لە: ئەفسەرێکی عەرەب، کە پێشتر لە ژاندارمەری بەغداد بوو، بەناوی تۆفیق. ئەم تۆفیقە ئەسپەکەی منی زۆر خێرا دەئاژوا، مەحموود محەمەد و ئەمین و ئەلۆ (عەلی؟)، کەسوارێکی کورد بوو. ئەویتر عارف ئەفەندی سەرباز بوو، لە بەغدا ئەفسەرێکی کوشتبوو، ئێستاش بەهیوای ئەوەی لێی ببوورین، ببوو بە ئەندامی سوپای شەڕکەر لە تەورێز.

ئەم پێنج کەسە سواری ئەسپ بوون. ئەسپەکەی من و فەوزی بەگێشیان پێ بوو. چوار ئەسپی تریش واگۆنەکەیان ڕادەکێشا. بەمجۆرە ئێمە (١١) یازدە ئەسپمان پێ بوو. بۆ چنگخستنی ئالفیش بۆ ئەم ئەسپانە، ناچاربووین نەهێڵین ئەو کوردانەی پاشەکشێیان کردووە، لێمان نزیك ببنەوە. دەبووایە خۆمانیان لێ دوور بگرین.

لە دەوروبەری سەعات (١) یەکی دوای نیوەشەودا، دەرگای کاروانسەرا لێدرا. هەراوهوریا پەیدابوو. دیاربوو کوردەکان بوون گەیشتبوون و دەیانویست بێنە ناو کاروانسەراکە. هاوڕێکانمان پێیان وتن: جێگایەکی تر بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

خەڵکی گەوگان ترسابوون و دەرگایماڵیان لەکەس نەدەکردەوە. ماوەیەك دوای ئەمە، زرمە و تەقە لە دەرگای ماڵان بەرزبووەوە. دیاربوو کوردەکان بوون، کە بە زۆر دەچوونە ماڵەکانی گوندەکەوە و ئەم دەنگەدەنگ و هەرایەش سەعاتێکی خایاند. دوای ئەو سەعاتە. ئیتر هێمن بوونەوە و پاش ئەوەی ئەم کوردانە ماوەی (٨) هەشت سەعات سوارییی، سەرئەنجام کفت بوون و خەویان لێ کەوت.

**ڕۆژی دووەم: سەفەر لە (بناو)ەوە:**

دوای ئەوەی ماوەیەك خەوتین، هەڵسایین ئەسپەکانمان زین کرابوون و بەواگۆنەوە بەسرابوون. سەعات نزیکی (٣)ی شەوبوو (هەینی: ٢٩ ژانویە

١٩١٥)، دەرگـای کاروانسـەرا کرایـەوە و لـە گونـدی گـەوکان دەرچـووین. خۆشبەختانە ئێمە ئاگامان لـەو ڕووداوانـە نـەبوو، کـە لـە تـاران قـەومابوون. باران دەباری و جادەی پان و بەرینی (شەش) کیلۆمەتری، هەمووی هەر قـوڕ بوو.

سـەعات (٧) حـەوتی بـەیانی، گەیشـتینە چـایخانەیەك. خۆمـان گـەرم کردەوە و چایمان خواردەوە و ئەسپەکانمان تیمار کردن.

سەعات (٨.١٠) هەشت و دە دەقیقە دیسـان بـەڕێ کەوتینـەوە. لێـواری زەریاچەی (ورمێ)، کە سیمای زیوینی خـۆی، بەبریسـك و بریقـە نیشـاندەدا، زۆر قـوڕاویی بـوو، بەهۆیـەوە ئەسـپەکانمان لەسـەرخۆ ڕێگەکـەیان دەبـڕی. سـەعات (٤.٥)ی دوای نیـوەڕۆ، پـاش (١٣.٥) سـیازدە سـەعات و نیـو ڕێگەبڕین، گەیشتینە (بناو).

لەبناو، هەواڵی شکانی تورك، پـێش ئێمـە گەیشـتبوو. هـەر لەبـەر ئەمـە بەسەختیی توانیمان خۆمان لەسەرئێشە ڕزگار بکەین.

(بناو) شارۆچکەیەکی پان و بەرینە. کابرایـەك ئێمـەی لـە ئەسـتۆ گـرت، ئێمە بباتە لای فەرماندار. دوای ئەوەی سەعاتێکی تەواو ئێمەی بـەناو کـۆڵان و بازاڕدا بەکێش کرد، لەکاروانسەرایەکی ناو بازاڕدا دایمەزراندین. وتی:

لە مەبەستی ئێمە تێ نەگەیشتووە. حیلمی بەگ قەڵس بـوو، تفێکـی لـە ناو چاوی کرد و دەستی کرد بەهەرا هەرا و وتی:

دەبێ هەر بچینە لای حاکم. حاکمیش ناوی ئەحمەد بوو. پیاوێکی ڕێك و پێك نەدەهاتە بەرچاو. عوسمانییەکان ئەو کارەیان پێ سپاردبوو.

دیسـان دوای چـوونمان بـۆ سـەرای حکومـەت، چـەکمەکانیان لـەپێمان داکەندن و لەدەرەوە دایاننان. ئەمەشم زۆر پێ ناخۆش بوو... ئـێتر ئێمـەیان بۆ ژوورەوە برد. یەکێك بەناوی (ناسر بومپاشـا)، کـە شـتێکی وەك نموونـەی (حاجی بابای ئیسفەهانی) بوو، چای لێنا.

ئیبراهیم فەوزی بەو جۆرەی لەخۆرهەڵات باوە، مەسینە بەدەست چووە دەرەوە و من بەتەنیا مامەوە. ناسر بومپاشا بێ پەروا جگەرەیەکی پێکرد و بە چاوقایمیی لەتەنیشتمەوە دانیشت. (٣) سێ سەعاتێك دەبوو، هیچم نەخواردبوو. خەریك بوو دەبوورامەوە.

لەم کاتەدا فەوزی بەگ گەڕایەوە و چاییان ئامادەکرد، بومپاشای دەرکرد. واگۆنەکەی ئێمەش گەیشت. دوای خواردنی کۆنسێروەکانی خۆم، ویستم بچم بنووم و خۆم لەو خۆراکەی حاکم ببوێرم، کە بۆی سازکردبووین. بەڵام فەوزی بەگ وتی:

ئەمە هەر نابێ، چونکە لە خۆرهەڵاتدا باوە، دەبێ خزمەتکار پاشخوانی گەورەکان بخۆن، لەبەرئەوە ئەگەر تۆ ئەوە نەخۆی، هاوڕێکانمان بەبرسێتی دەمێننەوە. کەمێکم لەو برنج و مریشك و ماستە خوارد، کە لەناو سینی و لەسەر زەوی بۆمانیان دانابوو.

دوایی خۆم بەسەر دۆشەکەکەدا دا. بەڵام نەمتوانی بخەوم، چونکە هەرتاو ناتاوێك یەکێك خۆی بەژووردا دەکرد. سەرئەنجام پاسەوانی شەو، خۆی بەژووردا کرد و کوردێکی لەگەڵدا بوو. کوردەکە دەستی زامدار بوو. وەك دەرکەوت ویستبووی دزی لە دوکانێك بکات. خەڵکی بازاڕ هێرشیان کردۆتە سەری و دوای لێدانێکی زۆر، دەستیان زامدار کردووە. تفەنگ و فیشەکدان و خەنجەرەکەشیان لێ سەندبوو.

حاکم فەرمانی سزای سەختی بەسەردا دا و کوردەکەش بەڕق ئەستوورییەوە داوای چەکەکانی خۆی دەکردەوە. ئیبراهیم فەوزی بەدەم تەسبیح ژماردنەوە، لەبیرکردنەوەدا بوو.

ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەیربوو. ئێمە نەك هەر لەترسی رووسەکان هەڵدەهاتین و لەبەر تیماری ئەسپەکانمان، لە کوردەکان دووردەکەوتینەوە. بەڵکو هەڵاتنمان لەترسی بڵاوبوونەوەی هەواڵی تێشکانی تورکەکانیش بوو.

لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم هەواڵە، پێش گەیشتنی ئێمە بڵاوببوایەتەوە، هەر ئێرانییەك دەیتوانی بەچەند سوارێکەوە بمانگرێ و بمانکوژێ.

هەر چۆنێك بێت، تەمێ کردنی کوردێك، کە بەڕواڵەت رووسەکانیشیان شکاندبوو، جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە دیاربوو ئێرانییەکان پێش گەیشتنی ئێمە، هەواڵی تێشکانی تورك و کوردەکانیان بیستبوو، بۆیە پڕکێشیان کردبوو، پەلاماری ئەو کوردەیان دابوو..

یەکسەر داوای چەکمەکانی خۆمم کرد و چاوەڕوانی ئەوە نەبووم، پێم بڵێن: (دەیهێنن، دەیهێنن)ی بومپاشا بێ و ناوچاوانم بەجۆرێك گرژ و هەڕەشاویی کرد، کە هەر خۆی ڕۆیشت و چەکمەکانمی هێنا. منیش لەپێم کردن و گێترە و ژێر چەکمەییم لێ پێچاو ئامادەی ڕۆیشتن بووم.

کڵاوی تورکییشم بەسەرەوە بوو، چونکە کڵاوەکەی خۆمم بزر کردبوو. بەڵێنیشم بەو کوردە و پاسەوانەکانی تریش دا، تا جەنابی فەوزی بەگی سەرۆکی گشتی رازی بکەم، کە بە وردیی لەکێشەکەی ئەمشەو بکۆڵێتەوە و بەجۆرێکی واش هێمنم کردنەوە، بێئەوەی دەنگی زۆریان لێوە بێت، لە ژوورەکە چوونە دەرەوە..

لەناکاو کابرایەکی ئێرانی، کە فیشەکدانی بەستبوو، تفەنگ بەدەست، بەپرتاو خۆی بەژووردا کرد و لەنێوان من و فەوزی دا دانیشت. جگەرەیەکی داگیرساند و داوای چای کرد. ئەمجا ڕووی لەمن کرد و بەدەم تفەنگ ئامادەکردنەوە، بەزمانی ئازەری لێمی پرسی:

ئەرێ ئەوە تورکی دەزانێ؟ منیش چەکەکەی خۆمم ئامادەکرد و فەوزی پێی وت: ئەرێ تۆ کێیت؟ وتی:

من پۆلیسم.

فەوزی وتی: کەواتە بۆ دەرەوە.

منیش دەمانچە پەڕەبێلەکەی خۆمم ڕاوەشاند و نەڕاندم:

بەڵێ، بۆ دەرەوە.. کابرا چەکەکەی هەڵگرت و نەك لە دەرگا، بەڵکو لەدالآنیش ڕانەوەستا و لەپلیکانەکانەوە هەڵات. برێك دوای کەوتم. ئیتر خزمەتکارەکان زیاتر ڕێزی ئێمەیان گرت..

فەوزی وتی:

کابرا زۆر بێ شەرم بوو. نۆکەرێك قسەکەی فەوزی بەگی سەلماند و وتی: هەر کەسێك بێ شەرم بێت، دەتوانێ وا بێ ئەدەب بێت.

دوای کەمێك کابرا دیسان بەهەمان تفەنگ و فیشەکدانەوە گەڕایەوە و ئەمجارەیان بەسلێکەوە ئاگای لە کردەوەی خۆی بوو ڕاوەستا، سەری دانەواند و پرسی: دەتوانم لێرە دانیشم و چایەك بخۆمەوە؟. بەڵام فەوزی بەگ پێی وت:

ژووری ئێمە چایخانە نییە.

داروباری ئێرە، بۆ ئێمە ببووە جێگەی مەترسیی. ئەسپەکانمان زین کردن و واگۆنمان بەست و ئامادەی ڕۆیشتن بووین.

سەعات (١٠.٥) دە و نیوی شەو، بەناوی (دەستخۆشانە)وە دەستەی خزمەتکارانم بەچەند قڕانێك سەرقاڵ کرد و لەسەر دابەشکردنی، لەنێوخۆیاندا خەریکی مشت و مڕبوون و ئێمەیان بەجێ هێشت. ئەم پارە بەشینەوەیەی من، زۆر لەجێی خۆیدا بوو. چونکە هەر ئەوان ماوەیەك پێشتر بەهەڕەشەوە دەدوان و دەیانوت کە ئێمە، هەر شەش کەسین و هێزمان لەتەکدا نییە، پێویست نییە لێیان ڕازی بین. دیسان دەیانوت:

ئێمە دەستەمان لەگەڵدا نییە و لەمجۆرە قسانە.

یەکێك لە خزمەتکارەکان، کە چەك و فیشەکدانی پێ بوو، هاتە پێشەوە و دیسانەوە داوای دەستخۆشانەی کرد. لێرەدا فەوزی بەگ شمشێری لێ دەرکێشا و پەلاماری دا. تا سەربانی ئەو ماڵەی کە کابرای بۆ هەڵاتبوو، شوێنی کەوت. منیش لەو دالآنە تاریکەدا ڕاوەستابووم و سەیری شەڕە قسەی خزمەتکارانم دەکرد.

فەوزی بەگ گەڕایەوە و تفەنگێکیشی بەدەستەوە بوو. وتی:

ئەو کابرا زۆردارەم چەك کردووە و دەیدەم بە کوردەکان... ئەمجا چەکی کابرای کوردەی زامدارمان دایەوە دەستی و بەڕێ کەوتین. بەڕێنوێنی بە کۆڵانەکانی ئەم شارۆچکەیەدا، کە دانیشتووانەکەی نووستبوون، ڕابووردین.

لە کۆڵانێکدا عارف ئەفەندی و سێ کوردمان چاو پێ کەوت. عارف ئەفەندی پیاوێکی چەك کراوی بەکێش کردبوو. پێی وتین:

ئەم کابرایە ئەسپێکی ئێمەی دزیوە. ئیبراهیم فەوزی وتی:

ئەگەر لەماوەی (١٠) دە دەقیقەدا، ئەم ئەسپە نەدۆزرێتەوە، ئەم کابرایە لەدار دەدەین. دوو سواری کوردیشی خستە تەکیان، تا ئەسپەکە بدۆزنەوە. ئێمەش بەپەرۆشەوە چاوەنواڕ ماینەوە. لەوە دەترساین خەڵکی ئەم شارۆچکەیەی لە ئێمە ببوونە دوژمن. بەخەبەربێنەوە و هەموومان بکوژن.

کوردەکان بە ئەسپەکەوە گەڕانەوە. ئیتر ئەو خەڵکەی لەوێ بوون و چاویان لەم ڕووداوە بوو، دڵنیابوون کە ئەم بەڕێزانە! وا توند و تووڕەن، دەبێ لەشکرێکیان لەپشتەوە بێت.

سەعات (١١.٥) یازدە و نیو سواری واگۆن بووین و لە کاروانسەرا دەرچووین.

**ڕۆژی سێیەم: مانەوەی ناچاریی لە (میرکەندی):**

بەڵدەکەمان سوارێکی کوردی مەحموود ناوبوو. بەڕێگەی وادا دەیبردین، خۆیشی لێی دڵنیانەبوو، لەژێر مانگەشەودا، هەر بەناو قوڕ و زەلکاودا دەڕۆیشتین.

سەعات چواری سەر لە بەیانی (شەممە: ٣٠ ژانویە).

ڕێزێکـی زۆر و دوور و درێـژی کوردمـان چـاو پێکـەوت. ئەگەرچـی ئێمـە گورجتر ڕێگەمان دەبڕی، بـەڵام ئـەوان وەسـتانیان نـەبوو. ڕێگـە بڕینەکـەیان بەرێکردنی بەردەوام و ورد، قەرەبوو دەکردەوە و پێش ئێمە دەکەوتن..

دوای بڕینی جادەیەکی باریکی پڕ لە چاڵ و چۆڵ و .. گەیشتینە گوندی (میرکەندی). وڵاخێکمان بە بارەکانییەوە کەوتە ناو ئاوەوە. لێدان و دارکاری کردن، جگە لە کوشتنی، کەڵکێکی تری نـەبوو. زۆری نەخایانـد لەسـەر ڕێگـە لایان برد. سەردەستەکەمان لە خـۆڕا داوای لـەو کوردانـە دەکـرد یارمـەتیمان بدەن و کەلاکی وڵاخەکە لابەرن. کوردەکانیش لەمانـدوو دەچـوون و ئێمـەیان لا گـرنگ نـەبوو. چـەند کـوردێکی زامـداریان دابـوو بەسـەر ئەسـپەکانیاندا و خۆیان کۆمەکۆم ڕێگەیان دەبڕی. وا دیاربوو نیازیان هەر ئەوە بێ، بەرلەوەی رووسەکان بەخۆیان و مەترەلۆزە ترسـناکەکانیانەوە بیانگـەنێ، بگەنـە مـاڵی خۆیان و ئـەو فـەرش و شـتە بەنرخانـەی لـەناو بارەکانیانـدا هـەڵیانگرتبوون، دایمەزرێنن.

هەرچۆنێك بوو، یەك لەدوای یەك ڕێگەیان لەتەنیشت ئێمەوە دەکـردەوە و بۆی دەردەچوون. ئەمە لە حاڵێکدابوو، کـە مـن و فەرمانـدە، لـەناو قـوڕ و چڵپاو و چڵکاو، لە واگۆنەکەدا دانیشتبووین.

شەو ئەم هەواڵەمان لە حیلمی بەگەوە پێگەیشت:

ئەو هێزانەی دەستمان پێیان دەگەیشت، لـە (میانـدواو) کۆبوونەتـەوە و چـاوەنواڕن. بەلامـەوە سـەیر بـوو ئەگـەر فـەوزی بـەگ بتوانـێ کـارێکی پـێ بکرێت. چونکە دڵنیابووم لەوەی کە ئیتر کوردەکان بەقسەی ناکەن.

هەر چۆنێك بوو کەلاکی وڵاخمان لەقوڕاو بۆ دەرکێشـراو دوورخرایـەوە و بەڕێ کەوتینەوە. لەنزیك گونـدی میرکەنـدی کاروانسـەرایەك هـەبوو. لێخـوڕی واگۆنەکان لێرەدا ڕایگرت و وتی:

ئەسـپەکانی بەتـەواوی شـەکەت بـوون و ئەگـەر تیمـار نـەکرێن، بـەهیچ جۆرێك ناگەنە (میاندواو).

خەڵکی گوندەکە هەر بەدیتنی کوردەکان، کە لـە پـێش ئێمـەوە بـوون، دەرکی ماڵەکانیان توندکرد بوو. کەس دەرگای لێ نەدەکردینەوە.

ئیـبراهیم فـەوزی بـەگ فـەرمانی دا بـەتۆپزی بچـینە ماڵـەوە. دوای دەمەدەمێکی زۆر، تۆفیق لەپەنجەرەی ماڵێکەوە سەرکەوت. دەنگی قێـرەقیڕ و هەراو هوریا بەرز بووەوە. پێم خۆش نەبوو ئەو لاوە (١٩) ساڵانە، نەجیبە، بەتەنیا بەجێ بهێڵم..

لەگەڵ فەوزی بەگدا دابەزین و لەپێشدا ئیبراهیم و بەدوای ئەویشـدا مـن، لـە پەنجـەرەوە چـووینە نـاو ماڵـەوە. تـا ئـەو کاتـەی تۆفیـق دەرگـای لەهاوڕێکانمان کردبۆوە. ئەوانیش هاتبوونە ژوورەوە. من دەمزانی لەو کاتەدا خێزانی ماڵ چەند دەترسێن. پێم وتن:

هەر تەنیا ئاڵفمان بۆ ئەسپەکانمان دەوێت و پارەکەیشی دەدەین.

هاوڕێیانی کوردمان هەڵسوکەوتی جوان و بەجێگە و ڕێگـەیان نوانـدبوو. منیش پارەم بەسەردا دابەشکردن. خێرا بێدەنگ بوون و متمانەیان پێکـردین و چاییشیان بۆ دەمکردین. بـۆ گەرمبوونـەوەشمان مەقەڵییـەکی ئاگریـان بـۆ هێناین.

کابرای خاوەن ماڵ، هەروەك شێت بـە دەرپێیـەکی کورتـەوە ئـەملاولای دەکرد و دەیوت ئێوە دەرپێکەی منتان دزیوە. فـەوزی بـەگ هەسـتایە سـەر پـێ. دەرکـەوت لەسـەر شـەرواڵی کـابرا دانیشـتووە. دوای ئەمـە، ئـیتر هێـور بوونەوە و نانیشیان داینێ. ئێمـەش بـەو پـەنیری قوتـووەوە خواردمـان، کـە پێمـان بـوو. پارەمـان دانـێ و سـەعات (٥)ی بـەیانی، بـەدەم دوعـای خێـری خاوەن ماڵەوە، بەڕێ کەوتین.

**لە چەمی (جەغەتوو [1]ەوە بۆ (مياندواو):**

ئەو دەشتەی پیایدا ڕادەبووریـن، زۆرتر لەنێوان چەم و کانیاوی جیاجیادا بوو. دیسانیش تووشی زەلکاو هاتینەوە.. لەناوەڕاستی چاڵاوێکدا، واگۆنەکەمان بەر تاشەبەردێك کەوت و فەنەری پێشەوەی شکا. لەوە دەچوو ئیتر بەکەڵك نەمابێ. دیسانەوە فەوزی بەگ ئەو کۆمەڵە کوردانەی بانگ کردەوە، کە کۆمەڵێکی بچووك بوون و بەسارد و سڕیی ڕادەبووردن، تا بەدەنگمانەوە بێن. ناچار خۆمان و هاوڕێکانمان واگۆنەکەمان دەرهێنا. لێخوڕی واگۆنەکە، بە گوریسێکی درێژ، فەنەرەکانی پێشەوەی بەگوریس بەیەکەوەی بەستن..

دوای ماوەیەك لەوبەری چەمی (جەغەتوو)ەوە (مياندواو)مان بەدی کرد. وەرزێرێك بەلاڕێیەکدا بردینییە بەر قەیاغێك (لۆتکە). بەقەیاغ دەمانتوانی لە جەغەتوو بپەڕینەوە.

کەش و هەوای سازگار، حاڵی هێنابوومەوە سەرخۆ. دەستم درێژکرد و هاوڕێیانی کوردم لەئەسپ دابەزاند و خۆم پێچکەی واگۆنەکەم بەدەستەوە گرت و بۆ کەنار چەمەکەم هێنا. ئەم لۆتکەیە سێ سووچە، هەر جێگەی خۆمان و ئەسپەکانمانی تێدا دەبووەوە. خەریك بووین بەڕێ بکەوین، سەیرمان کرد لەکەنار ئاوەکەدا، هەموو ئەو کوردانەی پێش ئێمە گەیشتبوون، کۆببونەوە و زۆریان پەلەی سواربوونیان بوو، چونکە پێیان

---

[1] جەغەتوو: کە (زەڕینە)، یان: (زەڕینە روودیشی پێدەڵێن، لە کێوەکانی (چل چەمە)ی نێوان (سەقز) و (هۆبەتوو) سەرچاوە دەگرێ و لە ناوچەی (تیکاب – هەوشار)یش، هەردوو چەمی (خوڕخوڕە) و (ساروق)ی تێدەڕژێن و لە (شاهێن دژ – ساین قەڵا)ش، چەمی (هۆلاس)، (هاجەسوو)، (مەحموود ئاوا) و (ئاجرلوو چای) تێدەڕژێن و لە ناوچەی (مياندواو)یش چەمی (لەیلان چای) تێکەڵ دەبێ و لە کۆتاییدا دەڕژێتە گۆلی (ورمێ)وە. لەم ڕێکردنە درێژەیدا (٢٣٠) کیلۆمەتر دەبڕێ و بەم بۆنەیەوە درێژترین و بەخوڕترین رووبار، یان (چەم)ی خۆرهەڵاتی کوردستانە. ناوی (جەغەتوو) مەغۆلییە و لەسەردەمی (مەغۆل)دا پێی وتراوە: (جەغەتای)، کە ناوی کوڕەکەی (چەنگیزخان) بووە.

وابوو کە ڕووسەکان بەشوێنیانەوەن. ئێمـەش بەچـاودێریی تۆفیـق، واگـۆن و ئەسپ و کەلوپەلەکانمان دامەزراندن و خۆیشمان بازمان دایە ناو لۆتکەکەوە. کوردەکانیش یەك بەدوای یەکدا خۆیان هەڵدەدایە نـاو لۆتکەکـەوە و لێخـوڕی لۆتکەکەش هەر دەپاڕایەوە و دەیوت:

نابێ کەسـی تـر سـواربێت. ئـەگینا لۆتکەکـە نقـوم دەبێـت و هـەموومان دەخنکێین. ئەوانیش هەڕەشەیان لێ دەکرد و دەیانوت:

ئەگەر سوارمان نەکەیت، دەتکوژین.

لەدواییـدا ئیـبراهیم فـەوزی، بـەداری ئـەو ئالایـەی بەدەسـتییەوە بـوو، کەوتە وێزەی لۆتکەوانەکە، تا بێدەنگ بوو، بەڕێ کەوت.

لەوبــەر ئاوەکــە، لــە دوورگەیــەکی بچــووك دابــەزین. لۆتکەوانــەکان خەڵکەکەیان لەکۆڵ کرد و لەبوار پەڕاندنیانەوە. بەڵام ئیبراهیم فـەوزی بـەگ، بڕوای وابوو بۆ فەرماندەیەك جوان نییە بە کۆڵی خەڵك بپەڕێتەوە. لەبەرئەوە داوای دوو ئەسـپمان لـە لۆتکـەوان کـرد و کاتێـك ئەسـپەکانیان هێنـا، خـۆی سواری یەکێکیان بوو و بەرەو کەنار چەمەکە بەڕێ کەوت.

منـیش سـواری ئەسـپەکەی تریـان بـووم. ئەسـپەکەی فـەوزی هـەڵخزاو ئاوەکە ڕای دا، تیایدا نقوم بوو. چاوم بەخۆی کەوت لەگەڵ شـەپۆلی ئاوەکـە دەجەنگا. بۆیە بەپەلە لەئەسپەکە دابەزیم و لەکاتێکدا هەتا ئەژنۆ، لە لیتـەی چەمەکە چەقیبووم، دەستم درێژکرد و ڕامکێشا. هەردووکیشـمان ببـووین بـە جلەسەگ.. سەرلەنوێ سواربووینەوە و خۆمان گەیاندە وشکانی.

ئیبراهیم فەوزی، چەکمە پڕ ئاوەکانی داکەندن..

ئابەم دەردەسەرییە، سـەرۆك و فەرمانـدەی گشـتی سـوپای عوسمـانی، دیسانەوە گەیشتەوە (میاندواو). ئەم شارە، هەر ئەو مەڵبەندەیە، کە فـەوزی بەگ جارێك ڕووسەکانی تێدا شکاندبوون.

**ناسیاوێکی دێرینە لە میاندواو – دا:**

سەعات (١٢.٥٠) دوازدە و پەنجا دەقیقە، لە لێواری چەمەکەدا، لاوێکی شۆخ و شەنگ و تازە هەڵچوو، کە تازە خەتی دابوو، بەبەرگی جوانی کوردییەوە بەرەو پیرمان هات. ئەم لاوە، کوڕی (قازی فەتاح) ی یەکێك لەسەرانی گەورەی کوردە و تورکەکان بە فەرمانداری میاندواو هەڵیان بژاردبوو. پێشتریش بەهۆی ئەو بەڵگەنامەی لە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا دیبووم، قازی فەتاح – م بەناو دەناسی.

قازی فەتاح[1] چەند ساڵێك لەمەوبەر، هەندێ گوندی وەك: (حاجی ئاوا) و (گۆڵئاوا)، کە میراتی (گرین فیلد Green fleld) بوون و چەند

---

[1] میرزا فەتاحی قازی: یان: قازی فەتاح (١٨٣٢ – ١٩١٥): کوڕی ئەحمەدی قازی کوڕی قاسمی قازی کوڕی مەحموودی قازی..یە بنەماڵەی قازییەکانی مەهاباد، لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی (بداغ سوڵتان)ی موکری، کە نزیکەی چوارسەد ساڵ بەر لە ئێستایە، لە (گورجستان)ەوە هاتوونەتە خۆرهەڵاتی کوردستان و سەرەتا لە (شنۆ) و دواتر و بەیەکجاریی لە (ساوجبولاق – مەهاباد) نیشتەجێ و جێگیربوون. بەو هۆیەشەوە کە لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ کوردستان، (زۆرینەیان) بەکاری (داد) و (داوەریی)یەوە خەریك بوون، نازناوی (قازی) یان پێوە لکاوە.

بنەماڵەی قازیگەلی مەهاباد – موکری، لە بنەماڵە ڕووناکبیرە (شاریی) و نیشتمانپەوەرەکانی کوردستانی خۆرهەڵاتن و بەدرێژایی مێژووش لە بەرەی گەلدا بوون و ڕووناکبیر و شاعیر و هونەمەند و نووسەر و شۆڕشگێڕ و سیاسەتمەداری زۆر بە ناوبانگیان تێدا هەڵکەوتووە، کە بەرجەستەترینیان شەهید پێشەوا (قازی محەمەد)ی یەکەمین سەرۆك کۆماری کوردستانە، کە (قازی فەتاح) دەبێتە برابچووکی باپیری پێشەوای شەهید.

قازی فەتاح لە کەسایەتییە ئازا و ناودارەکانی ئەم بنەماڵە تێکۆشەرەیە و ناوبراو خوێندەوارێکی باڵای ڕۆژگاری خۆی و لە مەیدانی نەبەرد و جەنگیشدا، ژیانێکی پڕ لە جوامێریی و پڕ لە شانازیی هەیە. بەو هۆیەشەوە هەڵوێستی لە جەنگی یەکەمی جیهاندا، پێوەندی ڕاستەوخۆی بەیەکێك لەبەرەکانی ئەم جەنگە، واتە: بەرەی (عوسمانی)یەکانەوە بووە و بیروڕا و هەڵوێستی بێ چەندوچوون و هیچ دوو دڵییەك، لەبەرەی داکۆکی عوسمانی و پارێزگاریی لەسەروماڵی کوردان و خاکی کوردستان بووە و چارەنووس و قەدەریشی هەر بەهۆی ئەم هەڵوێستەی و ئەم جەنگەوە کۆتایی هاتووە و لە پێناویدا کوژراوە، بەچاکی

ئەڵمانییەکیشی تێدا دەژیان، داگیرکردبوو. لەم کاتەدا (شونمان)ی فەرمانبەری کونسوڵگەی ئەڵمان، بۆئەوەی بەشەمیراتی ئەڵمانییەکان، بکا بەپارە، ئەم بەشانەی بەکابرایەکی ڕووسی فرۆشت. دوای ئەمە ڕووسەکان بەیارمەتی قەزاقەکانیان، کوردانی دانیشتووی ئەو گوندانەیان دەرکرد.

لەوکاتەدا کە بەرەو ناو ماڵی قازی فەتاح دەچووم، کاری ئەم فەرمانبەرە ئەڵمانییە، کە بەهۆیەوە کوردانی سەر بە (قازی فەتاح)یان لەو گوندانە، وەدەرنابوو، ئازاری دەدام. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم، بۆم دەرکەوت قازی فەتاح، ئەم ڕووداوە کۆنانەی نادیدە گرتووە. چونکە دوای دەرکردنی ڕووسەکان، قازی فەتاح یەکسەر ئەو گوندانە و گوندی تریشی داگیرکردبوو.

لێرەش چەکمەکانیان لە پێمان داکەندن. فەوزی بەگ گۆرەوییەکانی و تەنانەت شەرواڵەکەیشی داکەندن و لەبەر ئاگری سۆپەکەدا، کەوتە خۆگەرمکردنەوە. فەرماندەکەی تورك، بەسەروکڵاوی ژەنراڵییەوە سەروسیمایەکی زۆر سەیری هەبوو. بەڵام کەس سەیری ئەوی نەدەکرد.

قازی فەتاح بەگ، پیاوێکی بەتەمەن و ئێسك سووکە. زیرەك دێتە بەرچاو و شێوەی لە (ئۆژن فیشەر)[1] دەچوو. پێمی وت:

زمانی فارسی لە تورکی باشتر دەزانێ و هەڤپەیڤینێکی گەرم و گوڕ و دۆستانەی لەمجۆرەمان پێکەوە کرد:

---

دەزانم بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ڕووداوەکانی ئەم بابەتە و ڕووناکی خستنەسەر ژیانی ئەم کەسایەتییە ئازایە، چەردەیەکی تێر و تەسەلی ئەم بەشەی کۆتایی ژیانی، کە تێکەڵ ڕووداوەکانی ئەم جەنگەیە، بۆ خوێنەران بکەمە پاشکۆی یەکەمی ئەم کتێبەی بەردەستتان، کە لە کتێبی (کورتەی مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، نووسینی: خەلیلی فەتاحی قازی)م گواستۆتەوە.

[1] ئۆژن فیشەر: مرۆڤناس و کۆمەڵناسێکی ئەڵمانیایە و ساڵی ١٨٧٤، سەلماندی، کە تایبەتمەندییەکانی ژینیتیکی، بە گوێرەی یاساکانی (مەندل)، بەمیراتی دەمێنێتەوە.

قازی فەتاح بڕێك سەری لێ شێوا بوو. لەبارەی تێشکانی تورکەکانەوە دوو دڵ بوو و هەموو شتێکی خۆی، بەسەرکەوتنی تورکەکانەوە بەستبۆوە و خۆیشی لە هەموو سەرێکەوە بە تورکەکانەوە گرێدابوو. قازی (فەتاح) خۆی فەرمانڕەوا (حاکم)ی میاندواو و قازی عەلی[1] خزمیشی حاکمی ساوجبولاق و خزمەکەی تریشی ئیمام جومعەی ساوجبولاق بوون[2].

بەمجۆرە بنەماڵەی قازی فەتاح، شانازیی سەرکردایەتی کوردان و جێ متمانەی تورکەکانیان سەرومڕ لەژێر دەسەڵاتی خۆیان و چنگی خۆیاندا هێشتبۆوە. لە ساوجبولاقەوە تا میاندواو، دەسەڵاتێکی بێ سنووریان هەبوو.

لەو کاتەشەوە کە تورکەکان هاتبوونە ئێرانەوە، دارایی و سامان و مەڕ و ماڵاتیان زیادی کردبوو. بۆیە ئەگەر رووسەکان سەربکەوتنایەتەوە، ئەوا لەماوەی چاوترووکاندنێکدا، فەرماندەیەکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدار (واتە: قازی فەتاح. و. کوردی)، دەبووە پیاوێکی ئاوارەی بێ لانە. هەر لەبەرئەمەش بوو قازی فەتاح لەبارەی تێشکانی تورکەوە زۆر شپرزە و ئاڵۆزبوو، دەیوت:

من پێم وتن کار بەم جۆرە سەرناگرێ. ئەگەر ئەوان بەقسەی منیان بکردایە، تا ئێستاش هەر لە میاندواودا دەبوون و لە هێزی پشتیوانیی دانەدەبڕان. دەبووایە هێزی تەواویان کۆبکردایەتەوە. ئەمەندەش بێ ئاوەز و

---

[1] قازی عەلی: کوڕی میرزا ئەبوقاسمی قازی کوڕی میرزا ئەحمەدی قازی و لە هەمان کاتدا باوکی پێشەوای شەهید (قازی محەمەد)ە. ناوبراو لە دوای کۆچی دوایی باوکی، پلەی (قەزاوەت)ی شاری مەهابادی لە ئەستۆگرتووە.

[2] ئیمام جومعەی ساوجبولاق: مەبەست لە (عەبدولخالق)ی کوڕی حاجی شێخ جەلال، کوڕی میرزا ئەحمەدی قازی، کوڕی میرزا قاسم، کوڕی میرزا مەحموودی قازیی ساوجبلاخییە، کە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئیمام جومعەی ساوجبولاق (مەهاباد) بووە و لەگەڵ قازی فەتاح و زۆرینەی ئەندامانی بنەماڵە و خزمەکانیاندا، لەبەرەکانی (جیهاد)ی عوسمانیدا، لە دژی هێزەکانی ڕووسیا جەنگاوە. (سەرچاوە: کورتەی مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری – سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٨٥).

گەوجێتیان کرد، تا ئاوا پاشەکشێیان کرد. ئەو هەندە کوردەش کە لەگەڵیان بوون، ئەوەندە سووکایەتی و سەرکۆنەیان کردن، پێش بەئەنجام گەیاندنی کار، بەجێیان هێشتن و گەڕانەوە.

وەڵامم دایەوە:

ئیتر ئەوەی بەزی و تێشکا، نابێ بەرچەپۆکی بدەی. لەوەڵامدا وتی:

ئەو تا ئێستاش وەفادار و سەر بەتورکەکانە[1] و هەر تەنیا ئاواتەخوازی ئەوەیە تورکەکان گوێ لە ئامۆژگاریی سەرانی کورد بگرن و باشتر شارەزای وڵاتی کوردەواریی بن.

لەپڕدا هەواڵ گەیشت، کە لەوبەر (جەغەتوو)، دەنگی تەقە دێت. یەکەم شتێك کە بە بیرماندا هات، ئەوەبوو ڕووسەکان گەیشتبن.

دەستبەجێ کوردەکان بەگورجی دەستیان دایە تفەنگ و فیشەکدانیان بەست و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووسەکان بەڕێ کەوتن. کوڕە گەورەکەی[2] قازی فەتاح، لاوێکی شۆخ و لێهاتوو بوو، لەگەڵ باوکی بەڕێ کەوت.

---

[1] د. کەمال مەزهەر، بێ بەڵگە و بنەما دەنووسێ: قازی فەتاح، دژی تورك بووە. (بۆ زیاتر زانیاریی لەم بارەیەوە، بنواڕە: د. کەمال مەزهەر: کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا. چاپەمەنی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٥، ل ٦٣).

[2] کوڕە گەورەکەی قازی فەتاح: مەبەست لە (میرزا عەبدولڕەحمان، ناسراو بە: سالاری موکری و پاشناوی جەوانمەردی قازی)یە، کە کەسێکی زانا و بەنوتق و قسەزان و خەتخۆشێکی باڵایە. لە هەڕەتی لاویدا، پیاوی شەڕ و گۆڵمەزان بووە و بەئازایەتی بەناوبانگ بووە و لە زۆربەی کێشە و هەرای خوالێخۆشبووی باوکیدا: (قازی فەتاح)، بەشداریی کردووە و لەکاتی قۆڵبەست بوونی باوکیدا، لەتاران، لەگەڵی بووە.

لە جەنگی دنیاگرەوەی یەکەمدا، عەبدولڕەحمان سالار و براکانی قازی محەمەد و مەنسوور و میرزا ئەحمەد، نزیکەی دوو ساڵ یەخسیری ڕووسە قەیسەرییەکان بوون و دوای شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەری ڕووسیە و پشێویی بارودۆخی ئەوێ، بە وەزعێکی دڵتاوێن، گەڕانەوە ئێرانێ. (سەرچاوە: کورتەی مێژووی بنەماڵەی قازی لەویلاتی موکری – سەرچاوەی پێشتر ناوبراو، ل ٧٧).

کوڕە بچکۆلەکەی تریشیان[1]، ئەوەیان کە پێشوازیی لە ئێمە کردبوو. هاتە ژوورەوە و بەفیز و لوتبەرزانەوە، چەکەکەی خۆی، کە ماوزەرێکی پێنج تیر بوو، بەشانازییەوە نیشانمانی دا.

کورد، کە بە دڵنیاییەوە لەبارەی نەژادی ئارییی بوونیانەوە، لە ئێمەی ئەڵمانی نزیکن، کاتێ چەکەکانیان بە دەستەوە دەگرت، بەڕاستی دیمەنێکی جوان و لەبەردڵانیان دەنواند.

قازی فەتاح خۆی سەرپەشتی هەموو شتێکی دەکرد و ڕێ و شوێن و پلەی کاری هەمووانی دیاری دەکرد و خۆیشی بۆ شەڕ ڕۆیشت و شەو گەڕایەوە.

وردە وردەش دەرکەوت، کە تەقەکە لەلایەن ڕووسەکانەوە نەبووە، بەڵکو پیاوەکانی (سەمەد خان – صمصام السلطنە) بوون. ئەم (سەمەدخان)ە، جێی باوەڕی (شوجاع دەولە) بوو، سەرپەرشتی ئاواییەکانی نێوان مەڵبەندەکانی: بناو – مەراغە – میاندواو – ی دەکرد.

ئەو کاتەی تورکەکان لەسەرکەوتندا بوون، لای ئەوان خۆی بەکابرایەکی پەشیمان و تاوانبار پیشان دەدا. تورکەکانیش لێی بووردن و لەجێگەی فەرمانڕەوایی جارانی خۆی هێشتیانەوە. بەڵام بەبیستنی یەکەمین هەواڵی سەرکەوتنی ڕووسەکان، بۆ خۆشیرینکردن، لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵی بوون، هێرشی کردبووە سەر دەستەیەك لەو کورد و تورکانەی کە خەریکی پاشەکشێ کردن بوون.

دوای ماوەیەك، حیلمی بەگی سەرۆکی ستاد و موختار بەگ، سەرۆکی خۆشەویست و ئازای سوارەی سەربەخۆ، گەیشتن. موختاربەگ زامدار کرابوو. گوللەیەك بەر بەشی سەرووی سنگی کەوتبوو، کە دیواو دیو سمی بووی. درەنگانێکی شەویش شازادە (ئەبولفەتح میرزا)ی نووسەری کونسولگەی ئەڵمان، کتوپڕ خۆی بەژووردا کرد.. شازادە بۆمی گێڕایەوە:

---

[1] کوڕەی بچووکەکەی قازی فەتاح: نەمزانی مەبەست لە کام کوڕی قازی فەتاحە.

ڕۆژی پێنجشەممە، درەنگانێ لەگەڵ شێخۆلئیسلام و سەد کوردی تر و فەرمانبەر و خزمەتکاردا، لەتەورێز دەرچوون. ماینەکەی منیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.

شەو، کاتێ گەیشتبوونە (جەغەتوو)، صمصام سەڵتەنە و پیاوەکانی، تەقەیان لێ کردبوون. ئەو و شێخولئیسلام گەیشتبوونە ئەمبەر ئاوەکە و دەرباز ببوون. بەڵام ئاگایان لە کەلوپەل و ئەسپ و پیاوەکانیان نەبوو. لە پاشەکشێ کردندا حیلمی بەگ و شێخولئیسلام، تەلی تێلگرافی تەورێز – تاران – یان پساندبوو.

قازی فەتاح دەیوت: کوردەکان دەتوانن شوێنی بەرگریی لە میاندواودا قایم بکەن.. لەبەرئەمە فەرماندەکانی تورک، دەبێ بمێننەوە و ڕابەریەتیکردنی ئەرکەکان لە ئەستۆ بگرن.

فەوزی بەگ بەڵێنی دا: ئەوەی پێویست بێت، حیلمی بەگ و موختار بەگ دەیکەن. خۆیشی دەبێ لەتەك کونسوڵی ئەڵماندا تا ساوجبولاق بچێت. دیارە هەر لەو کاتەشدا بەڵێنی لە حیلمی وەرگرت، هەر بەدەرچوونی ئەم، لەمیاندواو، ئەویش بەدوایدا بڕوات.

شەومان بەنائارامیی بەسەربرد. لە ژوورێکی بچووکدا لەسەر زەوی بە پەتۆ (بەتانی) و پاڵتۆ نووستین. جگە لە من و ئیبراهیم ئەفەندی، موختار بەگ و دوو ئەفسەری تریش، کە بەهێزەکانیانەوە پاشەکشێیان کردبوو، لەو ژوورەدا نووستن.

نزیکەی نیوەشەو، من و ئیبراهیم فەوزی، بە نیازی ڕۆیشتن، هەستاین. ماوەیەکی خایاند تا ئەسپەکانیان زین کرد و بەواگۆنە کۆنەکەوە بەستیانن.

کاتێ چووینە ناو واگۆنەکەوە، دەرکەوت ماینەکەی فەوزی بەگ لەوێ نییە. ئەمەش لای ئەو فەرماندە کوردەوە یەکەمین هێمای ئەوەبوو، کە کۆنسوڵی ئەڵمان دەتوانێ بڕوات، بەڵام فەرماندەی تورک دەبێ بمێنێتەوە.

**ڕۆژی چوارەم، ڕووە ساوجبولاق،**

**مەڵبەندی عەشایەری کوردی باکووری ئێران**

هەرچی ئەمسەر و ئەوسەریان کرد، ماییەکە نەدۆزرایەوە. سەرئەنجام سەعات (٣.٥) سێ و نیوی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە: (٣١ی ژانویە (کانوونی دووەم)ی ١٩١٥)، بێئەوەی ماییەکە بدۆزنەوە، بەڕێ کەوتین.

دوای ماوەیەك گەیشتینە چەمی (تەتەهوو)[١]، کە پردێکی بەسەرەوە بوو. ئەم پردە هەر ئەوەبوو، کە کورد لە دیسامبەر (کانوونی یەکەم)ی ١٩١٤دا، هێرشیان بۆ بردبوو. ڕووسەکانیش دەیانپاراست.

زۆری نەبرد گەیشتینە ناوچەیەکی شاخاویی و بۆمان دەرکەوت ئێستا لە کوردستانی ڕاستەقینەداین. سەرومڕی دانیشتووانی گوندەکان جل و بەرگی درێژی کوردییان لەبەردایە. هەڵبەتە زۆرینەی دانیشتووانی (میاندواو)یش هەر کوردن[٢]، بەڵام کۆچکردووی ئێرانیشیان تێدایە (کە کوردان بەوانە دەڵێن: عەجەم)، کە ئەم عەجەمانە، نەك هەر یارمەتی هێزی (جیهاد)یان نەدەدا، کە لە کورد و تورك پێکهاتبوون بەڵکو لەکاتی پاشەکشێ دا، هێرشیان دەکردە سەریان و پەلاماریشیان دەدان[٣].

---

[١] تەتەهوو: یان (تاتاهوو)، کە دیارە وشەیەکی (مەغۆلی)یە و دواتر لەسەردەمی (ڕەزاشا)دا، ناوی (سیمینە ڕوود)ی لێنرا، لە چیاکانی: بانە، سەقز، مەهاباد، کوردستانی باشوور سەرچاوە دەگرێ و بەشاری (بۆکان) و دەوروبەری شاری (میاندواو)دا تێدەپەڕێ و پاشان دەڕژێتە (گۆلی ورمێ)وە. لەم ڕێکردنە درێژەیدا، کە (٢٠٠) دووسەد کیلۆمەتر دەبڕێ، لە هەندێ شوێندا، بەتەریبی چەمی (جەغەتوو)دا دەڕوات و زەوی و زارێکی زۆری ناوچەی (میاندواو)، بۆ کشت و کاڵ پاراودەکات.

[٢] ئەمە بەڵگەی زیندووی پێکهاتەی شاری (میاندواو)ە، کە تا ئەو مێژووە (١٩١٥)، دانیشتووانی (میاندواو)، کورد بوون. بەڵام لە ئێستا (بەتایبەتیش دوای هەرەسی کۆماری کوردستان)، ئەم داروبارە پێچەوانە بۆتەوە و زۆرینەی دانیشتووانی (میاندواو)، عەجەمن و کوردان لەو شارەدا میوانن!.

[٣] چونکە ئەو عەجەمانە، شیعە مەزهەب بوون و بە پێچەوانەی کوردانی سوننی مەزهەبەوە، یارمەتی سوپای ڕووسیایان دەدا (و. کوردی).

بۆیـه جێـی سەرسـوڕمان بـوو، ئەوکاتـەی ئێمـە گەیشـتینە (میانـدواو)، کوردەکان بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی عەجەمەکانیان سووتاندبوو. بـەڵام ئـەم هەرێمەی ئێسـتا پیایـدا ڕادەبـوورین (وەك پێشـتر وتم) هـەموو کـوردن. بۆیـە کەسێك کە لە (تەورێز)ەوە – کـە شـارێکی تێکـەڵ و هـەموو جـۆرە ڕەگـەز و نەتەوەیەکـە – دەگاتـە ئـەم ناوچـەیە و هەسـت دەکـات هـەموو شـتێك وەك یەکە، دیمەنێکی دڵنشینی دێتە پێش چاو. چونکە هەموو شتێك لەبنەڕەتێکی تایبەتی ئەو کۆمەڵە (کۆمەڵی کوردەواریی) وە هەڵدەقوڵێ.

پـێش نیـوەڕۆ، بـۆ حەسـانەوە و تیمـاری ئەسـپەکان، لەئاواییـەکی ئـەو کوێستانانە لامان دا. ریش چەرمووترینی ئاواییەکە بـانگی کـردین، تـا بچینە ناوەندی ئیدارەی گوندەکە، کە لە مزگەوتی گوندەکەدابوو.

ئـەم شـوێنە بریتـی بـوو لـە هۆدەیـەکی گـەورە، کـە لـە خشـتی کـاڵ دروستکرابوو. لەناوەڕاستیدا ئاگرێك دەسووتا. لەدەوری ئاگرەکـەدا، شـتێکی بەرزی وەك ناڵی ئەسپیان سازکردبوو، خەڵکەکە لە پاڵیدا کزۆڵـەیان کردبـوو، خۆیان گەرم دەکردەوە. نان و چایی و ماستێکی زۆر باشیان بۆ هێنابن.

لەسـەر ڕێگەمانـدا دیمـەنێکی دڵتـەزێنمان بینـی. لەمبەروئەوبـەری جادەکەدا، ژنانی کوردمان چـاو پـێ دەکـەوت، لەدەسـت ڕووسـەکان هەڵدێن (ئافرەتی کورد چارشێو بەسەردا نادەن) و هەرچییەکیان هەبوو، لە وڵاخیـان بارکردبوون و دابوویاننە بەر.

لەنزیك ساوجبولاق، چەند کوردێکی چەکدارمان بیـنین، بـەرەو میانـدواو دەچوون. یەکێك لەسەرانی کورد واگۆنەکـەی ڕاگـرتین، کـە کوڕەکـەی (قـازی فەتاح)[1] بوو. نامەیەکی لـە باوکییـەوە پـێ گەیشـتبوو، بۆمـانی خوێنـدەوە. ناوەڕۆکی نامەکە، باسی تێشکانی تورکەکانی لە تەورێزدا تێدابوو.

[1] کوڕەکەی قازی فەتاح: هەر مەبەست لە کوڕە گەورەکەیەتی، کە (میرزا عەبدولڕەحمان)ی ناسراو بە (سالاری موکری)یە.

قازی فەتاح داوای لە کوڕەکەی کردبوو:

بەهەموو هێزەکەی لای خۆیەوە، بۆ پارێزگاریی لە کوردەکان، ڕوو لە میاندواو بکات.

ئیتر کوڕەکەی قازی لێمانی پرسی: ئایا بۆ میوانداریتان بگەڕێمەوە، یان: فەرمانی باوکم جێبەجێ بکەم؟! منیش وەڵامم دایەوە:

ئەوەی دووەمیان بەجێ بهێنە. ئەویش چەند کوردێکی خستە تەکمان و خۆی بەسواری ئەسپەکەی بۆ شەڕی ڕووسەکان ڕۆیشت.

من و ئیبراهیم فەوزی بەگ، سەعات (١٠.٥) دەونیوی نیوەڕۆ گەیشتینە ساوجبولاق. هەر لەوێ بەرەو سەرای حکومەتی بەڕێ کەوتین. لەوێ چەکمەکانیان لەپێ داکەندین. بردیانینە ژوورێکی زۆر گەورە، تیایدا (٢٠) بیست کورد، لەپاڵ دیوارەکان، یان لەناوەڕاستی ژوورەکەدا لەسەر زەوی دانیشتبوون.

ئێمەش کە هەر گۆرەویمان لەپێدابوو. لەسەر زەوی دانیشتین. ژمارەی ئەو کوردانەی دەهاتنە ژوورەوە، تا دەهات زیاتر دەبوون. وادیاربوو ئەمەیان بەڕێزگرتن دەزانی، کە قەت میوان بەتەنیا بەجێ نەهێڵن و لەگەڵ خزمەت و میوانداریی کردن، هەموو خزم و کەس و کاری خۆیانی لێ کۆ بکەنەوە.

سەرۆکەکان لەپاڵ دیواردا دانیشتبوون. لایەکی ژوورەکە پڕبوون لەوانەی بەپێوە ڕاوەستابوون و چاویان لەئێمە بڕیبوو. هەموو جل و بەرگی کوردییان لەبەردابوو، کە بریتی بوو لە مێزەرێکی شاڵی هاوریشمیین، ریشوەکانیان شۆڕ ببوونەوە. کۆتێکی کورتی قۆڵ درێژ. کراسی قۆڵدار و نزیکەی (٣٣) سی و سێ مەتر شاڵ، وەکو کەمەربەند (مەبەستی لەپشتێنە. و. کوردی) لە دەوری سک و پشتیان ئاڵاندبوو، هەمووشیان خەنجەریان تێئاخنیبوو، لەگەڵ شەرواڵێکی فش و هەراو.

بەخێرهاتنی سەرانی دەستڕۆیشتووی کوردمان کرد، کە بریتی بوون لە:

قازی عەلی حاکمی ساوجبولاٚق و ئامۆزای قازی فەتاح، قازی عەلی – ی برای قازی فەتاح، ئیمام جومعە: ئامۆزای قازی فەتاح و کەسانی تر..
سەرئەنجام ناچار وتم:

نەخۆشم. ئەوانیش ژوورێکی تایبەتیان بۆم تەرخان کرد و لەوێ حەسامەوە.

دواتر ئیمام جومعە بۆ دیتنم هات و ئاگادارمی کرد کە (میرزا جەوادخانی قازی)[1]ی برای و نیشتەجێی (بەرلین – شارلوتنبورگ – شەقامی مومزن –

---

[1] میرزا جەوادی قازی (١٨٨١ – ١٩٥٨): یان: دوکتور جەوادی قازی، کوڕی شێخ جەلال، لە مەهاباد یان گوندی (سریلاوا)ی دەڤەری مەهاباد لە دایك بوو. پاشی تەواوکردنی دەرسی سەرەتایی، بۆ خوێندن و فێربوونی زانیارییە ئاینییەکان ڕووی کردە حوجرە. سالّی ١٩٠١، ئۆسکارمان سەرۆك و پارێزەری کتێبخانەی سەلتەنەتیی ئەلّمان، بۆ لێکۆلّینەوەی زمانە ئێرانییەکان هاتە ئێران. سەردانی لوڕستان و کوردستانی کرد، بۆ گرداریی ئەدەبی زارەکی و هەروەها فێربوونی زمانی کوردی، لە مەهاباد مایەوە. ئەو دەم جەواد لە تەمەنی بیست سالّیدا، لە مزگەوتی شادەرویشی مەهاباد بەفەقێیەتی هێشتا خەریکی خوێندنی علوومی دینی بوو. ئۆسکارمان لەلای میرزا جەواد، زمانی کوردیی لەهجەی موکری دەخوێند و لە هەمبەر ئەو ئەرکەدا ئەویش زمانی ئینگلیزیی فێری جەواد کرد. هەڵبەت میرزا جەواد پێشتریش هێندێکی ئینگلیسی لەلای یەکێك لە کاربەدەستانی نەخۆشخانەی ئەمریکایی لە مەهاباد خوێندبوو. لێکۆلّینەوەکانی ئۆسکارمان تا ١٩٠٣ درێژەیان کێشا، لە گەڕانەوەدا بۆ ئەلّمان، میرزا جەوادیش لەگەلّی چوو و لەوێ درێژەی بەخوێندن دا. دوای ماوەیەك خوێندنی بەرزی لە ڕشتەی مافدا بەدوایی گەیاند و هەر لەوێ، لە بالّوێزخانەی ئێران دامەزرا. لەو ماوەیەدا هاوکارییەکی نزیکی لەگەلّ ئۆسکارمان کرد بۆ وەرگێڕانی ئەلّمانیی کتێبی Die Mundart der Mukri - Kurden کە بە توحفەی موزەففەرییە ناسراوە، و لە سالّی ١٩٠٦ لە بەرلین چاپ و پلاّوکراوەتەوە. دوکتور جەواد هەر لە بەرلین، لەگەلّ کچە ئەلّمانییەك زەماوەندی کرد و هیچ مندالّی لێی نەبوو. لە سالّی ١٩٢٨دا گەڕایەوە تاران و بوو بەڕاوێژکاری بەرزی دیوانی. سەرلەنوێ لە تاران زەماوەندی کردەوە، بەلاّم تا دوایی تەمەن هەر بەوەجاغکوّری مایەوە. پاشی سالّێك داوای لە بنەمالّەی قازی، لە مەهاباد کرد کە برازا هەتیوەکەی، بۆ ڕەوانەی تاران بکەن تا سەرپەشتیی بکا و دەرسی پێ بخوێنێ. ئەوە بوو کە محەمەدی قازی، وەرگێڕی بەناوبانگی پاشەڕۆژ، ڕۆیشتە لای مامی و لە ژێر چاودێری وی درێژەی بەخوێندن دا.

ژماره ٤٧) ، ئێستا له (بەرلین) سکرتێری باڵیۆزخانەی ئێرانە و داوای لێکردم نامەیەکی بۆ (بەرلین) بۆ ببەم. منیش بەڵێنم دایە و ئاگادارم کرد، کە نیازم وایە بەیانی زوو بەڕێ بکەوم.

ئیمام جومعە باسی داخوازییەکانی کوردی کرد و تکای لێم کرد لەگەڵ براکەیدا (واتە: قازی جەواد) ئەو داخوازییانە بە دەوڵەتی (ئەڵمانیا) ڕابگەیەنم[1]..

ئاگادارم کردەوە ئەو شتانەم بۆ ڕێگە پێویست دەبێ:

---

دوکتور جەوادی قازی، بەسەر حەوت زمانی: ئینگلیسی، ئەڵمانی، فەڕانسەیی، عەرەبی، فارسی، تورکی و کوردیدا شارەزایی تەواوی هەبوو. ژمارەیەك وتار و لێکۆڵینەوەی بەزمانی ئەڵمانی لە دوا بەجێ ماون، کە هێندێکیان لە گۆوارەکانی ئەو سەردەمی ئەڵماندا چاپ کراون، نموونەی ئەو وتار و لێکۆڵنەوانە، وتارێکە لەسەر هۆزی مەنگوڕ، کە لە گۆواری Globusدا چاپ کراوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیەك بەناوی (دەستوور و یاسای کوردەواری) کە لە گۆواری (زانستی بەراوەردکاریی ماف)دا، لە ساڵی ١٩٠٩ بڵاوکراوەتەوە. گرینگیی نووسراوەکانی دوکتور جەوادی قازی لەوە دایە یەکەم کوردێك بووە کە بە زمانی ئەڵمانی وتاری لەسەر کورد نووسیوە. بەپێی ئاماژەی مامۆستا محەمەدی قازی، دوکتور جەواد لە ساڵی ١٩٥٨ بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئیمام زادە عەبدوڵای تاران نێژرا. (سەرچاوە: خەلیلی فەتاحی قازی، کورتەی مێژووی بنەماڵەی قازی لەویلایەتی موکری، و. بۆ کوردی: حەسەنی قازی، چاپەمەنی دەسگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩، ل ٢٣١ – ٢٣٢).

[1] لەبارەی داخوازییەکانی کوردەوە: ئەمەش نموونە و بەڵگەیەکی تری گیان و هەستی نیشتمانپەروەرانەی ئەندامانی ئەم بنەماڵە کوردپەروەرەی (قازی)یەکانی مەهابادە، کە لە ڕۆژگارێکدا، هێشتا هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی نیشتمانیی و نەتەوەیی کوردی، لە هیچ پارچەیەکی کوردستان دروست نەبوون و هێشتا جەنگی یەکەمی جیهانی دوایی نەهاتووە و ناوێك لە هەردوو پەیماننامەی (سیڤەر) و (لۆزان) نین و باسێك لە داخوازییەکانی کورد لە ئارادا نین، کەچی ئەوەتا ئەندامێکی ئەم بنەماڵەیەی قازی، واتە: (عەبدولخالق)ی برای میرزا جەوادی قازی، تکا لە (لیتن)ی نووسەری ئەم بیرەوەرییانە دەکات، تا کە بۆ (ئەڵمانیا) گەڕایەوە، پێوەندی بە (میرزا جەوادی قازی یەوە بکات – کە لەوکاتەدا لە ئەڵمانیا بووە و گەلالەیەکی داخوازییەکانی نەتەوەیی کورد، بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیا پێشکەش بکەن. (سەرچاوە: کورتەی مێژوویی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری – سەرچاوەی پێشتر ناوبراو، ل ٢٣١ – ٢٣٢).

**Berlin, charlottenbury, Momsenstr. 47.**

دوو سـوار، بـۆ هـاوڕێی، ئاوێنەیـەکی بەرباخـەڵ، چـەند توورەکەیـەك و پارەی عوسمانی.

سەڕافێك، توورەکە قڕانییەکانمی بەلیرەی تورکی گۆڕییەوە. ئەوسا ئـەو لیرانەم بەئاسانی خستە گیرفانم. هەگبەکان و ئاوێنەکەشم وەرگرت.

دوای نیـوەڕۆ، حیلمـی بـەگ و موختاربـەگیش گەیشـتنە سـاوجبولاق. راغیـب بـەگی سەرکونسـوڵی عوسمـانیش لەتـەورێز، کـە هـەر تـەنیا ڕۆژێـك لەسەرکار ببوو.

راغیب بـەگ سـەفەرێکی ناخۆشـی کردبـوو. هێرشـیان بردبـووە سـەری. ژنەکەیشـی تووشـی نەخۆشـیی مێشـك ببـوو. تەحسـەین بـەگی کونسـوڵی عوسمـانی لـە سـاوجبولاقیش هـات. پێشـتر راغیـب بـەگ لـە سـاوجبولاق دا کونسوڵ بوو. ناسیاویی باشی لەگەڵ کوردەکاندا هەبوو. سەرودڵخۆشیش بوو بەوەی پێی وابوو بەو زووانە هێزێکی بەدەسەلاتی تـورك پێکدێ و دەتوانـێ دیسان بەرەو تەورێز بچێ.

منـیش بـڕوام وابـوو کوردەکـان هێزێکـی فراوانیـان لـە میانـدواودا کۆکردۆتەوە و بەو هێزەش دەتوانن تاڕادەیەك لەناوچـە شـاخاوییەکاندا، بـەر بە سوپای ڕووس بگرن. بەڵام ئەوەی کـە کوردەکـان لـە هەلومەرجێکدا بـن، بتوانن هێزێکی ڕێك و پێکی وەك سوپای ڕووس تێك بشکێنن، بـەلای منـەوە، کاری نەکردەبوو. سەرۆکەکانی کوردیش لەسەر ئەم بـاوەڕبوون. لەبـەر ئەمـە پێشنیارەکەی راغیب بەگم پەسەند نەکرد، کـە لـە سـاوجبولاقدا بمێنمـەوە و خەڵکی دژی ڕووس هان بدەم. وام پێ باش بوو بچمە مووسـڵ و ڕووداوەکـان وەکو خۆیان بە دەوڵەتی ئەڵمانیا ڕابگەیەنم.

لێرەدا فـەوزی بـەگ و حیلمـی و موختـار بـەگ، بەرنامـەی ڕۆیشـتنمیان پەسەند کرد و بڕیاریان دا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم بەرنامەیـە، هاوڕێیـەتیم بکەن.

ئەو شەوە شازادە ئەبولفەتح میرزا هات بۆ لام و وتی:

سەرۆکەکانی کورد و خەڵکی تری شار (ساوجبولاق)، لەو پیلانەی فەرماندەکانی تورك، بۆ هەڵاتن گێڕاویانە، سەریان سوڕماوە و ماڵەکەیان ئابلۆقە داوە و بەخورتی بەرهەڵستی لە ڕۆیشتنمان دەکەن.

شێخولئیسلامیش ئێستا گەڕاوەتەوە سەر موڵکەکانی تری خۆی، لە نزیك ساوجبولاق. داوای لێم کرد میوانی بم. وەك دیاربوو بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی، دەبووایە چەند ڕۆژێکی تریش لەساوجبولاق بمێنمەوە.

بە شازادە ئەبولفەتحم وت:

دەمەوێ تا ڕۆژی سێ شەممە بمێنمەوە. میرزا (ئەبولفەتح. و. کوردی) بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە، ڕۆیشت و کەمێکی پێچوو و گەڕایەوە و لای ئێمە نووست.

ئەو شەوە من و فەوزی، حیلمی، ئەبولفەتح میرزا لە ژوورێکی بچووکدا خەوتین.

سەرۆکەکانی کورد، بەرودوا بۆ دەربڕینی سوپاسی خۆیان، لەبارەی بڕیارەکەمەوە هاتن بۆ لام و وتیان بەم بڕیارەم گوایە ئەوانم تووشی نائومێدیی نەکردووە. هەروەها لەوەش ناڕازین کە سوپای تورك و ڕووس، خەریکن ڕێك دەکەون.

بەلای کوردەکانیشەوە ئاخاوتن بە زمانی تورکی سەختە، چونکە ئەوان زمانی فارسی لە تورکی باشتر دەزانن. بەکورتی هەر ناوبانگی ئەڵمانیا دەتوانێ لەم مەترسییە ڕزگارمان بکات. ئەگینا هەمووان ئەم یارییە دەدۆڕێنن و دەکەوینە ژێردەستی ڕووس.

**ڕۆژی پێنجەم – لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی جەنگیی سەرۆکەکانی کورددا.**

**ڕۆژی دووشەممە: ای فوریە (شوبات)ی ۱۹۱۵**

ئەمڕۆ هەموو شڵەژابوون. شەوی ڕابووردوو دیسان فەرمانی جیهاد درابوو. تەتەرێکی سوارە، ئەم هەواڵەی بە هەموو سەرۆکەکانی کورد ڕاگەیاند، کە ئێستا لە عەمارەتی سەرای حکومەتیدا دانیشتوون.

ئەم کۆبوونەوەیەش دیمەنێکی جوانی هەبوو. لە ژوورەوەی ساڵۆنەکە و لە جێگەیەکی تایبەتدا، تورکەکان و سەرۆکەکانی کورد، مەلا و مامۆستایانی ئایینی، دانیشتوون، لەلایەکی تریشەوە کوردانی چەکدار، ڕاوەستا بوون.

کاتێ چوومە ژوورەوە، بەڕێزەوە بۆ شوێنی تایبەتی ڕێنوێنی کرام. هەمووان بێدەنگ بوون. دوایی کوڕێکی تەمەن (۱۰) دە ساڵان، هاتە قسە و وتی:

ئەگەرچی تەمەنم کەمە و منداڵم، بەڵام تکا دەکەم لە ڕیزی خۆتاندا جێم بۆ بکەنەوە، تا منیش بە داخوازیی خۆم بۆ شەڕ بچم و ئەگەر ڕێم بدەن بۆ کوردستان بکوژرێم[1]، ئامادەم دەست لە تەمەنی درێژی داهاتووم هەڵبگرم. چەك و فیشەکی خۆمیشم هەیە.

یەکێك لە مامۆستایانی ئایینی، کوڕەکەی لەباوەش گرت و ماچی کرد و بردی بۆ شوێنە تایبەت و تەرخانکراوەکەی مامۆستایانی ئایینی (لۆژ).

دوایی سەرۆکێکی کورد، کوڕەکەی نیشان خەڵکەکەدا و وتی:

ئایا لەنێوان ئێوەدا، کەسێکی وا هەیە، بیەوێت لای ئەم کوڕە بچکۆلەیە شەرمەزار بێت؟!.

وەڵامی توند و قایمی (نا) لە کوردەکانەوە بەرزبووەوە. دوای ئەوە، داوایان لە ئەفسەری تورك کرد، تا بیروڕای خۆی دەربڕێت.

---

[1] شەڕکردنیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی و بەپیرەوەچوونی (جیهاد)، بە (کوردایەتی!) زانیوە! (و. کوردی).

حیلمی بەگ بە تورکی وتی:

ئـەوەی لـە دەسـتی ئێمـە هـاتووە، درێغـی نـەکراوە. ئـەو تـەنگ و چەڵەمەیەش ڕوویداوە، پێوەندی بە هەلومەرجی جەنگەوەیە و لەم بارەیـەوە کونسوڵی ئەڵمانیا دەدوێت.

دوای ئەوە تێمی گەیاند کە هەمووان چاوەنواڕی بیستنی وتـاری مـنن. منـیش دوای دەربڕینـی هەسـتی خـۆم، ئـەو قسـە ئاسـاییانەی وا بـاوە، ڕامگەیاند:

لە خزمەت کوردەکاندام و تکایان لێدەکەم ئەوەندەی پێوەندی بەبوونی منەوە لێرە هەیە، دەتوانن ڕاوێژم پێبکەن و دوایی هەر بڕیارێکیـان دا، پێمـی ڕابگەیەنن.

دوای ئەوەی وتەکانم لای هەمووانەوە پەسەند کرا، خۆم و بارگە و بنـەم و ئەبولفەتح میرزا، چووینە ماڵی سەیید جامیع – ی برای شێخولئیسلام...

حیلمـی و فـەوزی بـەگ هـەر لـە سـەرای حکومـەت مابوونـەوە. بـەڵام کوردەکـان هێرشـیان کـردە سـەریان و چـەکیان کـردن. چونکە دەیـانزانی ماوەیەك لەمەوپێش، بڕێك کەرەسەی جەنگیی گەیشتبووە تـەورێز. هـەروەها دەشیانزانی قازاقەکانی ئێرانیان چـەك کـردووە و ئێسـتا دەیانویسـت چـەك و دەسـکەوتەکانی شـەڕیان بەسـەردا دابـەش بکرێـت. دەیانویسـت تورکـەکان تێبگەیەنن، کە نابێ خۆیان بە خاوەنی هەموو شتێك بزانن. تەنانەت هی واش پەیدا ببوو، دەیوت:

دەبـێ هـەموو عەشـیرەتێکی کـورد، بەیەکسـانی بـبن بـەخاوەنی ئـەو چەکانە.

بەمجۆرە حیلمی بەگ هیچی تری پـێ نـەکرا، جگەلـەوەی بێتـە دەنـگ و بڵێ:

بێئــەوەی هــیچ کارێــك ئــەنجام بــدات، تــەورێزی بەجێهێشــتووە و هەڵاتووە[1].

**ڕۆژی شەشەم: درێژە پێدانی وتووێژ لەگەڵ کوردان لە ساوجبولاق**

**ڕۆژی سێ شەممە: ٢ی فوریە ١٩١٥**

لـە نشـینگەکەی خۆمـدا، ئاهـەنگێکی میوانـدارییم گێـڕا. حـاکمی شـار، بەرپرسی گومرك، بەرپرسی تێلگراف، چـەند مەلایـەك، هەنـدێکیش لەسـەرۆك هۆزانی کورد بەشداربوون.

تـورك لـەبارەی شـارەزایی کوردانـەوە لـە بوارەکـانی شـەڕ و زانسـتی جەنگییەوە، بەسووك و بێبایەخ بۆیان دەنوارن.

کورد، چەك و تفـەنگ بـاش دەناسـن و زۆریـش زوو لـەوە گەیشـتن، کـە سوپای تورك تفەنگی ماوزەری نوێتریان هەیە، کە بریتییە لە لوولەیەکی درێژ و نۆ فیشـەك، بەسـەر تفەنگەکەوەیـە. داگرتنەوەیشـی ماوەیـەك دەخایـەنێ. ئەمەش شتێکی وانەبوو سـەرۆك هۆزەکـانی کـورد، دڵیـان پێـی خـۆش بێـت،

---

[1] دیسانەوە لە باسی ناوهێنانی ئەم (حیلمی بەگ) و ئەم هەرێمە کوردنشینانەدا، بەپێویستی دەزانم زانیاریی زیاتری مامۆستا رەفیق حیلمی لەم بۆنەیەدا، بەیادی خوێنەران بهێنمەوە، کە لە کاتێکدا ئەم کەسە، دەستی بەخوێنی کوشتنی کورد و تالانکردنی کوردستان سوور بووە. کەچی ئەوەتا هەر ئەم (حیلمی بەگ)ە، لەناو ئاپوورەی کوردانی هەمان هەرێمدایە و تۆڵەی ئەو تاوانانەی لێ ناکرێتەوە، کە لەگەڵ کوردی کردووە.. مامۆستا رەفیـق حیلمـی لەبارەیەوە دەڵێ:

حیلمی بەگ: زابت روکنی تورك، لە شەڕی گەورەی یەکەمـدا، بـە هێزێکـی بچـووکەوە هاتبووە ئێران. لە (بانە)وە تا (سەقز) و (بۆکان) و (ساوجبولاق)، شـارەکانی خۆرئـاوای کوردستان، دوای ئەمەی کە بە ناهەق، گەورە و سەردارەکانی کوردی ئـەنا بـە نیشـانەی تفەنگەوە و گوللەبارانی ئەکردن، شارەکانی تالان ئەکرد، دەوڵەمەندەکانی جەریمە ئەکرد، حەمەخانی (بانە) و سەرداری (بۆکان)، لەناو ئەوانەدا بوون، کە بە گوللەبارانی حیلمی بەگ لەناوبرا بوون... (رەفیق حیلمی، یادداشت، بەرگی سێهەم – سەرچاوەی پێشتر ناوبراو، ل ٨٨ ...).

چونکە هێزەکانی ئەوان، بە تفەنگی پێنج تیری تازە، چەکدارکردبوون. هەمووشیان بە پارەی گیرفانی خۆیان کڕیبوون.

تورکەکان زانیان کە کوردەکان حەز لەو تفەنگە یەك تیرانە ناکەن، کە ژاندارمەکانی تورك بەکاریان دێنن و پێیان دەوتن:

ئەو چەکە بێ خێرانە هەر موبارەکی خۆتان بێت.

ئەوەی عەشایەری کورد، زۆریان بەدڵە، شەستتیر و هێزی پیادەیە. پەژارەی کوردەکان لەبەرئەوە بوو، کە دەیاندی ڕووسەکان هەموو ئەمانەیان هەیە و تورکەکان هیچیان نییە.

کوردەکان ئاگاداری نەشارەزایی تورکەکانیش بوون. ئەوان لێهاتوویی هێزی ڕووسیان دەدی و شەڕکارانی جەنگ و شپرزە و لەیەك نەچووەکانی تورکیش. شەڕخوازانی عەرەبیش، کە لە مووسڵ و کەرکووك کۆکرابوونەوە، بەجل و بەرگی خۆیانەوە، چەکی ژەنگاویی کۆن، کە بەدوای خۆیاندا ڕایاندەکێشا، فێری هیچ جۆرە ئامادەییەك نەدەکران.

کوردەکان ئاگایان لە بێ سەروبەریی لەشکری تورك و بێدەسەڵاتیی فەرماندەکانی تورکیش بوو. بەڵام لە دوای ئاگادارکردنەوە، بۆ کۆبوونەوەی سەربازانی ڕووسی، ئەگەر سەربازێکی ڕووسی ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبووایە، ئەفسەری ڕووس تەلەفوونیان بۆ هەموو شوێنێك دەکرد.

لەبەرامبەر ئەوەدا، حیلمی بەگ هەر ئاگای لەوەش نەبوو هێزەکانی خۆی لەکوێن و لەچ شوێنێك دامەزراون. هیچ جۆرە بنکەیەکیش بۆ جێبەجێکردنی کێشەی ئابووری، خزمەتی تر، بۆیان تەرخان نەکرابوو. ئەمە ئەرکی سەربازەکان بوو، خۆیان جێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە. هەرچیشیان پێخۆش بوو، لە خەڵکەکەی بسێنن. شتی وەکو پێشڕەوی لەشکر و ئەمجۆرە شتانە، هەرگیز بەدی نەهاتبوون. هەرگیز ئاگاداری چۆنێتی هەڵسوکەوتی دوژمن نەدەبوون. کەس نەیدەزانی زامدارەکانی شەڕ، بۆ کوێ دەبرێن و لە کوێ نیشتەجێ دەکرێن.

حیلمی خۆیشی پرسیاری لێ نەدەکردن و سەردانیشی نەدەکردن.

بـە کـورتی هەرچـی جموجـوولێکی سـەربازییانە هـەبوو، هـەمووی بـە نەشارەزایی دەکرا. پێوەنـدیی تەلـەفوونیش بـۆ دەوڵـەتی عوسمـانی نـەبوو، تەنانەت بۆ هەندێ ناوچەی وەك (راجـت)[١]، (پشـوا)[٢] و (سـاوجبولاق) تـەلی تێلگراف دانەمەزرابوو. نەدەبوو کەس بەتەمای هاتنی هێزی سوپا و یارمـەتی تر بێت.

شەوێ فەوزی بەگ و حیلمی بۆ ماڵئاوایی هاتن و دەرەنگانێکی شـەویش موختـار بـەگ و بـەجیس ئاغـای[٣] شـەنگ و شـۆخ و جـوانیی، کـوڕی حـاجی ئێلخـانی (کـە یەکێکـە لـە سـەرانی کـورد و پێـنج هـەزار سـوار لـە ژێـر فەرمانیدابوون) بۆ دیدەنیم هاتن.

بایز ئاغا ڕێز و سڵاوی باوکی، بە من گەیاند و وتی:

ئامادەیە ئەگەر بتوانێت بێتەژێر چاودێریی ئەڵمان و ببێت بەفەرمانبەری کۆنسـولگە و جێـی متمانـەی دەوڵـەتی ئـەڵمان لەسـاوجبولاق. هـەموو عەشیرەتەکەی خۆیشی (عەشیرەتی بەناوبانگی دیموکری – دیبوکری) بخاتـە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەڵمانیا و کاربەدەستانی ئاڵمانیاوە. لەگەڵ ئەوەشدا داخـوازیی کـوردانی لـەبارەی چـەك و پێداویسـتییەکانی جەنگـەوە، دووپـات کردەوە و وتی:

دێموکرییـەکان بـە هـەزاران تفـەنگیان هەیـە و ئەگـەر چـەکی زۆرتـر و بەتایبەتیش کەرەسە و پێداویستی جەنگەوە، زۆرتریـان پـێ بـدرێ، دەتـوانن هێزێکی گەورە، بەرەو مەیدانی جەنگ بنێرن.

---

[١] لە تەرجەمە فارسییەکەدا، ئەم ناوە هەر بە (راجت) هاتبوو، کە ڕاستییەکەی (رایات)ە، لە قەڵەمڕەوی عوسمانی (ناوچەی باڵەکایەتی). (و. کوردی).

[٢] لە تەرجەمە فارسییەکەدا، ئەمیش هەر بە (پشوا) هاتبوو، کە ڕاستییەکەی (پەسوێ)یە، لە ناوچەی (خانە)ی خۆرهەڵاتی کوردستان (و. کوردی).

[٣] لە دەقە فارسییەکەدا (بەجیس ئاغا) بوو، بەڵام ڕاستییەکەی (بایز ئاغا)یە (و. کوردی).

منیش بەڵێنم دا بە هەموو توانای خۆمەوە پشتیوانیی لە داخوازەکانیـان بکەم.

**ڕۆژی حەوتەم:**

بەدەم ڕێگاوە بەرەو سنووری عوسمانی، لە (پەسوێ) کوردێکی تەمـەن (١٠) دە ساڵانە، خانەخوێ بوو، چونکە پیاوەکان هەموویان بۆ بەرەی جەنگ چووبوون. سەعید کەوتە گێڕانەوەی شەڕی (سۆفیان).

**چوارشەممە:** (**٣ی فوریە ١٩١٥**).

سەعات (٩) نۆی بەیانی، من و شازادە ئەبولفەتح بەسواری ئەسپ بەڕێ کەوتین. دوو سواری تریش بەناوی مستەفا و محەمـەد ئـەمین، کـە بەرپرسـی گومرك لەگەڵمان ناردبوونی و دووسـەربازی تـری تـورکیش بـەناوی سـەعید و ڕەشید، ئەوانیش حیلمی بەگ خستبوونییە تەکمان، لەم سەفەرەدا لەگەڵمان بوون.

سەیید جـامیع تـا لای پردێك لـە بـاکووری سـاوجبوڵاق، بـەڕێی کـردین. بەلێواری چەمەکەدا، کە موڵکی شێخولئیسلام بوون، بڕێك ڕۆیشـتین و ئەوسـا بەلای ڕاستدا ڕێگەمان لەبەرگرت.

دوای ماوەیـەك ڕۆیشـتن بەناوچـە شـاخاوییەکاندا، سـەعات (٢)ی دووی دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ئاوایی (گرگول) لە ناوچـەی (مامـەش)دا، کـە مـوڵکی کوردێك بوو بەناوی ئەحمەدەوە. لە ماڵێکی گڵینەی ئەم گوندە، کـە هاوکـات مەڵبەنـدی ئیـدارەی گوندەکـەش بـوو، دامـەزراین. خۆمـان لـەپاڵ ئاگرەکـەدا گەرم کردەوە و کەمێك حەساینەوە.

پاشـان خانەخۆییەکـەمان، هـەر وەك لـە کوردسـتاندا بـاوە، سـابوون و دەستشـۆریان هێنـا. ئاویـان بەدەسـتماندا کـرد و دەسـتمان شـت. ئەمـەش نیشانەی کاتی نانخواردن بوو. لەسەر سینییەکی گـەورە، ماسـت و هێلکـە و

ڕۆن و نـانی پـانی ئێرانیـان[1] دانـابوو. سـفرە و دەسـتماڵی سـفرە و دەفـر و کەوچکیشـیان هێنـا. لەبەرئـەوەی چـنگاڵەکانیان لـەڕۆنی هێلکەکـەدا نقـوم کردبوون، بەدەست نانمـان خـوارد. ئەمـەش بۆ کەسـێك برسـی بێـت، گـرنگ نییە.

دوای سـەعاتێك حەسـانەوە، دیسـانەوە بەسـواریی بـەڕێ کەوتینـەوە. یەکێك لە هاوڕێیانی گومرگمان، کە پێشتر بـزر ببـوو، بـە هاوکـارێکی خۆیـدا، هەواڵی بۆ ناردبووین:

لەبەرئەوەی ئەسپەکەی شەلە، ناچارە بگەڕێتەوە!.

دوای نیوەڕۆ لە دەشتە تەختەکەدا، گەورە ماڵێکمان لە (پەسوێ) بەدی کرد. سەعات (٥.١٥) پێنج و پازدە دەقیقە لـە ژێـر ڕێژنـەی بـارانێکی تونـددا گەیشتینە (پەسـوێ). پەسـوێ مـوڵکی قـەرەنی ئاغـای[2] سـەرۆکی بـەنامێی کوردە (لە کـوردانی پـیران)، قـەرەنی ئاغـا خـۆی و پیاوەکـانی، لەبـەرەکانی جـەنگیی شـاری (خـۆی) بـوون. برایـەکی و کـوڕە گەورەکەیشـی لەشـەڕدا کوژرابوون. کوڕێکی تری قەرەنی ئاغا، کوڕێکی تەمەن (١٠) دە ساڵانەی ڕێـك و پێك بوو، کە میوانداریی کردین. خەنجەرێکی خستبووە بـەر پشـتێنە پێـنج مەترییەکەی، ئەوەندەی باڵای خۆی دەبوو.

دوای ئەوەی چـەکمەکانیان لـەپێ داکەنـدین، ئەوسـا بـۆ سـەر باڵەخانـە ڕێنوێنیان کردین. ژوورەکە لبادێکی تیادا ڕاخرابوو، سوپایەکیش.

---

[1] مەبەستی (نانی تیری)یە. (و. کوردی).

[2] قەرەنی ئاغا: کوڕی محەمەد ئاغا، یان حەمە ئاغای مامـەش (؟ – ١٩٠٨) کـوڕی (پـیرۆت ئاغـا) و سـەرۆکی هـۆزی (مامـەش) بـووە، هـۆزی مامـەش کۆچـەر بـوون و گـەرمیان و کوێستانیان کردووە، بەڵام لەسـەردەمی محەمـەد ئاغـادا نیشـتەجێ بـوون و بـە کشـت و کاڵەوە خەریك بوون. محەمەد ئاغا لە گوندی (نەڵۆس)ی سـەر بـە (شـنۆ) کۆچـی دوایـی کردووە و لە گۆڕستانی (شێخ ئاڵی تـەوریز) نێـژراوە. ناوەنـدی هـۆزی مامـەش، گونـدی (پەسوێ)یە. سەرانی ئەم هۆزە، لە درێژایی مێژوودا، سەر بـە دەوڵـەتی ناوەنـدی ئێـران بوون (و. کوردی).

مێـرد منداڵەکـە لـە پـاڵ دیوارەکـەدا دانیشـت و ئێمـەش لەوبـەرەوە دانیشـتین. کـوردێکی زۆر هاتنـە ژوورەوە. یـان وەك ئێمـە لەسـەر زەوی دانیشتن، یان لای دەرگاکانەوە ڕاوەستان.

بەکورتی دوای ئەوەی کۆمەڵێك لە میوان بۆ ڕێزگرتنمان ریزیان بەست. خانـەخوێ جگەرەیـەکی درێـژی کـوردی، بـە پێشـکارەکەیدا بـۆ نـاردم، کـە پیـاوێکی سـەر مـاش و برنجـی بـوو. خۆیشـی لـەو سـەری ژوورەکـەوە شقارتەیەکی گەورەی بۆم هەڵدا. منیش گرتمەوە و دوای ئـەوەی جگەرەکـەم پێ داگیرساند، لەبەر پێمدا دامنا.

مستەفا بە گوێچکەی کوڕەدا چرپاندی:

دەبووایە خۆت شقارتەکەت بدایەتە دەستی، نەك بۆی هەڵ بدەیت.

کوڕەکە شەرم دایگرت. لە دەروونیدا دوو هەستی جیـاواز، لـە دڵپـاکیی منداڵانەی و ئەرکی گەورەیی خانەخوێیدا، لەبەربەرەکانێدا بوون. سەرئەنجام کەوتـە فـەرمان دەرکـردن بەسـەر پێشـکار و نۆکـەر و بانگهێشـتن و بـەدوودا ناردنیان.

هەوا زۆر ساردبوو، باران ڕێژنەی دەکرد. ناو بەناوێکیش هەورە بریسـکە ئاسمانی ڕووناك دەکردەوە.

سەعید ئەسپەکانی بەسەرکردبوونەوە. هاتـە ژوورەوە و لای سۆپاکەوە هەڵتروشـکا و کەوتـە گێڕانـەوەی ڕووداوەکـانی شـەڕی (سـۆفیان)، کـە لـە (گورگل)ەوە دەستی پێکردبوو.

وەك دیاربوو حیلمی بەگ رایسپاردبوو، تا دەتوانێ باسـی ئـەم شـەڕە و پاڵـەوانێتی ئـەم فەرمانـدە تورکـە، لـە هـەموو شـوێنێك گـەورە بکـات و بیگێڕێتەوە.

ئەم ئەفسەرە، لەباسی شەڕەکەدا قسەی لە دەست بڵاویـی (حیلمـی)ش دەکرد و دەیوت:

هەموو ڕۆژێك دوو تمەن بەسەربازەکان و سێ تمەنیشی بە کوردەکان دەدا. ئەوکاتەی دەیوت:

چۆن ئەسپەکەی حیلمی بەگ گلا و ئەویش بازی دایە سەر ئەسپێکی تر و ئەو ئەسپەش زامدار کرا و بێ ئەسپیش هەر شەڕی دەکرد، دەنگی ئافەرینی کوردان بەرز دەبووەوە.

بەبڕوای ئەو، هۆی پاشەکشەی حیلمی بەگ، هەر ئەو شەستتیرە نەفرەت لێکراوانەی ڕووس بوون و هیچی تر!. (بەسەری تۆ! گوللە هەروەك تەرزە بەسەرماندا دەباری. هیچ کەسێکیش، تەنانەت هیچ کوردێك، هیچی پێ نەدەکرا).

من و ئەبولفەتح میرزا، خۆمان هەڵدایە سەر ئەو دۆشەکانەی بۆمانیان ڕاخستبوو.

– من پێم وایە دەبێ ئەم باسە، هەموو شەوێك بیبیستین.

– نەفرەتی خوا لە خۆی و ئەم شەڕەی سۆفیانیش. تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندا دەمێنێ، هەموو شەوێك ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە.

– داخم ئەوەیە خەڵکی چۆن بەدڵ گوێی بۆ ڕادەگرن. ئەم بەسەرهاتە بۆ ئەوان تازەیە، ئێمە چی بکەین، هەموو شەوێك لەسەریەك دەیبیستینەوە!.

– پێم وایە تا سەر سنووری عوسمانی لەگەڵماندا بێت، لەوێ لەم بەڵایە ڕزگار دەبین. خۆی خەڵکی (رایات)ە خەڵکی کلۆڵی ئەو ناوچەیە، دەبێ خۆیان و منداڵی منداڵەکانیشیان، گوێ لە داستانی شەڕی (سۆفیان) بگرن.

من و میرزا (ئەبولفەتح) بەمجۆرە دڵی خۆمان دەدایەوە. بەڵام دەبێ بوترێ، کە ئەم ڕەخنەگرتنە لەجێی خۆیدا نەبوو، چونکە درێژە پێدانی ئەم چیرۆکە لەلایەن ئەو ئەفسەرەوە، دەبووە هۆی زیندووکردنەوەی ئەمری (جیهاد).

بەدرێژایی ڕێگەی نێوان ساوجبولاق - پەسویێ، بە پۆل پۆلی گەورەی کوردانی چەکدار دەگەیشتین، کە بەپیر فەرمانی (جیهاد)ەوە بەرەو (ساوجبولاق) و (مياندواو) دەچوون.

سەرئەنجام خانەخوێی مێرد منداڵ، ئاوی بۆ دەستشتن هێنا و ئێمەش پلاو و مریشك و ماست و هێلکە و ڕۆنمان خوارد و چووین بۆ خەوتن. سەعیدی ئەفسەر و ڕەشیدی سەرباز و سوارەی گومرگیش هەر لەوێ دانیشتبوون. من و شازادەش لای سۆپاکەوە خەومان لێکەوت.

**ڕۆژی هەشتەم: لە (پەسوێ)وە تا (سەرگردان).**

سەعیدی ئەفسەر، هەر خەریکی درێژەپێدانی شەڕی سۆفیان بوو. کە یەکەمین هێرشی هاوبەشی هێزەکانی تورك بوو.

**ڕۆژی پێنجشەممە (٤ی فوریە ١٩١٥)**

بەیانی زوو، نان و چاییمان خوارد. دەمویست هەر ئەوکاتە بەڕێ بکەوم، بەڵام مستەفای پیرو بە ساڵدا چوو، بەو هۆیەوە کە شارەزای ڕێگەکەبوو، وتی:

لە ڕۆژێکی وادا، ناتوانن لەو کەلە بدەن. ئەگەریش خۆی ڕێگریمان نەکات، دواجار سزا دەدرێت. چونکە دوور نییە ببین بەژێر هەرەسی بەفرەوە و بمرین.

سوارەکەی گومرك، کە بە تەنیا مابووەوە، دەستی بەگریان کرد و داوای لێکردین بۆ ساوجبولاقی بنێرینەوە. لەبەرئەوەی دڵنیا نەبوو لەوەی لە گەڕانەوەدا بتوانێت بەکوردستاندا تێپەڕێت.

سەرئەنجام سەعات (١٠)، ئاسمان ڕوون بووەوە و ئێمەش توانیمان بەڕێ بکەوین. دوگمەکانی پاڵتۆ تیسکنەکەم هەمووی هەڵپچڕابوون،

لەبەرئەوە پاڵتۆکەمم بەپەتێك بەستبوو. بەکڵاوی بارانیی و پاڵتۆوە، زۆرتر لە دزی شەو دەچووم، نەك لە کونسوڵی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا.

بەدەشتێکی مێرگ و زۆنگدا تێپەڕین، کەش و هەوا زۆر تێکچووبوو. کردی بەشڵێوە و ساردی کرد. ئاوی چەمیش زیادی کردبوو. پیاوێکمان بینی، بەسەر ولاخێکەوە دەیانبرد. وەك دیاربوو ئاوی چەمەکە بردبووی و خنکابوو...

بەڵام ئەسپە چکۆلەکەی ئێمە، هێمن و لەسەرخۆ، لە ئاوەکەی دا و پەڕییەوە. بەلای ڕاست و چەپماندا ئاواییەکی زۆر بەدی دەکران. لەو بارانە توندەشدا، چەند کوردێکی چەکدارمان دیتن، کە ئەم کارە لە خۆرهەلاتدا زۆر گرنگە. من خەم و ترسی ئەوەم بوو لە گوندێکدا بمێنمەوە، ترسەکەشم لەوەبوو، دیسانەوە (سەعید) هەلی دەست بکەوێتەوە و لەپاڵ ئاگردا دابنیشێت و بکەوێتە گێڕانەوەی چیرۆکی شەڕی سۆفیان.

بەداخەوە لەنزیك نیوەڕۆدا، بارانێکی وا دایکرد، هەموومان بووین بە جلەسەگ.

سەعات (١.١٠) یەك و دە دەقیقە، گەیشتینە گوندی (سەرگردان). لەوێ لامان دا و ئەسپەکانمان بردە گەوڕی ماڵی پیرترین خەڵکی ئەوێ. گەوڕەکە کونێکی تاریك و ڕەش بوو. لەبن ئەم شوێنە تاریکەدا، جێگەیەکی تاریکتر هەبوو، شوێنی میواندارییی ئەوێ بوو. پەنجەرەکەی ئەوەندەی بەرە لەپی پیاوێك دەبوو. سەرمیچەکەی کاگڵ و دیوارەکانیشی لە خشتی کاڵ بوون. سۆپایەکی تەنەکەیان لە ناوەڕاستیدا دامەزراندبوو.

لەم شوێنە عەنتیکەیەشدا وەك شوێنەکانی پێشووتر، چەکمەکانمانیان لەپێ داکەندین. ئێمەش نەك هەر چەکمە، بەڵکو هەموو جلەکانمان بۆ ئەوە داکەندن، تا وشکیان بکەینەوە.

تاریکیی هەموو لایەکی ئەم کونە ڕەشەی داگرتبوو. هەر ترووسکەی ئاگری سۆپاکە، تۆزقاڵێك ڕووناکی دەکردەوە.

کوردی دانیشتووی ئەم ئاواییە، چرایان نەبوو. ئەم گوندە زۆر هەژار و نەدار بوون. تەنانەت چا و شەکریشیان نەبوو.

توورەکەکەی سەعید هەندێ شەکر و چای تێدابوو. دەری هێنان و لەسەر ئاگرەکە سازی کرد. کە ئەم خواردنەوە گەرمە، بۆ ئێمەومانانی ماندوو، زۆر بە تام بوو.

لەڕاستیشدا بڕیارم دابوو دوای ئەوەی گەرم دەبمەوە و دەحەسێمەوە، بەڕێ دەکەوم. بەڵام بۆکلۆڵیم، دیسانەوە سەعید باسی شەڕی (سۆفیان)ی دامەزراندەوە و ئیتر هیوای ڕۆیشتنی ئەمڕۆمانی لە دڵدا نەهێشتین.

بەدەم چەکمە خاوێن کردن و گێترە پێچانەوەوە، بە ئەبولفەتح میرزام وت:

– وادیارە ئەمجارەیان زوو دوایی دێت.

– خراپ تێگەیشتوویت! ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا، هێشتا نەگەیشتۆتە تەوریزیش!

سەروسنگی سەعید، جروجانەوەرێکی زۆری لێ ئاڵابوو. هەروا بەدەم خۆ هەڵکڕاندنەوە، بەخۆشیی و گەرمیی، قسەی بۆ گوێگرەکانی دەکرد. ئەگەرچی سەرقاڵی وتارەکەی بوو، بەڵام بەجل لەبەرکردنەکەی منی زانی و وتی:

چەکمەکانتان داکەنن، ئەمشەو لێرە دەمێنینەوە. ئەمەی وت و دیسانەوە چووەوە سەر گێڕانەوەی شەڕی سۆفیان! کە لێرەدا ئیتر، گەیشتبووە سەر ڕووداوی گرنگ.

دەمەو ئێوارە، خانەخوێ ئاوی بۆ دەست شتن هێنا و پلاو و مریشك و سەرتوێژمان لەگەڵ لەواشەی ئێرانی خوارد و خەوتین. من خەوم لێ

نەدەکەوت. هەموو لەشم هاتبووە خوروو. لەبەر تیشکی ئاگرەکەدا سەیرێکی لەشی خۆمم کرد، هەموو گیانم ببوو بە لیری سوور. کوتوپڕ ئەبولفەتح میرزاش هەستا و وتی:

نووستن بەمجۆرە نابێ و ئەمە نووستن نییە. ئەویش دەستی بەخۆ هەڵکڕاندن کرد. پرسیم:

– ئەم خاڵە سوورانە، هی چنگنەیە؟. وتی:

– ئەمانە جێگەی دەمی کێچن.

بۆمان دەرکەوت ئەگەر بەپێوە ڕاوەستین، کێچ زۆرمان پێوە نادەن. بەم شێوەیە تا بەیانی بەپێوە ڕاوەستاین.

**ڕۆژی نۆیەم: دوایین ڕۆژ لە ناو خاکی ئێراندا و چوونە ناو خاکی عوسمانییەوە:**

**٥ی فوریە (شوبات) ١٩١٥**

خۆ ئامادەکردن و سواربوونمان، تا سەعات (٩) نۆی پێش نیوەڕۆی خایاند، ڕێگەکە بەرەو کوێستان دەچوو. تا گەیشتینە سەر لووتکەی پڕ لە بەفری کێوەکە و لە گەردنە تێپەڕین، ئەسپەکانمان هەر بەسەر بەرزاییدا سەر دەکەوتن.

لەیەکێك لەم گەردنە بەرزانەدا، ئەفسەرێکی تورك، بەناوی (فەهمی بەگ)مان بینی، بەسواری هێسترێکەوە ڕێنوێنی سەد (١٠٠) کوردێکی دەکرد. (سەعید) نامەکەی حیلمی پێدا و وتی:

ئەمە نامەی ئەرکانە. مەبەستیش لەئەرکان، کورتکراوەی (رەئیسی ئەرکانی حەرب) بوو.

حیلمی بەگ خۆی ئەم ناوەی لەخۆی نابوو. سەرباز و کوردەکانیش خوویان پێگرتبوو، هەروای بناسن. فەهمی نامەکەی خوێندەوە، دەستی بەبۆڵەبۆڵ کرد و وتی:

– ئەرکان! من ئەرکان و مەرکان ناناسم. ئەگەریش مەبەستتان حیلمی یە، حیلمی ناتوانێ فەرمان بە من بدات.

ئەمە نموونەی بێ سەروبەریی و هەر بەقسە، ئەمری جیهاد بوو. کارێکی وا، فەرماندەیەکی یەکگرتووی نەبوو. هەرچی هەڵدەستا، هەندێکی لەخۆی کۆ دەکردەوە و ناوی خۆی دەنا: کوێخا و سەربەخۆ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن دەچوو!.

بەشێکی ڕێگەکەمان بڕی، تووشی پزیشکێکی ستادی سوپای تورك بووین، کە جل و بەرگی فەرمیی سەربازییانەی لەبەردابوو. جلەکانی قەیفەیەکی سووری مەیلە و شەرابیی بوو. بەرلەوەش خۆی بە من بناسێنێ، وتی:

فەرمانی پێیە، بۆ (ورمێ) بگەڕێتەوە.

بەمجۆرە نزیکی دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ئاوەڕۆی چۆمی (ڕەواندز). بەناوچەیەکدا تێپەڕین، هی (سەیید جەمال)[١] ناوێك بوو، کە سەرۆك خێڵێکی کوردە.

سەعید کەمێکی تریش پێشکەوت، تا گەیشتنمان بەقەڵەمڕەوی عوسمانی، پێ ڕابگەیەنێ. لەوێدا ئەو خەڵکەی دەوری دابووین، کشمیش و گوێزیان پێداین. چاومان بەدارتەلی تێلگراف کەوت، کە یەکەمین دیاردەی شارستانێتی ئەورووپی بوو.

لە (ڕایات) تێپەڕین. تاوێك دوای ئەوە، گوندی (ڕەواندز)مان بینی.

لە دەروازەی ڕەواندزدا، عەلی ئاغا[٢] بۆ پێشوازیمان وەستابوو، کە یەکێك بوو لە سەرانی (شیوەسوری)[٣]ی کورد و خاوەنی ئەم گوندە

---

[١] سۆراخی (سەیید جەمال)م کرد، وەڵامم چنگ نەکەوت، (و. کوردی).

[٢] عەلی ئاغا: مەبەست لە (عەلی ئاغای ڕایات)ە، کە پیاوێکی چاك و دەست و دڵ کراوە و بەخشندە بووە و سەرۆك هۆزی (شیوەزوور)ە، نەك (شیوەسوور). و. کوردی.

[٣] لە تەرجەمە فارسییەکەدا (شیوەسووری) هاتبوو، کە ڕاستییەکەی (شیوەزوور)ە. و. کوردی.

(ڕەوانـــدز) بـــوو. ئەفســـەرێکی ژانـــدارم، دوو ژانـــدارم، ســـەعید حیلمـــی – بەڕێوەبـەری تێلگرافخانـە و مسـتەفای هاوکـاری، لەلایـەن بنکـەی پۆلیسـی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بۆ پێشوازیمان هاتبوون.

کاتێـــك بەلایانـــدا تێپـــەڕین، بەشـــێوازی ســـوپای ڕووس، ســـڵاوی سەربازییانەیان بۆ کـردین. لـە تێلگرافخانـە جێگەیـەکمان پەیـداکرد. ئـەویش ژوورێکی خشتی کاڵ بـوو، لەناوەڕاسـتەکەیدا سۆپایەکی تەنەکـە دەسـووتا. دوای ئەوەی چەکمەکانیان داکەندین، هـەموو لـەپاڵ دیوارەکانـدا دانیشـتین و سەعید لای سۆپاکەوە، لەسەر چۆك دانیشت و دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکی شەڕی سۆفیان کردەوە. بەڵام من بەیادیم هێنایەوە کە خزم و کەس و کاری، لـە (دەربەنـد)[1] هەیـە و زۆر تامـەزرۆی بیسـتنی ئـەم داسـتانەن. ئـیتر بـە دەستخۆشانەیەکی باشەوە ڕەوانەم کرد. کوردەکـانیش وردە وردە بڵاوەیـان لێکرد و شوێن سەعید کەوتن، تا گوێ لە قسەکانی بگرن.

لەوە دەچێ لەبەرامبەر ئەم کارەدا، بێ پارە کار بکات و ئەم ئەرکەیشی هەر لەبەر خۆشەویستی وڵاتەکەی لەئەستۆ گرتبێ.

تێلگـرافێکم بـۆ کۆنسـوڵی ئـەڵمانیا لـە مووسـڵ نـارد و ئاگـادارم کـرد: سبەینێ بەڕێ دەکەوم. درەنگانێکی شەو، قایمقامی ڕەوانـدز تکـای لـێم کـرد بچمە تێلگرافخانە و بەتێلگراف قسەی لەگەڵدا بکەم.

منیش بەیارمەتی سەرۆکی تێلگرافخانە، مـاوەی سـێ چـارەکە سـەعات قسـەم لەگەڵـدا کـرد و ڕووداوەکـانی ئازەربایجـانم وەك خـۆی بـۆ گێڕایـەوە. تکاشم لێکرد، هەمان ئەو هەواڵانەی بەجەنابیانم گەیاندووە، ئـەویش بـە (والی مووسڵ)ی ڕابگەیەنێت.

---

[1] دەربەند: گوندێکە لە خوار گوندی (رایات) و سەر بە دۆڵی (شیوەزوور)ە و چل دەقیقەیەك بەپێ (پیادە) لە (رایات)ەوە دوور دەبێ. (و. کوردی).

## ڕۆژی دەهەم: لە دەربەند – ەوە بەدرێژایی دەواری چەمی ڕەواندز بۆ – دەرگەڵە

ئەو شەوە، لەخەوتن زیاتر، کاتمان بەخۆ هەڵکڕاندن بەسەر برد.

ڕۆژی دووشەممە: سەعات (١١)ی پێش نیوەڕۆ، دیسان بەڕێ کەوتینەوە. سەعید حیلمی – فەرماندەی سەربازگە، بۆ بەڕێکردنمان هات. ماوەیەك لەگەڵماندا هات. ژاندارمێکیشی بەناوی عەباس لە تەکماندا نارد.

بەلێواری ئاوەڕۆی چەمی ڕەواندزدا ڕێگەمان دەکرد. بەرزاییەکانی ڕێگەکە، خەرەندی قووڵی وایان تێدایە، کە لە پێچ و دەربەندەکانیدا، دەتوانرێت بەباشی بەر بەپێشڕەویی دوژمن بگیرێت.

سەعات (٢) دووی دوای نیوەڕۆ گەیشتینە قەلآی (عەلی)[١]، کە موڵکی (عیزەت بەگ)ە و لە کوردانی (وەلآشی)یە[٢] و سەرۆکەکەشیان ناوی (محەمەد ئاغا)[٣]یە. لەوێش وەك جارەکانی پێشوو، نانمان خوارد. سەیر ئەوەبوو ئەو شوێنەی تیایدا حەساینەوە، پەنجەرەی تێدا نەبوو.

سەعات (٣.٥) سێ و نیوی دوای نێوەڕۆ گەیشتینە (دەرگەڵە)، کە بەلاپاڵی چیاکەوەیە و موڵکی (محەمەد ئەمین بەگ)[٤]ە، کە یەکێکە لە سەرۆکە گەورەکانی کورد.

---

[١] قەلآی عەلی: نەمزانی (قەلآی عەلی) مەبەستی لە کوێیە (و. کوردی).

[٢] وەلآش: گوندێکی خۆشە لە ناوچەی باڵەکایەتی (و. کوردی).

[٣] محەمەد ئاغا: مەبەست لە (شێخ محەمەد ئاغای والآشی) یان (محەمەد ئاغای مەلا شەرەفی)یە، کە ماوەیەك ئەندام پەرلەمانی عێراق بوو و ساڵی (١٩٥١) وەفاتی کردووە (و. کوردی).

[٤] محەمەد ئەمین بەگ: دەبێتە مامی هەر یەکە لە: (عیزەت بەگ، زرار بەگ، شەوقی بەگ، سەلاح بەگ، شێرزاد بەگ)ی سلێمان بەگی (دەرگەڵە)، کە ئێستا (کرمانج)ی کوڕی عیزەت بەگ، قایمقامی (سۆران)ە. محەمەد ئەمین بەگ پیاوێکی بەنامێ و میواننەواز و دەست و دڵ کراوە بوو. (و. کوردی).

وەك جاران ئاسایی میوانداریی و خێرهاتن کراین. دیوەخانێکی گەورەیان داینێ، کە سۆپایەکی تێدابوو. لەوێ چاومان بە (محەمەد عەلی) کەوت، کە ئەفسەرێکی ژاندارم بوو. قایمقامی ڕەواندز، بەپیر ئێمەوەی ناردبوو.

### ڕۆژی یازدەهەم: یەکەمین شاری عوسمانی و میوانداریی لەلایەن قایمقامی ڕەواندز – ەوە

### ڕۆژی یەکشەممە (٧ی فوریە ١٩١٥)

لە (دەرگەڵە)وە بەرێ کەوتینەوە. محەمەد ئەمین بەگ، بەسواری ئەسپێکی شاهانەوە بەرێی کردین. لە گەردنە پەڕینەوە. لە ئاوابییەکی بچکۆلەی کوردنشیندا پشوویەکی کورتمان دا.

سەعات (٣) سێ دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ڕەواندز. سەرهەنگێکی تورك و دووسواری کورد، نیو سەعاتە ڕێیەك، تا دەرەوەی شار، بۆ پێشوازیمان هاتبوون. تا بەناوی قایمقامەوە بەخێرهاتنمان بکەن. سەرەتا بەسەر ریزێك گاشەبەردی گەورەدا سەرکەوتین[1]، کە شاری ڕەواندز[2] وەك هێلانەی هەڵۆ، بەسەر ئەم گاشە بەردانەوە دروستکرابوو.

یەکەمین میواندارییمان لە خانووی بەڕێوەبەرایەتی شاردا لێکرا. دوایی (نیازی بەگ) بۆ ماڵی خۆیانی بردین. لەوێ ماژور (عەبدولڕەزاق)، فەرماندەی دەستەیەکی سیاسی، حاجی ئەحمەدی نەورەس[3] ریش چەرمووی شار، بۆ دیتنمان هاتن.

---

(١) مەبەست لەڕێگەی (کاولۆکان) و پێچەکانی ڕەواندز – ە. (و. کوردی).

(٢) پێشتر نووسیبووی (گوندی ڕەواندز!).

(٣) حاجی ئەحمەدی نەورەس: مەبەست لە (حاجی نەورۆز)ە، کە لە ڕەواندزدا وا بەناوبانگە و دەکاتە نەوەی (وەستا رەجەب)ی وەستای کارخانەی چەکەمەنی میر محەمەدی میری رەواندز و هێشتا نەوەکانی لە رەواندزدا ماون و هونەرمەندی موزیك (ئامانج غازی) لەبەرەی دایکەوە، دەبێتە یەکێك لە نەوەکانی. (و. کوردی).

ئـەم (نـەورەس)ەیـان، کـە بـاپیرانی ئێرانـی بـوون، بازرگـان بـوو، بەشێوەیەکی بەربڵاو لە کوردستاندا خـەریکی کڕین و فرۆشتنی کەرەسـەی خاو بوو. موڵکی کوردەکانیشی بەئیجارە دەگرت. هـەموو دانیشـتووانی ئـەو ئاواییانەی پیایاندا هاتبووم، یان تیایاندا مابوومەوە، دەیانناسی. ئەم پیاوە، تاڕادەیەك کەسێکی زیرەك و سەردەرچووە. کە باسی جەنگ دەکرا، دیـاربوو لە جوگرافیا تێدەگات و دەیزانیّ.

ئـەمجۆرە شـتانەش لـەو مەڵبەنـد و ناوچـانە، بـەگرنگ و سـەرنجڕاکێش لەبەرچاو دەگیرێ و کەسێکی دووربین و شارەزاییشی لە ئابووریدا هەیە.

پێمی وت:

ئەو شـتانەی لـەم ناوچـەیەوە بـۆ دەرەوە دەنێـردرێن، سـەرەکیترینیان مازووە. مازووش دوو ڕەنگە: شین و سپی. شینەکەی لە ئـەورووپا، بـۆ ڕەنـگ دروستکردن و سپییەکەیشی لەئێراندا بۆ پێستە خۆشکردن بەکاردێت.

مـازوو، داربـەڕووە، کـە لـە داوێنـی کێوەکـانی (رایـات) تـا (مووسـڵ) دا دەڕوێن، کە پێ دەنێیتە ناو خاکی (عوسمانی)ش، چڕتر بەرچاو دەکەون.

نیازی بەگی قایمقام، عەرەبە و ئاگاداری زۆریشـی لـەبارەی (سـوریا)وە هەیە. سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای ئازەربایجان، هاوبیروبۆچوون بووین. دیاربوو کوردیشی باش دەناسـی و ئەوەنـدەی متمانـەی بـەخۆی هـەبوو، کـە دەتوانێ لە تەنیاییدا ناشیرینترین جوێن بەسەرۆکێکی کورد بدات. بەڵام هـیچ کاتێ نابێ ئەم کارە لەبەرچاوی پیاوەکانی ئەوسەرکردەیەوە بکات.

نیازی بەگ چاکەیەکی زۆر گەورەیشی لەگـەڵ منـدا کـرد. ئـەویش ئـەوە بـوو لـەماڵی خۆیـدا حـەمامێکی گـەرمی بـۆم سـازکرد. ئـەم خۆشـتنەش بـۆ لەشـێکی چـڵکنی وەك لەشـی مـن، زۆر بـاش بـوو، وەك دیـاربوو هـەموو ئـەو کێچانەی پیامدا هەڵگەڕابوون، لەئاوە گەرمەکەدا خنکان، چونکە ئەو شـەوە، توانیم تابەیانی، لەنوینێکی ئارامدا، خپ لێی بخەوم.

رۆژی دوازدەهەم:

**لە ڕەواندز تا کانی عوسمان[1] یەك ملیۆن بەرامبەرە بەهەزار هەزار هێرشی بەکۆمەڵی کێچی کوردی!**

رۆژی (٨ی فوریە ١٩١٥):

بەڕێ کەوتین و نیازی بەگیش لەگەڵمان هات و تا ماوەیەکی ڕێگاکە بەرێی کردین.

سەعات (١١) یازدەی پێش نیوەڕۆ ڕەواندز – مان جێهێشت. محەمەد عەلی ئەفسەری ژاندارم، حاجی ئەحمەد نەورەس – ریش سپی شار و عەبدولڕەحمانی کوڕی، کەوتنە تەکمان. عەباس – ی ژاندارمیش بەپیادە لەگەڵماندا هات.

ڕێگاکە بە بەرزایی کوێستانێکدا هەڵدەگەڕا. سەرچاوەی ئاوێکمان بینی، ئاوەکەی بەهاژە و تەوژمێکی زۆرەوە، لە تاشەبەردێکەوە هەڵدەقولا[2]، بەجۆرێك هەر دەتوت تاڤگەیە. دوای ئەوە لە ڕێگەیەکی دیکەوە، کە بەبەرزایی کێوەکەوە بوو، ڕێگەمان بڕی و لە ئاکامدا گەیشتینە پێدەشت. کوێستانەکەی پشتەوەمان هەر دەتوت دیوارە.

لەکەنار چەمێکدا شتێکمان خوارد. سەرەك هۆزێکی کورد و دەست و پێوەندەکەی هاتنە لامان و لامان دانیشتن.

پیاوەکانی ئەم سەرۆکە، هەموویان فەرش و دەسکەوتەکانی تریان، لەپاشکۆی ئەسپەکانیان دابەستبوو. ئەم سەرۆکە لەشاری (خۆی)وە گەڕابووەوە. دەیوت:

---

[1] لە تەرجەمە فارسییەکەدا (قونی عوسمان) نووسرابوو، کە راستییەکەی هەر (کانی وەتمان)ە و دەکەوێتە باشووری سنووری ناحیەی (خەلیفان) و لە نزیك گوندی (کەڵەکین)ە. (و. کوردی).

[2] مەبست لەسەرچاوەی ئاوی (بێخاڵ)ە. (و. کوردی)

دەیــەوێ بــۆ گوندەکــەی خــۆی بگەڕێتــەوە و دوایــیش بــۆ (جیهــاد) بگەڕێتەوە ! لەوەدەچوو هـەر بۆ حەشـاردان و دامەزرانـدنی دەسـکەوتەکانی هاتبێتەوە !.

ئەم جیهادەی ئەمانە، شتێکی زۆر سەیر بوو! هەر کەسێك هـەر کاتێك پێی خۆش بووایە، دەیتوانی لەگەرمەی شەڕ و جەنگدا بچێتەوە ماڵی خـۆی و دیسـانەوە بگەڕێتــەوە ! ئـەویش دوو شـوێنی وەك (خـۆی) و (ڕەوانـدن)، کـە نێوانیان بە ئەندازەی (مونیخ) تا (بەرلین) دەبوو!.

هەر ئەم سەرۆکە، زۆر بەشان و باڵی (قاسـم بـەگ)دا دەهـات و دەیـوت: زۆر بەزیرەکییـەوە ڕێبەرایـەتی شـەڕی دەوروبـەری (ورمـێ)ی کـردووە. ئـەم فەرماندەیە ئەوەندە گرنگە، تەنانەت (دووربین)یشی هەیە ! !.

سـەعات (٤) چـواری دوای نیـوەڕۆ، گەیشـتینە بنکـەی پۆلیسـی (کـانی عوسمان) ، لە ئاوایـیەکی بچـووکدا، کـە بەسـەر گردێکـەوە بـوو. فەرمانـدەی بنکەکە پێشوازیی لێکردین و شـوێنی چـاودێرییکردنەکەی خـۆی بـۆ تـەرخان کـردین، کــە بریتــی بــوو لــە خانوویــەکی خشــت و گــڵ. بــۆ گەرمبوونــەوەی زەوییەکەیان هەڵکەندبوو، لە چاڵەکەدا ئاگریان کردبووەوە[1].

بەنۆرە چووینە لای ئاگرەکە و خۆمـان گـەرم کـردەوە. حـاجی ئەحمـەد نەورەسی میواننەواز، باری هێسـترێك خـۆراکی ئامـادەکردبوو، بەشـێوەیەکی شایان پێشوازیی لێکردین.

حـاجی ئەحمـەد نـەورەس، دوای نـانخواردن، باسـی نرخـی خـوری بـۆ کردین، کە لە قەڵەمڕەوی عوسمـانی دا، نرخـی لەچـاو نرخـی ئازەربایجـان دا کەمترە و دەیوت:

ڕەنگـە مۆڵـەتی بردنـی، بـۆ ئازەربایجـان پێبـدرێ و وەك پیتاکێـك بـە لەشکری ئەڵمانیای بدات و ئەمەیشـی بـە نیشـانەی خۆشەویسـتی بـۆ ڕایشـی ئەڵمانیا دەردەبڕی...

---

[1] لە ناوچەی رەواندزدا بەو چاڵە دەڵێن (گۆرك). (و. کوردی).

یەکێکیش لە کوردەکان پرسی:

ئەرێ ژمارەی لەشکری ئەڵمانیا، چەند کەسە؟. وتم (٧) حەوت ملیۆن.

وتی:

یەکجار زۆرە، چونکە ملیۆن خۆی سەد هەزارە، وتم:

نا. هەزار، هەزار.

عەباسی ژاندارم یەکسەر هەستایە سەپێ و وتی:

هەربژی قەیسەری ئەڵمانیا..

بەدرێژایی ڕێگەش، لە هەر کوێ دەماینەوە، یان دەوەستاین، باسی سوپای ئەڵمانیای بۆ کوردەکان دەکرد و دەیوت:

قەیسەر حەوت ملیۆن سەربازی هەیە، ملیۆنیش سەد هەزار نییە، بەڵکو هەزار هەزارە.

ئەم قسە تازەیە، جێگەی چیرۆکی شەڕی (سۆفیان)ی گرتبووەوە..

هەر چۆنێك بوو، خۆمان تلانەوە سووچێك و لەدەوری ئاگردانەکە ڕاکشاین.. ئەوەندەی پێ نەچوو ژمارەیەکی زۆر، کێچ هێرشیان بۆ هێنام. دەتوت هەموو لەشکری ئەڵمانیا بوونەتە کێچ!.

نەمدەزانی کوێم هەڵکرێنم! نوێنم فڕێدا و لای (شەفیق بەگ)ەوە دانیشتم. دوای من، ئەبولفەتح میرزا هەستا. دوایی عەبدولڕەحمان. دوای ئەویش حاجی ئەحمەدی نەورەس، هەموویان هەستان و دانیشتن. شەفیق ئاوی هێنا و لەسەر ئاگرەکە قاوەیەکمان دەمکرد. دەنکی قاوەکە حاجی ئەحمەد هێنابووی..

شەفیق وتی:

دەمزانی ئێوە ناتوانن زۆر بخەون. چونکە ئەم ناوچەیە کێچی یەکجار زۆرە. تەنیا ڕێگەش بۆ خەوتن، ئەوەیە مرۆڤ ئەوەندە لەپاڵ ئاگرەکەدا دابنیشێت، تا تەواو ماندوو دەبێت و دەکەوێت و خەو دەیباتەوە.

بەڵام ئاخ! تازە سەعات (١٢) دوازدەی شەو بوو. لە دواییدا هەر چۆنێك بوو، ئەو شەوەمان بە قاوە و چایی خواردنەوە و جگەرەکێشان، ڕۆژ پێ کردەوە.

**ڕۆژی سیازدەهەم: لە ڕێگەی (باباجی بەگ)ەوە بەرەو (پنکان)؛**
**دیتنی زانایەکی کورد:**
**سێ شەممە (٩ی فوریە ١٩١٥)،**

سەعات (٧) حەوتی بەیانی لە (کانی عوسمان) بەڕێکەوتین. شەفیق ئەفەندی بەسواری هێسترەوە تا مووسڵ بەڕێی کردین. لێرەدا حاجی ئەحمەدیشماڵئاوایی لێکردین.

من بە خەواڵوویی سواری ئەسپەکە ببووم. بە ڕاستی لەوزەدا نەمابوو کەسێك بەدرێژایی ڕۆژ بەسەر ئەسپەوە بێت و شەویش جرپوجانەوەر نەهێڵن چاوێك لێك بنێ.

ڕێگەکەمان بەردەڵانی بوو. بۆ ڕۆژانی داهاتووش هیچ هیوایەکی پشوودان نەبوو. چونکە شەفیق ئەفەندی دەیوت: قۆناغەکانی سەرەڕێ، تا مووسڵ هەموویان خراپن.

سەعات (٢) دووی دوای نیوەڕۆ، پاش ئەوەی لە گردۆڵکەیەك تێپەڕین، گەیشتینە (باباجی بەگ)[١]. لەوێ نیوسەعاتێك لاماندا و شتێکمان خوارد. بڕیاردرا قۆناغی شەومان (پنکان)[٢] بێت. پنکان موڵکی (مەلا عەلی) بوو، لە (ڕەواندز) بە ئێمەیان وتبوو: مەلا عەلی پیاوێکی باش و زانایە. لەبەرئەوە بەهیوابووین قۆناغ و جێی ئەمشەومان باشتربێت.

---

[١] باباجی بەگ: مەبەست لە (باباجیسك)، یان (باباگیسك)ە، کە دەکەوێتە دەشتی (هەریر)ەوە. (و. کوردی).

[٢] پنکان: لە تەرجەمە فارسییەکەدا هەر بەمجۆرە هاتبوو، کە ڕاستییەکەی مەبەست لە گوندی (بەتۆك)ە، کە دەکەوێتە نزیك (زێی گەورە) و گوندی (ماوەران)ەوە. (و. کوردی).

سـەعات (٤.٥) چـوار و نیـوی دوای نیـوەڕۆ گەیشـتینە بـەنۆك. بـەنۆك گونـدێکی کوردنشـینە، چـەند مـاڵێکی خشـت و گڵـی تێدایـە. مـەلا عـەلی، پیرەمێردێکی کورد بوو، بەمێزەری مەلایانەوە. دوای ئەوەی ئەسـپەکانمانیان بۆ ماڵێکی تر برد، بەخێرهاتنی کردین. بردیانینە ژوورێکی قوڕینە. چـەپەرێك ژوورەکەی بە دوو بەشەوە کردبوو. شوێنەکە تاڕادەیـەك تاریـك بـوو، دەنگـی وڵاخ و مەڕ و ماڵات دەهات، مانای وابوو ئێمە لە گەوەڕێکداین.

لەپاڵ چەپەرەکەدا هەڵتروشکاین. کوردێك چووە سەربان و هەندێ کـای هێنا و لە دیوارەدارینەکەش بڕێ چڵ و چێوی دەرکێشا و ئـاگرێکی کـردەوە. ئەمە شتێکی سەیر بوو، کە هەموو ژوورەکە ئاگری تێبەر نەدەبوو.

مـەلا عـەلی خـۆی بـۆ نـاو ئـاوایی چـووبوو. کوڕەکـەی لـەجیاتی خـۆی لاجێهێشـتبووین، کـە لاوێکـی شـۆخ و شـەنگ بـوو. بـەڵام هەڵسـوکەوتێکی لادێیانەی هەبوو. ئەبولفەتح میرزا پرسی:

بەو بۆنەیەوە کە باوکی زانایە، ئاخۆ ئەم، شتێکی خوێندووە، یـان پێـی خۆشە ببێتە عالم و زانا؟!. وەڵامی دایەوە:

ماوەیەکی پێوە خەریك بووە، بەڵام دوایی شوێن کار و پارە پەیـداکردن کەوتووە. میرزا پرسیاری کرد:

تا ئێستا چی فێر بووە؟ وتی:

سوورەی یەکەمی قورئانی لەگـەڵ بـاوکی خوێنـدووە. دوایـیش بـەپۆز و زەردەخەنەوە وتی:

ئیتر وازی لێ هێناوە.

دوایـی هـەروەك بـاوە، ئـاوی بـۆ دەسـت شـتن هێنـا. سـوپاس بۆخـوا، لەئاکامدا شتێك بۆ خواردن دەست دەکەوت.

هەموو شتێکی ئەم شوێنە، نیشانەی هەژاریی بوو. نە (چا) هـەبوو، نـە (شیر). تەنانەت چراشیان نەبوو. هـەر تـەنیا ڕۆشـنایی ئاگرەکـە بـوو. لـەبری هەموو ئەمانە، ئێمە پڵاو و مریشکێکی باشمان خوارد.

دوای نان خواردن، مەلا عەلی بۆ وتووێژ لەگەڵماندا، هاتەوە، خـۆی لـەوە دەبوارد، کە بۆچی وەکو باوی کوردەوارییە، خۆی بۆ خـواردن لامـان نـەبوو. کۆمەڵێك لە کوردەکان لە پەنجەرەکەدا دانیشتبوون. عەباسی ژاندارم گەرچی هەموو ڕێگەکـەش بـە پیـادە هـاتبوو، کەچـی کەوتـە گێڕانـەوەی ئـەوەی کـە ملیۆنێك، هەزار هەزارە ! و شتی لەم بابەتانە.

مەلا عەلی ئەمجۆرە قسانەی بەدڵ نەبوو، کە لە کاتێکی ئاوادا لە ئەوروپا باوە. بەر لە هەموو شـت دەیویسـت بـۆ کوردەکـانی بسـەلمێنێت، کـە چـەند عالمە و هاوشانی ئەو میوانە پایە بەرزانەیە، کـە لـە ڕێگـەی دوورەوە بـۆ لای ئـەو هـاتوون. لەبـەر ئەمـە باسـی هێنایـە سـەر تیولـۆژی و سـەلماندی کـە جیاوازیی نێوان شیعە و سوننی، لە تەفسـیری ئـەم سـورەتەی قورئـان دایـە: **(إن الاثنا وثلاث ورباع)**. واتە: دەتوانن دوو، یان: سێ یان: چـوار ژن – تـان هەبێ[1] ...

سـەرئەنجام مـەلا عـەلی شەوخۆشـیی لێکـردین و بـەجێی هێشـتین. بەداخەوە بۆمان دەرکەوت گەوڕەکە پڕە لە کێچ. ژاندارمێك وتی:

بەڕووتی بخەون، تا کێچی ناو جلەکانتان دەرچن.

لـەتاوا ئـەم کـارەم کـرد و خزامـە ژێـر نوێنەکەمـەوە. نیوەشـەو لەخـەو ڕاچەنیم. تاریکیی هەموو دنیـای داگرتبـوو، دەنگـی لـوورەی بـا و سـەگوەڕم دەبیسـت. دڵۆپـەی ئـاو بەسەروچـاومدا دەتکـا، کێچـیش لەسـەر نوێنەکـە و بەسەر جەستەمدا، هەڵبـەز و دابـەزیان بـوو. جلـەکانم لەبـەرکرد و سـەیرێکی دەرەوەی ژوورەکەم کرد. باران بەخوڕ دەباری. وەك کابرای کوردەی دوێنـی

---

[1] هەڵبەتە ئەوە دیـار و زانـراوە، کـە (یـەکێك) لـە جیاوازییـەکانی نێـوان شـیعە و سـوننی، مەسـەلەی (مەتعـە) و (سـیغە)یە و ئـەهلی تەسـەنون بـەگوێرەی ئـەم ئایەتـەی قورئـان، (مەتعە)یان بە حەرام داناوە. بەڵام جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان شیعە و سوننە، لەمە زۆرترە و پێوەندی بەمەسەلەی (ئیمامەت) و (ویلایەت)وەیە (و. کوردی).

شەو، چوومە سەربان و هەندێ کا - م لەسەربان داگرت و بەچڵ و چێو، ئاگرێکی خۆشم کردەوە. لەبەر ڕۆشناییەکەیدا بەتەمای بەیان دانیشتم.

**ڕۆژی چواردەهەم: بەرەو (ڕەشوان):**

***لەڕێگەی (مان شالان)ەوە بەکەنار چۆمی (باستۆرا)دا، لەڕێگەی (قالوار) و (مامۆدان) بەرەو (گردی مامۆك) و ڕۆخی (زێی گەورە).***

**(چوار شەممە: ١٠ فوریە ١٩١٥)**

ئەمڕۆ باران کەمتر دەباری. سەعات (٨.١٥) هەشت و پازدە دەقیقەی ڕۆژی چوارشەممە: ١٠ی فوریە (شوبات)ی ١٩١٥، لە بەنۆك دەرچووین. ڕێگەکە بەدەشتێکدا تێدەپەڕی، هەردە و هەڵەت و زۆنگ بوو.

لە نزیکەی (١٢.٥) سەعات دوازدە و نیودا گەیشتینە گوندی (مان شان - باوا هالن؟)، کە موڵکی عەبدولڕەزاق ئەفەندی بوو، لە کوردانی (سیرای). خۆراکی ئەوێمان برنج و مریشك بوو.

سەعات (٣)ی دوای نیوەڕۆ بەڕێ کەوتینەوە. سەعات (٣.١٥) سێ پازدە دەقیقە، بە (ڕەشوان)[1] دا تێپەڕین. سەعات (٣.٥) سێ و نیو چەمی (باستۆرا)مان بینی سەعات (٣.٤٥) سێ و چل و پێنج دەقیقە گەیشتینە (قالوار)[2] و سەعات (٤) چوار لە (مامودان)دا تێپەڕین و سەعات (٥) پێنج گەیشتینە (گردی مامۆك). ڕێگایەکی پان و بەرین، بەڵام زۆنگاویی، بۆ ناو گوندی ناوبراو دەچوو.

---

[1] ڕەشوان: گوندێکە لەباکووری دەشتی هەولێر و دەکەوێتە سەر ئاوەڕۆی (بەستۆرە). (و. کوردی).

[2] قالوار: لە تەرجەمە فارسییەکەدا هەر بەوجۆرە هاتبوو، کە ڕاستییەکەی مەبەست لە گوندی (خاڵوان)ی نزیك گوندی (ڕەشوان)ە. (و. کوردی).

ڕەوەیەك چێل و گاگەلمان بینی، نزیکەی (١٠٠٠) هەزار سەر دەبوو، بەرەو ئاوایی دەگەڕانەوە. لەڕاستیشدا ئەم ناوچەیە ڕەوەی زۆر گەورەی تێدایە. دەیانوت لەکاتی ئاساییدا، لەنێوان (مووسڵ) و (بەغدا) و (بەسرە) و تا ئینگلستانیش دەفرۆشران.

ئەم گوندە تاڕادەیەك گەورەیە و تەنانەت دیوەخانێکی گەورەیشی بۆ میوانداریی تێدایە و بریتییە لە ژوورێکی گڵێن و گەورەییەکەی دوو ئەوەندی دیوەخانەکانی ئەو گوندانەی تر دەبوو، کە تیایاندا مابووینەوە. سۆپایەکی تەنەکە و دوو پەنجەرەی ڕاستەقینەیشی تێدا بوو، کە ئێمە لەو پەنجەرانەوە توانیمان دیمەنی جوانی چۆمی (زێ) ببینین.

خورشید بەگی کوێخای گوندەکە، بەگەرمی پێشوازیی و میوانداریی لێکردین و دوو چرایشی داگیرساندن و بۆی هێنایین. خورشید بەگ باسی ئەوەی کرد، بەهۆی تاوانێکەوە، کە بەناهەق تاوانبارکراوە و خۆی پێی خۆشە لە (جیهاد)دا بەشداریی بکات، ناتوانێ خۆی لای کاربەدەستانی عوسمانی دەربخات، بۆیە داوای لە ئێمەکرد، تا لە مووسڵ، کارێکی وای بۆ بکەین، بەڵکو لێی خۆش بن.

**ڕۆژی پازدەهەم: لەناو کەڵەك و لەناوەڕاستی ڕووباری (زێی گەورە)دا، چەقینە ناو چەمی (گزیر) و (سکانی)ی دوایین قۆناغی پێش گەیشتنە مووسڵ**

خورشید بەگ ئێمەی بە کەڵەکێك لە (زێ) پەڕاندەوە. سەعات (٨) هەشتی بەیانی دیسانەوە بەسواری ئەسپ بەڕێ کەوتین. لەسەرە ڕێگەکەماندا سێ شارۆچکەمان بینین، کە لەیەکەوە دووربوون. ڕێگەکە لە دەشتێکی زۆنگاوییەوە دەردەچوو.

سەعات (١٢) دوازدە گەیشتینە (گردئاپار). لەوێ نانمان خوارد (خۆراکێك لە دەنکی گەنم دروستکرابوو – کە ڕەنگە گەنمەکوتاو بووبێ).

عەشیرەتی (بادینە)[1] بەسەرۆکایەتی ئیسماعیل ئاغا، لەو ئاواییەدابوون.

سەعات (١.٥) یەك و نیو دیسانەوە کەوتینەوە ڕێ. سەعات (٣.٥) سێ و نیو گەیشتینە (دوزاب)[2] و لەچەمی (گزیر)[3] پەڕینەوە. ئاوی چەمەکە هەتا ژێر زینی ئەسپەکانمان دەهات.

سەعات (٥) پێنج گەیشتینە گوندی (سکانی)، کە بێ ئەندازە هەژار و نەداربوون. شەومان لە کەپرێکی خشت و گڵی ڕووخاو و داماودا بەسەر برد. کێچیش تا پێی کرا و توانی، ئازاری داین. کوێخای گوندەکە خۆی لەوێ نەبوو. لەگەڵ ئەو خەڵکەدا بۆ (جیهاد) چووبوو، کە دەیانتوانی چەك هەڵگرن و لە جیهادا بەشداریی بکەن. ئەوانەیشی کە مابوونەوە، گوزەرانێکی کولەمەرگی و مەمرە و مەژییان هەبوو.

**ڕۆژی شازدەهەم: گۆڕی یەحیای پەیامبەر – مووسڵ.**

**ڕۆژی هەینی: (١٢ی فوریە ١٩١٥):** سەعات (٧.٥) حەوت و نیوی بەیانی دیسانەوە بەڕێ کەوتینەوە. ڕێگەکەش هەر بە دەشتایی و تەختاییدا تێپەڕ دەبوو.

سەعات (١١) یازدە گەیشتینە گوندی (توپ زانا)[4]. لەوێ بە بەرچاوی خەڵکەکەوە ریشم تاشی . ئەم گوندە دوایین مەڵبەندی کوردەوارییە. ئیتر لێرە بەدواوە سنووری عەرەب دەست پێدەکات.

---

(١) عەشیرەتی بادینە، لە دەوروبەری چەمی (خازر) دەژین. (و. کوردی).

(٢) مەبەست لە هەردوو زێی گەورە و بچووکە، کە دەبێتە (دوو زێ). (و. کوردی).

(٣) گزیر: لە تەرجەمە فارسییەکەدا بەوجۆرە بوو، بەڵام ڕاستییەکەی (خازر)ە، کە دەکەوێتە باکووری (کەڵەکی یاسین ئاغا) و سەر ڕێی هەولێر – مووسڵ (و. کوردی).

سەرنج: زانیارییەکانی سەبارەت بە ناوچەی (ڕەواندز) و دەوروبەری، لە مامۆستای موزیك و دانیشتووی شاری ڕەواندز، هاوڕێی دێرینەم، مامۆستا زرار محەمەد مستەفا وەرگرتووە، کە بەتایبەتی و بۆ ئەم مەبەستە، ڕۆژانی ١١ – ١٢ / ١٠ / ٢٠١٣، سەردانیم کردووە. (و. کوردی.

(٤) دەبێ تۆپزاوا – ی مەبەست بێت (و. کوردی).

## پاشكۆی ژماره (١)

**میرزا فەتاحی قازی**

خوداڵێخۆشـبوو مـیرزا فـەتاحی قـازی لـە پیـاوانی بـەنێوبانگ و نێوبەدەرەوەی كوردستانی ئێران بووە. ئەو هەم خاوەن قەڵەم و هەم خاوەن شمشێر بووە و بەسەرهاتێكی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە شانازیی هەیە. هەمیشـە بەمـەردیی و پیـاوەتی ژیـاوە. بەهـەبوونی ڕقەبـەر و دژبـەری سەرسەخت و بەهێز وەكو كونسوولی ڕووسیەی قەیسەری لە ساوجبولاغ، محەمەد ئاغای ئێلخانیی دێبۆكری، بەشێكی سەرەكی لە عێلی مەنگوڕ، كاربەدەستانی ناوچەیی بەتایبەتی محەمەد حوسێن خانی موكری حاكمی ساوجبولاغ، هیچكات لـە ئاسـت ئـەوان سـەری تەسـلیم و سازشـتی دانەنواندووە. هەندێك جار دوژمنانی خۆی شكاندووە و بەچۆكی داهێناون و جارجـاریش لـە بەرامبـەر ڕقەبـەری بـەتوانادا شـكاوە و سـەدەمەی پـێ گەیشـتووە، بـەڵام قـەت مەیـدانی چـۆڵ نـەكردووە و دەسـتی لـە خـەبات هەڵنەگرتووە.

ئەو پیاوە لەگەڵ ئەوەشدا – جلوبەرگی مەلایەتی لەبەر دابووە و ئەهلی عەبا و عەمامە بـووە، بـەڵام ڕوحـی ئازایـەتی و شـەڕانێتیی تێیـدا زۆر بـەهێز بووە، بەشێوەیەكی ئەوتۆ، كە خـۆی و كـوڕە زۆر و زەوەنـدەكانی و نۆكـەرە هەمیشە پڕ چەكەكانی، لەگەڵ دژبەرانیاندا هەمیشە لە شەڕ و كێشـە دابـوون و لە هەموو شەڕەكاندا ئازایەتی و قارەمانیتییان لە خۆوە نیشان داوە.

مـیرزا فـەتاحی قـازی لەبـەر خـووی ئـازادیخوازی، هەمیشـە لەگـەڵ حکوومەتـە سـەرەڕۆیە ناوچـەییەکاندا لـە کێشـە و قـڕەدا بـووە، چـونکو حاکمـەکانی سـەردەمی سـەرەڕۆیی لـە هـیچ جـۆرە زوڵـم و دەسـتدرێژی و تەنانەت وەسەرپەڕینی ناموسـی خـەڵکیش دەسـتیان نەدەپاراسـت و خـەڵك ناچـار بـوون بـۆ ئـەوەی لـە هێمنیـدا بـژین لـە چـنگ حاکمـەکانی سـەرەڕۆ پەنابەرنە بەر میرزا فەتاح، کە لە ناوچـەدا خـاوەن دەسـەڵات و بـەتوانا بـوو. بەڕێزیشیان ناچاربوو لە سەر کەسانی بێدەرەتان بکاتەوە و بیانپارێزێ، بۆیە لە نێوان حاکمە سـەرەڕۆکان و مـیرزا فـەتاحی قازیدا زۆرجـار کێشـە و هـەرا پەیـدا دەبـوو و دەگەیشـتە لـە یـەك ڕاسـان و دوژمنکـاری. هەنـدێك جـار بەفەرمانی میرزا فەتاحی قازی خەڵکی شاری دووکان و بازاڕیان دادەخسـت و کۆدەبوونـەوە و حـاکمی زۆرداریـان لـە شـار وەدەر دەنـا و داوایـان لـە وەلیعەهدی قاجار دەکرد کە بنکەی لە تەوریز بوو، حاکمێکی دادپـەروەر (!) یان بۆ بنێرێ. بەڵام شتێك کـە لەسـەردەمی سـەرەڕۆییدا لـە گۆڕێـدا نـەبوو، دادپەروەری و مەردمداری بوو، چونکو ئەگەر حاکمەکان بۆ جێیەك ناردرابـان و ڕاسپاردەیان درابایە، دەبوو بۆ قەرەبووی ناردنیـان بـۆ ئـەو شـوێنە و ئـەو ڕاسپاردە پێدرانە، هەموو مانگێك بـڕە دراوێـك وەکـو پێشکێشـی، یـان دراوی بـەکرێ بـدەن و ئـەو دراوەش بـە ڕێگـای زۆرداری و بەشـڵتاغ لـە خـەڵکیان دەسـتاند. بـەو پێیـە حاکمـەکانی سـەرەڕۆیی، جگـە لـە تـاڵان و چـەپاندن و دەستدرێژی بۆ سەر گیان و ماڵی خـەڵك، کـارێکی دیکـەیان نـەبوو. ئـەوەبوو خوداڵێخۆشبوو میرزا فەتاحی قازی نەیدەتوانی بـە هـیچ جـۆر لەگـەڵ حاکمـە گەندەڵ و تاڵانکەرەکان بێتە ڕەدایێ و لەگەڵیان بسـازێ. ئـەو دژبـەری و مـل لێسوانانە ئاخرەکەی گەیشتە ئـەوەی دەوڵـەتی نێوەنـدی لـە مـیرزا فـەتاحی قازی دڕدۆنگ و نیگەران بـێ. بۆیـە لـە کۆتاییـەکانی سـەلتەنەتی ناسـرەدین شـادا بانگیـان کـرد بـۆ تـاران و ١٢ سـاڵ لـە سـەردەمی ناسـرەدین شـا و

موزەفەرەدین شا لە تاران زیندانی و لە ژێر چاودێرییدا بوو، پاشان ئازادیان کرد و ڕێگایان پێ دا بگەڕێتەوە زێدی خۆی (مهاباد)، لە کاتی گەڕانەوەیدا، دۆستان و خزمانی تا شاری زەنگان بەرەوپیلی چوون و بەحورمەت و جەلالی هەرچی زیاترەوە هێنایانەوە مهاباد. دواتر ڕووداوەکانی مەشرووتە و ڕووبەڕووبوونەوەی محەمەد عەلی شا لەگەڵ مەشرووتە خوازان هاتە پێشێ. خودالێخۆشبوو میرزا فەتاح لەگەڵ ئەوەشدا دژی زۆرداری و سەرەڕۆیی بووە، دیارنییە لە سەر چ بنەمایەك لەگەڵ دەستوپێوەندی محەمەد عەلی شای قاجار هاوکاری کردووە و بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ سوارەکانی لە مەراغە و تەورێز لەگەڵ لەشکری حاجی سەمەدخانی شوجاعودەولە بووە. دواجار لەشکری ڕووسیەی قەیسەری دوای زنجیرەیەك شەڕ و پێکدادان لەگەڵ مەشرووتە خوازان دێنە نێو تەورێزەوە و شوجاعودەولە ئەوەی جینایەت و خوێنڕێژییە لە تەورێز کردوویەتی و ژمارەیەکی زۆر لە ئازادیخوازان لەوانە سیقەتولئیسلام و شێخ سەلیم و هەندێك کەسی دی لە سێدارە داوە، خودالێخۆشبوو قازی فەتاح جگەلەوەی لەگەڵ شێوە کاری شوجاعودەولە و جینایەت و پیاوکوژییەکانیدا نەبووە، هەمیشە بۆ ڕزگارکردنی ئازادیخوازان لە بەڵای شوجاعودەولە تێ کۆشاوە و ژمارەیەکی زۆری لە وان لە مردن رزگار کردووە.

لە سەردەمی شەڕی دنیا گرەوەی یەکەمدا، میرزا فەتاحی قازی لەگەڵ ترکییە عوسمانییەکان ڕێك کەوت و دژی ڕووسە قەیسەرییەکان شەڕی کرد. لە ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی مانگی (١٩١٥ز) هێزێکی گەورەی ڕووسان بەسەرکردەیی بالاساخارۆف و چرنۆزوبێڤ هێرش دەکەنە سەر هێزێکی کەمی ترکییەکانی عوسمانی، کە لە مهاباد دامەزرابوون. هێزە عوسمانییەکان لە وزەیاندا نابێ خۆڕاگریی بکەن، دوای چەند سەعات پێکدادان، تێك دەشکێن و شارەکە لە لایەن ڕووسانەوە داگیر دەکرێ.

خودالێخۆشبوو قازی فەتاح بۆ خۆی لەگەڵ چەند کەس لە پیاوەکان و کوڕەکانی لە خانوویەکدا، کە ئێستا وێران بووە و بەمەدرەسەی عوسمانییان بە ناوبانگ بوو و ئێستا بەشێکی لە لایەن شێر و خورشیدی مهابادەوە کراوە بەگەرماو، دژی ڕووسەکان شەڕ دەکەن. دوای ماوەیەك شەڕ و تەقە، ئەستوونێکی سوارە نیزامی ڕووسی لە ڕێگای دێی کەرێزە و باخی مکایل و پردی سوورەوە هێرش دەهێنن و دەگەنە نزیك گۆمی قازی لە لێوارەی ڕۆژئاوای شاری مهاباد. لەوکاتەدا کوڕەکانی بەخودالێخۆشبوو میرزا فەتاحی قازی دەڵێن قوشوونی ڕووسەکان زۆر بەهێزە و ئێستا خۆی خزاندووەتە هەندێك لە شوێنەکانی شار و هێزەکانی عوسمانی هەڵاتوون و دوای چەند دەقیقەی تر شار دەشکێ و ڕووسەکان داگیری دەکەن، باشتر وایە ئێمەش لە شاری بچینە دەرێ. میرزا فەتاحی قازی لە وڵامدا دەڵێ:

ئەمن ناتوانم زیندوو بم و ببیستم لەشکری ڕووس هاتوونەتە نێو سابڵاغێ. دوایە میرزا فەتاح داوای ئەسپەکەی دەکا، کە سوار بێ، لە کاتێکدا پێ دەرکێفی زینی دەنێ، چەند گوللە لەو موسەلسەلانەی لە تەپەی قازی دایان مەزراندبوون، نێوچاوانی دەپێکێ و دەستبەجێ شەهید دەبێ.

لەدوای شەهادەتی میرزا فەتاحی قازی، نۆکەر و کوڕەکانی ناچار دەبن هەڵێن و تەرمەکەی هەر لەوێ بەجێ دەهێڵن. پاشان تەرمەکە ڕادەگوازرێ بۆ مزگەوتی شادەروێشی و ڕووسەکان چەندین جار وێنەی لێ هەڵدەگرن. کەسێك بەنێوی کاکەڕەش کە پێشتر داروغەی حکوومەتی مهاباد بووە و خودالێخۆشبوو میرزا فەتاحی قازی جارێکیان لەبەر جووڵانەوەی خراپی لەگەڵ خەڵك و ئازار دانیان سزای دابوو، نایەڵێ تەرمەکە بنێژرێ، دواجار دوای چل ڕۆژ تەرمەکە لە لای ڕۆژهەڵاتی حەوشەی مزگەوتی شادەروێش بەخاك دەسپێردرێ.

کوڕانی میرزا فەتاحی قازی لەگەڵ لەشکری تێکشکاوی عوسمانی لە ژێر فەرماندەریی عومەر ناجی بەگ، بەڕێگای گردە بەردان، بەرەجۆ، توختە، قۆڵغەتەپە هاتنە گوندی باخچە کە بەشێکی ئی بابم خوادالێخۆشبوو میرزا ڕەسووڵی فەتاحی قازی بوو. زۆربەی عەسەکەری عوسمانییەکان سەرما و بەفری ڕێیە لە نێوی بردبوون و ژمارەیەکی زۆریشیان دەست و لاقیان سەرما بردبووی. مزگەوتی دێی باخچەیان کرد بە نەخۆشخانەی عەسکەرە بریندارەکان. ئەو عەسکەرانە دوای یەك دوو شەو حەسانەوە، بەرەو دێی قارەوا لە نزیك بۆکان پاشەکشێیان کرد و دوای چەند ڕۆژان ئەفسەرێکی عوسمانی هاتەوە دێی باخچە و نەخۆش و بریندارەکانی بەسواری گوێدرێژ و ئێستر لە وەزعێکی زۆر دڵتاوێن و پەرێشاندا بەرەو نێوەندی ئۆردوو برد.

هێزەکانی ڕووسیەی قەیسەری کە بەتووڕەیی و زەبروزەنگەوە هاتبوونە نێو مهاباد، ئەوپەڕی دڕندەیی، دڵڕەقی و خوێنخۆرییان دەکار هێنا و لە هیچ جۆرە کارەسات و کوشت و کوشتارێك لە مهاباد و دێیەکانی دەوروبەری دەستیان نەپاراست، بەتایبەتی لە دێیەکانی قونقەڵا، ئینdrقاش، دریاز، کەرێزە. دەستە دەستە لە دانیشتوانی بێ ئەنوای لادێکان و شاری سابلاغیان بێ هیچ بەزەیییەك بەقەدارە و شمشێر کوشت، کووچە و کۆڵان وماڵەکان و مزگەوتەکان پڕ بووبوون لە تەرمی پیر و لاو. بازاڕی مهاباد و هەندێك ماڵەکانیان ئاور تێ بەردا، لەوانە ماڵی میرزا فەتاحی قازی و ماڵی خودالێخۆشبوو قازی عەلی و خەڵکیان بەزیندوویی سووتاند.

بەکورتی ماوەی حەوت شەو و ڕۆژ، خەڵکی بێ ئەنوای مهاباد و دەوروبەریان دا دەم تێغی شمشیرەکانیان. تەنێ ژمارەیەکی کەم توانییان لە نێو ئەشکەوت و ژێرخانان خۆیان حەشار بدەن و هەندێکیش داڵدەیان بردە بەر ماڵی سەرۆکی گومرگ و حاکم و یان ماڵی میرزا حاجی حاجی غەفوور، کە پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ ڕووسەکان هەبوو و زمانی ڕووسیی باش

دەزانی، هەندێکیش پەنایان بردبوو بۆ ماڵە جوولەکەکان، و یان کەسانێك کە توانیبوویان بەر لە هاتنی ڕووسەکان ڕاکەن، جگە لە ژنان و منداڵی شیرەخۆرە، پاشماوەی خەڵکی شاریان کوشت.

ئاغای محەمەدی ئیقباڵی کوڕی خوداڵیخۆشبوو حاجی ڕەحیم، کە مەئمووری پاراستنی هێمنی و کۆکردنەوە و ناشتنی تەرمەکان بووە، دەڵێ هەر لە نێو مهاباددا هەشت هەزار و نۆسەد و هەشتا تەرمی دۆزیوەتەوە و ناشتووە، دیارە ڕووسەکان ژمارەیەکی زۆریشیان لە دەوروبەری شاری و کێوەکان و باخەکان کوشتبوو، کە لەو هەژمارەدا نین.

دوای حەوتوویەك قەتڵی عام. خوداڵیخۆشبوو میرزا حاجی حاجی غەفوور لەگەڵ حاکمی ئەو کاتی سابلاغ و ئاغای محەمەدی ئیقباڵی، دەچنە لای فەرماندەری ڕووسەکان بە نێوی باڵازاخارۆڤ، کە لە خانووی پێشووی حاجی نازم ماڵی دانابوو و داوای لێ دەکەن دەست لە کوشت و کوشتار هەڵگرێ.

فەرماندەری نێوبراو، دوای پاڕانەوە و پێکێشی خوداڵیخۆشبوو میرزا حاجی و بەپێی ناسیاوی پێشووتر لە گەڵی، بەتێلێگراف داخوازی لێبوردنی گشتی لە ئیمپراتۆری ڕووسییە دەکا، و داواکەیان دەپەژرێنێ.

ڕووسە قەیسەرییەکان لە ماوەی چەند ساڵی شەڕی دنیاگرەوەی یەکەمدا (١٩١٤ – ١٩١٨ی زاینی) سەدەمەی گیانی و ماڵیی زۆریان لەکوردستان دا. خوداڵیخۆشبوو میرزا فەتاحی قازی، کوڕی میرزا ئەحمەدی قازی و میرزا محەمەد عەلی گۆلێ، کوڕی حاجی ڕەحیمی قازی و قازیی مونعیم کوڕی قازی وەهابیان ئاور تێبەردا و دواجار چوار لە کوڕانی میرزا فەتاحی قازییان کە بە وەرگرتنی ئەمان لە ڕووسەکان، هاتبوونەوە شوێنی خۆیان (مەبەست ساوجبولاغی موکری، یان مهابادی ئێستایە) و بریتی بوون لە عەبدوڕەحمانی سالاری موکری، مەلا محەمەد، میرزا مەحموودی مەنسوور،

میرزا ئەحمەد، و هەروەها قازی لەتیف برای میرزا فەتاحی قازی و قازی عەلی و قازی مونعیم

(برازاکانی میرزا فەتاح) یان بۆ بەشداری لە جێژنێکدا بانگ دەکەن و لەوێ هەموویان دەگرن و هەموویان جگە لە قازی عەلی نەبێ، دووردەخەنەوە بۆ ڕووسییە. قازی عەلی دوو یان سێ جار دەگرن، بەڵام هەرجارەی دوای چەند ڕۆژ بەری دەدەن.

کەسانی نێوبراو دوای گۆڕینی ڕژێمی ڕووسییە لە ساڵی ١٩١٧ هەموویان بەسلامەت هاتنەوە نیشتمان. ئەوان جگە لە ئاغای سالار و مەلا محەمەدی حاجی ئاباد، ئێستا هەموویان وەفاتیان کردووە. نووسەر حاڵی حازر دەستم بە ئاغایانی نێوبراو (ئاغای سالار و مەلا محەمەدی حاجی ئاباد) ڕاناگا تا لە زانیارییەکانیان کەڵك وەربگرم. چونکو ئێستا کە ئەو بیرەوەرییانە دەنووسمەوە، لە تەورێزم و ئەوانیش لە دێیەکانی خۆیان ساروقامیش و حاجی ئابادن و خەریکی کشتوکاڵن.

دوای ئەو هەموو کشتوبڕ و کاولکاری و وێرانی و ئەتکی ناموسە، کە ڕووسەکان لە کوردستاندا کردیان، بوونە هۆی سەدەمەیەکی دیکەش کە ئاسەواری زۆر لەو کوشتوکوشتار و تالانەی کردبوویان، دڵتاوێنتر و ڕووخێنەرتر بوو.

لە ماوەی چوار ساڵی شەڕی یەکەمی دنیاگرەوە دا، هەرێمی کوردستان هەمیشە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی لەشکری ڕووس و عوسمانی بوو، وەرزێرانی لادێیان هەڵاتن، زۆربەی خەڵکی کوردستانی ئێران و تەنانەت عێراق و تورکییە سەری خۆیان هەڵگرتبوو و ڕایان کردبوو بۆ چیا و جەنگەڵان، هەروەها ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵکی کوردستانی ئێران کۆچیان کردبوو بۆ وڵاتی عێراق، لە دۆخێکی ئاوادا ئاشکرایە کاروباری کشتوکاڵ و چاندن بەکردەوە ڕاگیرابوو، ئەوە بووە هۆی قاتوقڕی، ئەویش چ

قاتوقڕییەك، موسڵمان نەیبیسیێ، كافرنەیبینیێ، دەستە دەستە خەڵك لە دێیەكان و شارەكانی كوردستان و تەنانەت لە شوێنەكانی دیكەی دنیا لە برسان دەمردن. نووسەر ئەودەمی شەش حەوت ساڵان بووم و بۆ خۆم زۆرجار دیتم خەڵك لەبەرئەوەی برسێتی زۆری بۆ هێنابوون، گۆشتی سەگ و پشیلە و گوێدرێژیان دەخوارد و تەنانەت لە خواردنەوەی خوێنی ئاژەڵانیش دەستیان نەدەپاراست. سەگی بەرەڵا لە كووچە و كۆڵانان بە ئاشكرا بە بەرچاوی خەڵكەوە خەریكی خواردنی تەرمی مردووان بوون. پێم وایە دێی باخچەی بنەماڵەی قازی، زیاتر لە دێیەكانی دی، لەبەر قاتوقڕی سەدەمە و تەلەفاتی بەخۆیەوە دی، چونكو ژمارەیەك لە عەشیرەتی مەنگوڕ (تایفەی زێڕنیێ)، خاوەن موڵكانی گوندەكانی "چوارگا" و "هەنگەویێ" و "گوێجكەدەریێ" و هتد. لەشكریان كێشا سەر دێی باخچە و سەرباخچە و ئەو گوندانەیان داگیركرد و هەرچی خەلە و خورد و خۆراكی ئەو دێیانە و خاوەن موڵكەكانیان بوو، خواردیان و دایان بەڕەعیەتەكانی خۆیان، بە شێوەیەكی ئاوا هیچیان بۆ خاوەنانی ئەسڵی نەدەهێشتەوە و لە ئاكامدا بەشێكی سەرەكیی وەرزێرانی دێی باخچە لە برسان قڕ بوون.

دوای ئەوەی حاسڵات و گیا و گژ و میوە پیێ گەیشت، توندوتیژیی، قاتوقڕیی كەم بووەوە بەڵام ئەوانەی بەزیندوویی مابوونەوە ئەوەندەیان برسێتی چێشتبوو و شتی پیسیان خواردبوو، بەتایبەتی لەبەر بۆگەنبوونی زۆری تەرمی مردووان، تووشی نەخۆشییەكی گشتی هاتبوون و ئەوانەی مابوونەوە هەر بەو نەخۆشییە قڕبوون. ئاسەواری قاتوقڕیی تا سیێ چوار ساڵ مابووەوە و غەلە خۆشەویست و بە قیمەت بوو، دواتر بەرە بەرە حاسڵات زۆر بوو و خەڵك لە تەنگانە ڕزگاریان بوو.

خودالێخۆشبوو میرزا فەتاحی قازی لەو سەروبەندانەیدا بارودۆخ شپرێو بووە و مەئموورانی دەوڵەت لە وزەیاندا نەبووە نەزم و هێمنیی شار بپارێزن، بۆ خۆی كاروباری پاراستنی شاری وەئەستۆ گرتووە و خەڵكی شاری چەكدار

کردووه و بۆ هەر گەڕەکێك کەسێکی وەك سەرۆکی پاراستنی نـەزم و هێمنـی دیاری کردووه و هێمنـی شـاری دامەزرانـدووه. بـۆ ڕوونبوونـەوەی هـۆی ئـەو کارەسات و ئاکاره توند و تیژانەی ڕووسەکان که له کوشتار و خوێنڕێـژی لـه کوردستاندا کردیان، ناچارم هەندێك ڕاستی بگێڕمەوه:

هەروەك پێشتر ئاماژەی پـێ کـرا، هـەرێمی کوردسـتان لـه مـاوه شـەڕی یەکەمی دنیاگرەوەدا مەیدانی هەڵتۆز هـەڵتۆز و پێکـدادانی هێـزه دژبـەرەکان بوو و وەك هەستان و نیشـتنەوەی شـەپۆلی دەریـا وابـوو، سـەردەمێك هێـزی عوسمـانی زۆر و تـازه نەفەسـبوون تێیـدا و بـەنێوی ئـەوەی سـوڵتانەکانی بنەماڵـەی عوسمـان خەلیفـه و جێنیشـینی پێغەمبـەری ئیسـلامن (درووودی خـودای لێ بـێ)، خێـڵ و عەشـیرەت، شـێخ و مەشـایخ و سـاداتی کوردیـان بـەنێوی جیهـاد لـه ڕێبـازی ئـاڵای ئیسـلامدا دنـەدەدا، لـه ئاکـامی ئـەوەدا کوردەکـان هێرشـیان دەکـرده سـەر هێـزی ڕووسـەکان لـه کوردسـتاندا و ئەوانەیان دەردەکرد و تا مەراغـه و تـەورێزیان ڕاودەنـان. پاشـان ڕووسـەکان هێزی خۆیان ڕادەهێزاند و تورکەکانیان دەشکاند و دیسان بـۆ جـاری سـێیەم سابڵاغیان داگیر دەکرد.

بـەکورتی هـەرێمی شـەڕ بـەردەوام دەستاودەسـتی دەکـرد، جـار جـار ڕووسـان لـه پـێش بـوون و ئـەو شـوێنانەیان دەگرتـەوه کـه لـه دەسـتیان ئەستێندرابوون و جار جاریش تورکانی عوسمانی سەر دەکەوتن. بـەدەم ئـەو کێشەیەوه، ئەو کاتانەی ڕووسەکان تێك دەشکان، لەشکری خێڵـه کوردەکـان له ئاست ئەو سەربازه ڕووسـانەی بەیەخسـیر دەگـیران خـراپ دەجووڵانـەوه، سەر و دەست و ئەندامانی دیکەی کوژراوەکانیان دەبڕی و لەسـەر ڕێپێڵگـه و ڕێگایان بـۆ تەماشـا دایـان دەنـان. ئاشـکرایه ڕووسـەکان لـەو جـۆره ئاکـاره دڕندانانه تووڕه دەبوون و ڕق دای دەگرتن. تەنانەت جارێك بـه ڕێگـای مـیرزا حاجی، کوڕی خوداڵێخۆشبوو حاجی غـەفووری قـادری لـه مزگـەوتی سـووری مهاباد ڕایان گەیاند:

دەوڵەتی بەرزی ڕووسییە هیچ شەڕ و کێشەیەکی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران نییە و دەوڵەتی ئێران لەو شەڕەدا بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندووە، ئێمە دوژمنی دەوڵەتی عوسمانین و لەگەڵ ئەوان شەڕ دەکەین، ئەوان دەوڵەتن و ئێمە دەوڵەتین، جارجار ئەوان دەشکێن و دەکشێنەوە و جارجار ئێمە دەشکێین و پاشەکشە دەکەین و دیسان دێینەوە. ئێوەی خەڵکی کوردستان نەکارتان بەسەر ئێمەوە بێ و نە بەسەر عوسمانییەکان و خۆتان لە شەڕ وەرمەدەن. ئێوە ڕەعییەتی دەوڵەتی ئێرانن و دەوڵەتی ئێران بێلایەنە، حەق ئەوەیە ئێوەش هەر چاودێر بن و کارتان بەسەر کاری ئێمەوە نەبێ و خەریکی کار و کاسبی خۆتان بن.

خودالێخۆشبوو میرزا حاجی، کوڕی حاجی غەفووری قادری ڕۆژێك لە مزگەوتی گەورەی سابڵاغ (مزگەوتی سوور) لە ڕووی خێرخوازی و چاکە بیریی خۆی، ئەو پەیامەی ڕووسەکان بە خەڵك ڕادەگەیێنێ، بەڵام لەبەرئەوەی سەروبەندی خەڵك نەخوێندەوار بوون و ئاگایان لە هەلومەرجی دنیا نەبوو، فریوی شاپەوگاپەی عوسمانییەکانیان خواردبوو و هیچ پێشوازێکیان لە قسەکانی خێرخوازانەی میرزا حاجی نەکرد و لەبەر ئەوەی نێوبراو پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ ڕووسییە هەبوو، تاوانباریان کرد بەلاگریی لە ڕووسەکان. کەسێك بەنێوی ڕەحمان کەوگیر بە ئاشکرا لە مزگەوتێ، بەدەمیدا دێتەوە و دەڵێ: ئەتۆ ڕووس پەرستی بەڵام ئێمە موسڵمانین و ڕووسەکان کافرن، دەبێ شەڕ و جیهادیان لە دژ بکەین.

ئەوە بوو دانیشتوان و هەرەمەی خەڵك بە قسەی عوسمانییەکان هەڵخەڵەتان و وەخۆ کەوتن و بێ هیچ جۆرە تەدارەك و چەکێك و بەپرێسکەیەك نانەوە لەگەڵ عەسکەرەکانی تورکی عوسمانی دەچوونە شەڕی ڕووسان، ئەو ڕووسانەی بە باشترین چەکی مۆدێرنی ڕۆژ وەکو تفەنگ، تۆپی شرینێل، موسەلسەل، فڕۆکە؟ تێلگراف و تەلەفۆن و بێ سیم تەیار

بـوون، ئـەو جـۆرە کردەوەیـە جگـە لـە خۆکـوژی و لـە نێـوبردنی خۆیـان و نەتەوەکەیان، چ ئاکامێکی دیکەی نەبوو و بـەروبووی ئـەوە بـوو، کـە پێشـتر باس کرا.

خوداليێخۆشبوو قازی فەتاح هەروەك پێشتریش باس کرا لـە پیـاوانی زۆر هەڵکەوتوو و بەنێوبانگی مهاباد بوو، بەڵام بچووکیی شوێنەکە و بێدەرەتانیی مـاڵی و ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ دوژمنـانی زۆر بەمەترسـیدار و بـەتوانا، لەوانە کونسوولی ڕووسییەی قەیسەری لـە مهابـاد(*)، محەمـەد حوسـێن خـانی سەرداری موکری حاکمی مهاباد، حاجی محەمەد ئاغای ئێلخانیزادە سـەرۆکی عەشیرەتی دێبۆکری و بایزئاغا (بایز پادشا)ی مەنگوڕ سەرۆکی عێلی مەنگوڕ و لەوانە هەمووان زیـاتر دژایـەتیی تونـدی کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی لەگـەڵی، دەرفەت و دەرەتانی پێ نەدەدا ئاهێکی بێتەوە بەر و بتوانێ کارێکی گـرینگ بە قازانجی میللەت و وڵات بکـا، ئاخرەکـەی لەبـەر دژایـەتیی تونـدی سـەرۆك عەشـیرەتەکان و خـاوەن دەسـەڵاتانی ناوچـەیی، لـە سـەردەمی سـەڵتەنەتی موزەفەرەدین شای قاجار، ماوەی دوازدە ساڵ لـە تـاران، یـان لـە بەندیخانـە یان لە ژێر چاودێریدا ڕایان گرت.

خوداليێخۆشبوو میرزا فەتاحی قازی هەشت کـوڕی هـەبووە، بـەپێی ئـەم ڕیزەی خوارەوە:

١- میرزا عبدولڵا ناسراو بە سیقەت.

٢- میرزا عەبدوڕەحمان ناسراو بە سالاری موکری.

٣- مەلا محەمەد ناسراو بە قازی محەمەدی حاجی ئاباد.

٤- میرزا محموود ناسراو بە مەنسوور.

٥- میرزا ئەحمەد.

٦- موحسین ئاغای موجاهیدی.

---

(*) مەبەست لە (ئەلکساندەر ئیاس)ە، (محەمەد حەمەباقی)

٧- میرزا حوسێن ناسراو بە "گرژە" کە بەجحێڵی کۆچی دوایی کردووە.

٨- میرزا عەزیزی ڕووحی زاد.

ئاغای عبدولرەحمانی سالاری موکری (کە پاشناوی جەوانمەردی قازی)یە، کەسێکی زانا و بەنوتق و قسەزان و خەت خۆشێکی هێژایە. لە تافی لاوەتیدا پیاوی شەڕ و گۆڵمەزان بووە و بە ئازایەتی بەنێوبانگە و لە زۆربەی کێشە کێش و هەرای خودالێخۆشبووی بابی، میرزا فەتاحی قازیدا بەشداریی کردووە و لە کاتی قۆڵبەست بوونی بابی لە تاران، لەگەڵی بووە.

لە شەڕی دنیاگرەوەی یەکەمدا، ئاغای سالار و براکانی قازی محەمەد و مەنسوور و میرزا ئەحمەد، نزیکی دووساڵ یەخسیری ڕووسە قەیسەرییەکان بوون و دوای شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبری ڕووسییە و پشێویی باردۆخی نێوخۆیی ئەوێ، بەوەزعێکی دڵتاوێن گەڕانەوە ئێرانێ.

تاقە کوڕی ئاغای سالار، میرزا عبدوڕەحیمی جەوانمەردی قازییە[1]. ئاغای سالار خاوەنی بەشێك لە گوندی ساروقامیش بوو و تاکۆتایی تەمەنی لەوێ دەژیا. خودالێخۆشبوو سالار پیاوێکی قسە خۆش و بەمەعلوومات و سەروسیمایەکی ئازایانە و پیاوانەی هەبوو. نێوبراو هەندێك یادداشتی سەبارەت بەحاڵ و ئەحواڵی خۆی و ڕووداوەکانی ناوچەیی نووسیبووەوە، بە

---

[1] حاجی عبدولڕەحیمی جەوانمەردی قازی پیاوێکی خۆش مەجلیس و بە ئیمان بوو، بەڕێزیان ڕۆژی سێ شەمۆ ٧٣/٣/١٧ی هەتاوی لە تەمەنی ٨٠ساڵیدا لە مهاباد ماڵاوایی لە ژیان کرد. نێوبراو لە ڕێژیمی ڕابردوودا (ڕێژیمی پاشایەتی) بۆ ماوەی دوورودرێژ لەبەر هۆی سیاسی زیندانیی کێشا

داخــەوە ئــەو یادداشــتانە لــە لایــەن ســەروان کــەنزی، ســەرۆکی ســازمانی ئەمنییەتی مهاباد، دەستیان بەسەردا گیرا[1].

مەلا محەمەد ناسـراو بـە قـازی محەمـەدی حـاجی ئابـاد پیـاوێکی زانـا و خۆش مەجلیسە و لە حاجی ئاباد خەریکی کشتوکاڵە، هـەروەك پێشـتر بـاس کرا، بەرێزیشان لەگەڵ براکـانی دیکـەی لـە شـەڕی دنیـاگرەوەی یەکەمـدا بـۆ ماوەی درێژ لـە خـاکی ڕووسـیە یەخسـیری ڕووسـەکان بـوون. هـۆی دژایـەتی ڕووسە قەیسەرییەکان لەگەڵ خودالێخۆشـبوو قـازی فـەتاح کـە بەشـەهادەتی وی و یەخسیرکرانی کوڕەکانی تەواو بوو، خودالێخۆشبوو قـازی فـەتاح لەبـەر دەمارگرژیی دینی لایەنگری جیددی و سەرسەختی ترکییەنی عوسمانی بوو و بەتونـدی لەگـەڵ کۆنسـوولی ڕووسـیەی دانیشـتووی مهابـاد دژایـەتی دەکـرد. کۆنسـوولی ڕووسـیە لـە یـەکێك لـە شـەڕەکانی ترکییـەنی عوسمـانی لەگـەڵ لەشکری ڕووسییە دەکوژرێ و سەری لە بەدەنی جوێ دەکەنـەوە و دەیهێـنن بۆ مهاباد.

میسیۆ ب. نیکیتین کۆنسـوولی پێشـووی ڕووسـیە لـە ورمـێ، لـە کتێبـی "ایرانـی کـە مـن شـناختە ام"[2] (ئـەو ئێرانـەی مـن ناسـیومە) دەڵـێ نێـوی کۆنسوولی ڕووسیەی لە ساوجبولاغ (مهابادی ئێسـتا) کۆلۆنێـل ئیـاس بـووە و سەبارەت بە کوژرانی ئاوا دەنووسێ:

لـە کۆتاییـەکانی سـاڵی ١٩١٤ لـە سـابڵاغەوە چـوو بـۆ میانـدواو تـا لـە نزیکەوە چاوی بەسەر ڕووداوەکانەوە بـێ و بـەو دەسترۆیشـتوویەی هـەیبوو، لەکاتی پێویستدا دەست لە بارودۆخ وەردا. بەدبەختانە لە نێوەڕاست مـانگی

---

[1] کاك ئەحمەدی قازی، کوڕی خودالێخۆشبوو حاجی مەلا کـەریمی قـازی ڕای گەیانـد، دوای دەستاودەستێکی زۆر ئەو یادداشتانە لە لای وی بوون و بـە داخـەوە، لـەڕووداوێکی مـاڵ سووتاندا، لەنێوچوون.

[2] وەرگێران و نووسنی ئاغای فەرەوەشی (موتەرجیم هومایوونی پێشوو)، لاپەرەی ٢٠٤.

ژانویه حاکمی کۆنی (؟) تەورێز کە لە قەوقاز تەقریبەن دەستەبەسەر بوو و دوورخرابووەوە (مەبەست حاجی سەمەد خانی شوجاعودەولەیە — وەرگێڕی کوردی)، گەڕاوە ئێرانێ و هەندێك کاری کرد، کە بەزەرەری خۆشی تەواو بوو و لە شەڕی دژی کوردان لە دەوروبەری میاندواو تێك شکا، هەر لەو کاتەش دا بوو کۆلۆنێل (ئیاس)یش کوژرا. دەستێکی جینایەتکاری کە کۆنسوولی کوشت، واتە کەسێکی کە لە شەڕدا نەبوو لە نێوی برد هەر بە ئەوەندەش ڕازی نەبوو بەڵکوو سەری کۆنسوولی کوژراوی بڕی (و بەسەر دارێکییەوە کرد) هێنایە ساوجبولاغ و لەبەر دەرگای یەکێك لە کەسانی ناسراوی کورد، بەنێوی قازی فەتاح، دای چەقاند، بۆ ئەوەی هەموو کەس ببینێ و هەمووان لەو جینایەتە خۆشحاڵییان دەردەبڕی، یەکێك لە ترکییەکانیش بەنێوی موتەسەریف لە نێو بینەراندا بوو و زیاتر لە هەموو کەسی دیکە لەو ڕووداوە شادی دەردەبڕی. بەکورتی دوای تەماشای سەری بڕاو دایانە دەست منداڵانی کورد و خودا دەزانێ لە کوێ بزر بوو. بەدەنی ویان لە میاندواو لە تەنیشت چۆمی ناشت و وەك بیستوومە لافاوی ئاوی بەهارێ، گۆڕی ئەوی شۆردووەتەوە و لەگەڵ خۆی بردوویە. ماوەیەکی کورت دوای ئەوە، ژەنەڕاڵ ڕیباڵ چێنکۆ، بەتۆڵەی ئەو جینایەتە ماڵی قازی فەتاحی ئاور تێ بەردا و تەختی کرد[1].

---

[1] سەرچاوە: خەلیلی فەتاحی قازی، کورتەی مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری، و. بۆ کوردی: حەسەنی قازی، چاپەمەنی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٩، ل٦٦ — ٧٨. سەرنج: دەقەکەم بێ دەستکاری و وەکو خۆی گواستۆتەوە (م. ح. ب).

## پاشکۆی ژمارە (٢)

ئەلکساندر ئەیاس و ویلادیمیر مینۆرسکی لە کوردستانی ئێران (١٩١٢ – ١٩١٤)

نووسەر: جان چالنکۆ

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: عەبدولکەریم خەشایار

هێنانە سەر کوردی: گۆڤاری مەهاباد ژمارە ٦٩، ل٦–١٠.

ئەو کۆمەڵە وێنەیەی ئەلکساندر ئەیاس، ساڵی ١٩٠١ – ١٩١٤ لە ئێران گرتوونی، گەلێ زانیاریی باش دەدا بە ئێمە بۆ شکاندنی ڕێچکەیەکی تازە بەرەو بابەتی وێنەگری ڕۆژنامەوانی. هاوکات لەگەڵ ئەوە، ئەو کۆمەڵە کارە ئارشیوییەی لەسەرچاوەکانی دیپلۆماتیکی و نیزامی کتێبخانەکانی ڕووسیا دەست کەوتوون، دیمەنێکی نوێ دەخاتە بەرچاومان و جاران ئێمە ئەو زانیارییانەمان لە سەرچاوە بریتانیاییەکان دەست دەکەوت.

دوو بابەت بە شێوەی تایبەتی ڕوون بوونەتەوە، یەکەم – قەرەنتینەی کۆردون لە ڕۆژهەڵاتی ئێران، کە ئەیاس لە ساڵی ١٩١٠ – ١٩١١ سەرۆکی ئەوێ بووە. دووەم زاڵ بوونی دەسەڵاتی ڕووسیە بە سەر ئازەربایجانی ئێران دا لە ساڵی ١٩١٢ – ١٩١٤، کە ئەیاس بە مەیلی نەبووە و بە ئاشکرا دژایەتی خۆی دەربڕیوە.

مینۆرسکی دیپلۆماتی ڕووسی بوو، کە دواتر بوو بە لێزانێکی ناسیاو لەسەر ئەدەب و مێژووی ئێران دەرچوو.

هاوکاریی و هاوبیریی ئـەیاس و مینۆرسـکی لـە سـاڵی (١٩١٢ – ١٩١٤)، کاکڵی ئەم وتارەی ئێمەیە.

بەختەوەرانـە ئـەو وێنانـەی ئـەیاس لـە سـاڵی ١٩١٢ – ١٩١٤ گرتـوونی، نەفەوتاون. بەهۆی ئەوانەوە دەتوانین هەل و مەرجی ئـەو مەڵبەنـدە، بـەر لـە شەڕی یەکەمی جیهانی، بە ڕوونی بخەینە بەر چاوان.

**ئەیاس و مینۆرسکی لە ئێران دا**

(ئەیاس)، کە بە ئەسڵ فەنلاندی بوو، ساڵی ١٨٩١ لە تەمەنی ٢٢ سـاڵی دا وەك سـەرگورد دەچـێتە نـاو ئەرتەشـی لیتـوانی تـزاری. بـۆ ماوەیـەك لـە تورکستان دەمێنێتەوە.

سـاڵی ١٩٠١ دەبێتـە سـەرۆکی یەکـەمی هێـزی بـەرگریی دژی ئـاژاوەی ڕووسیە لە "توربەتی حەیدەریە" لە ڕۆژهەڵاتی ئێران.

سـاڵی ١٩١٢ دەنێردرێتـە تـەورێز ناوەنـدی ئازەربایجـانی ئێـران و سەرەنجام دەبێتە کۆنسوولی ڕووسییە لە سابلاغ لە باشوری گۆلی ورمێ.

لـە لایـەکی تـرەوە مینۆرسـکی چـوو بـووە نـاو وەزارەتـی دەرەوەی ڕووسـییە. لـە سـاڵی ١٩٠٣. سـاڵی ١٩٠٥ دەکرێتـە سـەرۆك وەرگێـڕ، کـە کارەکانی بریتی بوون لە وەرگێڕی، سکرتێری گشتی کۆنسـوول لـە تـەورێز و دوایەش ماوەیەك دەچێتە ناو هەیئەتی ڕووسییە لە تاران.

سـاڵی ١٩٠٨ دەگەڕێتـەوە نـاو وەزارەتـی دەرەوە لـە شـاری سـنت پترزبـورگ. سـاڵی ١٩١٢ دەبێتـە سـەفیری ڕووسـییە لـە ئیسـتانبوول. لـەوێ لەلایەن ڕووسییەوە دەبێتـە سـەرۆکی دەسـتەی دیـاری کردنـی سـنوورەکانی ئێران و عوسمانی.

هـەر لێرەوەیـە کـە (ئـەیاس) و (مینۆرسـکی) دەبنـە هـەواڵ و بـرادەر. گوزارشتەکانی مینۆرسکی ئەمە نیشان دەدەن، کە ئەم پیاوە (ئـەیاس) جیـا

له سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەیئەتی ڕووس لە دیاری کردنی سنوورەکانی ئێران و عوسمانی دا، لە مەسایلی سیاسی و ئیستراتژیك دا مشاوری وەزارەتی دەرەوەش بووە. لە ڕاستی دا ئەوە پێشنیاری مینۆرسکی بوو، کە کۆنسوولی ڕووسییە لە سابلاغ بکرێتەوە و ئەلکساندر ئەیاس بکاتە یەکەم کۆنسوول لەم شارەدا.

ئەیاس و مینۆرسکی شارەزاییەکی زۆریان بە سەر زمانەکانی ناوچەدا هەبوو، بەر لەوەی بێنە ئێران. بەتایبەت ئەیاس توانایی یەکی زۆری لە زماننناسی دا هەبووە. ڕووسی، سوئێدی، فەرانسەوی، ئینگلیسی، فارسی دەزانی.

لەو کاتەشەوە کە هاتبووە ئێران، فێری ئۆردوو، پەشتوو، تورکی و کوردی کرمانجی ببوو. ئەم دوو پیاوە سەرگورشتەی قەومی و فەرهەنگی ئەو ناوچەیەیان نووسیوەتەوە. بێگومان ئەوانە شوێنیان بووە لەسەر دەور و ئیستراتژی ڕووسییە لەمەڕ ئازەربایجانی ئێران.

**کۆنسوولگەری ڕووسییە لە سابلاغ:**

مینۆرسکی دەنووسێ:

لە چەند ساڵی دواییدا داروباری سنووری تورك لەگەڵ ئێران، ببووە مەسەلەیەکی جیددی بۆ دەوڵەتی ئێمە. هەر بۆیە بڕیار درا کۆنسوولگەری لە سابلاغ دابندرێ و دەسەڵاتی خۆمان لەو ناوچەیە پەرە پێ بدەین، چونکە هەندێ تایفەگەلی نائارامی کورد، تا ئەو دواییانە – لە ١٩٠٥ تا ١٩١٢ – لە ژێر دەسەڵاتی تورك دا بوون. پێویست بوو کەسایەتییەکی بەئەزموون و هێمن دابنرێ و بۆ ئەو کارەش، ڕای هەمووان لەسەر ئەلکساندر ئەیاس بوو.

لەم بارەوە مینۆرسکی بیروڕای خۆی بە پوخت و پاراوی بۆ هەموو کۆنسولگەرییەکانی ڕووسییە دەنێرێ:

"پاش حەوت ساڵ داگیرکردن، حکوومەتی تورك قەبووڵی کردووە کە دەست لە ناوچەی سەرسنوور بکێشێتەوە بەو شەرتە بکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی ئێران، بە مەرجێك شیعەکان سونییەکان تەهدید نەکەن.

تورکان لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا، ئیدارەیەکی نێوخۆییان بەدی هێنا بوو. ئەمن لەگەڵ " (شیپلی)[1] گوزارشتی ئەوەم ناردووە. ئەوانە سیستمێکی حکوومەتی پاراویان دامەزراندووە. ئەگەر بێتوو ئەوە بگۆڕدرێ، زیانی بۆ جەماوەری ناوچەکە هەیە و تورکەکان دەتوانن ئەمە بکەنە بەهانەیەك و لە سەرڕا بگەڕێنەوە. بەتایبەت کە لە ناوچەکەدا لایەنگریان هەیە".

ئەو نیگەرانی و بۆچوونانەی مینۆرسکی ئەمەی لێکەوتەوە کە جێگۆڕکێی دەسەڵات لە سیستمی تورکییەوە بۆ سیستمی ئێرانی، لە ژێر چاوەدێری ڕووسییەدا بێ. بە کردەوە ڕێنوماییەکانی مینۆرسکی بوو بە بنەمای کردەوەی کۆنسولگەرییەکانی ڕووسییە لە ناوچەکەدا، بێ ئەوەی دەسەڵاتی ناوەندی تاران و سنت پترزبورگ تێوەردرێن.

جگە لە ئەلکساندر ئەیاس، کۆنسولگەرییەکانی دیکە شەڕخوازانە دەیانڕوانییە ناوچەکە و ئاکاری ئیمپراتۆریانەیان هەبوو و کەمتر ڕێز و ئیحترامیان بۆ ئەو وڵاتە دادەنا، کە داگیریان کردبوو.

### هێرش بۆ سەر ڕووحانییەت

ڕووحانییەت لەلایەن (ئێی. وای. میلێر)، کە کۆنسوولی گشتی ڕووسییە لە تەورێز (تا مارسی ١٩١٢) بوو و لە وەزارەتی دەرەوەی سنت پترزبورگ کورسی ئاسیای ناوەندی بە دەستەوە بوو، دنە دەدران. لە سەرەتای ئەو

---

[1] شیپلی: لەو سەردەمەدا کونسولی بریتانیا بووە لە تەورێز (محەمەد حەمەباقی).

ساڵەدا ئەو دەستووری دابوو، کە نوێنەرانی (پەرلەمان)، کە ئەو دەم لە تەوریز زیندانی بوون، ئیعدام بکرێن. دەروازەکانی شاری تەورێزی بۆ (شوجاعوددەولە) کردەوە، کە فەرمانداری (مەراغە) و لایەنگری شای تەبعیدی بوو. بێ ڕەحمانە دوژمنایەتی خۆی قەڵت و بڕ کرد.

هەندێ لە تایفەگەلی کورد، لە ژێر دەسەڵاتی (ئەیاس) نیشتەجێ بوون، کە سابلاغ و میاندواو و بۆکانی دەگرتەوە. سابلاغ، کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێ مەهاباد، شارێکی ۹۰۰۰ کەسی بوو، کە زۆرتریان کوردی موکری بوون و دینی ئەوان ئیسلامی سوننی بوو.

لە ڕۆژاوای ئەو ناوچەیە کێوەکانی زاگرۆس هەڵکەوتوون، کە ئێران و تورکیای ئەمڕۆ لێك جوێ دەکاتەوە و مەڵبەندی عەشایری نیوە کۆچەریین، کە گەرمێن و کوێستان دەکەن.

مەنگوڕ و مامەش و پیران لە عەشیرە دەسەڵاتدارەکانن.

ئەیاس لەگەڵ هاتنە مەهاباد، کارە سەرەکییەکانی کۆنسولگەری خۆی ئاوا دادەڕێژێ

١- سەرانی عێل دڵنیا بکرێن کە مافی ئەوان دەپارێزرێ و پێش بە دەست تێوەردانی دەوڵەتی ناوەندی دەگیرێ بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵاتی سەرۆك عەشیرەتەکان لە نێو خۆیان دا.

٢- ڕێ نەدرێ بە عەشیرەکان کە سەربزێوی بکەن و عەدالەت بخەنە ژێر پێ و مافی ئەم و ئەم پێماڵ بکەن و هەرچی پێیان خۆش بوو بیکەن.

٣- لە شەڕ و کێشە هەمیشەییەکانی کوردان دا، کە زۆرتر لەسەر بابەتی کەم بایەخ، وەك کێشەی بنەماڵەیی و دارایی، کۆنسوول حەکەم بێ و ئەوان کێشەکانیان بێننە کۆنسولگەریی.

**دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕەسمی ڕووسییە**

لە دوو ساڵی دوایەدا (ئەیاس) بە بەردەوامی خەریکی بەڕێوەبردنی ئەم سێ گەلاڵەیە بوو، کە دژایەتی هەبوو لەگەڵ سیاسەتی ڕەسمی ڕووسییە لە ناوچەکەدا. ئەو پێی وابوو هێنانە سەرکاری (شوجاعوددەولە)[1] بە دەستی (میلێر)، هەڵبژاردنێکی باش نەبوو، ئەگەرچی بە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران و بریتانیا هەڵبژاردرابوو، بەڵام ئەیاس پێی باش نەبوو.

ئەیاس ئەستاندنی باج و خەراج و ملك و ماشی موڵکداران بە دەست شوجاعوددەولە، مەحکووم دەکا و پێی وابوو ئەو کارە تەماعکارانە و نائەخلاقییە.

شوجاعوددەولە ویستی (بایز پاشا)ی سەرۆکی عێلی مەنگوڕ لێ بخا و (باپیر)ی کوڕی مامی بێنێتە سەرکار.

ئەیاس پشتیوانی لە بایز پاشا دەکا، هەرچەند دەبوایە وەفاداری خۆی بۆ تورکان دەربڕیبا. شوجاعوددەولە داوا لە ئەیاس دەکا ئێستا کە ئاوای لێهات دەبێ بایز پاشا خەسارات بدا. ئەیاس تێلگراف بۆ شوجاعوددەولە لێدەدا و دەنووسێ: "هەر ئەو جۆرەی کە تۆ چوویە تەورێز و خەسارەتت بە ئەوێ گەیاند و هیچت نەدا، (بایز پاشا)ش هیچ نادا"

لە تێلگرافەکەدا ناوی شوجاعوددەولە بە پیتی گەورە نووسرا بوو، کە جۆرێك تەئکید کردن لەسەر ناوەکەی بوو.

سەبارەت بەوە کە ترسێك چاوەڕوان دەکرا لە ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان و ئەگەری گەڕانەوەی سپای عوسمانی بۆ ناوچەکە هەبوو، ئەیاس بە ئەرکی خۆی زانی لەگەڵ سەرۆك عێلەکان قسان بکاو پێشی ئاژاوە بگرێ.

---

[1] مەبەست لە (سەمەدخان)ی فەرمانڕەوای (تەورێز)ە، کە بە (شوجاعوددەولە) ناسراوە و سەر بە رووسەکان بووە و پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

لە گوزارشتی خۆی دا لە ژێر سەردێری "ناردراو بۆ کێوەکانی زاگرۆس" لە ئاگۆستی ١٩١٣، باسی تێك هەڵگلانی دوو عەشیرەتی (مەنگوڕ) و (پیران) دەکا: "حەمەدەمین ئاغای پیران بڕیاری دا هاوڕێیمان بکا بۆ چۆمی (بادیناوێ)، کە ناوچەی پیران و مەنگوڕ لێك جوێ دەکاتەوە. ئەو زۆری پێ خۆش بوو لەگەڵ بایز پاشای مەنگوڕ ئاشت بێتەوە، هەرچەند لە (نیسان) ئاوریلی ڕابردوودا، ملك و ماشەکەی بە دەستی (بایز پاشا) تالان کرا بوو و سوتێنرا بوو.

بایز پاشا ئەو هێرشەی بە دەستووری تەوریز و لە ترسی (شوجاعوددەولە) ئەنجام دا، کە نەکا لێی توورە بێ و (قەرەنی ئاغای مامەش) ببێتە دوژمنی. ئەمن بە حەمەدەمین ئاغای پیرانم گوت هەرچی کراوە لە منی بزانە و لە کەس مەترسێ و وەرە دەچین بۆ "ترکەش" هەتا لەگەڵ بایز پاشا ئاشتت کەمەوە. دوای دوو سەعاتان لە چۆمی بادیناوێ پەڕینەوە. سەرچاوەی ئەو چۆمە لە قەندیلی گەورەوەیە و دڕژێتە نێو چۆمی (لاوێن). لە لای ڕاستی چۆم سەد پیاوی مەنگوڕ بە سەرۆکایەتی بایز پاشای چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد.

### وێنەگرتن

ئەیاس ئاکامی ئاشت بوونەوە و نێوبژایەتی سەرکەوتوانەی خۆی لە چەند وێنەیەك دا نیشان داوە. لە یەکێك لەوان دا حەمەدەمین ئاغا لە پێش سەفی چەکدارانی مەنگوڕ دانیشتووە.

پشتیوانی ڕەسمیی (مینۆرسکی) لەو کارانەی کە ئەیاس لە ساڵانی ١٩١٢ – ١٩١٤ دەیکرد، بەردەوام بوو. لە ئاخر و ئۆخری پایزی ١٩١٤دا، کە سپای ڕووس لە کوردستان خەریکی خۆ تەیار کردن بوو، مینۆرسکی تێلگرافێکی بۆ سنت پترزبورگ لێدا:

"ئەوەی بە ئەرکی خۆم دەزانم کە بڵێم ئەو ڕێ و شوێنە نیزامییەی خەریکین گەڵاڵەی دەکەین، هیچ فایدەیەکی نیزامی بۆ ئێمە نییە. ئەمن ناتوانم ئەوە باس نەکەم کە (ئەیاس) پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کوردەکانی سەر سنوور پەیدا کردووە، کە بایەخی زۆری هەیە. هەر کۆنسولگەرییەك خەریکە سیاسەتەکانی خۆی دەباتە پێش. وێدەچێ هەل و مەرجی سیاسەتی ئاوالاتر پێویستی بە شەڕ بێ. بەلام جێی داخ دەبێ، کە ئیزن بدرێ ئەو شەڕە لەسەر شتی کەم بایەخ بقەومێ. دەکرێ خۆی لێ ببوێرین، بە لابردنی پۆستەکانمان لە سنوور و دەست تێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆیی".

شوێن و کردەوەی کۆنسولگەرییەکانی ڕووسییە لە باکووری ئێران، لە ئارشیوەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بە جوانی پارێزراون و ئاوا تەفسیر دەکرێن، کە بەربەرەکانی هەبوو لە نێوان وەزارەتی دەرەوە و سەفیری ڕووسییە لە تاران، کە خوازیاری توندوتیژی نەبوون لەگەڵ کۆنسوولەکانی ناوچەیی، کە پشتیوانیان لێ دەکرا و ئەوان خۆیان وەك هێزی داگیرکەر دەزانی و ناڕاستەوخۆ جێگەی حکوومەتیان گرتبۆوە.

(ئەیاس) دەبووایە لە سابلاغ بە شێوەیەك جوولابایە، کە بایەخی بۆ نیاز و پێداویستییەکانی کوردان دانابا، هەتا بەهانەیەك نەدرابا دەست لایەنگرانی سپای عوسمانی لە ناوچەکەدا بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەولەتە. هەر وەکو بۆ (مینۆرسکی)ش ئاوا بووە.

بوون و دەوری (ئەیاس) لە ناوچەکەدا ئەو جۆرەی پێویستە تەواو ڕوون نەکراوەتەوە. هەر دووی ئەو پیاوانە[1] هۆگرییەکی پتەویان بەو ولاتە و خەلکەکەی هەبوو، هەرچەند ئاواتەکانیان وەدی نەهات.

---

(1) مەبەست لەو هەردوو پیاوە: ئەیاس و مینۆرسکییە. (محەمەد حەمەباقی).

**کوژرانی ئەیاس**

لـە دیسـامبر (کـانوونی یەکـەم) تـا ئۆکتـۆبر (تشـرینی یەکـەم)ی ١٩١٤ کۆمیسیۆنی دیاری کردنی سـنوورەکانی ئێـران و تـورک لیژنـەکانی بریتانیـا و ڕووس، خەریکی نێوبژایەتی کێشـەکانی سـنووری، لـە خـەلیجی فارسـەوە تـا کێوەکانی ئارارات بوون. سنووری (بانە) و (شـنۆ) کـە نزیـك ٢٠٠ کیلـۆمێترە، سەر بە (سابلاغ) بوو. سەرۆکی لیژنەی ڕووسی، مینۆرسکی بـوو و کاروبـاری تەداروکات و تەنانەت ڕاوێـژ بـە (ئـەیاس) بـوو، هـەر بۆیـە دەیتـوانی زوو زوو دۆست و هەڤاڵی خۆی، واتا مینۆرسکی ببینێ.

هـەوەڵی (ئـاب) ئاگۆسـتی ١٩١٤، ئـەیاس چـووە (شـنۆ)، کۆمیسـیۆنی دیاری کردنی سنوورەکان لەوێ ئۆرووبەزی کردبوو. ئەیاس ئەو ڕووداوەی لـە چەند وێنەدا بە یادگار هێشتۆتەوە. لە یەکێك لەو وێنانەدا چەند کەس بە جل و بەرگی نیزامی، لەبەر دەرگای چەند چادرێکدا ڕاوەستاون. مینۆرسـکی نێـو میترێك لە پێشتر لە نێوەڕاستیان ڕاوەستاوە. ژنەکەی لە لای ڕاست و ئەیاس لەلای چەپەوەن. لـەلای چـەپ دوو ئەفسـەری بریتانیـایی بـە ناوەکـانی A T wilson و R E Ryder دەبینـرێن. لــەلای ڕاســتی ژنــی مینۆرســکی، گوماشتەیەکی ڕوس ڕاوەستاوە و چەند بەستە بەڵگەی لە ژێر باغەڵی دایە.

مینۆرسکی لە شینگێڕی ئەیاس دا دەنووسێ:

"لە ١٩ی (تەمووز) جوولای – یەکەمی ئاگۆستی ئێستا بە پێی ڕۆژمێری گریگۆری (نووسـەر) – ئەلکسـاندر ئـەیاس بـۆ دیـدەنی ئێمـە هاتـە (شـنۆ) و هەواڵی شەڕی ئۆتریش و سربستانی پێ ڕاگەیاندین. هەموو ترسمان ڕێنیشـت و سێبەری مەرگمان بە سەر کشـا" (ئاڵمـان) شـەڕی دژ بـە ڕووسـییە دەسـت پێکرد و ڕۆژی دوایی تورکیـە و ئاڵمـان پـەیمانێکی نهێنییـان بەسـت و سـپای تورك کەوتە جم و جۆڵ.

مینۆرسکی ڕووداوە ناخۆشەکانی دوایی ئاوا دەگێڕێتەوە:

" لـە ١٦ ئۆکتـۆبری ١٩١٤، کـە شـەڕ لەگـەڵ تورکیـا دەسـتی پێکـرد، فەرمان بە ئەیاس دەدرێ خەڵکی سابلاغ کۆچ بدا.

ئەیاس لە وەڵام دا لە ۲۱ی (تشرینی یەکەم) ئۆکتۆبر تێلگرافێك لێدەدا و دەنووسێ:

کۆچ دانی خەڵکی سابڵاغ دروست نییە و مانەوەی ئەو، لەو شارەدا بە زیانی کوردان تەواو دەبێ.

لە ۱۷ی نۆوامبر (تشرینی دووەم)دا، هێزێکی شەڕانی ناوچەی لاجانی لە نزیك سابڵاغ داگیرکرد و لە ۱۹ی نۆوامبر سەبارەت بە مەترسییەکی، کە هەڕەشەی لە شاری سابڵاغ دەکرد، ئەلکساندر ئەیاس کۆنسوولگەری داخست و بەرەو (مەراغە) ڕۆیشت. لە (میاندواو) ڕاوەستا، ئەو جێیەی هێزەکانی شکست خواردووی ئێران لێی کۆ ببوونەوە.

لە ۲۹ی دیسامبر (کانوونی یەکەم)ی ۱۹۱٤دا، هێزەکانی تورك و کوردانی لایەنگرانی ئەوان، گەیشتنە دەروازەی شاری سابڵاغ.

ئەیاس جارێکی تر گەڕاوە جێی ژیانی پێشووی (واتا سابڵاغ)، تا بڕێك لەو کەل و پەلانەی لێی بەجێ مابوون، هەڵیانگرێ. لەوێ کوژرا. سەریان بڕی و ئەو هێزانەی دەیانویست بچنە تەورێز و ئەو شارە لە دەست ڕووسان ڕزگار بکەن، لە پێش ئەو سەرە بڕاوە، ڕێژە ڕۆیشتن.

لە ۲ی فێورییەی ۱۹۱٥ ڕووسەکان ئەو شارەیان (تەورێز) گرتەوە و لە شەڕی (سوفیان)، بڕێك لەو کەل و پەلانەی ئەیاسیان لەلای ئەفسەرێکی کوژراوی تورك دۆزیەوە. لە نێو ئەو کەل و پەلانەدا مۆر و مێداڵ و چەند نیگاتیوی وێنەی ئەیاسی تێدا بوو.

مینۆرسکی لە شینگێڕییەك بۆ ئەیاس دەنووسێ:

نمایشگایەك لە وێنەکانی ئەو، ساز دەکا، لە وەزارەتی سنت پترزبورگ. دوای ئەوە مینۆرسکی دەبێتە سەرۆکی هەیئەتی وت و وێژ لە تاران و تا ۱۹۱۹ لەوێ دەمێنێتەوە و دوایە دەچێ بۆ فەرانسە و لەوێوە دەچێتە بریتانیا. تەرمی ئەیاس هەرگیز نەدۆزراوە. نیگاتیو و چاپ کراوەکانی کە لە لایەن برازاکانی بە میرات بە من گەیشتووە – پوورمن – لە فەنلاند لە موزەی وێنەی فەنلاند لە هێلسینکی، دەپارێزرێن[1].

---

[1] گوێزراوە لە: گۆڤاری مەهاباد، ژمارە (٦۹)، ل ٦ – ۹).

## پاشکۆی ژماره (٣)

**نووسینی: ڤ. مینۆرسکی**

ئەلیکساندەر ئیڤانۆڤیچ ئیاس فینلەندی بوو، ١٥ سێپتەمبەری ١٨٦٩ لە شاری لۆڤیزا لەدایك بووە. لە قوتابخانەی سوپایی فینلەندی خوێندوویەتی. لەبەر سەرکەوتوویی لە خوێندندا کراوە بە (چاودێری یەکەم)، ناویشی لە تابلۆی شەرەفی مەڕمەڕیدا نووسراوە.

ساڵی ١٨٩١ کراوە بە ئەفسەر لە ڕیزی پاسەوانی شاهانەی کەرتی لیتۆڤیاو تا مردنیشی هەر لەسەر ئەوێ حساب بوو. ١٤ ئاپرێلی ١٩١٣ کراوەتە کۆلۆنێل.

ساڵی ١٨٩٨ ئا. یی. کۆرسی سێ ساڵەی ئەفسەریی زمانە ڕۆژهەلاتییەکانی، لە خوێندنگای بەشی وەزارەتی دەرەوە، خوێندووە. ئەمەش کارو ئەرکی ئەوی دیاری کردووە. هەرچەندە لە ڕیزی سوپادا مابۆوە، بەلام لەڕاستیدا ئەرکو کارەکانی تایبەتمەندییەکی سیاسییان هەبوو.

لە سەرەتادا ئا. یی، لە ساڵی ١٩٠١، بەکار ڕەوانەی تورکستان کراو بەشداری کردووە لە یەکێك لە گەشتە زانستییەکانی سەر پامیردا.. دواتر نێردرا بۆ ئێران، بە گەیشتن بۆ توربەتی- حەیدەری کرا بە بەرپرسی هەڵمەتی دژی درمی تاعونو لەوێ ١١ ساڵی ڕەبەق مایەوە، دوایی ڕاستەوخۆ بووە کونسوڵ.

ئـا. یـی. لـه كارەكەیـدا دەگمـەن بـوو و زۆر چـاكی هەڵدەسـووڕاند، ناوبـانگی زانـایـیو هێمنـیو بـەڕێزیو سـەلاریی ئەوەنـدە بڵاوبـوو كـە سـنووری خۆراسـانی بەزانـدبوو. هەركەسـێ لـە ڕۆژهـەڵاتی ئێرانـەوە بهاتایە: فارس، ڕووس یان بێگانە، یەكسەر باسـی خزمـەتو هاریكـاریی ئیاسـی دەكـرد. ڕاپۆرتـەكانی نـاوەڕۆكێكی بـەرزو ئاسـتێكی باڵایـان هـەبوو. بـە گیـان و ڕەوشـتێكی بـەرزەوە دەینووسـین، لـە هـەموو ڕوویەكیشەوە شـارەزای ناوچـەكەی خـۆی بـوو و بەچـاكی گشـت كـونو قوژبنێكی دەزانی. هەمو ئەمە وای كردبوو كە ئـا. یـی. بـەرز بنرخێنـرێ و لە یەكێك لە هەڵسەنگاندنە ڕەسمییەكاندا ئاوا نرخێنراوە:

هەواڵگرێكی لێهاتوو، كە بەتەواوی جێگـەی ڕەزامەنـدیی وەزارەتـی دەرەوە و ڕێزی هەموو خەڵكی ناوچەكە بووە.

هەر لە منداڵییەوە بە فینلەندیو سویدی و ڕووسی قسەی كـردووە، ئـا. یی بێجگە لە مانەش خەریكی فێربوونی كۆمەڵێ زمانی ئەورووپایی و ئاسـایی بووە. ئەو تاكە كەسێك بوو لەناوماندا كە زمانی ئەفغانی دەزانی، شـارەزاییو زاڵییشی لە ساڵەكانی دواییدا لە زمانی كوردیدا پەیدا كردبـوو. ئـەو نـەك هـەر زۆر چاك بە فارسی دەدوا، بەڵكو بێهەڵەش پێی دەنووسی. لای مـن بەڵگـەی وا پـارێزراوە، كـە ئـەو داوێتـی بـە فارسـێك- نـەك هـەر شـێوازی ئیـداریی نووسینەكەی نایابە، بەڵكو مایەی سەرسووڕمانە، كـە ئەورووپاییـەك بتوانـێ بەو دەستوخەتە جوانە بە فارسی بنووسێ.

لە ساڵەكانی دواییدا باری سنووری توركیا- ئێران بە جـدی حكومەتەكـەی ئێمـەی خـەریك كردبـوو، لەگـەڵ فراوانكردنـی تـۆڕی كونسـوڵخانەمان لـە ئازەربایجان. بڕیاری ئەوەش درا، كە نوێنەرایەتیمان، لە سـاوجبولاق- ناوەنـدی بـاكووری كوردسـتانی ئێـران، هـەبێت. چـاودێریكردنی ئـەو خێڵـە نائارامانـە كـە هەیان بوو هەر لە (١٩٠٥-١٩١٢)ەوە، كەرتە سوپاییە توركییە داگیركـەرەكانیان

لەناودا نیشتەجێ کرابوون، کەسێکی زۆر کارامەو سەنگینو سەلاری دەویست، بەیەك دەنگیش تاکە پاڵێوراو بۆ ئەم کارە هەر ئا. یی. بوو. بانگیان کردەوە بۆ پیترۆگراد، یەکەم جاری بوو بێتە وەزارەت، تەئسیرێکی چاکی لە ئەوانە کرد، کە بە دیداری شادبوون و لە شارەزایی و جوانیی هەڵسوکەوت و خاکییەتی ئەو ئاشنا بوون.

ئیتر ساڵی ١٩١٢ ئا. یی ڕەوانەی ساوجبولاق کرا. بۆ ئەوەی کونسوڵخانە لەوێ بکاتەوە. کاتێ لە خۆرهەلاتی ئێرانەوە چووە خۆرئاوای، زۆر بە خێرایی شارەزای کوردستان بوو. هەندێ ڕانانی زۆر بەنرخی بۆ بارو هەلومەرجی کوردستان کردبوو، یەکسەریش پەیوەندیو دۆستایەتی لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەکەدا پەیدا کرد.

لە سەرەتای شەڕی باڵکاندا کەرتە سوپاییەکانی تورك کەوتبوونە بەر زۆرو تەنگ پێهەڵچنینی هێزی ڕووس و ئینگلیزەوە و ئێرانیان چۆڵ کردبوو[1]. بۆیە بایەخی بوونی نوێنەرایەتیی ڕووس لە ساوجبولاق بووە پێداویستیو ئەرکێکی گرنگ: سەرخێڵی کورد نەبوو داوای یارمەتیو ئامۆژگاری لێ نەکردبێ، لەوبارە ئاڵۆزو پڕ ئاژاوەی نزیك سنوورەکاندا ئا.یی هەموو هێزو تواناو کاریگەریی خۆی دەخستەکار، بۆ ئەوەی دانیشتوانی تازە گەڕاوەی ناوچەکانی ئێران هێورو هێمن بکاتەوە. پەیوەندیی بەهێزی دۆستانەی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناوچەکە: محەمەد حسەین خانی سەرداری موکری، زیاتر یارمەتیدەری بوو لەم ئەرکەیدا[2]. لە یەکێ لە نامەکانیدا (١٩١٤/٦/١٨)، ئا. یی. دەڵێ: ((لەوەتەی هاتوومەتە ئەم ناوچەیە، لەڕێزێکی

---

[1] ئا. یی. ١١ی مانگی ئایاری ١٩١٢ گەیشتۆتە تەبرێز، ماوەیەکی زۆر لەوێ گیری خواردووە. ئەو لە ١٣ی ئۆکتۆبەردا یەکسەر لەگەڵ پاشەکشەی تورکەکاندا گەیشتۆتە ساوجبولاق، بۆ نموونە، ناوچەی سۆڵدوز ٨ی نۆڤەمبەر پاککرایەوەو ٣٠ی نۆڤەمبەر ئیدارەی ئێرانی لێ دانرایەوە.

[2] ئەویش لە دیسەمبەری ١٩١٤دا لەکاتی هێرشی تورکەکاندا لەناو چوو.

ئێجگار زۆر، کە من شایەنی نیم، لە خۆشەویستیو ئارەزووی هـەموویان یـەك یەك کە یارمەتیم بدەن، هیچی ترم نەدیوە.)) ئەوەی خـەڵکی تـر بـە گرانـیو زەحمەت بۆی دەلوا، بۆ ئا. یی بەشێوەیەکی ئاساییو سرووشتی دەڕەخسا.

هـاوینی ١٩١٣ ئـەو ئەرکـەیان خسـتە ئەسـتۆی، کـە گەشـتێکی ناوچـە سنوورییەکان بکات، بۆ ئەوەی هەندێ زانیاریی زیاتر و تەواوکـەری پێویسـت کۆ بکاتەوە، کە بۆ گفتوگۆکانی دەستنیشانکردنو جیاکردنەوەی سنوور، کە لە ئەستەنبووڵ بە هاوبەشی باڵوێزخانەی ڕووسیا و بەریتانیا دەکران، گـرنگ بـوون. دوایـی ئـەو ڕاپۆرتـەی ئـا. یـی بـڵاو دەکەینـەوە، کـە ڕەنگدانـەوەی تەبیـەتو کەسـایەتیی ئـارام و ژیرانـەی ئـەوە— کـە جـۆرە سـیفەتێکن لـە ڕۆژهەڵات زۆر بەرز دەنرخێنرێن.

ساڵی ١٩١٤ دەبوو من لە کوردستان بم، پێویستە شایەتیی ئـەوە بـدەم کە بە چ ڕێزێکی زۆرەوە نـاوی "بـاڵوێزی ڕووس" دەهێنـرا. لـەو سـاتەوە کـە پەیوەندیمان بە "ئا. یـی"وە کـرد، ڕۆژێـك نـەبوو، ئێمـە هەسـت بـەو هـەموو بایەخو چاو لێ بوونەی نەکەین، چونکە گەشتە ئاڵۆزو خەڵکە زۆرەکەی ئێمـە، پێویستی بە هەزار شت دەبوو، ئا. یی خۆی گەشتیارێکی لێهاتوو و بەتاقـەت بـوو، چاك لـەوە دەگەیشـت کـە چـەند پێویسـتە لـەکاتی خۆیدا ئیحتیـات و پۆست و... هتد پێبگات. لەگەڵ ڕێكوپێکی و چاکیی دۆستە بێگانەکانماندا، کە مایەی پێزانینی لەدڵەوەی من بوو، ئـا. یـی نامـەی ڕێگـە پێـدان، شـریتی تابیعە و ڕۆژنامە، چا، پۆستو شتەکانمان، کۆلیکسیای سرووشتی بۆ ڕەوانـە دەکردین. ئەو لە کۆنسوڵییەتدا تەنیا هەر خۆی بوو، لەبەر ئەوە هەر یـەکجار زیـاتر ئـەم هاوکارییـەمان دەنرخانـد (کـە چـۆن ئـەو) ئـا بـەو شـێوە، بـەو تەرزەڕەفتارە بەرزەوە لە نزیکمانەوە کاری دەکرد.

١٩ی جوڵای (تەموز) ئا. یی. هاتە دیدەنیمان بۆ شـاری شـنۆ و هـەواڵی هەڵگیرسانی جەنگی نێوان نەمسا— سیربیای پێگەیاندین. پێشبینی ڕووداوی

ترسناکترمان دەکرد، باڵی مردن بەسەر هەریەکێك لە ئێمەدا شۆڕبووبووەوە.

ژیانێکی درێژ لە ڕۆژهەڵات– کە هەمیشە لە تەرکی دنیاکردن دەچێ، خەریکبوو ئا. یی. ماندوو دەکرد، هەر لە نۆڤەمبەری ١٩١٣دا ئەو ئاواتی بەوە خواستبوو کە بگەڕێتەوە نیشتمان، دواتر (١٩١٤/٧/١٠) نووسیویەتی:

((چاوەڕێمو ئەوەندە چاوەڕێم کەی بۆ یەکجاری ساوجبولاق بەجێ دێڵم، ئینشاڵڵا، ئەمە دوای تەوابوونی سنوور دیاریکردن دەبێ، لەلایەن ئێوەوە)).

دوای هەر مردنێکی چاوەڕواننەکراو، بێپەروا، بەدوای پێشبینییەکی نهێنیدا دەگەڕێیت لە ڕابووردوودا، ئەو ((تارماییەی کە ڕووداوەکان پێشەکی فڕێی دەدەن)) ئێستە ئەوڕستە لە خۆوەی ئا. یی (شنۆم) دێتەوە یاد:

((نەء من لەم کوردستانە ڕزگارم نابێ))ی ساتەوەختی ماڵئاوایی لە یەککردنمانم بە ڕۆشنی لە یاددا بلاچە دەدات، من ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە، چەند مەترێ ئا. یی. لە منەوە دووربوو، لای چادرەکەدا وەستابوو، دەستی بۆ قەراخی شەپقەکەی درێژ کردو ماڵئاوایی لە گرووپەکە کرد، کە لێی دوور دەکەوتنەوە، دڵنەرمییەکی وا لە گیانیدا هەناسەی دەدا، کە ڕووخسارە بە ئاسایی گرژبووە باکوورییەکەی نەیدەتوانی بیشارێتەوە!

"But, oh, for the touch of a vanished hand
And the sound of a voice that is still!

بەڵام، ئاخ، بۆ گوشینی ئەو دەستەی ونبوو، و زایەڵەی ئەو دەنگەی کپ بوو!

کاتێ ١٦ی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)ی ١٩١٤ شەڕ لەگەڵ تورکیادا هەڵگیرسا، هەواڵ درابوو بە ئا. یی، کە دەتوانێ ساوجبولاق بەجێبهێڵێ، لەگەڵ ئەوەشدا،٢١ی ئۆکتۆبەر برووسکەی ناردبوو و وتبوی هێشتا زووە بۆ ئەوە و بە مانەوە دەتوانێ کە کوردەکانی دانیشتووی ئەوێ ڕاگرێ، هەروەها ٣١ی ئۆکتۆبەر لای وابوو کە دەبێ هێشتا لەسەر کارەکەی بمێنێتەوە، هەرچەند دەنگوباسی هاتنی تورکەکانیشی بیستبوو.

١٧ی نۆڤەمبەر (تشرینی دووەم) هێزەکانی دوژمن ناوچەی لاهیجانی ئێرانییان گرت، کە زۆر لە ساوجبولاقەوە نزیکبوو، تەنیا لە ١٩ی نۆڤەمبەردا ((لەبەرئەوەی مەترسی هەڕەشەی لە شارەکە دەکرد))، ئا. یی کونسولخانەی داخست و بەرەو شاری مەراغە کەوتەڕێ.

بەلام ئەو، لەگەڵ ئەوەشدا، لە نیوەی ڕێگا لە شارۆچکەی میاندواو لایداو نەیویست ناوچەکە جێبهێڵێ، بە هیوای ئەوەی بەشکو شوجاعولدەولە[1] هێرشی تورکو کوردەکان ڕاوەستێنێ، چونکە بۆ پاراستنی مولکەکانی لە مەراغە هێزی بەرگریی کۆکردبۆوە و ڕەوانەی میاندواوی کردبوون.

باوەڕپێتەوی و کۆڵنەدانی ئا. یی. کە لەوە گەیشتبوو چەند پێویستە لە خوارەوە ڕێگەی تەوریز بگیردرێ (وایکردبوو بمێنێتەوە).

ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە ئەو چاك دەیزانی و ئاگاداربوو لەوەی کە هێزی بەرگری باش ڕێکنەخراوەو لە واقیعیشدا ١٦ی دیسەمبەر (کانوونی یەکەم) هێزی تورك و کوردەکان تەنگیان بە هێزی بەرگری هەڵچنیو خۆیان کرد بە شاردا، تەقوتۆق و کوشتار و تالان و بڕۆ دەستی پێکرد.

دەبوایە ئا. یی. پەلە بکاو بگاتە ئەوانەی کە دەچوونە پاڵ بەریگریکەرانی میاندواو، دواتریش دەیتوانی بە سەلامەتی بگاتە مەراغە، بەلام لەو هەراو هوریا و ئاژاوەیەدا (ئا. یی) چەند جارێك لە ماڵەکەیدا شتی لەبیر چووبوو بۆی گەڕابووەوە، دواجار لەگەڵ ئەوەشدا لە مەترسیی گەڕانەوەی ئاگاداریان کردبووەوە، ڕەنگە بۆ هێنانی پارە چووبێ[2]. ئەمجارەیان بە شایەتیی فارسێك: لە دەرگای ماڵەکەیدا گوللەیەك داویەتی لەلای چەپی سنگیو لە ئەسپەکەی کەوتۆتە خوارەوە... .

---

[1] ژەنراڵ– پارێزگاری پێشووی ئازەربایجان کە خانەنشین کرابوو و لەسەر مولکو ماڵی خۆی دانیشتبوو.

[2] بەڕای هەندێکی تر ئەو خەریکبوو لە شار دەردەچوو.

تا ماوەیەکی زۆریش هەموو بە ئومێد بووین، کە ڕەنگە زامداربووبێت‌و بەدیل گیرابێ، بەڵام ڕۆژان ڕابوردن‌و چ موژدەیەکی خۆشیان نەهێنا... ئا. یی پێش شەڕەکانی ساریکاڤسکی، لە قەفقاز کوژرا. بۆ کۆکردنەوەی هێزەکانمان، کەرتە سوپاییەکانی ئازەربایجان بەرەو باکوور ڕۆیشتن. ٢٣– ٢٤ دیسەمبەر هێزەکانمان تەورێزیان جێهێشت، بەڵام زۆر بەدەست تورکەکانەوە نەمایەوە: ١٥ی جانیوەری (کانوونی دووەم) هێزەکانمان بەرەو ئەم شارە[١] گەڕانەوەو لەناوچەی سێیڤان لەگەڵ تورکەکاندا بەشەڕ هاتن، لای یەکێك لە کوژراوەکانیان شتە شەخسییەکانی ئا. یی‌و نەخشەیەکی جوگرافی‌و مۆرەکەیان دۆزیبووەوە.

دواتر هێزەکانمان دەوروبەری گۆلی ورمێ گەڕابوون، بەڵام دیسان هیچ هەواڵێکی ئا. یی یان دەست نەکەوتبوو: لە میاندواو دانیشتوانەکەی وتبوویان کە لە کەناری ڕووباری جەغەتوو نێژراوە، لافاو هەستاوە و ئەو بەشەی کەنارەکەی بردووە...

لە شوێنێك، لەبەر هەتاوی گەرمدا، هەزاران ڤێرست (١٠٦٠م) دوور لە "باکووری شیرین" لاشەی ئا. یی ڕاکشاوەو ئارامیگرتووە، بەڵام ئێستا کاتێ ئەو لە ژیاندا نەماوە، بێجگە لە یادکردنەوەی بەخێری، چی بەبایەخ‌و گرنگە؟ بێگومان نەك هەر ئێمەی هاوڕێیانی ئەو، یادی ئەم مرۆڤە ساکار و ڕوح‌و سووك‌و بەشەرەفە دەکەینەوە؛ دەبێ ڕووسیاش هەوەڵ قوربانییەکانی ئاستانەی کوردستانی دووری لەبیرنەچێ– قوربانی ئەرك‌و شەهیدی مەیدانی جەنگ.

ڕەنگە وەختێ بێ، کە پەیکەرو کۆتەلێك لە جێگەی مردنی ئا. یی بکرێ، بەڵام بۆ یادی ئەو، جارێ با ئەم کارەی چاپ بکرێت، کە زانیارییە جوگرافییەکانی ئێمەی دەربارەی وڵاتی کوردە موکرییەکان دەوڵەمەند کردووە. هەروەك دیاریی کۆچکردووش لە ئۆرگانی وەزارەتماندا ئەو وێنانە

[١] جارێکی تر ١٨ جانیوەری تەورێز کەوتەوە ژێردەست ئێمە.

بڵاو دەکەینەوە کە ئا. یی لەکاتی گەشتەکەیدا گرتوونی[١]. بە تایبەتیش خۆشە کە وێنەی ئەو شوێنانە بڵاوبکرێنەوە، کە ئەو چەند بە چاکی شارەزایان بوو و وزەی بۆ خستبوونە کار، کاتێ سەیریان دەکەین، یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە دەچێ، کێ ئاوا بە وردی شارەزای ڕۆژهەڵات بوو و ئا بەو زانینو توانایەوە لەگەڵێ دەجووڵایەوە ![٢]

**پیترۆگراد ١٩١٥/٦/١٨**

[١] ئەم نەخشەیە ژەنراڵ. ستاف، کاپتان کاراولۆڤی هاوڕێی ئا. یی کیشاویەتی (ئێستە کاڤالیری جوگرافیایە). هەروەها مایەی سوپاسو پێزانینە کە ئا. ف. شتالیم، جوگرافیازان و گەشتیاری بەناوباگی ئێران، هێڵکارییەکەی بۆ چاپ ئامادە کردووە.

[٢] گوێزراوە لە: چەند وتارێکی کوردناسی، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپەمەنی بنکەی ژین، چاپی سێیەمی لێ زیادکراو، سلێمانی ٢٠٠٨، ل (٤٠٩ – ٤١٤).

## پاشکۆی ژمارە (٤)

گەشتێك بە باکووری کوردستانی (پێرسیا) ئێراندا
بەتالیۆنی لیتۆڤیی پاسەوانی شاهانە
**کۆڵۆنێل ئا. یی. ئیاس**، کونسولّی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی لە ساوجبولاّق
(١٦ی دیسەمبەری ١٩١٤)

**ئا. یی. ئیاس**
**١٦ی دێسەمبەری ١٩١٤**

لە مانگی جولاّیی ١٩١٣دا فەرمانم وەرگرت، کە گەشتێك بەو ناوچە سنووریانەی تورکیا– ئێراندا، کە دەکەونە قەڵەمڕەوی کۆنسولّییەتەکەی منەوە، بکەم. بۆ هاوگەشتیو پارێزگاری کردنم، پەنجا کەسێك لە سەربازەکانی سونجین– ڤلادیقەفقازم لەگەڵدا بوو، کە سی کەسیان کازاك بوونو ئەفسەری کازاکی زۆڵۆتارنیف سەرپەرشتیاریان بوو، کاروانەکەمان ١٦ ولاّخی پێبوو، پێنجیان هی فیشەك و ئازووقە و خۆراکی سێ ڕۆژو کەلوپەلەکانمان بوو، باری ١١ یانزەکەی تریان چادرو شتومەکی پێویستی گەشتەکەو مووبەق بوون.

هەولْم دا لە ڕێگای گەشتی بەردەمماندا، یەکەم ئەوەندەی بێ ڕێگایی ماوڵمان بدا، لەو ناوچە سنوورییانەدا، خۆم لە قەرەی ئەو شوێنانە نەدەم، کە پێشتر پشکنەرانی تر بۆی چوون و زانراون و دووەم ئەو گەلییە سەرەکییانە بکەینە مەبەستی ڕێگاکەمان، کە لە تورکیاوە بۆ ناو ئێران درێژدەبنەوە، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای پرسکردن بەو خێڵە کۆچەرانەی سنوورەکانی ئێرانو تورکیا ئەوەمان بۆ بلوێ ئەو هێڵە سنوورییانەی، ئەوان دەستنیشانی دەکەن، بزانین.

هاوکارم ژەنراڵی ستاف کاپیتان کاراولۆف ٣١ جولآی (تەمووز) گەیشتە ساوجبولآق، بۆیە من بڕیارم دا ڕۆژی ٢ ئاوگوست (ئاب) بەرەو سنوور بکەومەڕێ.

دوایی بە ڕێکخستنی کاروانی ئۆردوگاکە، سەرلەبەیانی بۆ هەواری مانەوەمان، ئێمە خۆمان سەعات سێی پاش نیوەڕۆ لە ساوجبولآقەوە بەرەو سولدووز کەوتینەڕێ. سەرداری موکریو کارگوزار موعایدی- حوزوور تا گەلیی کارێز ڕەوانەیان کردین. لەوێ خواحافیزییان لێکردینو گەڕانەوە بۆ ساوجبولآقو ئێمەش ڕێگای گەشتەکەمان گرتەبەر.

لە گوندی -کازی- گویل پشوویەکی کورتمان دا، دوای سێ ڤێرست (١ڤێرست=١٠٦٠م) لامان دایەوە سەر ئەو تولە ڕێگایەی بەرەو باکوور دەڕوا، سەعات حەوتی ئێوارە دوای ئەوەی ٢٥ ڤێرست لە ساوجبولآق دوورکەوتینەوە، گەیشتینە شوێنی دیاریکراو بۆ مانەوەمان- لەسەر کانیی گەڕاوی شێخ مارف، کە زۆر دەمێك بوو، چادرەکانی ئوردووگاکەمانی لێ هەڵدرابوون، هێشتا نەگەیشتبووینە ئوردووگاکە کە سەرتیپ مامەد عەلی خان شەمسەدین، کە خاوەنی گوندی مامەد- شاه[1] بوو، هات بەپیرمانەوە.

---

[1] لە ناوچەی سولدووز (لە خوارووی ئاوەڕۆی ڕووباری گادەر) شیعە تورکەکان کە لە خێڵی قەرەپاپاخن ساڵی ١٨٢٨ لە پارێزگای ئێریڤانی ئێستاوە (لە دەوروبەری گۆلی

٣ی ئاوگوستی سەعات نۆو نیو ئۆردووگاکەمان کە لەلای کانیاوەکەی شێخ مارف دابوو بەجێهێشت و دوای نیو سەعات لای گوندی چەکالۆتەپە لە ڕووباری مامەد– شاه پەڕینەوە و ڕوومان کردە نەغەدە. تۆزێ لەولاتر، بە پانزە خانی قەرە پاپاخ بە سەرۆکایەتیی ئێفحیموس– سەڵتەنە گەیشتین. هەموو میر پێنجو سەرتیپ (ژەنراڵ لیوتینانت و ژەنراڵ مایۆر!) بوون.

هێشتا نەگەیشتبووینە گوندی قۆجە– قیران، دیسانەوە تاقمێکی تری قەرەپاپاخ هاتن بەپیرمانەوە، کە لەوانەی پێشوتر کەمتر بێسەروسیما نەبوون. میر پێنج حسەین ئاغا کە خاوەنی گوندی قۆجە– قیرانە، یەکێکیان بوو، دوای نیو سەعات حەوانەوە لە قوجە– قیران کەوتینە ڕێ، سەعات دوو و نیوی نیوەڕۆ لە قرچەی گەرمادا گەیشتینە بنکەی سەرەکی سولدووز: نەغەدە.

دوای تەماشاکردنو پشکنینی قشڵەی ئێرانی سەد کەسی، کە لە ئەنجامی سەفەری کاتیی کازاکەکان بۆ زیگرتییان تالآن کرابوو.

ئێمە بەرەو پێشەوە ڕۆیشتینو لە سەعات سێو چارەکدا گەیشتینە چیانە (وێنەی I)، هەروەك لە سەرەتادا ئێستەش (٢٥) ڤێرستمان بڕیبوو.

---

گوکچی)یەوە، هاتوون، هەموو شەش تیرەن: چاخارڵەکان، ساراڵ، تەرکیاڤون، ئارابلەکان، جان ئەحمەدلیو ئۆلاچی. بێجگە لەمانە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی سولدووزدا، لەسەر ڕێگای ساوجبولاق، شەمسەدینلو کە کازاخین (پارێزگای تیفلیس) ئەمانە تا ئێستەش پەیوەندییان هەر لەگەڵ خزمەکانی قەفقازیاندا ماوەو قەواڵە کۆنەکانی (ئەو ناوچەیان) پاراستووە، کە پێش ١٨٢٨ڕووسەکان داویانە پێیان، بۆ نموونە لەلایەن (ژەنراڵ کوتلیارەڤسکی)وە، وەك بەڵگەنامەی هاریکارییان ڕاولنسون. (J. R. G. S. X) هەر یەکسەر دوای ڕاگوێزانیان سەردانی ئەم خێڵانەی کردووە، ئەو دەڵی، خانەکانیان پەنجەمۆری ئەمانیان بۆ سوودی خۆیان بەکارهێناوە، بەڵام دەبوو کە هێزێکی بەرگریی سوارەی (٤٠٠) کەسی پێکبهێنن. دانیشتوانی بنەڕەتیی سولدووز تێکەڵبوون لە کوردو تورك. بەڵام کوردەکان لەو (١٢٦) گوندە تەنیا (١٠) گوندیان هەیە. هەمووش لێرە فەلاح– ڕەعیەتن "ڤ.م"

لە ناوەڕاستی ڕێگای نێوان نەغەدە و چیانەدا، کوڕی خاوەنی گوندی چیانە، ئەمیر تومان حاجی نەجەف قولی خان لەگەڵ ١٥ سواردا هاتبوون بەپیرمانەوە.

کاتێ گەیشتینە ئاوایی، فەلاحەکانی ئەوێ لەسەر ڕێگاماندا بۆ پێشوازی و بەخێرهاتن وەستابوون و بە گەیشتنمان پیرە مانگایەکیان بۆ سەربڕین.

ئەمیر- تومان کە بە لایەنگری تورك ناوبانگی ڕۆیشتبوو زۆر بە گەرمی هات بەڕووومانەوەو وێنایەکی جوانمان دەربارەی لا پەیدابوو.

لە چیانە ئێمە هەوارمان لە مێرگەکەدا گرت و بارگەمان لەبەردەمی ماڵەکەی حاجی نەجەف قولی خاندا داخست. ئەم داوەتی کەلانەی، نەك خۆمان، هی هەموو کاروانەکەی کرد.

بۆ سبەینێ سەعات نۆی سەرلەبەیانی (چیانە)مان بەجێ هێشت، ئەمیر- تومان حاجی نەجەف قولی خان بڕیاری دا تا کێلەشین و دوورتریش تا لاهیجان "بۆ هەوا گۆڕین" لەگەڵماندا بێ، چونکە ماوەیەك پێشتر تووشی گرانەتا بووبوو، بە تەواوەتیش چاك نەبووبووەوە. زۆر هەوڵم دا پەشیمانی بکەمەوە، بەڵام پیرەی سەرسەخت ڕازی نەبوو و هەر سووربوو لەسەر قسەی خۆی.

دوای ئەوەی بەناو گوندی نەرزامیسدا تێپەڕین و گەیشتینە دەربەند، ئیتر ئێمە سولدووزمان بەجێهێشتو پێمان نایە ناوچەی شنۆ، کە بە کەناری سەرووی (گادەر)دا ڕاکشاوەو لەم لایەوە[1] کوردە مامەشەکان[2] نیشتەجێن.

---

[1] مەبەست لە بەری ڕاستی ڕووباری گادەرە. ڤ. م

[2] مامەش سەر بە تۆقە خێڵی گەورەی بلباسە، کە لە ئێرانو تورکیاش دەژین. لەبەری ئێران ئەمانەن: ١) مامەش لە باشووری شنۆ، لە تازە لاهیجانو لەسەرووی ڕووباری لیاڤین؛ ٢) پیران: لە کۆنە لاهیجان؛ ٣) مەنگوڕ: لە تیرکەش، نالیینی- مەنگوڕ، بل- تاموور، گەلێ لە گوندەکانی باشووری ڕۆژئاوای ساوجبولاّق؛ ٤) ئۆجاخ (کا- خدریان)- کە لە تورکیاوە دێنو لە هەردەکانی وەزنە- کۆچبەری دەکەن. ڤ. م

له نەرزامیس عەرەبانە ڕێگەیەك تا شنۆ دەڕوا، لە کاتێکدا ڕێگاکەی ئێمە بەرەو شێخان درێژ دەبووەوە.

لە سەعات ١٢ دا ئێمە گەیشتینە گوندی دێ- گورجی، نیو سەعات دواتریش بۆ گوندی نەلۆس، لەوێ لامان دا بۆ ئەوەی نانی بەیانی بخۆین، تا سەعات ٢.٤٥ ماینەوە.

دواتر بەلای گوندی تاژەندەردا ڕابوردینو لە سەعات چوارو پێنج دەقیقەدا گەیشتینە شێخانو لەوێ ماینەوە.

هەموو ڕۆژەکە ٢٨ ڤێرستمان بڕیبوو.

٥ی ئاوگوست، ڕۆژێك لە شێخان ماینەوە، کە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری بووین، دەربارەی سنوورو ئەو ڕێگایانەی بۆ کێلەشین دەچن.

دوو ڕۆژ پێش ئەمە لە گوندی درێی حاجی خان (لە ناوچەی دۆڵ لە کەناری گۆلی ورمێ) شەڕ و پێکدادان لەنێوان کۆچەرەکانی سوورچی- کە بۆ خوێ هێنان چووبوون، لەگەڵ دانیشتوانی ئەو گوندەدا- ڕووی دابوو، لەبەرئەوە وام بە پێویست زانی کە یەکێ لە کوردەکانی ئەو ناوچەیە بۆلای سەرۆك خێڵی ئەو هۆزە: کەریم خان بنێرمو هەواڵی گەیشتنی سبەینێی خۆمانی بۆ کێلەشین، پێ بگەیەنم، نەبادا هاوخێڵەکانی بترسنو وابزانن کە ئێمە هێزی تەمێکردنین و بەدوای ئەوانەدا نێردراوین، کە لە پێکدادانەدا لەگەڵ کۆچەرەکاندا بەشداریان کردووە.

٦ی ئاوگوست، سەعات شەشو پێنج دەقیقەی بەیانی کەوتینە سەر ڕێگای کێلەشین. بارگەو بنەشمان یەکسەر ڕەوانەی گورانگا کرد، چونکە بەنیاز بووین لەوێ لابدەین و بمێنینەوە.

ڕێگاکە بەرەو ژوور بۆوە بە ئاوەڕۆی چۆمی ئالیکاندا، کە لقی گادەرە تا چوونە خوارەوە بۆ مێرگەکە تەقریبەن لەبارە، بەڵام دواتر بەردینەو پەڕینەوەی زەحمەتە.

له ڤێرستی پێنجەمدا گەیشتینە گوندی بچکۆلەی دووڕوو لای دووئـاوانی چۆمی سپیو ئالیکاندا، دوای ئەمە هەورازێکی سەخت دێتە پێشـەوە تاڕکـەی شاخەکە، کە سەرکەوتینە سەریو لە ڕۆیشتن بـەردەوام بـووینو بـەرەو بـڕی کۆچەرە سوورچییەکانمان دایەوە، کە بەپشتی گاو گوێدرێـژەکانیان خۆییـان لە گۆلی ورمێیەوە هێنابوو.

کە دواتر خێرا شۆڕ بووینەوە بۆ هەواری مەرگە– کـاروانو لـەوێ لەگـەڵ سـەرهۆزی سوورچـی، کـەریم خانـدا، بەیـەك گەیشـتینو یـەکترمان ناسـی. (وێنەی٢).

پەیدابوونی ئێمە زۆر سەرنجی کۆچەرەکانی ڕاکێشاو گوێقوڵاخی کردن، کە لە دەورمان کۆبوونەوە "دوگوم"یان، کە شـیری تـرشو ئـاو تێکـەڵاوە، دا پێمان. کەریم خان لە هەوارەکەوە تا گەلیی کیلەشین ئێمەی ڕەوانە کرد.

لـە هەوارەکـەوە بـۆ مێرگەکـە شـۆڕ بووینـەوە، دوایـی ناچـار بـووین بـە هەورازە سەختەکەدا سەرکەوینەوە سەر چیاکە.

دوای ئـەوەی چـەند کلکـەی کـەژمان بـڕی، سـەعات دە گەیشـتنە بـانی مۆلا– شینە، کە گیا داپیۆشیبوو. سەرچاوەیەکی زۆر چاك– کانی سـەیدی لێ بوو، لەوێ وچانێکی کورتمان دا.

لە مولا– شینەوە ڕێگاکە بەرەو ژوور دەبووەوە تـا سـەرووی شـیوەکەو سەعات ١١.٢٥ گەیشتینە ئەوێ.

لـە گەلییەکـەوە سـەیری ئـەو ئاسـەوارە کۆنـەمان کـرد کـە نووسـینی بسماری لێ بوو (وێنەی٣). زانیارییەکانی چیرکۆف[١] دەربارەی ئەم پاشماوانـە زۆر ڕاسـتو ورد نـین. تاتـە بەردێکـە کـە ٢.٥ ئارشـین (١٨سـم) بـەرزەو ١٣ ڤێرشـك (٤.٤سـم) پانـە، ئەستوورییەکەشـی ٦ ڤێرشـکە، سـەرەتیژەکەی

---

[١] گۆڤاری ڕێنیشاندەرو بۆ جیاکردنـەوەی سـنووری تورکیـا– ئێـران. سـانکت– پیتـەربورگ، ١٨٧٥، ل٤٦٣.

خراوەتە کونی– بۆشایی کێلەکەی ترەوە، کە بۆتە بناغەی‌و بارستاییەکەی ١ ئارشە. ١٠ ڤێرشك×١ ئارش. ١٣ ڤێرشك. هەندێ شوێنی نووسینەکانی هەردوو دیوەکەی چوون‌و سڕاونەتەوە[١].

لەسەر گەلییەکەوە دیمەنی چیای سیاه– کۆه (سیاکەی)و لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی چیای درێژو بەرزی سپیاڕەز[٢] دەردەکەوێ کە هەندێ لە شوێنە بەرزەکانی هێشتا بەفریان پێوە مابوو.

لە ڕۆژئاواوە پانۆرامای چیای ئامادی دەردەکەوێ (وێنەی٤) کەریم خان دوای ئەوەی نانی بەیانیی لەگەڵ خواردین گەڕایەوە هەوارو بنکەی خۆی، ئێمەش دوای سەعات یەك‌و نیو ڕوومان کردە گۆرانگا.

من وام دانا کە بەرەو ئەوێ بڕۆین‌و پێچ بکەینەوە بەدەوری کۆهی سوڵتاندا، لە ڕۆژئاواوە بۆ خواروو، بەڵام ڕێگا نیشاندەرەکەی ئێمە، ئەحمەد ئاغای مامەشی خاوەنی گوندی شێخان، منی دڵنیا کرد کە لەوێ ڕێگا نییەو ئێمەی بە ڕێچکەیەکی تردا برد، کە نزیك بوو لە شێخانەوە. ئەمڕێچکەیە زۆر سەخت بوو.

ئەمیر تومان حاجی نەجەف قولی خان‌و کوردەکان کە عادەتەن باکیان نەبوو و خۆیان قەت نەدەبزاوت، لێرە ناچار بوون چەندین جار لە ئەسپەکانیان دابەزن.

---

[١] وەك زانراوە ئاسەوارەکە بە دوو زمانە: ڕوویەکیان بە زمانی خالدیی (وان) نووسراوە، لە ڕووەکەی تریشی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئاسووری. ئەم ئاسەوارە هی پاشای خالدی (وانی، ئۆرارتی) پاشا یشیونی (سەدەی ١– P.X) بە بۆنەی ئەوەوە کە چووەتە پەرستگای پیرۆز بۆ زیارەتی خوای خالدی لە چیای موسایر (بەلای زۆرەوە نزیکی سیدەکانی ئێستایە). دی– مۆرگان ساڵی ١٨٩٦ بۆ یەکەم جار هەمووی بڵاو کردۆتەوە، هەروەها بە زیادکردنەوە گ. بێلکۆم ساڵی ١٩٠٤ بڵاوی کردۆتەوە.

[٢] سەرچاوەی باکووریی ڕووباری لیاڤین کەوتۆتە نێوان دوو زنجیرە چیاو بە بەینیاندا دەڕوا. سپیاڕەز بە تەواوەتی دەکەوێتە ئێرانەوە.

لـه سـﻪعات دوو و چـل دەقیقـﻪدا لای کـانی –جـن بـۆ جـاری دووەم دامانـﻪوە لـﻪ ڕووبـاری سـفید، ئاوەکـﻪ لێـرەدا وەك تاڤگـﻪ بەردەبێتـﻪوە خوارەوە.

سەعات پێنج لە ڕووباری مینیدمان دا، کە لقی لاوێنە، لە ئاخردا سەعات شەش گەیشتینە ئۆردووگاکـە، کـە لای گوندەکـە (گۆرانگـە)دا بـوو (٢٠٢٠م)، سەرۆك خێڵی مامـەش: قـەرەنی ئاغا ئەمیرولعەشـاییر، چاوەڕێمان بـوو، لـە دەمی ئەوەوە بیستم، بەداخەوە کە لە کێلە شینەوە لە ڕاستیدا ڕێگەیەکی تر بۆ گۆرانگە هەیە، بە تایبەتیش لە پشتی سپیارەزەوە تا سـامە، دوایـیش لـە گردە پیسکان، چەمی گەرگەداشان، بەردەنەری، قەبری مارەو بایز بەگەوە[١].

لەم ڕۆژەدا لە شێخانەوە تا کێلە شین (١٨) ڤێرستمان بـڕی، لێرەشـەوە تا گۆرانگە (٢٨) ڤێرستە، بە هەمووی دەبێتە (٤٦) ڤێرست.

---

[١] ١٥ مانگی جولای ١٩١٤ بەلایدا تێپەڕین، پردێکی چنراوە (٢.٥×٠.٥ ساژ) (ساژ= ١.٣٣م) لەسەر ڕووباری لیاڤین لە گوندی ماشکان ڕێچکەکە تا گوندی گردی کاولان (نیو سەعاتە)، دوای ئـەوە دوو سـەعاتی دەوێ تـا لای خۆرهـەلاتی گردەکـانی گـردی– سـەماوەر، کـە دەکەوێتە نێوان گۆمی چۆمی گەلی (بنەوانی چەپی سەرووی لیاڤین)و ڕووباری میند (لقی چەپی لیاڤینە)؛ دوایی بەسـتێکی خـۆڵین قـەبری بـایز بـەگ لـەت دەکـا، کـە سـەماوەرو سوڵتانی یەك دەخاو بەسەری ڕۆژئاوای سوڵتانیدا سەوزاییە...
دوای پێنج سەعات ئێمە لەڕووباری گرگەتاش پەڕینەوە، کە لقی چەپی چۆمی گەلییە (کە لەسەرەوە بەرەو لاپاڵی ڕۆژئاوای سپی ڕەز دەکشێ) و بە شوێنی زۆپو زەقی زۆر ئاوداری زنجیرەکانی سنوور (گروەماوا)دا دەڕوا. بنەوانی سەرەکی چۆمی گەلی کەوتبووە ڕۆژئاوایی ئێمەوە. دوای شەش سەعات ئێمە سەرکەوتینە سەر هەورازی گرڤە– پیسکان کە زۆر بەرز نەبوو و هەندێ لە لقەکانی ڕاستی گرگە تاشی لێك جودا دەکردەوە، دوای ئەمە هەندێ لقی خوڕی لای چەپی ژێر بەفری سیاکەیەوە کە لەسەر سنوورە بەبێ ئاگا جیاکەرەوەی ئاوی (کەنداوی فارسی) و گۆلی ورمێمان بڕی [سەیرە! گۆلی ورمێ لـە کـوێ و کەنـداوی فـارس لەکوێ؟! وەرگێڕ]و بە چیا سەختەکاندا کە هێشتا بەفریان پێوە مـابوو، گەیشـتینە لای پەیکەرەکە. هەمووی (٨) سەعاتی خایاند. "ڤ. م"

٧ی ئاوگوست، ڕۆژێك له گوندی گۆرانگه (Dr. ٦) که کەوتۆته ناو دۆڵی ڕووباری میند لەسەر دامێنی کۆهی سوڵتان مایینەوه[١].

دەوری نیوەڕۆ بوو، ماوەی سەعاتێك بارانێك بە بایەکی زۆر توندەوە باری، ئەمەش بووه هۆی دڕاندنی چادرەکانمان.

من دیدەنی قەرەنی ئاغام لە ڕەشماڵەکەیدا کرد، مامەشییەکان لەوێ کۆبوبوونەوه. هەر لەوێش حاجی ئاغای سەرۆك هۆزی خەیلانی (تورکیا- مەبەست کوردی تورکیایە)م ناسیو پێشی ڕاگەیاندم کە ئەم هاوینە ئەم خێڵانەی تورکیا کۆچ دەکەن بۆ سەرووی لاوێن: ١) خەیلانی، سەرهۆزیان حاجی ئاغایە- ٣٠٠ڕەشماڵ؛ ٣) باڵەکی- بەرازانی، سەرهۆزەکەیان بابەکر ئاغایە- ٦٠٠ڕەشماڵ؛ ٣) باڵەکی- سەرەشمی، سەرهۆزەکەیان برایم ئاغایە، ٣٥ ڕەشماڵ؛ ٤) شێخ مەحموودی- سەرهۆزیان حەمزە ئاغایە- ٦٠ڕەشماڵ؛ ٥) فەتەك، سەرهۆزەکەیان فەقێ مستەفایە- ٣٠ڕەشماڵ؛ ئەمانە هەمویان یەکی ٥-٦ قران دەدەنە قەرەنی ئاغای هۆزی مامەش، یان مەڕێکی دەدەنێ، بەڕای ئەوان بنەوانو سەرچاوەی لاوێن کەوتۆتە خاکی ئێرانەوەو موڵکی هۆزی مامەشە. ئەوەندەی ئەوان لەبیریان بێ، سنووری تورکیاو ئێران ئەم شاخو ڕکانەیە. کێلەشین، سامە، سیا کۆه، گەر قەماوا، گەلی زەرد، چینی دەڕە، جونال، میلان، بارزین و کلکە شاخەکانی کۆمەبەران، کوهی ئالانو کۆچەکالان تا چیایی قەبری- خەندوو.

ڕۆژی دوایی بڕیارم دا بچم بۆ گەلی زەرد، کە بە هەڵە لەسەر نەخشە نووسیوویانە زەردەگەل. دەمەوێ ئەوەش بڵێم، کاتێ من لە کوردەکانم پرسی کە چیای زەردە گەل لە کوێیە، ئەوان سەریان سووڕماو دڵنیایان کردم، کە چیایەك بەو ناوەوە نییە. لە کۆتاییدا دەرکەوت ئەوە هەڵەی نەخشە کێشەکانە و باس لە گەلی زەردە. قەرەنی ئاغا لێ بڕا کە تا گەلی

[١] بەردەوامیو درێژبوونەوەی سپیارەزە. "ڤ. م"

زەرد ڕەوانـەمان بکـات، حـاجی ئاغـای خـەیلانیش بـەڵێنی دا کـە هـاوڕێی سەفەری بە متمانە لە خزمەکانی خۆیمان لەگەڵدا بنێرێ.

٨ی ئاوگوست. بڕیارمان دا کە ئۆردوگاکەمان لە گۆرانگـاوە بـۆ ماشـکان بگوێزینەوە. ئێمـە سـەعات حـەوتی بـەیانی ڕوومـان کـردە گـەلی زەرد، زۆری نەبرد کەوتینە ناو چیای هەوارە شینکان، کە لە نێوان کلکە کـۆهی سـوڵتانو کۆمەبەراندایە[1] لە گەلییەکەوە پانۆرامای کوهی سوڵتانو کۆمەبەران، بارزین، میلان، جونالو چیخیدەرە دەردەکەوێ (وێنە ٥، ٦).

سـەعات هەشـت دابەزینـە دۆڵـی بـایز بـەگ، کـە گۆڕسـتانێکی لێ بـوو. ٢٠ڕەشماڵی هۆزی خەیلانیش لەوێ هەڵیاندابوو.

لـە ٨.٤٠دا گەیشـتنە هـەواری قـەبری مـارە. لـەوێش (١٠) ڕەشمـاڵی خـەیلانی لێ بـوو، کـە لـەوێوە بـە نارەحـەتی سـەرکەوتینە گـەلیی تالاجـاڕ (٢.٤٠٠م). لەو هەورازەوە گەلییەکە، کـە ڕووبـاری لاوێنـی پێدا تێدەپـەڕێ، زۆر دڵگیرو شیرین بوو.

دواتر بە هەورازەڕێی شاخەکەدا سەرکەوتین، کە بەسـەر کـەناری چـەپی بنـەوانی (سـەرەکیی) ڕۆژئـاوای ڕووبـاری لیاڤینـدا دەیڕوانـی، سـەعات (١٠) گەیشتینە گەلی زەرد (٢٥٠٠م) لە گورانگاوە بۆ گەلی زەرد (وێنـەی ژ٧) تـەنیا (١٨) ڤێرست بوو. ئەو کوردە خەیلانییانـەی ڕەوانـەیان دەکـردین جـەختیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئەوێ سنووری نێوان تورکیاو ئێرانە.

بۆ هەواڵ لە تورکیاوە ئـەم دەربەنـدە زۆر کـەم بـەکاردێ، بۆچـی گوایـە کەسێ لەو کۆچەرانە لای وایە پێویستە بەکار بهێنرێت!

بـۆ ئـەوەی لـە گـەلی زەردەوە دابەزینـە ماشـکان و سـبەینێ لـە بـارزین بکۆڵینـەوە، هـەر هـەمان ڕۆژ بڕیارمـان دا بچـین بـۆ ئـەو گەلییـە، بەمـەش

---

[1] کۆمەبەرانیش چیایەکی ناو ئێرانەو ڕووباری لیاڤین لە کۆهی سوڵتانی جیادەکاتەوە، هەوارە شینکان، لەوانەیە، هەر سەماوەربێ. ڤ. م

ڕۆژێکمان بۆ گەڕایەوە، کە هاتینە خوارەوە بۆلای ڕووباری لاوێن، دوایی دووئاوانی بنەوانەکەیشی لە سێ چۆمانو چیخیدەریشمان دا، دوای ئەوە بەلایڕاستی چیخیدەردا سەرکەوتینە سەر شاخی ماین- جافەر (٢.٥٩٠م). گۆڕستانی خێڵەکانی کوردانی باڵەکی لەو گەلییەدایە. هەندێکیان وێنەی وەك چلیپا- خاچیان پێوەبوو.

سەعات ١١.٣٥ گەیشتینە هەواری گوربەمەند، کە ١٦ڕەشماڵ باڵەکی- بەرازانی لێ بوو، دوایی شۆڕبووینە خوارەوە بۆ ڕووباری ناوشیوان، کە بنەوانەکەی لە شاخی مۆلا- دیمە (٢٥٨٠م)و لەلای ڕاستەوە دەڕژێتە لقی ڕووباری لاوێن.

لە لاپاڵی (٢.٣١٠م) مۆلادیمدا بۆ نانی بەیانی لامان دا.

سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ بەرەو پێشەوە ملی ڕێگامان گرتەبەر. ٣٠ دەقیقەی ویست تا سەرکەوتینە سەر مۆلادیم. دوای ئەوە، بەرەو ژوورەکەو بەرەو خوارەکەی زۆرمان هاتە ڕێو دوایی بە بزنە ڕێیەکدا گەیشتنە ڕووباری بارزین (لقی ڕاستی لیاڤین)ە.

لە ڕووبارەکەوە هەورازێکی لەبار هەبوو لە گەلیی هەمان ناوچە کە ٣.٣٠ دەقیقە پێی گەیشتین. بەرزایی گەلییەکە (٣١٢٠م). بە وتەی قەرەنی ئاغا ئەو گەلییە سنووری نێوان تورکیاو ئێرانە.

لای گەلییەکەوە زنجیرەی چیاکە بە سەختی بەرەو تورکیا دەڕواتە ناوەوە، بۆیە ڕێگاکە لە گەلیی زنجیرە چیاکەوە بەرەو خوار دەبێتەوە بۆ کۆهی- میلان. ئێمە تا سەر کانیی مام جەلال بە هەمانڕێگادا ڕۆیشتین، هەموو دۆڵو دەربەندیڕایات لە گوندی شێخ جەلالەدینەوە دیارە کە کەوتۆتە خوارووی ڕۆژئاوای گوندی ڕایات[1] ڕاستەوخۆ بەرەو باشوورە. (وێنەی ٨). بە دووربین لە گوندی ڕایات سێ چادری مەخفەری تورکیا دەبینران.

---

[1] بنکەی بنەڕەتیی باڵەکە کە سەر بە ڕەواندزە.

له ٤.١٠ گەڕاینەوە ئۆردوگاکەمان. لە بارزینەوە ڕێگاکە بەخۆشی بەرەو بەری ئێران دەچوو. لە ٦.٤٠ گەیشتینە ئۆردوگاکەمان لە گوندی ماشکان (بەرزاییەکەی ١٩٢٠م و ٤٠ DB )، ئەوڕۆژە (٥٠ ڤێرست)مان بڕی.

٩ی ئاوگوست. بەیانی لە زەرگەتانەوە بەرپرسی گومرگی ئێران، میرزا عەبدولحسەین خان، هاتە بنکەکەمان. بەو قەدو بالآیەیەوە، کە زەردی دەکردەوە لە فیشەکدا، دیمەنێکی کۆمیدیی هەبوو.

٢٥ جولآی دوو ئەفسەری تورک عەلی ئەفەندی‌و ڕەشید ئەفەندی لەگەڵ هێزێکی سەربازیدا لە پڕدا هاتنە گوندی زەرگەتان و میرزا عەبدولحسەین خانی ناوبراوو پاسپۆرتچییەکەی هاوڕێیان ڕاونا.

هەر هەواڵی هاتنی تورک گەیشتبووە فەرماندەی ئەو هێزە سەد کەسییە کازاکییەی لە نەغەدە بوو، میر پێنج عەلی خان لەگەڵ کازاکەکانی ژێر دەستیدا بەرەو زەرگەتان هاتن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە، لەسەر چ بنەمایەك ڕێگەیان بە خۆیان داوە کە بێنە ئەم گوندانە کە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە خاکی ئێرانن.

ڕۆژی ٣٠ جولآی لە نەغەدە ڕێکەوتبوو و هەمان ڕۆژ گەیشتە پەسڤە، بۆڕۆژی دوایی لە ڕێگا بیستبووی کە تورکەکان ئەو ئێوارەیە هەواڵی بەڕێکەوتنی ئەویان بەرەو زەرگەتان بیستوو، شەوی ٣١ جولآی بە خێرایی گەڕابوونەوە ناو سنووری تورکیاوە.

تەنانەت کاغەزو نووسراویان لەبیر چووبوو. میرزا عەبدولحسەین خان گەڕایەوە زەرگەتان و ئیتر هاتنی منی بۆ لاهیجانی کۆن بیستبوو، بە پێویستی زانیبوو، دەرکەوێ‌و باسی هەڵوێستی جوامێرانەی خۆی لە مەسەلەی ڕووداوەکانی ئەو ساتەی لاهیجانی کۆن، بکات، کە تورکەکان گرتبوویان و سەرەڕای دڕەندەییان لێیان پاك کرایەوە، هەر دوای ئەوەی ناڕەزاییەکی فەرمییان ئاراستە کراوە کە ئێرە خاکی ئێرانە.

هەرچەندە لە وەڵامی ئەمەدا فەرمانبەرە تورکەکانیش بە دەوری خۆیان وەڵامیان دابوویەوە:

((زۆر ڕێی تێدەچێ، بەڵام تا ئەوەندەی ئێمە لێرەبین، ئێرە خاکی تورکیایە)).

کاتێ لە ماشکان بەڕێ کەوتین لە ئەمیر تومان حاجی نەجەف قولی خان، جیا بووینەوە، چونکە نامەیەکی لە ماڵەوە بۆ هاتبوو، پێویست بوو بگەڕێتەوە چیانە.

سەعات ١.٥٠ ئێمە ماشکانمان بەجێهێشتو لە ئاوی کونە گوێرکمان دا، کە لە کۆمەبەرانەوە دەهات، بە دۆڵی لاوێندا شۆڕبووینەوە ڕوومان کردە وێرانەی خانە، کە دامان نابوو شەو لەوێ بمێنینەوە. بە فەرمانی قەرەنی ئاغا کە تا خانە ڕەوانەی کردین، لە ڕێگادا هەندێ مامەش بوون بە هاوسەفەرمان.

سەعات چوار گەیشتینە زەرگەتان، لەوێ سەرداری خێڵی پیران محەمەد ئەمین ئاغا پێشوازی لێ کردینو بە گەرمەوە خولکی کردین بۆ شینۆڤا[1]. من بە گوێم نەکرد، بەڵام داوام لێکرد کە ئالیکو ئازووقە بگەیەنێتە وێرانە قەڵای خانە (١.٥٠٠م)، کە سەعات پێنج گەیشتینێ.

خێرا دوای گەیشتنمان میر پێنج عەلی خان دەرکەوت، کە بە خۆیو سەد کەسەکەیەوە، بەشێوەیەکی کاتی لە شینۆڤا لایدابوو، چونکە لە زەرگەتان نە ئالیکو نە جێگاو ڕێگای گونجاوی دەست نەکەوتبوو، قەرەنی ئاغا خولکێکی زۆری کردین کە لەگەڵ محەمەد ئەمین ئاغا بچین بۆ شینۆڤا.

لەوێوە دوای نانی ئێوارە چووین بۆ پەسوە[2]. بۆ سبەینێ دەبوایە لە گەلیی زینوێی شێخ بکۆڵینەوە، لەبەرئەوە من تکام لە محەمەد ئەمین ئاغا

---

[1] مەڵبەندی سەرەکیی لاهیجانی کۆن بوو، لەگەڵ قەڵای داڕووخاوی سەر گردێکی دێرین.

[2] قەڵایەکی داڕماوە– مەڵبەندی– سەرکیی لاهیجانی (ڕۆژهەڵات) نوێیە.

کرد کە بەیانی زوو بێتە ئۆردووگاکەمان و ببێتە چاوساغمان، ئەو بە پێخۆشحاڵییەوە ڕازی بوو. لە ماشکانەوە تا خانە (٢٢) ڤێرستە.

١٠ی ئاوگوست. لەگەڵ گەیشتنی محەمەد ئەمین ئاغادا کە بیست سواری پیرانی لەگەڵدا بوو، سەعات هەشتی بەیانی کەوتینە سەر ئەوڕێیەی بەرەوسنوور دەچوو، دوای چارەکێ سەرکەوتینە سەر گردی تەپەی خانە (١٦٠٠م)، دوایی چووینە سەرچاوەی کانی– جو (١٦٤٠م)، دوای ئەوە بە پێچاوپێچ سەرکەوتینە سەر گەلیی چەڤۆکێ– (١.٨٨٠م). لە گەلییەکە هەموو لاهیجانی کۆنو گوندەکانی پیران دیارن.

نیو سەعات لە گەلییەکەوە ماینەوە، بیست دەقیقەی پێچوو تا ١٨٠ مەتر هاتینە خوارەوە بۆ سەر ڕووباری گالوك، دواتر ئێمە دیسان بەرەو هەوراز ملمان نایەوە، لە ٩.٤٥دا گەیشتینە گەلیی گاروشینك، کە ١٧٨٠ مەتر بەرزە[1].

ڕێگاکە لە گەلییەکەوە ڕاستەوخۆ بەرەوڕۆژئاوا بۆ تورکیا دەڕوا.

بێجگە لەو ڕێگەیەی ئێمە گرتبومانە بەر، لە گەلییەکەوە ڕێگایەکی تریش هەیە بەرەو خوارووی ڕۆژهەڵات، کە بە کەناری گوندی تامار چیاندا شۆڕدەبێتەوە. سەعات ١٠.٢٠ ئێمە گەیشتینە جێگەیەك[2]، کە بە قەبری مەزنان بەناوبانگە، دوای دە دەقیقە گەیشتینە سەر ڕووباری شیوەڕەش، کە محەمەد ئەمین ئاغا بە سنووری نێوان تورکیا و ئێرانی دادەنا.

لە پێشەوە سێ گردی بە درەخت داپۆشراو دەرکەوتن، کە محەمەد ئەمین ئاغا دەیگوت گۆڕستانی باوباپیرانییەتی. پانزە دەقیقە بەپێ دووربوون. لەوێ لەژێر سێبەری ئەو دارو درەختە چڕەدا (وێنەی ٩) گۆڕی

---

[1] بەم شێوەیە لێرەدا دوو گەلی هەیە، لە نێوانیشیاندا ڕووباری گالوك هەیە، کە لە ئێرانەوە دێ بۆ کەلاوەی شاری کۆنی (لاهیجانی کۆن). ڤ. م

[2] ئەوە لەرکەی ڕۆژئاوای زنجیرە شاخی سەر سنووردایە. ڤ. م

شێخی باڵەك (گونبەدی شێخی باڵەكی لێیە- ١٨٢٠م) كە زیاد لە ٤٠٠ ساڵە هەموو گەلییەكە لە گاروشینكەوە تا ئەوێ، ناوی زینوێی شێخی لێ نراوە.

لە گردەكانەوە ڕایاتو سەری درەختی باخی گوندی شێخ جەلالەدین دیارن، كە زیاتر لە بیست دەقیقە ڕێگا نابێ بۆ ئەوێ. ئەمە تەنیا گوندێكە كە لێرە هی شێخ جەلالەدین بێ. سەیری گۆڕەكەی شێخمان كرد لە ئاوی سازگارو ساردی كانییەكەی تەنیشتیمان، كە پشت گوێ خراوە خواردەوە.

سەعات یانزەو نیو بە ڕێگایەكی تردا بۆ گوندی گەزگەسك گەڕاینەوە، سەعات ١٢.١٥ گەیشتینە كانی- خۆریزان (١٨٨٠م)- ئەمە وارگەی پیرانەكانی تامارچیانە (وێنەی ١٢)، لێرە نانی بەیانیمان خواردو بەرەو پێشەوە ڕۆیشتین.

لە سەعات ١.٤٠ زۆری نەبرد دابەزین بۆ گوندی تامارچیان بە بەرەو خوارکەکەیدا دوای ئەوەی سەرکەوتینە سەر گەلیی كۆلكەو دوای ئەوێ شۆڕبووینەوە خوار دۆڵەكەو چووینە دەشتی لاهیجانی كۆن. كە لە دۆڵەكە دەرچووین، لە خوارووی ڕۆژئاوای پێچی شاخەكانی سێرگەردیمان كردەوە، بەلای گوندی (سەیدئابادا) تێپەڕینو سەعات ٣.٢٥ گەڕاینەوە ئۆردووگا- بنكەكەمان.

لە خانەوە بۆ ڕووباری شیوەڕەش ( كە بە سنوور دەژمێررێ)[1] (٨) ڤێرستە، لەوێوە بۆ گونبەدی- شێخی باڵەك (٢) ڤێرستە، لەوێ بە دواوە بۆ وێرانەی خانە لە ڕێگای كۆلكە (١٤) ڤێرستە، بە هەمووی (٢٤) ڤێرستمان بڕیبوو.

١١ی ئاوگوست. بەیانییەكی زوو دەهۆبازانە بە غارو بێوەستان حەمزە ئاغای مامەش، بە چیاكانی كۆدۆو كازاناندا، هاتە لامان.

٢٤ی مارتی ١٩١٣ قەرەنی ئاغای ئامۆزای لە گوندەكەی، گردە سپیان، دەریكردبوو، كە لەگەڵ گوندەكانی تری حەمزە ئاغاو باوكیو براكانیدا كەوتوونەتە ژێر دەستی قەرەنی ئاغا.

---

[1] كە لە ڕاستیدا ساڵی ١٩١٤ سنوورە دیاریكراوە، لەناو گەلیی گارۆشینكی خۆیدا. ڤ. م

حەمزە ئاغا هەر حەوت براکەی لەگەڵدا بوو. ئەوانە هانایان بۆ مـن هێنـا کە گوندەکانیان لە قەرەنی ئاغا بۆ بسەنمەوە. پێشـتر لـە شـێخان باوکیـان– کاك سلێمان– هـەمان داوای لێکـردم. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا مـن بـە شـیاوم زانی، لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی خۆمانەوە، خۆم لەم کێشەیە هەڵقورتێنم، سوودی نەبوو و ملم بۆ نەدان.

حەمزە ئاغاو براکانی بە هیوای ئەوەی هەرچی چۆنێ بێ دڵم نـەرم کـەن کەوتنە تەکمان، ڕاستییەکەی بێ ئەوانیش و بەبێ هیچ پێویستیەك بە حساب "من بێگانەیەکی ناودارم" دەورمان قەرەباڵخ بووبوو، بە تۆقـێ لـە نـاوداران، هەموو هەوڵدانم بێسود بوو و هەر لەگەڵمان هاتن.

سەعات ٩ی بەیانی ئێمە گەیشتینە تیرکەش، بارەگـای ڕەئیسولعەشـایر بـایز ئاغـا (پاشـا)ی مـەنگوڕ، کـە زانیبـووی ئێمـە هاتووینەتـە خانـە دوو کوڕەکەیو نەوەیەکی ناردبووە پێشوازیمان.

محەمـەد ئـەمین ئاغـا (وێنـەی ١٣) بڕیـاری دا تـا ڕووبـاری بادینـاوا کـە سنووری نێوان خاکی پیرانو مەنگوڕ بوو لەگەڵمان بێ. زۆر حەزی دەکرد کـە لەگەل بایز ئاغادا ئاشت بێتەوە، کە ئەم لە کۆتـایی ئـەپرێلی ڕابـووردوودا بـە فـەرمانی تـەورێز مـاڵ و سـامانی ئـەوی تـاڵانکردبوو و سـووتاند بـوو؛ لەگـەڵ ئەوەشـدا دەترسـا کـە شـوجاعولدەولە[1] لێـی نـاڕازی دەبـێو قـەرەنی ئاغـای مامەشیش لە دۆستەوە دەبـێ بـە دوژمنـی. مـن ئامۆژگـاریم کـرد، کـە هـەمو گوناهەکـە بخـەرە ئەسـتۆی مـنو لـە کـەس مەترسـەو لەگـەڵ مـن وەرە بـۆ تیرکەش لەگەڵ بایز ئاغادا ئاشتان دەکەمەوە.

لە ١٠.٣٠ گەیشتینە گەزکەس، لەوێوەڕێگای کۆلکـە لـە تامارچـیانەوە بـەرەو زینـوێی شـێخ دەچـێ. سـەعات ١١ بـەناو گونـدەکانی دەلـزاو ١١.١٥ کێلەڕەشـدا ڕۆیشـتین، کـە کانیـاوی سـاردوڕەوانیان لێ بـوو. ١١.٤٥ گونـدی

---

[1] پارێزگای پێشووی ئازەربایجان بوو. ڤ. م

نەمێنجەمان جێهێشت و گەیشتینە سەر ڕووباری بادیناوا لەناو باخاتێکی نزیکی بادیناوادا بۆ نانی بەیانی لامان داو پشوویەکی درێژمان دا.

سەعات دوو لەسەر ڕۆیشتن بەرەو پێشەوە بەردەوام بووین و گەیشتینە ڕووباری بادیناوا، کە بنەوانەکەی لە قەندیلی[1] گەورەیەو دێ دەڕژێتە ڕووباری لاوێنەوەو بە هەردوکیان زێ یان کەڵوێ[2] پێکدێنن.

لەبەری ڕاستی ڕووباری بادیناوا سەد کەسێکی مەنگوڕ بە سەرۆکایەتی ڕەئیسولعەشایر بایز ئاغا چاوەڕێمان بوون. (وێنەی ١٤). دوای چاک و چۆنی بەرەوپێشەوەڕۆیشتن. سەعات ٢.٤٥ گەیشتینە گوندی بەکۆس لەسەر چەمێکە بە هەمان ناوەوە، کە دەڕژێتە (زێ)وە.

لێرە نیو سەعاتماینەوە لە ڕەشماڵی قادری باپیر ئاغادا چایەکمان خواردەوە.

سەعات ٣.٤٥ لە چەمی ئاو–خوار کە دەڕژێتە (زێ)وە پەڕینەوەو سەعات پێنج لەهی تیرکەش کە ئەویش هەر دەڕژێتە (زێ)وە، ٥.٢٠ گەیشتینە هەواری بایز ئاغا (١٤٤٠م)، لە خانەوە (٢٤) ڤێرستمان بڕیبوو.

١٢ی ئاوگوست.ڕۆژێ لە تیرکەش بووین، مەنگوڕێکی زۆری تیرەی کادەرویشیمان بینی[3]. کە خزم و لایەنگری بایز ئاغا بوون، کە بەهۆی هاتنمانەوە بۆ تیرکەش لەگەڵماندا بوو.

محەمەد ئەمین ئاغا کە لەگەڵ بایز ئاغادا ئاشتبووبووە، زۆر تکای کرد کە دوای نانی نیوەڕۆ لەگەڵی بگەڕێینەوە کۆنە لاهیجان. بۆ سبەینێ بڕیارمان

---

[1] چیایەکی گەورەی بەفرینی سەرسنوورە. ساڵی ١٩١٤ تۆپۆگرافە ڕووسەکان ڕوونیان کردەوە، بادیناوا کە لە نشێوی کۆترە لەوە هەڵدەقوڵێ سەرچاوەکەی زۆر دوورەو دەکەوێتە چیاکانی سنوورەوە. هەموو نەخشەکانی کۆن ڕاست و ورد نەبوون.

[2] زێ مەبەست لە زێی بچوکە (ئاڵتوون سوو) لقی دیجلەیە.

[3] ئەم تیرەیە هی خانەیە.

دا كه بچین بۆ وەزنەو ئەو ناوچەیە بپشكنین، هەرچەندە هیـوای بـەدیهاتنی ئەم نیازەمان زۆر كەم بوو، چونكە توركەكان وەزنەیان گرتبوو.

٢ی حـوزەیرانی ١٩١٣ دەنگـۆی ئـەوە هـەبوو كـە توركـەكان بـەرەو پێشتر چووبوون. شایانی باسە، گوندی ئالّوەتانیان داگیر كردبوو، كە مـوڵكی بایز ئاغا بوو. بەڕەچاوكردنی ئەوەی كە ئێمە ئامانجێكی ئاشتیانەمان هەبوو، من بڕیارم دا، لەكوێ لەوەبێ، لەگەڵ مەخفەرە توركەكاندا لووتمان بتەقێ بـە لووتی یەكدا، لە هـەموو بەیەكداهەڵپـژان و گێروگرفـت دروسـتكردنێ، خۆمـان دوور بخەینەوە.

١٣ی ئاوگوست. پێش بە ڕێكەوتنمان حـەمزە ئاغـاو براكـانی دیسـانەوە دەربارەی گرفتو خەمەكانیان ڕوویان لەمن نایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا كە بـایز ئاغـاو كادەرویشـەكانیش بۆیـان تێكـەوتن، مـن سووربووم لەسەر ڕای خۆمو داوام لێكردن كە خۆیان ئەزیەت نـەدەنو نەیـەن لەگـەڵمان، چـونكە هــەر ئـەوەی لێ دەكەوتــەوە كــە لەبــەر چـاوی ئاغـای توركەكانیان ڕەش ببنو چاكتر وایـە لـە ئێـران وەك بـاوە، ئیشـی خۆیـان بـە دیاری بۆ كێ پێویستە، جێبەجێ بكەن، بێگومان موڵكەكانیان بۆ لە قەرەنی ئاغا دەستەننەوە.

سەعات هەشتی بەیانی ئێمـە تیركـەشمان بەجێهێشـت. ئەمیرولعەشـایرو براكانی لەگەڵمان هاتن. دوای تیركەش كەوتینە ناوچـەیەكی دارسـتاناوی، تـا لــە بانــەوە ســەرمان هەڵـدا. ســەعات ٩ گەیشــتینە گونـدی پردانـانی ژووروو (١٣٨٠م) لە ڕووباری پردانان پەڕینەوە، كە لقی ڕاستی زێیە.

دوای نیو سەعات ڕووباری (شیوە مـام)مـان بـڕی كـە كەوتۆتـە خـواروی شیوە میرەوە.

ڕێگاکـە پڕبـوو لـە دیمـەنی سرووشـتیی جـوان. سـەعات ١٠.١٥ گونـدی سـێپەخکانمان و لـە ١٠.٣٠دا لای چـەپی ڕووبـاری چـەکۆو گوندێکیشـەوە بـە هەمان ناو (وێنەی ١٥) کە کەوتۆتە لای ڕاستیەوە، بەجێهێشت.

سـەعات ١٠.٤٥ چـووینە سـەر زێ لـەو شـوێنەی چـەکۆی تێـدەڕژێ و تۆزێك لە کەناری ڕووبارەکەدا حەواینـەوە. دوای ٤٠ دەقیقـە بـەرەو پێشـەوە بەڕێکەوتینــەوە، زۆری نــەبرد لــە چــەمی خــدرئاوامان دا، دوای ئــەوە بــە شاخەکەدا هەڵزناین.

سەعات ١٢ شۆڕبووینەوە بۆ نشـێوی گۆرۆمـەر، لـەوێ بـە دوو کـورد گەیشتین، پێیان وتین تورکەکان مەخفەرەکانیان هێناوەتە پێشەوە بۆ دوربە بۆ ئەوەی ڕێگەمان نەدەن بچینە ئاڵوەتانو وەزنە. بایز ئاغـاو تـاجیر باشـی[1] حـاجی نـاجی ئاغـا کـازومۆڤ، کـە هاوسـەفەری گەشـتەکەمان بـوون چـوونە پێشەوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە مەسەلە چییە؛ ئێمە ئەوانـەی مابووینـەوە دوای تۆزێ ڕاوەستان دوایان کەوتین.

دوای هەوراز بڕینێکی درێژو بەرەوخوارکەیەکی گونجـاو بـە نیـو سـەعات گەیشـتینە دوربـە، لـەوێ چـوار نۆبەتچـیی تـورك ڕێگەکـەیان گرتبـوو، لـەنێو درەختو تاشی شاخەکاندا دە هەنگاو دوور لەیەکتری دامەزرابوون.

زۆری نەبرد بـایز ئاغـاو تاجیرباشـی و لەگەڵیانـدا ئەفسـەرێکی سـوارەی تـورکو بۆقیـژەنێکو پێـنج سـەربازی پیـادەی تـورك هـاتن. ئەفسـەرەکە لـە ئەسـپەکەی دابــەزی، خــۆی وەك یوزباشــی ڕەشـید ئەفەنـدی فەرمانـدەی مەخفەری سنووری وەزنە پێشکەش کرد.

لە وەڵامی پرسیارێکی مندا کە بۆچی لەم شوێنە نوبەتچیی تورك هەیـە، یوزباشی وەڵامی دایەوە کە ئێرە سـنوورەو فـەرمانی پێـدراوە نەیـەڵێ کـەس ئاودیوی سنووری تورکیا ببێ.

---

[1] بازرگان– ئەرکێکی بەخوایشت بوو لەناو کۆلۆنیای ڕووسەکانی ئێراندا.

هـــەروەها ڕەشـــيد ئەفەنـــدى لەســـەر قســـەكانى ڕۆيشـــتو وتـــى وەك چاكەيەكى تايبەت ڕێگا دەدا كە مـنو ســێ چـوار كەسـم لەگەڵـدا بـێ بـڕۆين، بەڵام كاروانو كازاكەكان يان دەبێ لێرە بمێننەوە، يان بگەڕێنەوە دواوە.

لە وەڵامى ئەمەدا من بە ڕەشيد ئەفەنـديم وت، يـان مـن لێـرە بـەولاوە ناڕۆم يا دەبێ هەموو ئەوانەى لەگەڵمدان ئەوانيش تێپەڕن.

بايز ئاغا كە خۆى بە خاوەنى لەقەبى پاشا[1] دەزانى، هەڵيدايەو كردى بە هەرا كە ئاخۆ هيچ حسابێك بۆ ئەو ناكرێو لەگەڵ يوزباشيدا تێكگيرانو بـووە هۆى ئەوەى نەيەڵێ من وەزعەكە ڕوون بكەمەوە.

من ڕەشيدە ئەفەنديم بردە ئەولاوە بە تەنيا و لە ڕكەى چياكەدا پێم وت كە ئەمە ماناى چييە با ڕوونى بكاتەوە.

ڕەشيد ئەفەندى وتـى كـە ئەمـە پێنجـەم ڕۆژە هاتۆتـە جێگـەى ئـەوەى پێشـوو و ئـەم ئەركـەى وەرگرتـووەو تـەنيا فـەرمانى سـەركردايەتيى خـۆى جێبەجێ دەكات.

لەم كاتەدا كاروانەكەى ئێمە گەيشت. كازاكەكان يەك بەدواى يەكدا بـڵاو بوونـەوە بـە ڕكـەى شـاخەكەداو زۆرى نـەبرد لـە هـەموو لايەكـەوە گـەمارۆى يوزباشىو سەربازە توركەكانيان دا...

مـن لـە ئەفسـەرەكەم پرسـى ئەگـەر مـن بـڕۆم بـۆ وەزنـە، ئـەو لەگـەڵ تۆبەتچييەتىو فەرمانى پێدراويدا چى دەكات.

ڕەشيد ئەفەندى وەڵامـى دايـەوە، كـە لـە ڕاسـتيدا ئـەو كاتـە هيچـى بـۆ نامێنێتەوە زياتر لەوەى ناچاربێ پەسەندى بكات، بـەڵام ئـەوە دەبێتـە هـۆى ئەوەى كە متمانەى بەرپرسەكانى سەرووى خۆى لەدەست بدا، بۆيە تكـاى لێ كردم كە ئەو كارە نەكەم.

لەبەرئەوەى پاككردنـەوەى ئێـران لـە سـوپاى تـورك، هـەروەها كێشـەى

---

[1] سـەروەختێ بـايز ئاغـا يارمـەتى توركـەكانى دابـوو، كـە لەگـەڵ هۆزەكـانى سەرسـنووردا، (پشدەرييەكان)دا، ئاشتى كردبوونەوە لەبەر ئەوە ناونيشانى پاشايان دابوو پێى. ڤ. م

سەرسنوور نانەوە ئەركی من نەبوون، لەبەر ئـەوە بڕیـام دا ڕەشـید ئەفەنـدی لە پلە بەرزبوونەوە و زلبوونی داهاتووی بێبەش نەكەم، بۆیە پێموت كـە مـن دەچمە سەر ڕێگایەكی تر، بەلاَم بەمەرجێك، بە نووسین بیسەلمێنێ كە ڕێگـە گرتنەكەی لە ئێمە بۆ چوون بۆ دوربە بە فەرمانی سەرەوەی خۆی بووە.

دوای مینجـە مینجێـك ڕەشـید ئەفەنـدی بەمـە ڕازی بـوو و ئێمـەی بەجێهێشت.

كاتی یوزباشی ڕۆیشت، ئێمە بۆ دۆڵی گۆڕئۆمـەر شـۆڕبووینەوە و لـەوێ دانیشتینو نـانی بـەیانیمان خـوارد، كاروانەكـەشمان بـە مووسـالان، مـیراوا و كەڵەكاوێدا بۆ شێواوكان پێش خۆمان ڕەوانە كرد.

سەعات شەشـی ئێـوارەیش بـە ڕێگایـەكی هەڵـەتو سـەختدا، بـەلاَم زۆر دیمـەن جـوانو دڵگـیردا، خۆشمـان گەیشـتینە ئـەوێ. بـە هـەمووی (٣٩) ڤێرستمان بڕیبوو.

١٤ی ئاوگوست. ڕۆژێك لە گوندی شـێواوكان (١٢٠٠م) ماینـەوە، شـوێنی ڕووداوێكی نـاخۆش هـی: كوشـتنی دیومـە[١]یان لـە نۆڤەمبـەری ١٩١٢ نیشـان داین.

ئۆردوگاكەمان ڕاست لە كـەناری زێ بـوو، بۆیـە كازاكـەكان شاگەشـكەی مەلـەكردنو ڕاوەماسـی بـوون– لەبـەر ئـەوەی كەڵـەكاوی سـنووری نێـوان نالێین– مەنگوڕو نالێینی فەقێ عیسا بوو[٢]، شێواوكانیش هەر هی ئەمان بوو،

[١] دومەز پشكنەری گومرگیی ئێران بوو، دوای ئەوەی ئـەو ناوچـەیە لـەو توركانـەی داگیریـان كردبوو پاككرایەوە، نێردرابوو بۆ ئەوەی كە گومرگ دانێتەوە. لەكاتی مشـتومڕدا لەسـەر بنكـەی شـەومانەوە، كوردەكـانی (گـۆوروك) كوشـتبوویان، برادەرەكانیشـی كوێخـا كوردەكەیان بریندار كربوو. ڤ. م

[٢] نالێین بە وەرگێڕانی حەرفی– "دوونال" دەگەیـەنێ– مەبەسـت لێـی دوو پلیكانـەی چیـای كەناری چەپی ڕووبـاری كەڵوێیـە و. یەكـەمیان (ئـەوەی بـاكوور) هـی هـۆزی مـەنگوڕە، ئەوەیان كە كەوتۆتە باشووری ڕۆژئاوای هەمان ڕووبار نـاڵی فـەقێ عیسـایە كـە ناوچـەی هـۆزی گۆوروكـە (نـەك بڵبـاس). سـەرنج: گـووروك: هەڵەیـە و ڕاسـتییەكەی (گـەورك)ە، (م.ح.ب)

ڕەئیسولعەشـایر خـۆیو براکـانی گەڕانــەوە مـاڵی خۆیـان، وەك چاوسـاغ میرزایەکی خەڵکی ئەوێو سوارێکیان لا دانام.

لەبـەر ئـەوەی تورکـەکان وەزنـەیان داگـیر کردبـوو، نـەمانتوانی لـەلای ئالوەتانەوە بیپشکنین، بۆیە بڕیارمان دا لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆی بچین، بۆ ئەمـە ڕۆژی دوایی ئوردووگاکە لە کورتترین ڕێگاوە ڕەوانەی ئاغـەلان کـرا، خۆمـان سەرکەوتینە سەر بەرزایی گەلیی هالوا، لەوێوە وەزنـەو چیاکانی دەوری، لـە دوورایی ٥–٦ ڤێرستەوە، وەك لەسـەر لـەپی دەست بـێ دیـاربوون. (وێنـەی ١٧، ١٨)

١٥ی ئاوگوسـت. سـەعات هەشـتی سـەرلەبەیانی ئێمـە شـێواوکانمان بەجێهێشـت. دوای چـارەکێك بـە گونـدی نـەبیاوادا تێپـەڕین (وێنـەی ١٦)، لەوێوە بەرەو خوارووی ڕۆژئاوا گەڕاینەوەو بە توولە ڕێگاکانـدا چـووینە سـەر گەلیی هەلۆێ (٢١٦٠م) نیوسەعاتی خایاند تـا سـەرکەوتینە سـەرەوە، لـەوێ نزیکـەی سـەعاتێك ماینـەوە. بـە ڕێچـکەکانی گەلییەکـەدا، بـە کـەنارەکانی ڕووباری دۆڵەبیدا[1]، هاتینە خـوارەوە، زۆر جـار ڕێگاکـە هەڵـەتو تـووش بـوو سەعات ١٢.٢٥ گەیشـتینە گونـدی قەمتـەرە، لـە کـوێ ڕووبـاری وەزنـە دێتـە خـوارەوەو لای چـەپەوە ڕووبـاری دۆڵـە بیـی دێتـە سـەر. گـەلیی هـەوارە سوسنێش کەوتۆتە ئـەوێوە لەسـەر ڕاسـتەڕێی شـێواوکان بـۆ ئاغـەلان. دوای بیسـت دەقیقـە گەیشـتینە گونـدی ئەحمـەد بریـو (١٦٦٠م) لەسـەر کـەناری چەپی ڕووباری وەزنە (وێنەی ١٩)، پشوویەکی چاکمان دا بـۆ خـواردنی نـانی بـەیانی. سـەعات ٢.٤٠ بـەرەو پێشـەوە ڕۆیشـتینو سـەعات سـێ بـە گونـدی نێوچـواندا تێپـەڕین. (١٦٢٠م)، کـە لـەوێوە پەڕینـەوە بـۆ کـەناری ڕاسـتی ڕووباری وەزنە، لێرەوە بەرەو باشـوور وەرچـەرخاینەوە. لـە گونـدی تیلاسـا (١٦٠٠م) دیسانەوە لە چەمی وەزنەمان دایەوە (وێنـەی ٢٠)، کـە دوای ئەمـە،

[1] بە کوردی واتا: دۆڵی بی. ڤ. م

لە ئێمە، بەرەو ڕۆژئاوا جیا دەبوویەوە. لە ٣.٤٥دا بە گوندی ئاغەڵاندا (١٥٢٠م) تێپەڕینو دوای چارەکێ گەیشتینە ئۆردووگاکەمان. ماوەی ڕێگاکە (٢٤ ڤێرست) بوو.

ناوچەی ئاغەڵان ئاڵتوونی سروشتی لێیە. بەهاران، دوای باران بارین، گەلێ جار خەڵکی ناوچەکە ئاڵتوونی سروشتی دەدۆزنەوە، دوایی دەیبەن لە ساوجبولاق دەیفرۆشن. سەرتیپ محەمەد عەلی خانو تاجیرباشی حاجی ناجیی هاوسەفەرمان، دوای چا خواردنەوە، نازانم لە کوێیەوە گسکیان دەستکەوت، بەپەلە چوون بۆ بەدوای ئاڵتووندا گەڕان. ئێوارە ئەوانەی بۆ ئاڵتوون دۆزینەوە چووبوون، گەڕانەوە، بەردی شەفافیان هێنابۆوە کە توێژاڵێکی بریسکەداری ڕەنگ ئاڵتوونی هەبوو، باوەڕیان وابوو کە ئاڵتوونیان دۆزیوەتەوە. ناچاربووین، نائومێدیان بکەینو بۆیان ڕوون بکەینەوە (هەرچی بریسکەی هات، ئاڵتوون نییە).

لەبەر ئەوەی تورکەکان ٢ی ئاوگوست گوندی بێورانی سەرێیان گرتبوو، ئێمە ناچار بووین وازبێنین لەوەی بچینە گەلیی سەرسنووریی کانی ڕەش، بۆیە بڕیارمان دا لە ئاغەلانەوە ڕوو بکەینە سەردەشت، بەڵام نەك بە ڕاستەڕێ، بەڵکو بە کەناری بێواراندا.

١٦ی ئاوگوست. سەعات ٨.٣٠ لە ئاغەلانەوە بەڕێکەوتین و فەرمانمان دا بە کاروانەکەمان، یەکسەرو ڕاستەوخۆ بچێ بۆ سەردەشت. سەعات ٩ بە شاخی کاخودای- سەرشیودا (سەرکەوتین) (١٧٢٠م)، لەوێوە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە تەمێکی شیندا زنجیرە شاخی کورتەك[1] دیارە، کە سنووری هۆزی گەورکە (وێنەی ٢١) کەوتۆتە پشتییەوە. سەعات ٩.٣٥ بە تەنیشتی دیوالان ڕۆیشتین، دابەزینە چالاییەکەی و سەعات ١٠ بە گەلیی گۆیزە-

[1] زنجیرە شاخی کورتەك- کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی دۆڵی زێی بچووکەوە (زێ)، کە لە گۆمی ڕووباری ساوجبولاقو تاتوو، کە دەڕژێنە گۆلاوی ورمێیەوە، جیادەکاتەوە. ڤ. م

خزراندا سەرکەوتین (٢٠٢٠م)، سەعات ١٠.٣٠ گەیشتینە لوتکەکەی، لە گەلییەکەدا کوڕی فەرمانڕەوای سەردەشت لە خواریشەوە لە دووریی دوو ڤێرستەوە فەرمانڕەوا ئەمیر تومان موزەفەرو سوڵتان خۆی لەگەڵ سوارێکی زۆردا چاوەڕێیان دەکردین، لە گەلییەکەوە ڕێگایەکی ڕاست هەیە دەڕوا بۆ بێوران، بەڵام لەبەرئەوەی هاتبوونە پێشوازیمان ناچار بووین ئەم ڕێگەیە نەگرینو بڕۆین بۆ خوارەوە بۆ لای ئەوانەی لەوێ چاوەڕێیان دەکردین، نیوسەعاتێکی خایاند تا گەیشتینە لایان.

دوای ئەوەی سوپاسی موزەفەر سوڵتان و ئەو کەسانەی ترمان کرد کە هاتبوونە پێشوازیمان، لەوانە ڕاگوزار و فەرمانبەری گومرگی سەردەشت، هەندێ بازرگان و سەرهۆزی بەریاجیو مەڵکاڕی، کەوتینە ڕێ. دوای چارەکێك ڕێگەکە بوو بە دووڕێیان، یەکێکیان بۆ سەردەشت و ئەوی تریان بۆ بێوران.

ئەو سوارانەو ئەوانەی تریش کە نەیاندەویست بچن بۆ بێوران، ڕوویان کردە سەردەشتو ئێمەش بۆ بێوران بەڕێ کەوتین.

دوای ئەوەی بەلای وارگەی زووراندا ڕۆیشتینو بە ڕکە شاخێکی بەرزدا سەرکەوتین، سەعات ١.٤٥ گەیشتینە بێورانی سەرێ (١٨٠٠م). بەرپرسی مەخفەرە تورکییەکە– چاوەش سەعید ئەفەندی– کە هاتنی ئێمەی بیستبوو، سەربازەکانی ریز کردبوو بە جەسارەتەوە هات بۆ پێشوازیمان. بە بانگهێشتی چاوەش ئێمە ڕێکەوتین بەرەو پۆستە تورکییەکە، کە لەسەر گردێك بوو، کە سێ چادرو کەپرێك بوو.

ڕەسووڵ ئاغای پشدەری[1] لەژێر کەپرەکەدا بوو، لەگەڵ هەندێ سەرهۆزی تردا هاتبوون بۆ سەردانی چاوەشو میوانی بوون.

---

